# سەفەرنامەی نیبور
# (لە سەدەی هەژدەدا)

# سەفەرنامەی نیبور
# (لە سەدەی هەژدەدا)

وەرگێڕانی

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری پرۆژە

رابیعە فەتاح شێخ محەمەد

هەولێر ــ ٢٠١٣

**پرۆژەی هاوبەش**

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە** **کۆمەڵەی ئینسکلۆپیدیای کوردستان**

- **کوردستان لە سەفەرنامەی بیانیدا ـ (٥)**
- **گەشتی نیبوور بۆ عێراق لە سەدەی هەژدە دا**
- وەرگێڕانی: هەندرێن عەبدوڵڵا
- سەرپەرشتیاری پرۆژە: رابیعە فەتاح شێخ محەمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: رێدار جەعفەر
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١٣
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: (٢٧٨٩) لەساڵی ٢٠١٣
- چاپخانە: موکریانی (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٨٠١)**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست


پێش گووتار.................................................................................................... ٧
پەیڤێک لەبارەی (نیبوور) و گەشتەکەیەوە:............................................................ ١١
بیرۆکەی ئەم سەفەرە:....................................................................................... ١٣
(نیبوور) خۆی دەکاتە عەبدوڵڵا:............................................................................ ١٩
(نیبوور) و کورد: ............................................................................................. ٢٣
چەند وتەیەک لەبارەی وەرگێڕانی ئەم کتێبەوە:........................................................ ٢٧
بەشی یەکەم: بەغدا ........................................................................................... ٢٩
بەغدا: پاییز و زستانی ساڵی ١٧٦٥ هەتا ٣ ئازاری ١٧٦٦............................................. ٣٣
بەشی دووەم: وەسفی موسڵ و باکووری عیراق ......................................................... ١١١
بەشی سێهەم: سەفەر لە موسڵەوە بۆ ماردین........................................................... ١٨١

## پێش گووتار

سەفەر و گەڕانی ئەوروپییەکان بە ناو وڵاتانی ڕۆژهەڵات دا، مێژوویەکی کۆنی هەیە. ڕۆژهەڵات ئەو شوێنە ئەفسووناوییە بووە، کە پانتاییەکی گەورەی لە مێشکی ئەوروپییەکان داگیر کردبوو. دیارە لەو کاتانە دا سەفەرکردن کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵکو کارێکی پڕ کێشەو گرفت و ناخۆشیی بووە، بەتایبەتی سەفەرکردن بۆ ڕۆژهەڵات کارێکی ئەکجار ئەستەم بووە. جاران وەکو ئەمڕۆ نەبووە، بچیتە فرۆکەخانە و سواری فرۆکەیەک بیت و پاش چەند سەعاتێک خۆت لە ڕۆژهەڵات ببینیتەوە، بەڵکو سەفەرکردن بۆ ڕۆژهەڵات، کارێکی تاقەتپڕووکێن بووە و کورد وتەنی پیاوی خۆی گەرەک بووە.

لە لایەکی ترەوە لەسەدەکانی پێشوو دا هەر دوو لا (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە دۆخێکی ئاڵۆزی سیاسیی و فەرهەنگی و ئابووری دا ژیاون. نامۆبوون بە یەکتری، ترس، بێ باوەڕی، ڕقیی ئایینی... هتد زاڵ بووە بەسەر عەقڵییەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دا. ئەم نامۆبوونە بەیەکتری، وایکردووە کە لەیەک تێگەیشتن و پەیوەندیکردن بەیەکتریەوە، زۆر زەحمەت بێت. هەر دوو لا شوراییەکی بەرز لە نێوانیان دا بووە، لەو کاتانە دا ئایین ڕۆڵی سەرەکی گێراوە لە هزر و دیدی خەڵکی بۆ ئەوی تر.

دابەش بوونی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەسەر (ئێمە و ئەوان)، سەردەمانێکی زۆریی پێچوو. هەتا ئەم دووو بەرەیە لەگەڵ یەکتری ئاشنا بوون، دەریاییەک خوێن ڕێژراوە، سەدان شار وێران کراوەو سووتێنراوە، ملیۆنەها منداڵ بێ باوک بووە، هەزاران ژن ئەتک کراوە. سەرکەوتنی بەرەیەک بۆتە هۆی هێنانی خۆشیی و شادیی بۆ هەموو کیشوەرەکە، بەپێچەوانەوەشەوە ژێرکەوتنی لایەک، بۆتە هۆی ناخۆشیی و غەمباریی بۆ کیشوەرەکەی تر.

لەگەڵ شەڕە دێرین و خوێناوییەکانی ئەسکەندەری گەورە و دارای فارسی دا، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات یەکتریان ناسی. بەڵام لەهەمان کاتیش دا

سەرەتاییەک بوو بۆ داهێنانی شەڕێکی درێژخایەن لە نێوان دوو بەشی گرنگی زەوی.

ئەمڕۆکە تا ڕادەیەکی زۆر بارەکە باشتر بووە، بەتایبەتی توانراوە ئەو بارە نامۆبوون و بێگانەیی بوونە بە یەکترییە کەم بکرێتەوە. بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایی دا. ساڵانە ملیۆنەها گەشتیاری ئەوروپی خۆیان دەکەن بە رۆژهەڵات دا و لەسەر کەنارەکانی رۆژهەڵات پاڵ دەکەون و لە نزیکەوە ئاگاداریی کولتووری رۆژهەڵاتی دەبن.

بە دڵنیاییەوە گەڕیدە ئەوروپییەکان لە سەدەکانی پێشوو دا هەریەکەیان بەهۆیەکەوە سەفەری رۆژهەڵاتیی کردووە، هەیانە هۆکاریی تایبەتیی بووە و زیاتر هێنانەدی حەزێکی شێتانەی خۆی بووە، بۆ نموونە مارکۆ پۆلۆی ئیتالّی، کە خۆی بازرگانێکی گەورەی ئیتاڵی بووە، حەزیکردووە جیهان بناسێت و شوێنی نوێ ببینێت. هەشیانە لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە بۆ زانیاریی کۆکردنەوە و کاری سیخووری نێرداون، بەتایبەتی ئینگلیز و فەرەنسیی وئەڵمانییەکان. هەشیان بووە زیاتر وەکو زانایەک حەزی لە کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی گەلان و کولتوور و زانستیی گەلان بووە، دەشتوانین کارستن (نیبوور) بخەینە ئەم قاڵبەوە.

دیارە لەناو گەشتیارەکان دا خەڵکانێکی تێدا بووە، خاوەنی شارەزایی و زیرەکییەکی زۆر بووە، بۆ نوونە (نیبوور). ئەم کەسایەتیانە زۆر بەباشی توانیوییانە وەسفی ژیان و گوزەرانی خەڵکی رۆژهەڵات بکەن. دیارە لەناو گەشتیارەکانیشدا هەبووە، کە هێندە شارەزایی و رۆشنبیریی نەبووە، هەربۆیە بەباشی نەیتوانییوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی ئەو کاتەی رۆژهەڵات بگرێت.

دیارە بۆ ئێمەی کورد کاری ئەم گەشتیارانە زۆر گرنگە. بۆچی؟ چونکە بەداخەوە ئێمە لە سەدەکانی پێشوودا زۆر بە باشی نەماتوانییوە مێژووی خۆمان بنووسینەوە، هەربۆیە ناچارین لەناو کتێبەکانی خەڵکی تردا بەدوای مێژووی خۆمان دا بگەرێین. لەلایەکی تریشەوە، کردنی ئەم کتێبانە بە کوردی، هەوڵێکی باشە بۆ ئەوەی نەوەی نوێ، ئاشنای ژیان و گوزەرانی نەوەی پێش خۆی بێت. جگە لەمەش ئەم گەڕیدانە هەلێکی باشیان بۆ ئێمە ڕەخساندووە، کە دیدی خەڵکی تر بەرامبەر بە خۆمان بزانین چۆنە.

ئێمە تەنها لە ئاوێنەی خۆمانە بۆ تاکی خۆمان دەڕوانین، گرنگە هەوڵ بدەین خۆمان لە ئاوێنەی خەڵکی تردا ببینینەوە، چونکە زۆرجار خۆمان بە حوکمی ئەوەی نەریت و دەسەڵاتی سیاسییمان هێندە شەفاف و ئازاد نەبووە، نەمانتوانیوە دیاردە دزێو و شتە ناشرینەکانی خۆمان ببینین.

بە دڵنیایەوە زۆرجار گەڕیدەکان هەوڵییان داوە تەنها کارە دزێو و ناشرینەکانمان دەربخەن، بەڵام هەندێکیشیان توانیویانە وێنە جوانەکانیشمان دەربخەن. هەندێکی تریان توانیوویانە وێنەیەکی راستەقینەی ژیان و گوزەرانی کورد لەو سەردەمە دا دەربخەن، بە باش و بە خراپییەوە، بە جوان و دزێوییەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو خەوشانەش، ئەو گەڕیدە ئەوروپییانە، کارێکی زۆر باشییان کردووە و بە دڵنیاییەوە وەرگێڕانی ئەم کتێبانە بۆ سەر زمانی کوردی کارێکی زۆر باش و بە سوودە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی کە دەستخۆشیەکی گەورە لە برایانی دەزگای موکریان بەگشتی و کاک محیەدین بەتایبەتی بکەین، کەهاتووە دەستیکردووە بەئەنجام دانی ئەم پرۆژە گرنگ و مەزنە. وەرگێڕانی کتێبی ئەم گەڕیدانە، پرۆژەیەکی زۆرباشە، ئێمە دەتوانین لە ڕووی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی، سوودێکی زۆر لەم کتێبانە وەربگرین. دیارە ئەم پڕۆژەیە خۆی لەخۆی دا لە چەندین لاوە سوود بە کتێبخانەی کوردی دەگەیەنێت. لەلایەکەوە بە کتێبی نوێ دەوڵەمەندی دەکات، لەلایەکی تریشەوە، ئەم کتێبانە سوودێکی گەورە بەو کەسانە دەگەیەنیت، کە لە بواری مێژوو، کۆمەڵناسیی، زانستی سیاسی دا کار دەکەن.

ئێمەش هیوادارین بە وەڕگێرانی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی، توانیبێتمانە خزمەتێکی بچووک بە گەل و نیشتمان بکەین. هەروەها هیواداریشین کەسوودێکمان بە خوێنەرانی کورد گەیاندبێت و بەردێکمان خستبێتە سەر تەلاری کتێبخانەی کوردی.

**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

**سلێمانی/٢٠١٢/٠٩/١١**

## پەیڤێک لەبارەی (نیبوور) و گەشتەکەیەوە:

کارستێن نیبوورCarsten Niebuhr زانای ماتماتیک و نەخشەناس و گەڕیدەی بەناوبانگی ئەڵمانییە کە لە خزمەتی میرنشینی دەنیماریکی دا کاری کردووە. (نیبوور) لەبنەماڵەیەکی هەژار و جووتیاریی ئەڵمانی لەدایک بووە، لە ١٧ ی مارسی ١٧٣٣ لە شارۆچکەی لویدینگ فۆرت Luedingworth سەر بە ویلایەتی لاونبێرگ Lauenberg لەدایک بووە، لە ٢٦ ئەوریلی ١٨١٥ دا لە تەمەنی هەشتا و دووساڵی دا لەشاری مێلدۆرف Meldorf کۆچی دوایی کردووە. سەرەتا ئەویش وەکو هەموو منداڵێکی هەژاری جووتیار یارمەتیی باوکی دەدا و خەریکی جووتیاریی بوو. خەونەکانی لەو کاتە دا لەناو کێڵگە و گژوگیاکان دا ژێر گڵ دەکەوت. بەڵام لەناو مێشکی ئەم جووتیارە هەژارەی ئەڵمانیا دا هیوایەکی گەورە، زانایەکی مەزن، گەڕیدەیەکی سەرکێش و ئازا، سەوز بوو.

پاشان دەچێتە زانکۆی دێرینی گوتینگینGöttingen لە وێندەر کۆلیژی ماتماتیک تەواو دەکات و لەگەڵ ئەوەش دا شارەزاییەکی باشی لە نەخشەسازی و لە بواری رۆژهەڵاتناسی دا دەبێت. جێگای گووتنە (نیبوور) لەتەمەنێکی گەورە دا دەچێت بخوێنێت. کاتێک چووە زانکۆ گۆتینگین تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو. ئەمەش لەچاو خوێندکارانی تر دا زۆر بووە. بەڵام

نابێت لەبیرمان بچێت، کە هەژاریی و دەستکورتی هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی (نیبوور) بووە لە خوێندن.

لەو کاتانە دا زانکۆی گۆتینگین، یەکێک بووە لە مەڵبەندە مەزن وگەورەکانی زانست و خوێندن لە ئەڵمانیا. ئەم زانکۆیە لەساڵی ١٧٣٢ دامەزرا، بەڵام زۆر بەخێرایی گەشەی سەند و بوو بە یەکێک لە زانکۆ مەزنەکانی ئەوروپا. کۆمەڵێک مامۆستا و زانا و پرۆڤیسۆری مەزن، تێیدا وانەییان دەگووتەوە. یەکێک لەو مامۆستایانەی کە سوودێکی گەورەی بە (نیبوور) گەیاند، Mayer Tobias تۆبیاس مایەر بوو، کە ئەمەش مامۆستاییەکی زیرەکی ئەسترۆنۆمی (گەردووناسی) بوو. (نیبوور) زانیارییەکی زۆری لەم مامۆستایە وەرگرت و سوودێکی گەورەی پێگەیاند.

پاشتر ئەو زانستەی کە لای ئەم مامۆستایە فێری بوو، سوودێکی گەورەی بۆ گەشتەکەی (نیبوور) هەبوو. مامۆستاییەکی تری (نیبوور) کە زۆر سودی پێگەیاندووە، (جوان دایڤید)ە Johann David 1717 ـ 1791. دایڤید رۆژهەڵاتناسێکی مەزنی ئەڵمانی بوو، شارەزاییەکی ئێجگار باشی لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە هەبووە.

دەتوانم بڵێم ئەو کەسەی کەلە پشت سەرکەوتنی (نیبوور)ەوە بووە، ئەم مامۆستایەی بوو. دایڤید هەر زوو (نیبوور)ی ناسیی و توانی خاڵە بەهێزەکانی کەشف بکات. ئەم مامۆستایە (نیبوور)ی بۆ ئەم گەشتە هەڵبژارد و لەهەمان کاتیش دا زۆر شتی لەبارەی رۆژهەڵاتەوە فێرکرد، کە دوایی ئەم زانیارانە سوودی زۆری پێگەیاند، هەر ئەویش فێری زمانی عەرەبی کرد و لەبارەی کولتووری ئیسلامیشەوە شارەزاییەکی زۆری پێدا.

جوان دایڤید، سیناریست و ریژیسۆری گەشتەکەی (نیبوور) بوو. هەر ئەم پیاوەش توانی (نیبوور) لە کێڵگەکانی باکووری ئەڵمانیا دەربهێنێت و بیکات بە یەکێک لە ئەستێرە گەشەکانی رۆژهەڵاتناسی، لە هەمان کاتیش دا بیکاتە ناوێکی مەزن کە ئەمڕۆ ئەڵمانییەکان و دەنیمارکییەکان، شانازیی پێوە دەکەن وکتێبەکانیشی بوونە سەرچاوە بۆ زۆر گەڕیدە و رۆژهەڵاتناسی دیکەی ئەوروپی.

**بیرۆکەی ئەم سەفەرە:**

بیرۆکەی ئەم سەفەرە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێکە لە ڕۆژهەڵاتناسە ئەڵمانییەکان بە ناوی Johan David Michaelis رۆژهەڵاتناس و مامۆستای زانکۆی گۆتینگن. جوان داڤید میشایل (١٧١٧ ـ ١٧٩١) وەکو رۆژهەڵاتناسێکی شارەزا، دەیویست زانیاری زیاتری لەبارەی ئەم شوێنە نامۆیەی جیهان دەست بکەوێت، هەر بۆیە بیرۆکەی ناردنی شاندێکی زانستیی بۆ ئەم ناوچەیە دای لە کەللەی.

ئەو دەیویست لە رێگای کۆمەڵێک زاناوە، زانیاری تەواو لەبارەی (ئەدەب، جوگرافیا، پزیشکی، نەریت، دەرمانسازیی، سامانی سروشتیی، سیستەمی ئیداریی، سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئابووریی...هتد بزانێت. دەیویست گەشتێک ڕێک بخات کە بە وردی باسی رۆژهەڵاتیی بۆ بکەن.

لە ساڵی ١٧٥٦ دا یەکێک لە وەزیرە دەسەڵاتدارەکانی شانشینی دەنیماریک Johann Hartwig Ernst Graf von Bernstorff جوان هارتڤیگ ئێرنست بێرنشترۆف (١٧١٢. ـ ١١٧٢) بوو. ئەم وەزیرە کەخۆی ئەڵمانی بوو، بەڵام لە حکومەتی دەنیماریکی ئەو کات دا رۆڵێکی گەورەی هەبوو. لە هەمان کاتیش دا یەکێک بوو لە وەزیرە رۆشنبیرەکانی ئەو کاتی دەنیمارک کە دۆستایەتی لەگەڵ بیرمەند گەورەی ئەوروپا دا هەبوو، وەکو ڤۆلتێر و مۆنتسیکیۆ.

جوان داڤیدیش بوونی ئەم وەزیرە رۆشنبیرەی بەهەل زانی و نامەیەکی بۆ نارد و تێیدا پرۆژەکەی خۆی بۆ باس کرد. داڤید لە نامەکەی دا داوای ئەوەی کردبوو، داخۆ حکومەتی دەنیمارک دەتوانێت یارمەتیی دارایی گەشتێک بدات بۆ رۆژهەڵات؟ هەروەها ئاخۆ حکومەتی دەنیمارک دەتوانێت یەکێک لەو کەشتیانەی کە سەفەری کۆلۆناڵە دەنیماریکییەکان دەکات

(تارانگامبادی Tharangambadi)* بخاتە خزمەتی ئەم شاندەوە و بیانگوێزێتەوە بۆ رۆژهەڵات؟

لە پاش ماوەیەک وەڵامی ڕەزامەندبوونی گەشتەکە گەیشتە دەستی داڤید. جگە لەوەش حکومەتی دەنیمارک ئامادە بوو، کە بڕی ٢١ هەزار Rigsdaler ریگسدالەر بۆ ئەم کارە تەرخان بکات. دیارە ئەم بڕە پارەیەش بۆ ئەو کاتە زۆر بووە. هەروەها دابین کردنی ئەم بڕە پارەیە بۆ گەشتێکی لەو جۆرە، کارێکی گەورە بووە. لەهەمانکاتیش دا ئەم بڕە پارەیە توانی بیرۆکەی سەفەرەکە سەربخات و بە ئەنجامی بگەیەنێت.

**ئەندامانی شاندەکە:**

لە پاش ئەوەی میشایل ڕەزامەندی بێرنشترۆفی پێگەیشت، ئەویش یەکسەر کەوتە کۆکردنەوەی گرووپێک لە باشترین زانا وپسپۆرەکان کە گونجاو بوون بۆ ئەم گەشتە. سەرەتا یەکسەر بیری لە یەکێک لە خوێندکارە زیرەکەکانی خۆی کردەوە کە ناوی Frederik Christian von havn فردریک کریستیان ڤۆن هاڤن (١٧٢٧ ـ ١٧٦٣) بوو کە رۆژهەڵاتناسیێکی بە توانا و خەڵکی دەنیمارک بوو و شارەزاییەکی باشی دەربارەی رۆژهەڵات هەبوو و هەر وەک ئاماژەی بۆ کرا پێشتریش خوێندکاری خۆی بووە.

لەپاش ئەمیش خوێندکارێکی تری زانکۆی گۆتینگین، پێتروس فۆرسکاڵ Petrus Forsskal 1732 ـ (1763) کە زانایەکی سوێدیی بوو و پێشتر لە زانکۆی ئۆپسالا زانستی سروشتیی خوێندبوو، پاشان هاتبووە زانکۆی گۆتینگین و زمانی عەرەبی خوێندبوو، هەروەها دکتۆر Christian Car Kramer کریستیان کارڵ کرامەر (١٧٣٢ ـ ١٧٦٣) کە دکتۆرێکی دەنیمارکی بوو. دیارە بوونی ئەم دکتۆرە سوودێکی گەورەی هەبوو بۆ شاندەکە، چونکە زۆر جار مسیۆنێرە ئەورووپییەکانیش، کە دەهاتن بۆ رۆژهەڵات دکتۆرێکیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، یان دەچوون خۆیان فێری دەرمانسازی

* Tharangambadi شارێکە دەکەوێتە باشووریی رۆژهەڵاتی هیندستان. لەساڵی ١٦٢٠ تا١٨٤٥ کۆلۆنیاڵی دەنیمارکی بوو. لێ پاشان ئینگلیزەکان لە دەنیمارکیەکانیان سەندەوە.

دەکرد، چونکە هەروەکو (نیبوور)یش دەڵێت، بوونی ئەم دکتۆرانە وەکو پاسپۆرتێک وابوو بۆ قەشە ئەوروپییەکان، بۆ ئەوەی خۆیان لە پاشا تورکەکان نزیک بکەنەوە، زۆرجاریش ئەمانە دەبوونە دکتۆری تایبەتی پاشا کە بە (حەکیم باشی) ناویان دەبردن. لێ سەیر لەوە دایە، ئەم دکتۆرە لە رێگادا ناتوانێت چارەسەری خۆی بکات و بەنەخۆشی مەلاریان دەمرێت!

ئەندامێکی تری شاندەکە بریتییە لە Georg Wilhelm Bauernfeind جۆرج ڤلییەم باوەڕفایند (١٧٢٨ ـ ١٧٦٣) کە نەخشەساز و وێنەکێشێکی زیرەک بووە. (نیبوور) لەکاتی گەشتەکەی دا زۆر پشتی بە وێنەکانی ئەو بەستووە، هەروەها لەڕووی هونەری وێنەکێشانیشەوە یارمەتییەکی زۆری (نیبوور)ی داوە. شاندەکە بە هێنانی سوارچاکێکی سویدی کۆتای دێت. Lars Berggren لارس بێرگگرەن (١٧٦٣ لەسەفەرەکە دا کۆچی دوایی کردووە).

ئەوەی جێگای سەرنجە شاندەکە هەر یەکەیان خەڵکی وڵاتێکە و هەڵگری ناسنامە و کولتوورێکی جیاوازە، لێ ئەمە هیچ کاتێک ڕێگری لەبەردەم کارەکانی شاندەکە دروست ناکات. بەڵام نابێت لە هەمان کاتیش دا ئەوەمان لە بیر بچێت، ئەو کەسانەی کە لەم سەفرە دا بەشدار بوون، ئەو کات هەموویان هاووڵایی شانشینی دەنیمارک بوون، چونکە هەتا ماوەیەکی زۆر، مەملەکەتی دەنیمارک وڵاتانی (سوید، گرین لاند، نەرویج، باکووری ئەڵمانیا بەتایبەتی ویلایەتەکانی، هانۆڤەر و کیل) داگیر کردبوو. لەم کاتە دا ئەمانە هەموویان هاووڵاتیی دەنیمارکی بوون.

لە لایەکی تریشەوە، هەموویان سەر بە مەزهەبی پرۆتستانتی مەسیحی بوون. دیارە لەو کاتانەش دا، شەرێکی گەورە لە نێوان مەزهەبی کاتۆلیکی و پرۆتستانتی لە ئارا دا بووە، کە هەموو ئەوروپای تێوە گلابوو. لەو کاتانە دا ناسنامەی مەزهەبی، پێش ناسنامەی نەتەوەیی کەوتبوو. گەر بە وردیش سەیری کتێبەکەی (نیبوور) بکەین، تاڕادەیەک بیری مەزهەبی زاڵە بەسەر بۆچوونەکانی دا.

**سەفەرکرد بەرەو ڕۆژهەڵات:**

لە ١٧٦١/١/٤ لە بەرەبەیانێکی زۆر ساردی کۆپنهاگن، کەشتی (گریندلاند) لە بەندەری کۆپنهاگن بەرەو بەندەری مەرسیلیای فەرەنسی بەرێکەوت. لەوێشەوە بەرەو ئەستەنبوڵ و لە رۆژی ٧/٣٠/ ١٧٦١ دا گەیشتنە ئەوێ. واتە پاش حەوت مانگ ئینجا گەیشتوونەتە ئەستەنبوڵ. لەوێندەر لەلایەن سەفیری دەنیمارک لە ئەستەنبوڵ ڤۆن گێهلەر Von Gaehler پێشوازیان لێ دەکرێت. ئەم پیاوە یارمەتییەکی زۆریی شاندەکە دەدات، کۆمەڵێک پێشنیاری باشییان پێدەدات، بۆ نموونە یەکسەر پێیان دەڵێت کە چوونە وڵاتانی عەرەبی، جلوبەرگی عەرەبی لەبەر بکەن و هەر لەوێندەر جلوبەرگی عەرەبی دەکڕن.

لێ گەشتەکە دوو مانگ دوا دەکەوێت، چونکە باری تەندروستی (نیبوور) زۆر خراپ دەبێت، تووشی پەتاییەکی زۆر پیس دەبێت و خەریکە ژیانی لەدەست دەدات. پاش باشبوونەوەی تەندروستی (نیبوور)، کەشتییەکە لە ١١ی سێپتەمبەر دا بەرێ دەکەوێت. لە ١٩ سێپتەمبەر دا بەرەو دورگەی (ساموس)، پاشان رۆژی ٢١ دەگاتە دورگەی (رۆدۆس)، لە ٢٦ سێپتەمبەر دا دەگاتە بەندەری ئەسکەندەرییە لە میسر.

شاندەکە نزیکەی ساڵێک لە میسر دەمێنێتەوە، لەوێندەر خەریکی لێکۆڵینەوەن لەبارەی میسر و شوێنەوار و زانستی کۆنی میسری فیرعەونی، پاشان بەکەشتی لە ئەسکەندەرییەوە بەرەو سویس دەرۆن. دیارە هێشتا ئەوکاتە نۆکەندی سوێس دروست نەکرابوو (ساڵی ١٨٦٩، نۆکەندی سوێس کرایەوە).

لە ٥ ئۆکتۆبەری ١٧٦٢ دا شاندەکە لە سویسەوە بەرەو بەندەری جددەی سعودیە بەڕێ دەکەوێت. پاشانیش لەوێوە بەرەو (مخا) ی وڵاتی یەمەن بەڕێدەکەون. لەوێندەر شاندەکە تووشی شۆکێکی گەورە دەبێت، ئەویش پاش ئەوەی سەرۆکی شاندەکە Frederik Christian von havn فردریک کریستیان ڤۆن هاڤن بە نەخۆشی مەلاریا دەمرێت.

لەپاش مردنی سەرۆکی شاندەکە، لە ١٧٦٣/٧/١٣، واتە هەمان ساڵ، ئەندامێکی تریی شاندەکە پیێتروس فۆرسکاڵ Petrus Forsskal کە زانایەکی زانستە سروشتییەکان و خەڵکی سوید بوو، ئەویش بەنەخۆشی مەلاریا دەمرێت. دیارە لەو کاتانە دا نەخۆشی مەلاریا یەکێک بووە لە نەخۆشییە کوشندە و ترسناکەکانی ئەو سەردەمە کەبۆتە هۆی مردنی ملیۆنەها مرۆڤ.

مانەوەی شاندەکە لە یەمەن هەلی ئەوە بۆ (نیبوور) دەرەخسێنێت، کە بەتەواوی بە وڵاتی یەمەن دا بگەڕێت. پاشان دەچن بۆ سەنعای پایتەخت و ئەمیری وڵات دەبینن. لێ مانەوەی شاندەکە لە یەمەن هەڵەیەکی گەورە بووە، چونکە لەو کاتانە دا نەخۆشی مەلاریا لەو وڵاتە دا زۆر بڵاو بووە. پاشان دەگەڕێنەوە بۆ مخا و هاوین لەوێندەر دەمێننەوە.

لە مخا وە بەرەو بەندەری بۆمبای هیندی بەڕێ دەکەون. لەوێندەر ئەندامێکی تری شاندەکە دەمرێت، ئەویش Georg Wilhelm Bauernfeind جۆرج ڤلیەم باوەڕنفایند، کە وێنەکێشێکی بەتوانا بوو، بەشی زۆری نەخشە و وێنەکانیش هەتا وەکو ئەو کاتە ئەم کێشاونی.

لە هەمان ساڵیش دا سوارچاک Lars Berggren بە نەخۆشی مەلاریا دەمرێت. لە ١٠ ڤێبراوەری ١٧٦٤ ئەندامێکی تری شاندەکە دکتۆر Christian Carl Kramer کریستیان کارڵ کرامەر دەمرێت. دیارە لە بەندەری کۆپنهاگنەوە هەتا وەکو ئەو کاتە، ئەم پیاوە ئەرک و کارەکانی شاندەکەی دیاری دەکرد.

جێگای گووتنە مردنی دکتۆر Christian Carl Kramerکریستیان کارڵ کرامەر جێگای پرسیارە، چونکە ئەم پیاوە کە نەخشە داڕێژەری شاندەکە بووە، هیچ بیرەوەریی و لاپەڕەیەکی لەپاش خۆی بەجێ نەهێشتووە. دەشگووترێت کە هەموو کاتێک لە ڕێگا دا لەگەڵ (نیبوور) کێشە و دەمەقاڵێی زۆریان بووە. هەربۆیە مردنی سەرۆکی شاندەکە ئاڵۆزیی و کۆمەڵێک پرسیاری شاراوەی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە کە تاکو ئەمڕۆش هەروا ماوەتەوە.

بەم شێوەیە (نیبوور) لە وڵاتی هیندستان بەتەنیا دەمێنێتەوە، هەست بە بێتاقەتییەکی زۆر دەکات و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دەنیمارک و واز لە گەشتەکەی بهێنێت. بەڵام لەو کاتەی کە لە هیندستان دەبێت، سەفەری وڵاتی چین دەکەوێتە کەللەی و حەز دەکات بچێت سەردانی ئەو وڵاتە مەزنەی جیهان بکات، بەڵام بەحوکمی ئەوەی هێندە پارەی پێ نابێت، واز لەم سەفەرەش دەهێنێت.

(نیبوور) بۆ ئەوەی کار و چالاکییەکانی بە فیڕۆ نەڕوات، بەکشتییەکی ئینگلیزی دا، ئەو بەڵگە و دۆکیۆمێنت و نەخشە و زانیارییەی کە شاندەکە دەستی کەوتبوو، دەینرێتەوە بۆ هاوڕێیەکی لە لەندەن، لەترسی ئەوەی نەکا ئەم هەموو هیلاکییەی بە فیڕۆ بڕوات.

پاشان خۆی بەسواری کەشتی دێت بۆ بەندەر عەباسی ئێران. لەوێوە دەچێت بۆ شاری شیراز. پاشان دەچێت بۆ شارە کۆنەکەی (پێرس پۆلیس). ماوەی بیست و چوار رۆژ لەوێندەر دەمێنێتەوە و لێکۆلینەوەی ورد و دروست لەبارەی ئەم شارەوە دەکات. لە ١٧٦٥/٤/٧ ئەم شارە بەجێ دەهێڵێت. لەوێ چاوی تووشی نەخۆشی دەبێت. پاش ماوەیەک بەرەو بوشەهر بەڕێ دەکەوێت و لەوێشەوە بۆ بەسرە.

لە ١٧٦٥/٥/٣١ دەگاتە دوورگەی خارج. لەوێندەر شانسی نابێت، چونکە پێش ئەوەی ئەم بگات، کەشتییەکی ئینگلیزی سەفەر دەکات بۆ بەسرە، هەر بۆیە دوو مانگی هاوین لەوێندەر دەمێنێتەوە و هاوینەکەشی زۆر گەرم دەبێت.

بەڵام پاش ماوەیەک کەشتییەکی هیندی پەیدا دەبێت کە کەپیتانەکەی بەبێ پارە سواری دەکات و دەیبات بۆ بەسرە. ئەم گەشتە دوو رۆژی پێدەچێت، لە ڕێگا دا بەناو (شط العرب) دا تێدەپەڕێت، کە پڕییەتی لە دار خورما و سەوزایی، دیمەنێکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش دەبێت بەلایەوە، کە چەندین وێنەی ئەو شوێنانەی کێشاوە. هەروەها ناوی نەوت و دوو گوندی ئەو ناوچەیەش دەنووسێت.

**(نیبوور) خۆی دەکاتە عەبدوڵڵا:**

کاتێک دەگاتە بەسرە، (نیبوور) جلوبەرگی عەرەبی لەبەر دەکات و ناوی خۆشی لە (نیبوور)ەوە دەکات بە عبدالله، چونکە ئەم ناوە لەنێو وڵاتانی رۆژهەڵات دا زۆر باوە. ماوەی شەش مانگ لە بەسرە دەمێنێتەوە و کەس نازانێت کە ئەم پیاوە ناوی (نیبوور)ە و ئەوروپییە وتەنانەت خزمەتکارەکەشی نازانێت ناوە ئەسلییەکە خۆی چییە و ئەم پیاوە چی دەکات لەم وڵاتەدا.

پاشان دەچێت بۆ بەغدا، لە وێشەوە بەرەو موسڵ. لە ٣ مارس ١٧٦٦ دا بەغدا بەجێ دەهێڵێت و لە ١٨ مارس دا دەگاتە موسڵ. لە رێگا دا بە ناو دوزخورماتو، لە ڕێی چیای حەمرین و کەرکوک و قوشتەپە دەگاتە هەولێر. پاشانیش لەوێوە بەرەو زێی گەورە و لە کەڵەک بە زێ دا دەپڕێتەوە بۆ موسل. لە رێگا دا کۆمەڵێک گوندی ئێزیدی دەبینێت و باسی ژیان و گوزەرانی خەلکی ئێزیدی دەکات کەچۆن لەلایەن زۆرینەی موسڵمانەکانەوە دەچەوسێنرێنەوە.

پاشانیش لەوێوە دەچێتە ماردین و ئامەد و لەوێوە بۆ شاری حەلەب، پاشان دەچێتە وڵاتی لوبنان و فەلەستین (ئیسرائیل) دەبینێت و پاشا بە کەشتی دەپەڕێتەوە بۆ بەندەری ئەنتاکیا و لەوێوشەوە بۆ ئەستنەبوڵ.

لە ئەستنەبوڵەوە بە ناو بەلکان دا (بولغاریا، رۆمانیا و یۆگۆسلاڤیا) دەگاتەوە ئەوروپا. پاشان دەچێتە وارشۆی پایتەختی پۆلۆنیا. لەوێندەر مەلیکی پۆلۆنیا پێشوازی لێدەکات و خەڵاتیشی دەکات. پاشان بەرەو ئەڵمانیا دەڕوات و لەوێشەوە بۆ دەنیمارک. لە ١٧٦٧/١١/٢٠ دەگاتەوە کۆپنهاگنی پایتەختی دەنیمارک.

**گرنگی ئەم گەشتەی (نیبوور):**

ئەم گەشتەی (نیبوور) لە ڕووی مێژووییەوە گرنگی و بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە. (نیبوور) زۆر بە جوانی وەسفی ئەو شوێنانەی کردووە کە پێیدا تێپەڕیوە. جگە لەوەش وێنەی زۆر شوێنی کێشاوە. (نیبوور) زۆر بە وەدەکارییەوە وەسفی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کردووە. لە هەمان کاتیش دا بەحوکمی ئەوەی سەردانی دەسەڵاتدارانی کردووە و پاشا و ئەمیر و بەگزادەکان پێشووازیان لێکردووە، هەر بۆیە زانیاری وردی لەبارەی جۆری حکومی تورکی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەستکەوتووە.

دیارە بەحوکمی ئەوەی جاران وەکو ئێستا تیڤی و کامێرا و ڤیدیۆ نەبووە، تەنها نووسین دەتوانێت ڕاستییەکانی ژیانی ئەو کاتمان بۆ دەربخات. لەلایەکی تریشەوە لە چاوی کامێرای گەڕیدەیەکی بێگانەوە وێنەکانی ئەو سەردەمە تۆمارکراون، کە ئەمەش تا رادەیەک بێلایەنی پێوە دیارە.

ئەوەی بەلای منەوە لەم گەشتە دا زۆر گرنگە ئەوەیە کە (نیبوور) زۆر بە جوانی باسی حوکمی داگیرکاری و چەتەگەری تورکی عوسمانی کردووە. هەروەک خۆی دەڵێت: پاشا تورکەکان تەنها ئامانجیان کۆکردنەوەی سامان و تاڵانکردنی ئەو ویلایەتانە بوو کە تێیدا دەسەڵادار بوون.

لە لایەکی ترەوە باسی ئەو مەرگەسات و برسێتییە گەورەیە دەکات کە لە ساڵی ١٧٦٠ دا واتە چەند ساڵێک پێش هاتنی بۆ ڕۆژهەڵات، لە ئامەد تووشی خەڵکی بووە. (نیبوور) دەڵێت: کاربەدەستە تورکەکان هۆکاری سەرەکی ئەم برسێتییە بوون، چونکە هیچ ڕێ و شوێنێکی پێویستیان نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکە ساڵی. ئەم کارەساتەش وادەکات کە بەشی زۆری خەڵکی منداڵەکانیان بفرۆشن بەتایبەتیش مەسیحییەکان.

هەروەها زۆر بە جوانی وەسفی دڕندەیی و دڵ ڕەقی و دزی و تاڵانی والییەکانی بەغدا و موسڵ دەکات، بەتایبەت بەرامبەر بە کورد. چۆن هەموو کاتێک ئەم والییە دڕندانە سڵیان لە کوشتنی هەزاران کوردی بێ گوناح نەکردۆتەوە.

له ڕووی زانستیشەوە (نیبوور) نەخشەیەکی ئێجگار جوانی کێشاوە. بۆ نموونە ئەو یەکەمین کەس بوو کە توانی زانیاری باش لەبارەی نووسینی (بزماری) میزۆپۆتامیا بنووسێتەوە، کە پاشتر ئەو نووسینانەی ئەو بوونە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ خەڵکی تر لە ئەورووپا.

هەر وەها ئەو توانی لە ڕێگای کێشانی کۆمەڵێک نەخشەوە، بەردی خۆی لە تەلاری جوگرافی ناسی جیهان دا دابنێت. نەخشەکەی ئەو لەبارەی نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە، بوو بەسەرچاوە بۆ هەموو زانکۆکانی ئەورووپا.

جگە لەوەش کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی زانستی ڕووەکی و دەرمانسازی و حیکمەتی رۆژهەڵاتی کۆکردەوە و ناردیەوە بۆ ئەورووپا، کە پاشتر زانکۆکانی ئەورووپا سوودێکی زۆرییان لەم زانیاریانە وەرگرت.

**خاڵە لاوازەکانی کتێبەکەی (نیبوور):**

دیارە ئەم کتێبە لە خەوش و خاڵی لاواز بە دەر نییە. (نیبوور) لەکاتی باس کردنی هەندێک بابەت دا بەتایبەتی کاتێک باسی گەلان و ئایینەکان دەکات، پشت بە میتۆدی زانستی نابەستێت و زۆرجاریش لایەنگیری پێوە دیارە. بۆ نموونە کاتێک باسی جوولەکان دەکات، هەستێکی ئەنتی سامیزمی (دژە جوولەکەیی) پێوە دیارە. جوولەکەکان بە (ڕەزیل و پیسکە و تاوانکار و منداڵکوژ و ترسنۆک) وەسف دەکات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا نەفەسێکی ڕاسیزمانەی پێوە دیارە.

لێ ئەوەی کە بۆ من گرنگ بوو، ئەو هەستە دژە جوولەکەییەی (نیبوور)ە، کە بەدەر نییە لەو هەستە راسیزمەی کە هەموو ئەورووپییەکان بەگشتی و ئەڵمانییەکان بەتایبەتی بەرامبەر بە جوولەکە هەیانبووە. ئێمە گەر کتێبەکانی سەدەی پێشوو بخوێنینەوە، بەتایبەت هی نووسەرە ئەڵمانییەکان، دەزانین کە چەندە ئەڵمانییەکان دوژمنی سەرسەختی گەلی جوولەکە بوون. هەروەها بۆشمان دەردەکەوێت کە بۆچی هەموو گەلی ئەڵمانیا دەنگیان بە کەسێکی وەکو هیتلەر دا و زیاتر لە دە ملیۆن جوولەکەشیان سووتاند.

خاڵێکی لاوازی تر ئەوەیە، کاتێک باسی ئایین و مەزهەبی ئێزیدی دەکات، نووسەر هەروەک خۆی دەڵێت، پشت بە قسەی کۆمەڵێک مەلا و زانای ئایینی مەسیحی و موسڵمانی عەرەب و تورک دەبەستێت. لەبەر ئەوە خۆی هیچ زانیارییەکی تەواوی لەبارەی ئەم ئایینەوە نییە. هەر لەبەرئەوە لەکاتی باس کردنی ئێزیدییەکان دا دەکەوێتە کۆمەڵێک هەڵەی گەورەوە. بە دڵنیایەوە کاتێک خوێنەر کتێبەکە دەخوێنێتەوە، دەزانێت ئەو هەڵانە چەندە گەورەن.

بە رای (نیبوور) ئیزیدییەکان بە رەگەز دەگرێنەوە سەر عەرەبەکان. ئەمەش بۆچوونی عەرەبە ناسینۆلیستەکانە بۆ ئەم مەزهەبە. هەرچەندە ئێزیدییەکان خۆیان بە کورد دادەنێن، باشترین بەڵگەش کتێبە پیرۆزەکان و سرووتی ئیزیدییەکانە کە هەموو بە زمانی کوردییە.

کاتکیش کە دێتە سەرباسی کورد، بەهەمان شێوە خۆی دەڵێت:

"من سەردانی ئەم ناوچەیەم نەکرد، بەڵام خەڵکانێکی زۆر لە بەغدا بەم شێوەیە باسی ئەم گەلەیان بۆ کردووم"، هەر بۆیە (نیبوور) دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورەوە کاتێک باسی کورد دەکات. ئەو پێیوایە تاکە سیفەت کە بە سەر گەلی کورد بسەپێت ئەوەیە، کە گەلێکن زۆر تینووی تۆڵەسەندنەوەن.

ئەمە لە کاتێک دایە کە خۆی باسی تۆڵەسەندنەوەی والییە وەحشییە تورکەکانی بەغدا دەکات دژ بەگەلی کورد، کەچی سیفەتی تۆڵەسەندنەوە بەسەر ئەوان دا ناسەپێنێت بەڵکە بەسەر کورد دا دەیسەپێنێت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا ئەم کتێبە گرنگی و بایەخی گەورەی هەیە بۆ ئێمەی کورد، چونکە وێنەیەکی سەردەمی کۆنی کوردیمان پێ پیشان دەدات و لە ڕێگای ئەم کتێبەشەوە ئێمە کەمێک ئاگاداریی سەردەمە کۆنەکانمان دەبین.

**(نیبوور) و کورد:**

هەر وەک پێشتریش گوتم، (نیبوور) یەکێکە لەو گەڕیدانەی کە بە باشی وەسفی کوردیان نەکردووە. یان دەتوانم بڵێم زۆر ئاگاداریی و زانیاریی لەبارەی کوردەوە نەبووە. بەڵام ئەو بەچەند شار و شارۆچکە و گوندێکی کوردی دا تێدەپەڕێت و کەمێک وێنەی ژیانی خەڵکیما بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەتی کاتێک بەناو کەرکووک و دوزخورماتوو و قوشتەپە و هەولێر و ئامێدی و موسڵ ونسێبین وماردین و ئامە دا تێدەپەڕێت. هەروەها وەسفی سەوزایی ودەوڵەمەندی وڵاتی کوردستان دەکات. ئەوکاتە لە کوردستانەوە (دار و گوێز و بادام و گەنم و جۆ و تووتن ) چۆتە بازاڕەکانی ئەوروپا.

هەر وەها لە قووشتەپەش دیمەنێکی جوانی ژنی کورد باس دەکات و دەڵێت:

"لەوەتی هاتوومەتە وڵاتانی رۆژهەڵات، ئەمە یەکەمین جارە ژنێک ببینم و لە دەشتاییدا بە تەنها نوێژ بکات. چونکە لە شوێنەکانی تر دا ژنان نابێت بچنە دەرەوە و هەر لەماڵەوە دەبن".

خۆی لە خۆیدا ئەمە جۆرە ئازادییەکی ژنی کورد پیشان دەدات، ئەم خاڵە زۆرێک لە گەڕیدەکانی تریش باسیان لێوە کردووە.

بەڵام بەگشتی وەرگێڕانی ئەم کارەی (نیبوور)، کارێکی گرنگە بۆ ئەوەی ئێمە ئاگاداریی ژیانی نەوەکانی پێشوو بین و بزانین چەندە ئەو کاتە ژیانی باب و باپیرانمان زەحمەت و پڕ ئازار و ئەشکەنجە بووە. هەروەها با ئێمە لەو هەستی نەرجسیەتەش بکەوین کە هەموو کاتێک بمانەوێت خەڵکی تر بە جوانی وەسفمان بکەن. بە دڵنیایەوە ئێمە وەکو هەموو گەلانی تری جیهان،

خاڵی جوانمان هەیە کە پێویستە شانازی پێوە بکەین، بە دڵنیایشەوە خاڵی زۆر ناشرین و دزێویشمان هەیە کە جێگای قێز لێهاتنەوە و شەرمەزارییە.

لێ گرنگ ئەوەیە ئێمە بتوانین ئەو خاڵە قێزەون و ناشرینانەمان چاک بکەیەنەوە و نەهڵێن دوژمنانی گەلەکەمان ئەم خاڵانەمان بۆ بکەنە ناسنامە و کەسایەتیمان و هەر وەختێکیش بیانەوێت بەئارەزووی خۆیان لە دژمان بەکاری بێنن.

لە کۆتایی دا هیوادارین بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە، بەردێکمان خستبێتە سەر تەلاری کتێبخانەی کوردی و خزمەتێکی بچووکیشمان بەگەلەکەمان گەیاندبێت.

**ئەردەڵان عەبدوڵلا**

**سلێمانی / ٢٠١٢/٠٩/١١**

بۆ نووسینی ئەم پێشەکییە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

د.محمود حسين الامين. رحلة (نيبوور) الى العراق في القرن الثامن عشر. دار العربية للموسوعات. بيروت.لبنان. ٢٠٠٦.

1. Dieter Lohmeier. Mit Carsten Niebhur im Orient. Boyens Buchverlag.GmbH..2011.S8.12.19
2. Carsten Niebhur.Reisebeschreibung nach Arabien und andern umliegenden Ländern.Manesse Verlag. Zürich .

**چەند وتەیەک لەبارەی وەرگێڕانی ئەم کتێبەوە:**

پێش ماوەیەک برای هێژام کاک محیەدین لە دەزگای موکریانی، داوای لێکردم کە ئەم کتێبە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی. ئەو خۆی کتێبەکەی بە زمانی عەرەبی لابوو، داوای لە منیش کرد کە هەوڵ بدەم سەرچاوە ئەڵمانییەکەش پەیدا بکەم. منیش داوام لە کاک ئازادی برام کرد، کە ئەم کتێبەم بۆ پەیدا بکات و بۆم بنێرێتەوە. زۆر نەوەستام تاوەکو کتێبەکە لە ئەڵمانیاوە بگاتە دەستم، لەبەرئەوە دەستم کرد بە وەرگێڕانی کتێبەکە لە عەرەبییەوە. پاش ٢ مانگ کاک ئازادی برام کتێبەکەی (نیبوور) و کتێبێکی تریشی بۆ ناردمەوە کە لەسەر (نیبوور) نووسرابوو.

لێرە دا جێگای خۆیەتی کە زۆر سوپاسی کاک ئازاد بکەم سەبارەت بە ناردنی کتێبەکە و لە ڕاستی دا ئەم کتێبە هاریکاری کردم و زۆر زانیاری باشی پێدام.

من کاتێک کتێبەکەی (نیبوور)م بە ئەڵمانی دەستکەوت، وەرگێڕانەکەم لە عەرەبییەوە تەواو کردبوو. بەڵام ئەم وەستانەی من باش بوو، چونکە کاتێک سەیری دەقە ئەڵمانییەکەم کرد، بۆم دەرکەوت لە بەشەکانی تر دا زۆر باسی کوردی کردووە. گەشتەکەی (نیبوور) لە بەغداوە بۆ موسڵ لەعەرەبییەوە وەرمگێڕاوە، بەڵام گەشتەکەی لە موسڵەوە بۆ ماردین، ئینجا لە ماردینەوە بۆ حەلەب لەرێگای دیاربەکرەوە، لە زمانی ئەڵمانیی وەرمگێڕاوە.

پاشان توانیم دەقە عەرەبییەکە لەگەڵ دەقە ئەڵمانییەکە بەراورد بکەم، لە هەندێک شوێن دا هەڵەم تێیدا دۆزیەوە، لەپەراوێزەکاندا باسم کردووە. بەڵام بەگشتی د. محمود حسین الامیر، وەرگێڕانەکەی بۆ زمانی عەرەبی باش بووە. هەروەها بە ئینساف و بە شێوەیەکی ئەکادیمی کارەکەی بە ئەنجام گەیاندووە.

واتە ئەم کتێبە لە دوو سەرچاوە کراوە بە کوردی، (عەرەبی و ئەڵمانی).


ئەمەش سەرچاوە عەرەبی و ئەڵمانییەکەیە

د.محمود حسين الامين. رحلة (نيبوور) الى العراق في القرن الثامن عشر. دار العربية للموسوعات. بيروت.لبنان. ٢٠٠٦.

Carsten Niebhur. Reisebeschreibung nach Arabien und andern umliegenden Ländern.Manesse Verlag.Zürich

# بەشی یەکەم

# بەغدا



نەخشەی بەغدا هەر وەک (نیبوور) ساڵی ١٧٦٦ کێشاویەتی

**ئەو شوێنانەی کە لە نەخشەی بەغدا ناویان هاتووە هەر وەک (نیبوور) ساڵی ١٧٦٦ کێشاویەتی**

١.باب المعظم (یان باب السلطان)
٢.باب الوسطاني
٣. باب الطلسم.
٤. باب الظلمات یان (باب الشرقي)
٥.صوقاپي (باب الجسر)
٦. تیپی تۆپخانە.
٧. سەرای (کۆشکی پاشا)
٨. المدرسة المستنصریة.
٩. منارة سوق الغزل
١٠. مەرقەدی شێخ عەبدول قادری گەیلانی
١١. تەکیەی بەکتاشی
١٢.مەرقەدی ست زوبەیدە
١٣ قەبریی بەهلول - ڕاوێژکارە زیرەکەکەی (هاورن الرشید)
١٤. قەبری یوشع.

**بەغدا**

**پاییز و زستانی ساڵی ١٧٦٥ هەتا ٣ ئازاری ١٧٦٦**

شاری بەغدا دەکەوێتە هەرێمی " الخالص" وە کە نزیکەی ٢٠ دەقیقە لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە دوورە. هەر لە وێشدا مەڵبەندی ویلایەت و پاشای لێیە کە پلەی یەکەمی پاشایەتی[١] هەیە. دیارە لە دەرەوەی بیناکە، شوارییەک هەیە کە لە خشت دروست کراوە.

بەشێکی زۆری شارەکە لە ناوەوە وێرانە بوو، خەڵکێکی زۆر کەمیشی تێیدا دەژیا، بەڵام ئەو بەشەی کە خەڵکێکی زۆری تێدابوو، ئەو ناوچەیە بوو کە دەکەوتە سەر کەناری ڕووباری دیجلە و نزیکە لە سەرای پاشا و زۆربەی بازاڕەکانی شاریش لەم ناوچەیە دان. بەغدایش وەکو هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵات، کە پڕیەتی لە باخچە، پڕیەتی لە خەڵک و قەرەباڵخە، شەقامەکانی زۆر تەسک و تروسکن و بازاڕە کەشخەکانی بە "قوبە" داپۆسراون. هەروەها کۆمەڵێک شەقامی لاوەکی تێدایە کە شەوان دەروازەکانی دادەخرێت، بەو شێوەیەی کە لە قاهیرە هەیە.

هەر وەها بەشی زۆریماڵەکانی لە خشت دروست کراوە، کە تاڕادەیەکی باش کوالیتەیەکی باشیان هەیە، هەروەها هێشتا ئەم ماڵانە پارێزگاری لە

---

١. شێوازی سیستەمی ئیداری لە سەردەمی عوسمانی دا، پاشای بە پلەی یەکەم بۆ ئەو ویلایەتانە دادەنا، کە لە رووی جوگرافییەوە گەورەن، بۆ نموونە ویلایەتی "میسر" یان ویلایەتی "بەغدا" . ئەم پاشایانە سێ خەتیان هەبوو. بەڵام ئەو پاشایانەی کە پلە دوو بوون، دوو خەتیان هەبوو، زیاتر ئەو پاشایانە بوون کە حکومی ویلایەت یان ناوچە بچووکەکانیان دەکرد بۆ نموونە ولایەتی "شارەزوور". بەڵام ئەو پاشایانەی کە پلە سێ بوون، ئەوا تەنها یەک خەتیان هەبوو، کە زیاتر دەکران بە سەرۆکی لیوایەک یان "سنجەق"ێک. وەرگێری عەرەبی

شێوازی بیناسازی ئیسلامی دەکەن و دەرەوەی ماڵەکان زۆر بەکەمی پەنچەرەیان لەسەر کۆلان و شەقامەکان هەیە و هەندێک جار هەر پەنچەرەیان نییە، گەر هەشیان بێت ئەوا هیچ نابینیت.

لە ناوەڕاستی ئەم ماڵەنە دا، بۆشایەکی بچووکی چوارگۆشە هەیە، کە باشترین ژوورەکان دەکەونە سەری. جێگای گووتنە ئەم شێوازی بیناسازییە لە ولاتانی رۆژهەلاتدا، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بەرزی پلەی گەرمای هاوین دا ناگونجێت کە وایکردووە هەموو دانیشتوان لە هاوین دا بەدەست ئەم گەرمایەوە بناڵێنن. بەم شێوەیە کاتێک خۆر لە نیوەرۆ دا دەداتە ئەم حەوشە بچووکە، ئەو ژوورانەی دەکەونە سەر ئەم حەوشە بچووکە دەبنە فرنێک و کەس ناتوانێت تێیدا بژی، چونکە هیچ پەنجەرەیەکیان نییە و هەتا وەکو تۆزێک هەوای سروشتی ژوورەکە فێنێک بکاتەوە.

لەبەر ئەوە زۆربەی دانیشتوان ، بۆ ئەوەی خۆیان لەم گەرما بەهێزەی هاوین بپارێزن، لە هەموو ماڵێکدا سەردابێک دروست دەکەن و زۆربەی کات لە رۆژدا، لەم سەردابانە دا دەژین. ئەم سەردابەش بریتییە لە ژوورێک سەقفەکەی قووبەیەکی گەورەیە و کونێکی هەوایی تێدایە و پەنچەرەیەکی بەسەرەوە[1] زۆرجار پەنچەرەکە بە ڕووی باکوور دا دەکرێتەوە، چونکە لە رۆژە گەرمەکانی هاوین دا، با لە باکوورەوە دێتە بەغدا، دیارە قاهیرەش بەهەمان شێوەیە و لە دوورگەی " خارجCharedsch "[2] یش هەر بە هەمان شێوە بوو.

---

١. لەبەغدا بەم پەنجەرەیە دەڵێن: "البادکیر". و.ع

٢ . ئەم دوورگەیە لە بەسرەیە، کە یەکەم جار نیبوور تێیدا دابەزیی و چوو بۆ بەسرە. لەم دوورگەیە دا نزیکەی دوو مانگ ماوەتەوە، جێگای گووتنە ئەم دوورگەیە پێی دەڵێن"خارج-Kharg". و.ع

بۆ ئەوەی بتوانم بەشێوەیەکی دروست باسی ئەم شارە بۆ خوێنەران بکەم ، شوێنەکەشی جوان دیاری بکەم ، خوێنەر لەو نەخشانەی کە دروستم کردوون لە "نەخشەی ژمارە ٢" دەتوانێت سوود بگرێت. دیارە بەغدا سێ دەرگای هەیە. دەرگای یەکەم کە ژمارە "١"م بۆ داناوە و پێی دەڵێن "باب المعظم". ئەم ناوەش لە ناوی (ابي حنيفة النعمان)وە هاتووە، کە خەڵکی سونە بە "الاعظم" ناوی دەبەن. دیارە قەبرەکەی نیو سەعات لەم دەرگایەوە دوورە. پاشان دەرگای ناقین دێت، کە لە نەخشەکان دا ژمارە "٢"م بۆ داناوە و ژمارە "٣" ئاماژەیە

دیاره پلەی گەرما لە زستان دا لە بەغدا هیچ وەختێک دانابەزێت، هەروەک لە ولاتی خۆمان "ئەڵمانیا" دادەبەزێت. بەڵام لەکۆتایی مانگی ڤێبراوەر دا سەهۆڵم بینی و چەن ماسییەکیش ڕەق ببونەوە. لەو کاتە دا خەڵکی بەم شەپۆلە سەرمایە سەرسام بوون، دەیانگووت کەئەمە شتێکی سروشتی نییە، بە تایبەت کاتێک زانییان کە زیاتر لە ٢٠ کەس لەشەودا لە سەرمان ڕەقبووبونەتەوە. دیارە ئەم ڕووداوانە ئاساییە کە لە شەوانی زستانێکی ساردا ڕوو بدەن، چونکە هەژارانی ئەم ولاتانە، ڕووتوقووتن و شەوانیش لە ناو کۆڵان و شەقامەکان دا دەمێننەوە.

جێگای ئاماژەیە کاتێک سوڵتان موراد پەلاماری بەغدای دا و لە دەستی فارسەکانی دەرهێنا، ئەم دەرگایە یەکێک بوو لە ڕێگرە گەورەکان کە کەوتە بەر ڕێگای هێزەکانی، هەربۆیە پاشان فەرمانی دەرکرد کە ئەم دەرگایە دابخرێت و نەکرێتەوە. لەو کاتەشەوە ئەو دەرگایە داخراوە و هەتاوەکو ئەمڕۆش نەکراوەتەوە. پاش ئەم دەرگایە، دەرگای "قەرولوق قاپی" دێت، کە لە نەخشەکە دا ژمارە "٤"م بۆ داناوە. لەپەنا پردەکەشدا دەرگایەکی لێییە، پێی دەڵێن "دەرگای پرد- باب الجسر." لە نەخشەکەدا ژمارە "٥" م بۆ داناوە.

لە لایەکی ترەوە، لە پەنا هەریەک لەم دەرگایانە، سەنگەر یان بورجێکی مەزن دروستکراوە، کە بەسەر شورای شارەکە دا دابەشکراون و لە کاتی تێپەربوون بەم شارە دا دەیانبینیت. لە هەر یەک لەم سەنگەرانەش دا شەش یان حەوت تۆپی تێدایە، بەڵام نیوەیان گوولە تۆپی ئامادەییان نییە. بوونی ئەم هەمووو تۆپە زۆرانە لەناو بورجەکان دا ناگونجێت چونکە جێگەی هەموویان نابێتەوە.

لە بورجەکانی "قەرولوق قاپی و تەلسم و دەرگای ناڤین " دا، هیچ جۆرە تۆپێکی قورسی تێدا نییە. هەر لە بەر ئەمەشە کە "ئەحمەد پاشا" فەرمانی بە هێنانی دوو تیپی سەربازی داوە لەو شوێنە دا جێگیری کردوون کە ژمارە "٦" م بۆ داناوە.

---

بۆ بورجێکی گەورە کە پێی دەڵێن "طلسم" کە پێشتر ئەمەیان گەورەترین دەرگای شارەکە بووە.

دیاره له نێوەندی بورجە مەزنەکان دا، چەند بورجێکی بچووکیش هەن کە تەنها بۆ کاتی بەرگری کردن بە چەکی بچووک بەکاردێت. لەناو شورای شارەکەش دا چەند بازنەیەکی دوو لایەنە و ئاڵۆز هەیە کە چەند سەنگەرێکی بچووکی تێدا دروستکراوە، بۆ ئەوەی بە تیر و چەکی بچووک لە کاتی هێرشی دوژمن بەرگری لە خەندەقەکە بکرێت کە بە دەوری شورای شارەکە دا هەیە.

جێگای ئاماژەیە شورای شارەکە زۆر لاوازە و هیچ بەکەڵکی بەرگری کردن نایەت و هیچ جۆرە وەسیلەیەکی بەرگری لەدەرەوەی شوراکە نییە. هەروەها خەندەقەکەش وشکە و هیچ ئاوی تێدا نییە، لەبەرئەوە ناتوانێت بەرگری هێرشی لەشکرێکی ئەوروپی بکات، بەڵکە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت دەستی بەسەر دا بگیرێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەڵای بەغدا، لەچاو شارەکانی تری وڵاتانی رۆژهەڵات، بە قەڵایەکی بەهێز دادەنرێت. ئەمەش بەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە چەندین جار لە بەرامبەر هێرشە زۆرەکانی نادرشا دا بەرگری کرد و مایەوە و نادرشا نەیتوانی بەغدا داگیر بکات.

لە سووچی رۆژئاوای شارەکەشەوە، قەڵایەکی بچووک هەیە کە پێی دەڵێن " ئیچ قلعة"[1]. بەڵام ئێستا تەنها وەکو جبەخانەیەکی سەربازی بەکاردێت و هیچ سوودێکی تری نییە. جێگای گوتنە لەم قەڵایەدا سەربازی هێزی "یەنیجیری"[2] تێدایە، کە زۆر زەحمەتە بۆ کەسێکی ئەوروپی بتوانێت رێگای پێبدەن بێتە ناو قەڵاکەوە، بەڵام من زۆر کەم تووشی ناڕەحەتی بووم و هیچ کەسیش رێگری لێ نەکردم کاتێک سەردانیم کرد و تێیدا باش گەڕام، بەپێچەوانەی دەرگاکانی ترەوە کە هەرکاتێک بچوومایەتە ژوورەوە، سەربازە

١. ئیچ قەلعە، وشەیەکی تورکییە بە مانای قەڵای ناوەوە دێت کە ئێستا ئەم شوێنە تەلارەی "کۆشکی عەباسی" تێدایە کە بۆتە مۆزەخانەی شوێنەواری ئیسلامی . و. ع.

٢. یەنکشاری کە زۆرجار بە ئەنکشاری دەنووسرێت کە بە "یەنی شری" تەلەفوز دەکرێت، مانای "سیستەمی نوێ" دەگەیەنێت. ئێمە پێمان باش بوو هەر بە "یەنیجیری" دایبنێین، بەو شێوەیەی کە نووسەر نووسیویەتی . و. ع.

یەنیجیرییەکان ڕایاندەگرتم داوای ناسنامەیان لێدەکردم. جێگای ئاماژەیە سەربازە یەنیجیرییەکان شەو و ڕۆژ لەبەردەم ئەم دەرگایانە وەستاون و پاسەوانی ئەم دەرگایانە دەکەن.

جێگای گووتنە سەربازە یەنیجیرییەکان کە پاسەوانی ئەم قەڵایە دەکەن، کارێکی زۆر ئاڵۆز و زەحمەتیان نییە، بەڵکە بە پێچەوانەوە ئەوان زۆر مورتاحن و زۆر بەکەمیش چەکەکانیان بە شانەوە دەگرن، زۆر بەکەمیش ئەو ڕێبوارانە ڕادەگرن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دا دەکەن کە دەیانەوێت بێنە ژوورەوە یان بچنە دەرەوە.

لەو ڕۆژانەی کە کەشوهەواش زۆر ناخۆشە، ئەوان لە ژووری پاسەوانەکان دادەنیشن و یاری "تاوڵە" دەکەن. بەگشتی ئەوان هەموو کاتێک خەریکی شۆخی و یاریین و چییان بوێت دەیکەن و هیچ گرنگیش نادەن بەوەی کە چی لە دەورووبەریان دەگوزەرێت، تەنانەت گەر بێت و لەناو شاریش پشێوی لەناو شەقامەکان ڕووبدات و حکومەتیش بڕوخێت، ئەوان هەر گوێیان لێ نییە.

سەرای پاشا "کۆشکی پاشا" دەکەوێتە بەردەم قەڵاکەوە لەسەر ڕووباری دیجلە کە لە نەخشەکە دا ژمارە "٧" م بۆ داناوە. سەراکەش زۆر گەورەیە و کۆمەڵێک بینای تێدایە، بەڵام زۆربەی وێرانەیە. ژمارە "٨" ئاماژەیە بۆ تەلاری قوتابخانەی موستەنسەرییە (المستنصرية)یە ، کە جێگای ئیعجابی نووسەران و مێژوونووسانی عەرەبە.

بەڵام ئەمڕۆ ئەم تەلارە چیتر وەکو ماڵێک بۆ زاناکان و سەنتەرێکی خوێندن بەکارنایەت. ئەمڕۆ ناندینە (مطبخ)، بۆتە ناندینی ئەو مامۆستا و خوێندکارانەی لە بەشی سەر بەم قوتابخانەیە نیشتەجێ دەبن و ئێستا بۆتە مەڵبەندی گومرگ، بەشەکانی تری ئەم پەیمانگایەش کە گەورەترین بەش

پێکدەهێنن، بۆتە خانێک کە کاروانچییەکان تێیدا دادەبەزن. ئەمڕۆ خەڵکی پێی دەڵێن "ئوت مەیدانی خان"[1] وە بەشێکی زۆری ئەم تەلارە وێرانە و خاپوورە.

لەسەر دیواری دەرەوەی ئەم تەلارە، کە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە، نووسینێکی گەورە نووسراوە، کە تێیدا هاتووە کە ئەم تەلارە خەلیفە " المستنصر" ساڵی ٦٠٣ کۆچی (١٢٣٢زایینی) دروستی کردووە. لە هەوڵێکی شێتانەدا، دەمویست لەسەر پردەکەوە ئەم نووسینە بنووسمەوە، بەڵام لەبەر زۆری ڕێبواران کە لەسەر ئەم پردە بوون و لەترسی ئەوەی بەم کارەم شتێکی وا نەکەم کە ببمە جێگای تێرامان و سەرنجی ئەوان، هەربۆیە داوام لە مەلایەک کرد کە ئەم نووسینەم بۆ بنووسێتەوە و پاشان ئەم نووسینەم لەگەڵ نووسخە ئەسڵییەکەیدا هەڵسەنگاند.

هەروەها "المستنصر" سێ ساڵ پاش ئەم ساڵژمێرە، مزگەوتێکی دروست کرد، کە پلەیەکی ئێجگار بەرزی هونەر و جوانیی هەبووە. ئەم مزگەوتە دەکەوێتە گەڕەکێکی ناسراو کە پێی دەڵێن گەڕەکی بازاڕی چنین، کە لە نەخشەکەی بەغدا دا ژمارە "٩" م بۆ داناوە. بەڵام هیچ شوێنەوارێکی ئەم مزگەوتە نەماوە تەنها منارەکەی نەبێت. لە شورای مزگەوتەکەش کە دوو دەرگای هەبووە، یەکێک لەم دەرگایانە، ئێستا کراوەتە قاوەخانەیەکی پیس و پۆخڵ. لەسەر دەرگای ئەم مزگەوتە ئەم نووسراوەم بینی، کەتێیدا هاتووە کێ دروستی کردووە و ئەمەش دەقەکەیەتی:

**"گەورە و مەولانا ئیمام المستنصر بالله ئەمیری ئیمانداران، فەرمانی دروستکردنی دا، بۆ ئەوەی شوێنەواری ئیسلام پایەبەرز و بڵندتر بێت، ئەمەش لە ساڵی ٦٣٣ دا دروستکرا."**[1]

---

١. لە قسەکانی نیبور دەردەکەوێت کە بەشێکی قوتابخانەی موستەنسەرییە بۆتە شوێنی فرۆشتنی ئالیک و کا بۆ ئەو کاروانانەی کە دەهاتنە ئەم شارە، چونکە وشەی "ئوت" بەتورکی مانای "کا" دەدات، کە وەکو ئالیک دەدرێت بە ئاژەڵەکان. و.ع.

١. جێگای گووتنە خەلیفە (المستنصر) مزگەوتی بازاڕی چنینی دروست نەکردووە، هەر وەک نیبور دەڵێت، بەڵکە ئەوەی ئەم مزگەوتەی دروستکردووە، خەلیفە (المكتفي) بوو، کە لە کۆتایی سەدەی سێی کۆچی دروستی کردووە، کە ئەوکات ناوی مزگەوتی "القصر یان

بەڵام ئەو قوتابخانەیەی ئەمڕۆ هەیە، کە بە قوتابخانەی سەرەکی شارەکە دادەنرێت، لەلایەن "مرجان" وە ساڵی ٧٥٨ کۆچی دروست کراوە کە تایبەتە بە خوێندنی زانستە ئایینیەکانی هەردوو مەزهەبی حەنەفي وشافعي. جێگای گووتنە "مرجان" جگە لەمەش مزگەوتێک و کۆمەڵێک تەلاریی تری دروستکردوە.[١]

خەڵکی پێیانوایە کە "مرجان" شارەزایی لە بواری زانستی کیمیا هەبووە، واتە ئەو شارەزایی لە پیشەشازی ئاڵتون دا هەبووە. هەربۆیە "مرجان" بە یەکێک لە کەسایەتییە ناودارەکانی بەغدا دێتە ژماردن. ئەو لە کاتی سەفەرکردنی سەرۆکەکەی، ویلایەتەکەی دەبرد بەرێوە، هەروەک دیارە خاوەنی دەسەڵات و پارەی زۆر بووە، هەربۆیە کۆمەڵێک تەلاری گرنگی دروست کردووە.

ئەم دەستنووسەی کە ئێستا باسی لێوە دەکەم، لە بەردەم یەکێک لە تەلارەکانی قوتابخانەکە وەرمگرت، کە مەلایەک بۆی نووسیمەوە. بەڵام نەمتوانی لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکەدا هەڵیسەنگێنم، چونکە لەم ناوچەیەدا منداڵی زۆری تێدابوو، دەترسام کە لەکاتی هەڵسەنگاندنی دەقەکە، منداڵەکان بێزارم بکەن.

هەروەها لە خان یان " کاروان سەرا" کە خەڵکی پێی دەڵێن "چغال"[٢]، کە لە ساڵی ٩٩٩ کۆچی دروستکراوە، کە دەکاتە ساڵی ١٥٩٠ زایینی، لەم کاتانەدا سەردەمی حوکمی سوڵتان موراد بووە، لەسەر نەفەقەی سینان پاشا ئەم

---

مزگەوتی الخليفة يان الخلفاء" بوو. ئەو نووسراوەش کە نیبور باسی لێوە دەکات، باسی نۆژەنکردنەوەی دەرگای مزگەوتەکە دەکات. هەروەک لە کتێبی " الحوادث الجامعة و التجارب النافعة "ی دکتۆر مستەفا جەواد لە لاپەرە ١٠٣ دا دەڵێت: (ابن الفوطي) ئەمەی نووسیوە، کە لە ساڵی ٦٣٥ کۆچی کراوە. هەروەها لە نەخشەی بەغدا، لە کتێبەکانی هەر دوو مامۆستایان مستەفا جەواد و ئەحمەد سوسەش، هەمان شت باس دەکرێت . و. ع.

١.مرجان مزگەوتی دروست نەکردووە، بەڵکە خانێکی "بەناوی تیما" دروستکردووە کە پاشان کردی بە وەقفی قوتابخانەکەی، ئەویش لە ساڵی ٧٦٠ کۆچی. ئەمرۆ بەو خانە دەوترێت خان مرجان يان "خان الاورتمة". و. ع.

٢ .ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ چغالە زادە. سینان پاشا کە والی بەغدا بووە لە نێوان ساڵانی ٩٩٥ تا ٩٩٩ کۆچی (١٥٨٦ / تا ١٥٨٩ زایینی ). خەڵکی ئاسایی بەم خانە دەڵێن "خان جغان". و. ع .

خانه دروستکراوه. لەسەر دەرگای ئەم خانە نووسراوێکی درێژ بە زمانی تورکی نووسراوە، کە هەندێک ڕستەی بە عەربی تێدایە. ئەمەش بە دەست نووسراوە.

ئەم خانە و هەموو ئەو بینایانەی کە تێیدایە لە ڕۆژانی حوکمی سوڵتان کوڕی سوڵتان موراد خان، خودا موڵک و سوڵتانی بپارێزت و خودا خێر و سەروەت سامانی زۆرتر بکات دروستکراوە. ساڵی ۹۹۹ کۆچی."

لە بەغدا تەکیەیەکی تێدایە کە کۆمەڵێک دەروێشی تێیدا دەژین، کە هۆگری چەند ڕەوتێکی جیاوازن وەکو " قادری و بەکتاشی و مەولەویی و ڕەفاعیی و نەقشبەندی و قەلەندەریی و شاکریی." بەڵام تەکیەکە زیاتر تایبەتە بە خەڵکانی سەر بە تەریقەتی شاکرییە[3]. ئەم تەکییەیە زیاتر وەکو شوێنێکە بۆ هیندیە موسڵمانەکان کە هاتوون بۆ زیارەتکردنی ئەم مەرقەدانە.

جێگای گووتنە دامەزرێنەری تەریقەتی قادری، ناوی شێخ "عبد القادر الگیلاني" یە کە لە ساڵی ٥٦٠ کۆچی لەدایک بووە.[4] ئەم پیاوە وەکو هەوادارنی دەڵێن، نزیکەی ۹۱ ساڵ ژیاوە، قەبرەکەشی لە بەغدایە، کەبە ژمارە "١٠" لە نەخشەکە دا ئاماژەم پێداوە. ئەو لە ژێر قوبەیەکی گەورە دا نێژراوە.

تەکیەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە کۆمەڵێک هۆڵ و ژووری زۆر پێکهاتووە، کە جێگای نزیکەی ٣٠٠ کەس دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەش دا کۆمەڵێک ماڵی زۆر لە نزیک تەکیەکە دان، کەسەر بەم تەکییەن و هەوادارنی تەریقەتەکەی تێیدا دەژین و بەشێکیشیان بۆ زیارەتکەرانی مەرقەدی شێخ دانراوە.

ئەم تەکیەیە کە دەکەوێتە ناوچەیەکی دوور لە ڕووباری دیجلەوە، هەربۆیە ڕێچکەیەکی ئاوی تایبەتیان بۆ دروستکردووە بۆ ئەوەی ئاو لە ڕووبارەکەوە بێنن بۆ تەکیەکە.

---

٣ .پێدەچێت مەبەستی لە "شاکری" تەریقەتی شاکان بێت. و. ع.

٤ . جێگـای گـووتنە شـێخ عبـدالقادر گەیلانـی سـاڵی ٥٦١ کـۆچی، ١١٦٥ زاییـنـی" کـۆچی دوایی‌کردووە. ئەو ساڵەی کە (نیبوور) باسی لێوە دەکات، واتە ساڵێک پێش وەفاتی شێخ دەکات. و. ع .

جێگای گووتنە کاتێک چووم بۆ زیارەتی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، بۆ ئەوەی سەیری قەبرەکەی بکەم و سەیری دیوی ناوەوەی مزگەوتەکە بکەم تا بزانم لە ڕووی هونەرییەوە چۆنە، هەروەها بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری شێوەی ئیداری و ڕەوشی ژیانی ئەو کەسانە بم کە لەم مەرقەدا کار دەکەن، بۆم دەرکەوت کە قوبەی مزگەوتەکە بەو شێوەیە نییە کە پێشتر بۆیان وەسف کردبووم.[٥] چونکە ئەو لە قوبەی " قصر العيني ـ التكية"، کە دەکەوێتە سەر ڕووباری نیل کە نزیکە لە شاری قاهیرەوە، بچووکترە.

کاتێک لەناو مزگەوتەکە دا سەیری ناوەوەم دەکرد و تەماشای ئەو خەڵکانەم دەکرد کە بە پێوەن یان دانیشتوون، دەروێشێک هاتە لامەوە و بە ڕووخۆشیی و ئەدەبەوە سڵاوێکی لێکردم و پاشان داوای لێکردم کە بچمە ژوورەکەیەوە. کاتێک دانیشتم و قسەمان کرد، ئەو سەربوردەیەکی بۆ گێرامەوە، کە باسی کارە سەیر و سەمەرە گەورەکانی شێخە گەورەکەی دەکات.

**دەروێشەکە گووتی:**

ڕۆژێکیان شێخ عەبدولقادر لەسەر کورسی وەعزدان دانیشتبوو، خەریکی قسەکردن بووە، کە خەڵکێکی زۆر دانیشتوون، لە پڕێک دا بێ دەنگ دەبێت و دەست دەبات بۆ یەکێک لە "قاپ قاپەکانی" و بۆ دیوارەکە فڕێی دەدات. یەکسەر ئەو قاپ قاپەش دیار نامێنێت. پاش چەند دەقیقەیەکی تر، قاپ قاپەکەی تریشی فڕێدەدات و ئەویش یەکسەر دیار نامێنێت. ئەو کەسانەی کە دانیشتبوون سەریان سووڕما و نەیانزانی مەغزای ئەم کارەی شێخ چییە و کەسیان لە نهێنی ئەم کارە تێنەدەگەیشتن و نەشیان دەزانی کە قاپ قاپەکان بۆ کوێ چوون، هەربۆیە هەموویان واقییان وڕمابوو و دۆشیان دامابوو لەم کارە.

لێ هۆکاری سەرەکی ئەم کارە، ئەوەی کە شێخ عەبدولقادر گەیلانی، خودا نهێنییەکانی پیرۆز بکات، کاتێک کە قاپ قاپەکانی گرتە دیوارەکە، ئەوە بوو کە کۆمەڵێک بازرگان لە ڕێگاوە بوون بێن بۆ بەغدا بۆ ئەوەی شمەکەکانیان بفرۆشن و زیارەتی شێخ عەبدولقادر بکەن، لەو کاتە دا کۆمەڵێک چەتە، ڕێگایان پێ دەگرن و پەلامارییان دەدەن و هەرچییان پێیە لێیان دەدزن.

---

٥ .جێگای گووتنە قوبەی مزگەوتی شێخ عبدالقادر گيلاني، گەورەترین قووبەیە لە عێراق دا. و.ع

کۆمەڵە بازرگانەکە هاوار بۆ شێخ دەکەن و داوای یارمەتیی و بەهاناچوونی لێدەکەن. یەکسەر شێخ بە هانایانەوە دەچێت و ئەو قاپ قاپەی کە بە دیارچاوی مورید و دەروێشەکانییەوە دەیگرێتە دیوارەکە، دەیدا بەسەری یەکێک لە سەرۆکی چەتەکان.

لەو کاتە دا چەتەکان وایانزانی کە ئەم قاپ قاپە، یەکێک لە بازرگانەکان تێیگرتوون، هەربۆیە یەکسەر ئەو بازرگانەیان گرتوو، تێروپڕییان لێدا، لێ کاتێک بۆ دووەم جار بینیان، کەوا قاپ قاپێکی تریش هات و دای بەسەری یەکێک لە سەرۆکەکانی تری ئەم گرووپە چەتەیە، یەکسەر چەتەکان زانیان کە ئەم کاروانە لەلایەن شێخی گەورەوە پارێزگاری لێ دەکرێت، هەربۆیە یەکسەر چییان لە کاروانەکە دزیبوو، پێیان دەدەنەوە و ڕێگاییان پێدەدەن کەبە سەلامەتی بڕۆن.

پاش چوار هەفتە لەم ڕووداوە، کاروانەکە دەگاتە بەغدا و لەگەڵ خۆیان قاپ قاپەکەی شێخی گەورەیان هێنابۆوە، زۆر سووپاسیان کرد، کە پارێزگاریی لێکردوون. پاشانیش هەواڵی ئەم کارە گەورەییەی شێخ بە هەموو لایەک دا بڵاوبۆوە.

پانایی ڕووباری دیجلە نزیکەی ٦٠٠ بۆ ٦٢٠ پێ دەبێت، لەسەری پردێک لە بەلەمی خراپ دروستکراوە، کە ژمارەیان دەگاتە سی و چوار بەلەم کە هەموویان پێکەوە بە زنجیرێک بەستراونەتەوە.

جێگای ئاماژەیە ئەم پردە تەنها لە کاتێک دا دەتوانیت بەکاری بهێنیت کە کەشوهەوا هێمنە و کاتێک هەوا هیچ گەردەلوول و ڕەشەبای تێدا نییە، بەڵام لە کاتێک دا کە ڕووبارەکە شەپۆل بدات و گەردەلوول بێت، بەهیچ شێوەیەک مسۆگەر نییە بۆ پەڕینەوە.

لەلایەکی ترەوە کاتێک ڕووبارەکە لە پڕێکدا ئاستی خۆی بەرزبێتەوە و ئەوانەی کە پاسەوانی ئەم پردە دەکەن، یەکسەر نەچن ئەو گوریسە نەکەنەوە کە بەلەمەکانی پێکەوە بەستووە، پاشان ئەم گوریسە نەبەستنەوە بە لایەکی ڕووبارەکە، ئەوا ئەم گووریسە دەپچڕێت و شەپۆلی بەهێزی ئاوەکەش پردەکە دەڕووخێنێت. هەروەک لە ڤێبراوەری ساڵی ١٧٦٦ زایینی

دا ئەمە ڕوویدا، کاتێک ڕەشەبایەکی بەهێز لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە هەڵیکرد بە شارەکە دا و پردەکەی ڕووخان.

کەشوهەوا لە سەرەتای ئەم مانگە دا مامناوەندی بوو و هەربۆیە پلەی گەرما لە ئاستی سروشتیی خۆی بەرزبۆوە، لەبەر ئەوە بەفری چیاکان توایەوە و ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی ئاوی دیجلە زیاد بکات و ئاستی ئاوی ڕووبارەکە لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمدا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزبۆوە، بەشێوەیەک کە هەموو زنجیرە ئاسنیینەکانی پچڕاند و ئاوەکە پردەکەی ڕووخان و بەلەمەکانی نووقم کرد، هەروەها ئاژەڵێکی زۆریش نووقم بوون، هەربۆیە خەڵکی بە هەڵەداوان چوون بۆ لای بەلەمەکان بۆ ئەوەی بە گیانی خۆیان لە نووقم بوون رزگاریان بکەن.

ئاوی ڕووبارەکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی تر هەر لەبەرزبوونەوە بوو، بەشێوەیەک کە لافاویی لە کەنارەکان دروستکرد. لە ڕۆژانی نۆزدە و بیست و بیست و یەک دا، ئاو هەموو ئەو زەوییانەی داپۆشی کە لە نزیکی دیجلەوەن، لێ لە ڕۆژانی بیستی کانوونی دووەمدا، کەمێک ئاوەکە کەم بۆوە و چیتر بەرز نەبۆوە، بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی ئازاردا، جارێکی تر ئاستی ئاوەکە بەرز بۆوە، کە حاڵەتێکی وای دروستکرد، کە بووبوە مایەی ترسی هەمووان.

لەپاش ئەم ڕێکەوتە، جارێکی تر ئاوەکە زیادی کرد، کە وایکرد موسل و بەغدا ترسی لافاو لێکەوتنیان هەبوو، چونکە لەم کاتە دا ئەو بەفرە زۆرەی کەبەسەر چیاکانەوە بوو، خەریکی توانەوە بوو. جێگای گووتنە جیاوازی ئاستی بەرزبوونەوەی ئاوی دیجلە لە کاتی ئاسایی و زۆرترین ئاستی دا دەگاتە نزیکەی بیست پێ.

لەبەر ئەوە نەمتوانی زیارەتی گەڕەکەکانی دەوروبەری بەغدا بکەم، بەتایبەت ئەوانەی کە دەکەونە بەری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەوە، چونکە لەکاتی سەفەرەکەی مندا، هەموو ئەم ناوچانە کەوتووبونە ژێر ئاوەوە، چونکە ئاستی ئاوەکە زۆر بەرزببۆوە، هەربۆیە تەنها ئاماژەیەکی خێراییان پێدەدەم.

لە بەری ڕۆژئاوای شارەکەوە، باخ و بێستانێکی زۆری تێدایە، لێ خەڵکی تێیدا ناژین و چۆڵەوانییە. بەشی باکووری ئەم بەشەی بەغدا دەکەوێتە

شوێنی بەغدای کۆن، بەتایبەتی کە دەگاتەوە نزیکی مەرقەدی "موسا کاظم" کە تێیدا شوێنەواری بینایەکی کۆن دەبینیت کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسی، هەروەها مزگەوت و قەبری زۆرێک لە کەسانی بەناوبانگی مسوڵمانانی تێدایە، کەوەختی خۆی لە شاری بەغدا ژیاون و هەر لەوێش نێژراون.[٦]

هەروەها لەم شوێنە دا کە ژمارەی "١١"م بۆ داناوە لە نەخشەی بەغدا، تەکیەیەکی گەورەی دەروێشەکانی تەریقەتی بەکتاشی تێدایە، ئەویش تەلارێکی کۆنی بەرزە، کە لەسەر ئەم تەلارە نووسراوێکی کۆن هەیە کە بەشێکی زۆری خراپ بووە و باش ناخوێنرێتەوە، بەڵام لەم نووسراوە دا هەندێک شت بە ڕوونی دیارە.[٧]

پێدەچێت قلیج ئەرسەلان کوڕی مەلیک مەسعودی سەلجوقی ئەم تەکیەی لە ساڵی ٥٨٤ کۆچی دروست کردبێت، کە دەکاتە ١٠٨٨ ی زایینی.[٨] هەروەها لەسەر دەرگای تەکیەکە سورەتێکی قورئانی پیرۆز نووسراوە کە بە پیتی گەورە و شێوەی خەتی کوفی جوان لەسەر خشت نووسراوە. دیارە ئەم شێوە نووسینە بەسەرچووە و ئێستا باویی نەماوە.

لێ ئەوەی جێگای تێرامانە، باوەڕ ناکەیت کە ئەو نووسینەی لەسەر خشتی سوور نووسراوە، پاش ٦٠٠ ساڵ هیچ تێکنەچووە و لەناونەچووە. بۆ ئەوەی نموونەیەک لەم شێوە خەتیی نووسینە پیشانی خوێنەر بدەم، کە تێیدا زەخرەفەیەکی بەرز و تێکەڵاوی تێدایە. هەستام بە فۆتۆکۆپیی کردنی بەشی پێشەکی ئەم نووسینە، چونکە لەچاو بەشەکانی تری ئەم نووسینە، کەمتر تێکچووە. ئەمەش دەقەکەیە:

---

٦ .لێرە دا (نیبوور) مەبەستی "شاری سلام"ە کە وەختی خۆی خەلیفەی عەباسی "ابو جعفر المنصور" لە ساڵی ١٤٥ کۆچی- ٧٦٣ زایینی دروستی کردووە. و.ع.

٧ . مەلیک عادل قلج ارصلان ابن الملک مسعود ابن العادل قلج ارصلان لە تایەفەی سەلجوق لە ساڵی ٥٨٤. (ئەم نووسینە لە کتێبەکەی (نیبوور)دا هاتووە.

٨ .لە دەقە ئەڵمانییەکە دا ساڵی ١١٨٨ نووسراوە، بەڵام نازانم بۆ وەرگێڕە عەرەبەکە کردویەتی بە ١٠٨٨. و.ک



**نموونەیەک لە نووسینی کوفی هەروەک (نیبوور) کۆپیکردووە، کەلە تەکیەی بەکتاشی لە بەغدا بووە**

**ئەمەش ناوەرۆکی نووسینەکەیە:**

**" بسم الله الرحمن الرحيم و السابقون اولئک المقربون فه جنات النعيم ثلة من الاولين وقليل من الاخرين على سرر موضونة متكئين عليها متقابليين"٩**

(ئێستا گەر داوای نووسین لە عەرەبەکان بکەیت، ئەوا بەم شێوەیە دەنووسن.)

ئەم شێوە نووسینە، لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ ئەو نووسینە هەیە، کە لە یەمەن کۆپیم کردووە لە تابلۆی ژمارە ٩ ی بەشی تایبەت بە سەفەری دوورگەی عەرەبی دا هەیە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە عەرەب لە سەردەمەکانی پێشوو دا، لەکاتی حوکمرانیی خۆیان دا زانست لەلایان پێشکەوتوو بوە، هەربۆیە لە شێوەی خەتی نووسیندا هونەرسازییان لە نووسینی پیتەکانیان کردووە. دیارە گەر عەرەبەکان لەم شێوە خەتی نووسینە بەردەوام بوونایە، ئەوا زانا رۆژئاواییەکان زەحمەتێکی زۆرییان دەکێشا بۆ ئەوەی کتێب و دەستنووسە عەرەبییەکان بخوێننەوە.

٩ .سورة الواقعة ١٠/٥٦. قورئانی پیرۆز. و.ع

دیاره ئەو نووسینەی کە لە سەر ئەو قاپە فەخفووریەی کە لە تەختی کیسرا هەبووە و کە وێنەیەکیم لە کتێبی "ئەسفار ئایفیز Ives Reisen "[10] دەست کەوتووە، ئەویش لەسەر هەمان شێوەی ئەم خەت نووسینەیە. دیارە ئەو کەسانەی کە ئەم قاپەیان پێشکەشی ئیڤیزی گەڕیدە کردووە، پێیان گووتوە کە ئەم شێوە نووسینە فارسی کۆنە یان "فورسیة، پارسیة".

ژمارە "١٢" لە نەخشەکە دا، ئاماژە بۆ بورجێکی بچووکی کۆن دەکات، کە قەبری "زوبەیدە"ی تێدایە، ئەو ژنەیە کە ناوبانگێکی گەورەی لە مێژووی عەرەبیدا هەیە. ئەمە ژنی خەلیفە هارون رەشید بووە، لەساڵی ٢١٦ کۆچی مردووە کە دەکاتە ساڵی ٨٣١ زایینی.

لە ساڵی ١١١٣کۆچی کە دەکاتە ١٧١٨ زایینی حەسەن پاشا، ژنەکەی کە ناوی عائیشەی کچی مستەفا پاشا بووە، لە پەنا قەبری زوبەیدە ناشتووە، لەسەر قەبرەکەشی بە پارچەیەکی گەورەی مەڕمەڕ رۆژی لەدایک بوون و مردنی ژنەکەی نووسیوە و پاشان قەبرەکەی زوبەیدەی نۆژەن کردۆتەوە و فەرمانی دەرکرد بە دروستکردنی بینا و خانووی زۆر بۆ موسافیر و زیارەتکەرە هەژارەکان.[11]

**الی روحها الفاتحة**

ئەمە ئارامگای خوالیخۆشبوو خاتوو "زبيدة بنت جعفر منصور الدوانقي"یە کە دەکاتە ژنی (هارون الرشيد) و یەکێکە لە خەلیفەکانی بەنی عەباسی، ساڵی ٢١٦ کۆچی دوایی کرد.

---

١٠. لێرە دا مەبەستی دکتۆر ئیدوارد ئیڤیزە، کە پزیشکێکی جەراح بووە، لە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی کاری کردووە، پاشان سەفەرنامەیەکی نووسیوە و ساڵی١٧٧٣ زایینی لە لەندەن کتێبەکەی چاپ کردووە. و.ع

١١. هەموو بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە "زوبەیدە" ی ژنی رەشید لە قەبرستانی قورەیش لە "الكاظمية" نێژراوە. بەڵام ئەوەی لەوێدا نێژراوە "زمرد خاتون"ی ژنی خەلیفە (المستضی) دایکی خەلیفەی عەباسی " الناصرلدين الله" بووە، کە لە ساڵی ٥٩٩ کۆچی-١٢٠٢ زایینی کۆچی دوایی کردووە. و.ع

**الی روحها الفاتحة**

ئەمە ئارامگای خوالێخۆشبوو، "عائیشە خانم بنت المرحوم مصطفی باشا مصاحب السلطان محمد خان" خوا لێی رازیی بێت و ژنی وەزیری پایەبەرز و ساحیب مەقام والیی بەغدا دار السلام، ابو الخیرات " حەسەن باشا"یە، خودا هەمیشە خێری بخاتە ڕێگا. لەمانگی رەمەزان لە رۆژی بیست و حەوت، شەوی لیلة القدر١١٣١ کۆچی دوایی کردووە.[١٢]

لە نزیک ئەم شوێنەشەوە کە ژمارە "١٣"م بۆ داناوە، قەبری "بەهلولی دانا" یە، کە نزیکترین کەس و هاورێی شەوان و ڕابواردنی خەلیفە هارون رەشید بووە. دیارە لە بارەی "بهلول دانا"وە کتێبێکی گەورە هەیە، کە باسی ئەو چیرۆک و سەربردە خۆشانە دەکات کە بۆ هاورن رەشیدی باس کردووە.

دیارە مەلا هەژارەکان ئێواران لە چایخانەکان دا ئەم کتێبە بۆ خەڵکی دەخوێننەوە و بژێویی ژیانی خۆشیان لەم ریگایەوە بە دەست دێنن. پاش ماوەیەکی زۆر ئەم نووسینە لەسەر قەبرەکەی نووسراوە و ساڵی ٥٠١ کۆچی وەک مێژووی ئەم قەبرە دیاری کراوە و لەوێدا ناوی "سلطان المجذوبیین" یان لێناوە.[١٣]

**" هذا قبر سلطان المجذوبین و النفس المطمئنة (کذا) سنة خمسمایة وواحد"**

ئەمەش هەندێک لەو سەربووردە و چیرۆکانەیە کە بەناوی "بهلول دانا"وە خەڵکی دەیگێرنەوە کە پێیانوایە کەسێکی زۆر زیرەک بووە. وا منیش لێرە دا هەندێک لەو چیرۆکانەتان بۆ دەگێرمەوە، هەروەک لە زاری خەڵکییەوە بیستوومە:

لەسەردەمی ئەودا (بەهلول دانا) گروەێک لەنێوان دوو کەسی خەڵکی بەغدا دەکرێت، یەکێکیان بەئەویتریان دەڵێت، گەر بێتو تۆ بە مەلە لە ڕووبارەکە بپەڕیتەوە، ئەوا من ئەوەندە پارەت دەدەمێ. کابرا توانی بە سەلامەتی لە ئاوەکە

---

١٢. ئەمانە هەر دووکیان ئەو نووسینانەن کە (نیبوور) لەسەر قەبرەکە دا نووسیویەتی. بە داخەوە وەرگێڕی عەرەبی هیچ ئاماژەیەکی بەمە نەکردووە، کە دەبوایە خوێنەری لێ ئاگادار بکردایەتەوە. و. ک.

١٣. هارونە رەشید پێش ئەم ریکەوتە بە سێ سەدە زیاتر مردووە. و.ع.

بپەڕێتەوە بۆ ئەوبەر، وەلێ دایکی کابرا لەو بەری ئەوەکەوە چاوەڕێیی بوو، ئاگرێکی بۆ کردبۆوە بۆ ئەوەی خۆیی و جلەکانی وشک بکاتەوە.

پاشان لە نێوان دوو کەسەکە دا بە هۆی ئەم کارەی دایکی کابراوە، دەبێتە شەڕو هەرا. ئەو کابراییەی کە گرەوەکەی دۆڕاندبوو دەیگووت: ئەو مەرجی کردووە لەگەڵی دا، کە بۆ پەڕینەوە لەئاوەکە، نابێت پشت بەهیچ کەس ببەستێت، بەڵام ئەو دایکی یارمەتیی داوە، هەربۆیە دەچن بۆ لای قازی. قازی حوکمی لە بەرژەوەندی ئەم داماوە نەدا و گرەوەکەشی دۆڕاند. دیارە بەهلول دانا، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ئاگاداری ئەم گرەوە بوو، هەروەها یەکێکیش بوو لە شاهیدەکان کە لەبەردەم قازی شاهیدیی بۆ کابرا دا، هەربۆیە زۆر بەم بڕیارە ناماقووڵەی قازی دڵتەنگ و بێزار دەبێت.

کاتێک کە دەگرێتەوە بۆ کۆشکی خەلیفە، مەنجەڵێک دەهێنێت و هەندێک گۆشتیی تێدەکات و بە چڵی یەکێک لە دارخورماکانی کۆشکەوە هەڵیدەواسێت و لە ژێریەوە ئاگرێکیش دەکاتەوە. کاتێک خەلیفە ئەم کارەی بهلول دانە دەبینێت، بە شێوەی چێشت لێنانەکەی پێ دەکەنێت.

لەو کاتە دا بەهلول دانا دژی خەلیفە دەوەستێتەوە پێی دەڵێت: بۆچی ناکرێت گۆشت بەم شێوەیە بکوڵێنیت، لەکاتێکدا ئەو ژنە توانی کوڕەکەی پاش مەلەوانییەکەی بەو ئاگرە گەرم بکاتەوە کە لەو بەری ڕووبارەکەوە کردبوویەوە. کاتێک چیرۆکی کابرایان بۆ خەلیفە گێڕایەوە، هەردوو کەسەکەی بانگ کرد و فەرمانی بە کابرا دا کە دەبێت ئەو بڕە پارەییە بداتە ئەو کەسەی کە لە ڕووبارەکە پەڕیوەتەوە و گرەوەکەی بردۆتەوە.

لەنزیکی قەبری بەهلول داناوە، تەلارێکی بچووک هەیە (سەیری ژمارە ١٤ بکە لە نەخشەکە دا)، لێرەدا قەبری کەسێکی تێدایە ناویی "یوشع" ە، کە جوولەکەکان زۆر دێنە زیارەت کردنی.

لە پەنا ئەم شوێنە چۆڵەوانییە دا کە هیچ تەلاری تری تێدا نییە، مزگەوتێکی بچووک هەیە، کە بورجێکی بچووکی هەیە[١٤] و قەبری زانایەکی بەناوبانگیی تێدایە

---

١٤. ئەوە مزگەوتێکی بەناوبانگی بەغدایە کە پێشتر بە مزگەوتی "الجنائز" دەناسرا، وەلێ ئێستا پێی دەڵێن مزگەوتی شێخ مەعروف کەرخیی. و. ع

که ناوی مەعروف کەرخیی" ابو ظاهر"ە. ئەم تەلارە هەر وەک لەسەر قەبرەکە نووسراوە، لە ساڵی ٦١٢ ک واتە ١٢١٥ ز دروستکراوە.

موسڵمانەکان لەبارەی مەعروف کەرخییەوە دەڵێن، ئەو لە دایک و باوکێکی مەسیحی بووە، بەڵام هەمووکاتێک دژی ئەوە بوو بڵێت "بەناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز"، هەروەک هەموو مەسیحییەکان دەیڵێن، بەڵکە ئەو هەموو کاتێک لەجیاتی ئەمە، دەیگووت: بسم الله الرحمن الرحیم. هەر لەبەرئەم کارەی، دایکی لە سەردابەکەیان بۆ ماوەی چل ڕۆژ زایندانی دەکات وجگە لە ئاو و نان هیچی تری ناداتێ.

پاش ئەوەی ماوەی چل ڕۆژەکە تەواو دەبێت، دایکی سەیر دەکات، کوڕەکەی وەزعی باشەو تەندروستیشی زۆر لەجاران باشترە، پاشان سەیری زیندانەکەی دەکات و دەبینێت، هەموو ئەو نان و ئاوەی کە پێشتر بۆ کوڕەکەی هێناوە، هیچی لێ نەهاتووە و هەروەک خۆیەتی.

لەم کاتە دا دایکی واهەست دەکات، کە ڕۆحێکی پیس "جنۆکە" زاڵە بەسەر کوڕەکەی دا، هەربۆیە لە ماڵ دەریدەکات. ئەویش دەچێت هانا بۆ "موسی الکاظم " دەبات و پاش ماوەیەکیش دەبێتە موسڵمان و دەبێتە یەکێک لە زانا گەورەکان و دواتریش هەموو ئەندامانی خێزانیشی دەهێنێتە سەر ڕێگای ئیسلام و موسڵمان دەبن.

لەنێوان هەردوو مەزارگەی "ست زبیدة" و شێخ کەرخی دا، پانتاییەکی زۆر هەیە، کە تێیدا پیاوە گەورەکانی بەغدا و هاوشێوەکانیان، هەفتەی جارێک تێیدا کۆدەبنەوە و شوێنی ڕابواردن و یاری ڕمبازێنە.

مورتەزا قەلیجدار (واتە هەڵگری شمشێر لای سوڵتان) لەم شوێنە دا دوو ستوونی بچووکی داناوە، کە بەڵگەی ئەوەیە کە تا ئێرە ڕمەکەی هاویشتووە.[١]

لەپەنا ئەم دوو ستوونەش دا، دوو قوبە هەن کە هیچ کامیان زۆر کۆن نین. گەر ئەو قسەیەی پاشای ناوبراو ڕاست بێت، ئەوا دەردەکەوێت کە خاوەنی هێزێکی بێ سنوور بووە لە ڕم هاویشتن دا، چونکە مەسافەی نێوان دوو ستوونەکە زۆرە و دەگاتە نزیکەی شەش سەد هەنگاوی دووانە، واتە

---

١. بە عەرەبی پێی دەڵێن "غلوة السهم"، واتە دوورترین شوێن کە ڕمی کابرای ڕمبازی دەگاتێ. و.ع

دوو هەزار و حەود سەد پێ. بەدڵنیایەوە لەبەر ئەوەی مورتەزا پاشا والیی بەغدا بووە، بۆیە فەرمانی دانانی ئەم قووبە بەردینانەی دەرکردووە بۆ ئەوە شانازی بە هێزە بێ سنوورەکەی خۆیەوە بکات.

وەکو ئەم شوێنە و هەمان پەیکەری بەردین لە شاری "حەلەب"یش هەبوون. داوام لە خزمەتکارەکەم کرد کە مەسافەی نێوانیانم بۆ بپێوێت، بۆمدەرکەوت دەگاتە نزیکە سێ سەد و بیست و پێنچ هەنگاوی دووانە.

جێگای ئاماژەیە لە زۆر شوێنی تر دا ئەم شتە هەیە، لە ئات مەیدان، کە گردێکە دەکەوێتە پشتی جبەخانەوە لە ئەستەنبوڵ. جێگای ئاماژەیە پیاوانی قاهیرەش ڕاهێنان لەسەر ڕم و تیرهاوێژی دەکەن، کە لە بەشی یەکەم لاپەرە ١١١،١٦٩ (لاپەڕەی دەقە ئەڵمانییەکە) وەسفی ئەمەم کردووە.

لە شوێنێک دا کە نزیکەی چارەکە سەعاتێک لە بەغد دوورە، لە باکوور و باکووری رۆژئاوای بەغدا، کە دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای ڕووباری دیجلە، گوندی "الکاظم" هەیە کە تێیدا مزگەوتێکی زۆر فەخم دەبینرێت (سەیری شێوەی ژمارە ٤ بکە)، لێرە دا قەبری دوو ئیمامی فارسی هەن (موسی الکاظم)[١٥] و کوڕەکەی، واتە (محمد الجواد ) کە پێشتر لە لاپەرە ٢٧٠ ی کتێبەکەم دا (لاپەڕەی دەقە ئەڵمانییەکە) لەکاتی باسی بابەتی (جیاوازی نێوان شیعە و سونە) باسم کردوون.

هەروەک دەردەکەوێت کە ئەم دوو مەزارگەیە، شوێن و مەقامێکی گەورەیان هەیە، چونکە هەر دووکیان قووبە و منارەی گەورەیان هەیە، منارەکەش لەسەر شێوازی هەندەسەی بیناسازی فارسی دروست کراوە. هەروەها ئەم مزگەوتە وەکو مزگەوتی "مشهد علی و مشهد الحسین" لە چۆڵەوانیدا نییە، بەڵکە لە هەر دوو لایەوە،ماڵێکی زۆر هەن. جێگای ئاماژەیە موسا ساڵی ١٨٥ کۆچی بە فەرمانی خەلیفە لە سێدارە درا، چونکە تاوانبار

---

١٥ .هیچ کام لەم دوو ئیمامە "موسی الکاظم و محمد الجواد" فارس نەبوون، هەروەک (نیبوور) دەڵێت، بەڵکە ئەمانە ساداتی "آل البیت" بوون. لەم شوێنە دا ئیمام موسا کازم نێژراوە کە ساڵی ١٨٣ کۆچی ژەهر خوارد کرا، کوڕەکەشی "محمد الجواد" لە ساڵی ٢٢٠ کۆچی، لە هەمان شوێن دا نێژراوە. جێگای گووتنە ئەم قەبرستانە بە قەبرستانی "قورێش" ناو دەبرا. و.ع

کرا بەوەی کە پلانی دژی خەلیفە داناوە و یارمەتی عەلوییەکانی[١٦] داوە دژ بە دەوڵەتی عەباسی و بەشێکی زۆری ئەوان لە ماڵی ئەو دا کۆبوونەتەوە. هەربۆیە شیعە، بە شەهیدی دادەنێن و هەموو ساڵێکیش زیارەتی دەکەن و لەسەر قەبرەکەی دەگرین و لەخۆیان دەدەن.

دیارە هەموو دانیشتوانی ئەم گوندە شیعە مەزهەبن. لەبەر ئەوەی خەڵکانی سەر بەم تایەفەیە لە بەغدا ڕێگایان پێ نەدەدرا تەعزیە دابنێن و سرووتی ئایینی خۆیان ئەنجام بدەن، هەربۆیە شیعەکانی دانیشتووی بەغدا، دەهاتن بۆ ئەم مزگەوتە و لێرە رێوڕەسمی ئایینی خۆیانیان جێبەجێ دەکرد. هەروەها بەشێکی زۆری شیعەکانی ئەم ناوچەیە، مردووەکانیان لەنزیکی (موسی الکاظم) دەنێژن، چونکە پارەی خەرجی ئەوەیان نییە مردووەکانیان ببەن بۆ مشهد علی (واتە نەجەف. و.ک).

بەغدا کە خەلیفە مەنسوور دروستی کردووە، دەکەوێتە بەری ڕۆژئاوای دیجلەوە، لەم شوێنە دا هەر وەک وەسفمان کرد، کە دەکەوێتە باکووری شارەکەوە، ناوچەی موسا کازمی پێ دەڵێن. لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە، قەڵایەک یان گەڕەکێکی شاری تێدا بووە کە ئێستا هیچ شوێنەوارێکی نەماوە و دەکەوێتە بەرامبەری موسا کازم و نزیکەی نیو سەعات لە بەغداوە دوورە. دیارە مانەوەی ئەم گەرەکەی بەغدایش، زیاتر پەیوەندی بە بوونی قەبریی ئەبي حەنیفەوە هەیە کە لێرە دایە.

دیارە ئەبو حەنیفە یەکێکە لە گەورەترین زاناکانی ئیسلام و هەوادارێکی زۆری هەیە، بەتایبەتی ئەو خاوەنی مەزهەبی حەنەفییە، هەر بۆیە ئەم پیاوە لە لایان جێگایەکی بەرز و پیرۆزیی هەبوو. خەلیفە لە زیندان دا ئەم پیاوەی بینی، چونکە گومان و دوودڵ بوو لەوەی کە پۆستی قازی وەربگرێت، لەپاش مردنی مەقامی لەلای خەڵکی بەرز و پیرۆزتر بوو و نازناویی " الاعظم" یان لێنا. جێگای گووتنە بەشێکی زۆریی سونە، پابەندی زانیاریی و زانستەکەی ئەون، لەنێوانیاندا زۆربەی تورکەکان سەر بەم مەزهەبەن. لەسەر قەبرەکەشیی، قووبەیەکی گەوەر و

١٦. لە دەقە ئەڵمانییەکە دەڵێت، یارمەتی بنەماڵەی عەلی داوە، کەچی وەرگێڕی دەقی عەرەبی کردوویەتی بە عەلەوییەکان. و.ک

فەخمییان بۆ داناوە و منارەیەکی گەورە و لەپەناشیا قەلایەکی بچووک هەیە و لە دەوروپشتی مزگەوتەکەش، شەش خەندەقیی گەورەیان هەلکەندووە.[١٧]

شیعەکان ئەبو حەنیفەیان خۆش ناویت و بەلکە بێ سنوور ڕقیان لێیەتی، هەربۆیە بۆماوەیەکی زۆر قەبرەکەی پشتگوێ خرابوو، هەروەها قەبری دامەزرینەرانی تری مەزهەبی سونە لە سەردەمی حوکمی فارسەکاندا پشتگوێ خرابوون و بە هەموو شێوەیەکیش سووکایەتیان پێ دەکرا و جنێو بە هەوادارانی ئەم مەزهەبانە دەدرا، بەشێوەیەک کە خەلکی دەترسان سەردانی ئەم مەرقەدانە بکەن.

ئەمەش وایکرد کە هەستی سولتان موڕادی چوارەم بجوولێنێت و لە سالی ١٠٤٨ کۆچی، واتە ١٦٣٨ز دا، هەلمەتێکی سەربازی بەناوبانگ بۆ سەر بەغدا بکات و فارسەکان دەربکات. لەبارەی ئەم هەلمەتە سەربازییەوە، سەربوردەیەک هەیە کە لەسەر زاری خەلکییەوە لە بەغدا دەووترێتەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

"دەووترێت یەکێک لە زاناکانی بەغدا چووە بۆ شاری قوستەنتینییە و داوای کردووە کە ڕێگای پێبدرێت، وتاری هەینی لەیەکێک لە مزگەوتە سەرەکییەکانی شار دا بلێت بەتایبەت ئەوەی کە سولتان نوێژی هەینیی تێدا دەکات، ئەوانیش ڕێگایان پێدا، بەتایبەت چونکە ئەو هیچ لە بارەی نهێنی ئەم داواکارییەوە نەدوابوو. کاتێک دەچێتە سەر مینبەر، دەستدەکات بە باسکردنی ئەو بارە نالەبار و پڕ زەحمەتەی کە تووشی موسلمانان بە گشتیی و دانیشتوانی بەغدا بەتایبەتی هاتووە، هەروەها باسی ئەو هەلسووکەوتە ناشرین و سووکایەتییە زۆرە دەکات کەلایەن ڕافیزە (شیعە) وە بەرامبەریان دەکرێت.

پاشان باسی ئەو سووکایەتیانە دەکات کە بەرامبەر ئیمامی "الاعظم" دەکرێت و چۆن ئێستا مزگەوتەکەیان پیس کردووە و کردوویانەتە زبلخانەیەک، هەتا لەکۆتایی دا دەلێت: بەڕاستی ئەمە شەرمەزارییەکی گەورەییە بۆ سولتان و بنەمالەی ئال عوسمان، چونکە ئەوان سەر بە مەزهەبی ئەبي حەنیفەن، کەچی هیچ

---

١٧ . ئێستا هیچ شوێنەوارێکی ئەم خەندەقانە نەماوە کە لە دەوری مەرقەدی ئەبی حەنیفە بوون، کە ئەمانەش زیاتر وەکو قەلایەک وابوون بۆ کاتی پێویست دانرابوون، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مەرقەدی ئەبی حەنیفە بکەن.

ئەم بارە نالەبارە کارییان تێ ناکات و ناچن ئیمام و موسڵمانان لە ژێردەستەیی و کۆیلایەتی رزگار بکەن.[1]

قەبری ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل، کە یەکێکە لە ئیمامە گەورەکانی سوونە، دەکەوێتە نێوان ئیمام "الکاظم" و "الاعظم"، وەلێ ئاویی دیجلە بردی و قەبرەکەی دیار نەماوە.[2]

**عەقرقوف:**

عەقرقوف دەکەوێتە رۆژئاوای بەغدا و نزیکەی دوو سەعات و نیو لێوەی دوورە. لێرە دا بورجێکی بەرز و بڵند هەیە، کە لەسەر هەمان شێوەی بورجی حلەیە کە پێشتر لە لاپەرە ٢٨٩ ی ئەم کتێبەدا باسم کرد[3]، بەڵام ئەم بە خشت دروست نەکراوە، بەڵکە بە شیری وشک کراوە کە بە گەرمایی خۆر وشک بۆتەوە، لە نێوان هەر سەفی شەش و هەشتدا " قامیش و ماددەی بەردی[18] هەیە کە بەرزی دەگاتە دوو پەنچە. لەم تەلارە دا یان لەم گردەی کە بە دیوار هەڵچنراوە، چەند

---

١. لە شەڕی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان دا، تەجاوزاتێکی زۆر کرایە سەر ئەم مەرقەدە، چونکە شەری ئەم دووانە سیماییەکی تائفیی دزێوی پێوە دیاربوو و زۆربەی ئەو ئەلفازە ناشرینانەی کە (نیبوور) باسی دەکات، ئێمە ناچار بووین دایانبنێینەوە، ئەویش لەبەر پارێزگاری کردن لە دەقە ئەسڵییەکە. و. ع.

٢. ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل لە قەبرستانێک نێژرابوو، کە دەکەوتە باکوری رۆژئاوای ناوچەی کازمیەی ئێستا. قەبرەکەی کە دەکەوێتە نێوان "الاعظمیة و الکاظمیة" و دەکەوێتە بەری رۆژئاوای دیجلەوە، ئەوە قەبری عەبدوڵا بن ئەحمەد بن حەنبەلە، کە لە ناوچەی "الزبیدیة" نزیکی دیجلە نێژرا، بەڵام قەبرەکەی بەر لافاوی ئاوی دیجلە کەوت. قەبری ئەحمەد بن حەنبەل لە رۆژانی داگیرکردنی بەغدا لە لایەن سەفەوییەکانەوە لە ساڵانی ٩١٤ک (١٥٠٨ ز) لەناو برا. (سەیری کتێبی: بغداد مدینة السلام، نووسینی، ریچارد کوک، ترجمة. مصطفی جواد و فؤاد جمیل، بغداد،١٩٦، ص ١١١) بکە. و. ع.

٣ . لە کتێبێکی تایبەت دا باسی گەشتەکەی بۆ باشووری عێراق دەکات، مەبەستی ئەم کتێبە نییە. و. ک

١٨ . بەردی جۆرە ماددەیەکە کە لە گیای بەردی دروست دەکرێت، جاران لەجیاتی وەرەقە ئەم کاغەزەیان بەکار دەهێنا و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ماددەیە ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە. و.ک

پەنچەرەیەکی بچووکی ئاسۆیی هەن، کە زیاتر لەوانەیە پەیوەندی بە شێوازی بیناسازییەکەوە هەبێت، بەڵام هەموویان داخراون.

بەرزایی ئەم بورجە دەگاتە نزیکەی حەفتا پێ و بەشی باکووری ئەم بورجەش بە شێوەیەکی ستوونی دەردەکەوێت و پێدەچێت پێشتر لەم شوێنە دا جێگای چوونە ژوورەوە بووبێت، بەڵام جێگاکەی زۆر بەرزە و ناتوانیت سەرکەویت بۆی. بەڵام لە لاکانی ترەوە هەموو قوورەکە بەهۆی گەرمایی خۆرەوە بەتەواوەتی سووتاوە و وشکبۆتەوە و بۆتە خۆڵ.

لە لایەکانی تری ئەم تەلارەوە، قوورەکە بەتەواوەتی وشکبۆتەوە و گەرمایی خۆر سووتاندویەتی و بۆتە خۆڵ، بەشێکی زۆریی ئەم تەلارە ڕووخاوەو نەماوە، ئەویش بەهۆی گەرما و بوونی ڕەشەبایی زۆر، کە وایکردووە هیچی لەم تەلارە نەهێشتۆتەوە. لێ ئەوەی جێگایی سەرنجە کە قامیش و بەردەکان زیاتر بەرگریان لەم تەلارە کردووە و بەشێکیان هێشتۆتەوە، بەپێچەوانەی شیرە وشک کراوەکەوە، هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەم تەلارە بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە.

بەشێکی زۆری گەڕیدە و توریستەکان لەو باوەڕەدان کە بورجی عەقرقوف، هەر بورجی بابلە، وەلێ ئەمە ڕاست نییە چونکە بورجی بابل دەکەوێتە نزیکی ڕووباری فوراتەوە، بەڵام عەقرقوف هێندە لە دیجلەوە دوور نییە، هەر بۆیە ناتوانین بەدڵنیایەوە بزانین هۆکاری سەرەکی دروست کردنی ئەم تەلارە چی بووە.

ئەوەی زیاتر ڕێی تێدەچێت ئەوەیە، کە ئەم تەلارە لە لایەن خەلیفەی یەکەمی بەغداوە یان یەکێک لە مەلیکەکانی فارسەوە دروست کرابێت و ئەم شوێنەی کردبێتە مەڵبەندی خۆی، ئەم تەلارەی وەکو هاوینە هەوارێک وابووبێت بۆ ئەوەی لەو بەرزاییەوە چێژ وەربگرێت و هەوای پاک و سازگار هەڵمژێت.

لە نزیکی عەقروقوفەوە، کۆمەڵێک گردی بچووک هەن، کە لە سەریان کۆمەڵێکی زۆر خشت و فەخفوری هەیە، کە ئەمانەش بەڵگەی ئەوەن ئەم شوێنە پێشتر ماڵی

تێدابووە و لەوانەیە ئەمانە شوێنەواری ئەو ماڵ و باخچانە بووبێت یان شوێنەواری شارێکی بچووک بێت کە بەشێک بووبێت لە بەغدای کۆن.[١٩]

**مەدائین:**

پێشتر ئەمە شارێکی گەورە و ئاوەدان بووە و هەتا ماوەیەکی زۆریش پاش وەفاتی پێغەمبەر موحەمەد، هەر مەڵبەندی مەلیکە فارسەکان بووە. ئەم شارە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە و نزیکەی چوار سەعات[٢٠] لە بەغداوە دوورە و دەکەوێتە لای باشووریی ڕۆژهەڵاتییەوە. ئەمڕۆ هیچ شتێک لەم شارە نەماوە، تەنها هۆڵە گەورەکەی نەبێت کە بە تەختی کیسرا یان کۆشکی خەسرەو ناسراوە.

ئەم کۆشکەش لە خشتی سوور و گەج دروست کراوە و هیچ جۆرە نووسینێکی لەسەر نییە، لەبەر ئەوە نەمتوانی بچم بۆ ئەوێ و زیارەتیی بکەم، نامەوێت زۆری لەسەر بدوێم، بەڵام بازرگانێکی ئەورووپی پێی

١٩. عەقرقوف: ئەمەش ناوێکی مەحەلییە کە خەڵکی لە شاری کوری کلزو(دور کوري كلزو)، پێتەختی دەوڵەتی کاشییەکانی ناوە (١٥٣٠.١١٦٦ پ.ز). ئەو دەوڵەتەی کە جێگای دەوڵەتی بابلی یەکەمی گرتەوە و حوکمی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی کردووە. دیارە سەرکردەکانی ئەم دەوڵەتە، خەڵکی ئەسڵی عێراق نەبوون و هەروەها لە ناوچەی دوورگەی عەرەبیشەوە نەهاتبوون، بەڵکە ئەمانە لە خێڵە ئێرانییەکان بوون بەناوی "کشو" کە بە تێپەڕبوونی کات ئەمانە هاتوونەتە عێراق و پاشان یارمەتی دەوڵەتیی حسییەکانیان دا تا دەوڵەتی بابلی بڕووخێنێت. لێ سروشتی گەلی بابلی و کولتووره مەزنەکەی بەتایبەتی لەبواری فەرهەنگیی و ئاینییەوە توانی بەسەر ئەم حاکمە بێگانانە دا زاڵ بێت. جێگای گووتنە دەوڵەتی کاشییەکان ڕۆڵێکی گرنگییان دەگێڕا لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتیی دووری کۆن دا، بەتایبەتی لەشەڕی نێوان حسیی و ئاشووریی و مسرییەکان دا لەسەر کۆنترۆڵکردنی وڵاتانی (هلال الخصیب) کە ئێستا وڵاتانی لوبنان و سوریا و ئیسرائیل و ئوردن دەگرێتەوە. بەڵام پاشماوەی بورجەکە کە ماوەتەوە کە نزیکەی حەفتا وپێنج مەتر لە زەوییەوە بەرزە، ئەوە کرۆکی زەقوورەکەیە یان بورجی ئەم شارە بەرینە بووە. جێگای ئاماژەیە گەڕیدە سەرەتاییەکان وایاندەزانی کەئەم بورجە، بورجی بابلە. بۆ زیاتر زانیاریی دەتوانیت سەیری کتێبی : الكاشيون للمترجم الدكتور محمود الامين ١٩٦٣ بکەن. و.ع

٢٠. ئێستا بەم شارە دەگووترێت (سەلمانی پاک). و.ک

ڕاگەیاندم ئەو چۆتە ئەوێی و ئەو پێیوابوو پانییەکەی دەگاتە هەشتا و نۆ پێ و بەرزایەکەشی دەگاتە نزیکەی سەد و دە پێ.[21] هەر لەبەر ئەم هۆیە، دەبێت ئەم تەلارە زۆر گەورە بووبێت.[22]

دیارە هەر لەم شارە دا کۆمەڵێک قەبری ئەسحابەکانی پێغەمبەری تێدایە، لە نێویان دا کەسایەتییەکی بەناوبانگە لە مێژووی عەرەبیدا ئەویش سەلمانی پاک کە زۆرجار بە سەلمان فارسی ناو دەبرێت، ئەویش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی وڵاتی فارس بووە. دەوترێت کە ئەو لە دایک و باوکێک بووە کە جێگا و پاییەیەکی ئێجگار بەرزیان لە وڵاتی فارسدا هەبووە. ئەو سەرەتا ئاگرپەرست بووە، پاشان لە سوریا بۆتە مەسیحی.

وەلێ قەشەیەکی مەسیحی ئامۆژگاری ئەوەی دەکات کە سەفەری دوورگەی عەرەبی بکات، بۆئەوەی پێغەمبەرێکی عەرەبی ببینێت، کەهەوڵ دەدات ئایینەکەی ئیبراهیم زیندوو بکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە. بۆئەوەی سەلمان فارسی وا فکر نەکات ئەم قەشەیە هەڵیدەخەڵەتێنێت، پێی دەڵێت کە پێغەمبەرە ئەسڵیەکە ئەوەیە کە نیشانێکی لەسەر شانە. دەشگووترێت کە پێغەمبەر، ڕێگای بە سەلمان فارسی داوە سەیری نیشانی سەر شانی بکات. هەروەک بلێیت پێغەمبەر دەیویست ئەم نیشانەیە وەکو شتێکی نهێنی بهێڵێتەوە و کەس پێی نەزانێت. لەبەر ئەوە لە نێوان زانایانی ئیسلامدا، جیاوازی فکریی زۆریان هەیە لە شرۆڤەکردنی پەیوەندی ئەم نیشانەیە بە پێغەمبەرایەتییەوە.

زۆربەی ئەو موسڵمانانەی کە لە بەغدا قسەم لەگەڵدا کردن، هیچ ئاگایان لە سەلمان فارسیی نییە و نازانن قەبرەکەشی لە کوێوەیە، هەر وەها بەتەواوەتیی ناشزانن ئاخۆ سەلمان فارسی والی مەدائین بووە یان قازیی بووە. وەلێ ئەوەی کە خەڵکی باش دەیزانن، کە سەلمان فارسی سەرتاشی پێغەمبەر بووە، هەربۆیە ئەو بەئیمام و پارێزەری سەرتاشە موسڵمانەکان دادەنرێت.

---

٢١. بەرزی تاقەکانی لە ڕووی زەوییەوە دەگاتە نزیکەی سی و حەوت مەتر، بەڵام پانایییەکەی دەگاتە نزیکەی بیست و پێنج مەتر. و.ع

٢٢. ئیفز لە کتێبەکەی دا (Ives Reisen) وێنەی تەختی کیسرا و عەقرقوفی بڵاوکردۆتەوە، دوایین وێنە، بە جوانی بەرزی بیناکە دەردەخات. (نیبوور).

له رۆژێکی تایبەت دا و هەموو ساڵێک، بەغداییەکان سەردانی مەدائین دەکەن و زیارەتی قەبرەکەی دەکەن و خێر و سەدەقات بەسەر خەڵکی و ئەو کەسانەی کە خزمەتی مەرقەدەکە دەکەن، دەبەخشنەوە. خەڵکیش هەر بەم بۆنەیەوە، سەردانی مەرقەدی "حذیفة الیماني و عەبدوڵڵا بن سلام"[٢٣] دەکەن، کەئەم دووانەش ئەسحابەی پێغەمبەر بوون.

له ناو ئەسحابه پیرۆزەکانی پێغەمبەردا، مەسیحییەکی زۆر هەبوون، یەکێکیان ناوی عەبدوڵڵا الانصاریه[٢٤] دیاره لەوانەیه بەشداری فتح "داگیرکردنی" عێراق بوون، له بەغدا بەلایەنی کەمەوه بیست مزگەوت منارەیان هەیه، وەلێ بەشێکی زۆری مزگەوتەکان منارەیان نییه. هەروەها بیست خانی تێدایه، چواریان دەکەوێته ناو گەڕەکەکانەوه و له نێوانیاندا شەش تا حەوت خانیان گەورەیه و زیاتر بازرگانەکان تێیدا نیشتەجێن، لێ خانەکانی تر بچووکن. هەروەها حەمامی زۆری تێدایه و نەخۆشخانه یان یانەی پەککەوتوانی تێدایه، که ژوورەکانی زۆر پیس و تاریکن، ئەوانی لەم شوێنه دا دەژین، زیاتر ئەو کەسانەن که نەخۆشیی درێژخایەن و چارەسەرنەکراوییان هەیه.

---

٢٣ .(حذیفة الیمان) مەبەستی ئەسحابه حذیفه بن جابر بن رەبیعەیه، که قەومەکەی خۆی ناویان لێ ناوه یەماني چونکه سەر به خێڵی "الیمان" بووه. خۆی و باوکی بوونەته ئیسلام و یەکێک بووه له کەسە ئازا و جوامێرەکانی شەڕی فتوحات. ئەو بەشداری شەڕی "ئوحود"ی کردووه، پاشان سەرکردایەتی لەشکری عەرەبی کردووه بۆ فەتح. وڵاتی عێراق و فارس له سالی ٢٢ کۆچی و هەمەدان و رەیی و دینەوەر داگیر دەکات، پاشان خەلیفه عومەر دەینێرێت بۆ مەدائین و دەیکاته والی ئەوێندەر. قەبرەکەی لەسەر کەناری رووبارەکەیه، خەریک بوو ئاو قەبرەکەی خۆی و عبدالله الانصاري داپۆشێت، هەربۆیه له ساڵانی سی دا، قەبرەکەیان بۆ ناو مزگەوتی "سەلمانی پاک" گواستەوه. و.ع

٢٤ . تەنها یەکێکیان هەیه که ناوی (عبدالله بن قتادة بن النعمان الانصاري) بووه. ئەم یاوەری پێغەمبەر بووه و بەشداری بەیعەتی ئالی رەزوان و مشاهد بووه، پاشانیش بەشداری داگیرکردنی عێراقی کردووه، هەر بۆیه پێدەچێت ئەم خاوەنی ئەو قەبره بێت که (نیبوور) باسی لێوه دەکات. بەڵام عەبدوڵڵا بن سلام، هیچ سەرچاوەیەک باسی هاتنی ئەو بۆ عێراق ناکات. و.ع

زۆرترین ناوچە کە سروشتێکی بەپیت و سەوزیی هەیە، دەکەوێتە دەورووپشتی بەغدا و بەسرەوە، بەچاندنی خورما و برنج و گەنمەوە ناوبانگیان دەرکردووە، هەروەها زەوییەکانیشیان خوێی زۆرە. بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی دەنێرێتە دەرەوە و بازرگانییەکی دەرەکی زۆر گەشەسەندووی هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی دەکەوێتە نێوان هیندستان و ئێران و تورکیاوە.

بەحوکمی بوونی ئاژاوە و پشێویی لە وڵاتی فارس دا، ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنییەکان، کۆچییان بۆ بەغدا و بەسرە کردووە، لە دەورووپشتی ئەم شارانە دا، کارگەی پیشەیی هەمەجۆریان دروست کردووە. جێگای گووتنە بەغدا پێشتر لەسەردەمی خولەفاکان دا بە زانست و چالاکی فەرهەنگی زۆر دەناسرا، لێ ئەمڕۆ ئەم بوارە پشتگوێ خراوە و وڵاتەکە لەناو جەهلێکی زۆر دا نووقم بووە، بەشێوەیەک کە حاڵی زۆر لە حاڵی میسر و یەمەن خراپترە.

لە بەغدا ژمارەیەکی زۆر کەم خەڵکم بینی کە بتوانن بخوێننەوە و بنووسن. گەر لە قاهیرە شوێنێک هەبێت کە موسڵمانەکان تێیدا کتێب بکڕن، ئەوا لە بەغدا شوێنێکی وای تێدا نییە. گەر یەکێکیش بیەوێت کتێبێکی دەست بکەوێت، بەبێ ئەوەی خۆی یان یەکێکی بۆی بنووسێتەوە، ئەوا دەبێت هەتا مردن چاوەڕێی بێت، هەتا وەکو یەکێک لەو کەسانەی کە کتێب کۆ دەکاتەوە، بیەوێت کتێبەکانی بفرۆشێت، ئەویش ڕێک وەکو جلوبەرگی کۆن لە بازاڕەکاندا دەفرۆشێت و کەسێک بەدەنگی بەرز هاوار دەکات و کتێبەکان دەخاتە مەزادەوە.

بێگانەیەک کە بیەوێت دەستنووس (یان کتێب.و.ک)ی عەرەبی یان فارسی یان تورکی دەست بکەوێت، پێویستە بچێت بۆ قوستەنتینییە، لەوێ شوێنی لێیە بۆ کڕینی کتێب، چونکە لەوێندەر کتێبخانەی زۆریی تێدایە و مەسیحیەکانیش بەتایبەتیی مەسیحییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، دەتوانن کتێب بکڕن.

بازرگانی ئەورووپی لە بەغدا هیچ فراوان و بەربڵاو نییە. کۆمپانییای هیندی ئینگلیزی ڕۆژهەڵاتیی ، وەکیلێکییان لە بەغدا هەیە، لە بۆمبایەوە بە تایبەتیی جاروبار دێتە بەغدا. کاتێک من گەیشتمە بەغدا ئەو گەڕابۆوە، چونکە نەیتوانیی بوو شمەکەکانی کۆمپانییاکەی لەم وڵاتەدا بفرۆشێت. دیارە

هیچ گومانی تێدا نییە، کە هەموو بازرگانەکانی کۆمپانیا بیانییەکانی تریش، تووشی هەمان حاڵەت دەبنەوە.

لەکاتی گەڕانەوەم لە بەسرەوە بۆ بەغدا بەڕێز "لیۆنی" کە بازرگانێکی ئیتاڵی دەوڵەمەند بوو، لە بەسرە دادەنیشت، نامەیەکی پشتگیری پێدام تاکو بیدەمە بازرگانێکی گەنج کە لە بەغدا دادەنیشت و کاروبارەکانی بەرێز لیۆنی جێبەجێ دەکرد و کەرەستەی خاوی لەهەموو ناوچەکانی ترەوە بۆ دەکڕی.

ئەم پیاوە زۆر بە جوانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دا کردم و زۆر بەرێزەوە پێشوازیی لێکردم و یارمەتییەکی زۆری دام. دیارە لە بەغدا کۆمەڵێک قەشەی ئەوروپی تێدا دەژیان کە خاوەنی پلەی " الكرملية " یان کرملێن بوون. بەڵام یەکێک لەو قەشانە خاوەنی نازناوێکی ئێجگار تایبەت بوو، کە زۆر جیاوازتر بوو لەوانی تر، ئەویش نازناوی " نوێنەری پاپایی بۆ وڵاتی بابل "لێ نرابوو، لە هەمان کاتیش دا نازناوی قونسڵی فەرەنسی لە بەغدای هەبوو. لەلایەکی ترەوە ئەم پیاوە زۆر لەلای موسڵمان و مەسیحییەکان خۆشەویست بوو، لێ کاتێک من گەیشتمە بەغدا سەفەری بۆ ئەوروپا کردبوو.

بەڵام هاورێکەی کە هەمان پیشەی هەبوو، کەسێکی زۆر سەیر و سەمەر بوو، رێک وەکو هەموو قەشەکانی تری ئەم تایەفە دینییە کە لە کاتی سەفەرەکەم دا بۆ وڵاتی رۆژهەڵات چام پێیان کەوت. دیارە ماوەیەکی زۆرە کە کەبوشیینەکان یان فرەنسیسکانەکان ئەم شارەیان بەجێهێشتووە. (ئەمەش تایەفەیەکی مەسیحیە کە لە ساڵی ١٥٢٥ زایینی دا دروستبووە، دورشمی قەشەکانیان داپۆشینی سەر و ریشی درێژ بووە).

جێگای گووتنە بەشێکی زۆری ئەو قەشانەی کە دێنە ئەم ناوچانەوە، کەمێک لە زانستی پزیشکی و دەرزی لێدان و دەرمان دەزانن، بۆ ئەوەی ئەمەش بێتە خاڵێکی پشتگیریی گەورە، هەتا وەکو لەلای سەرکردە تورکەکانەوە، جێگای رێز و حورمەت بن.

بەشی زۆریان مسیۆنێرن بەڵام موسڵمانەکان ناکەن بە مەسیحی، بۆ ئەوەی شەرەفی شەهیدبوونیان لەڕێگای ئایینەکەیان دەستبکەوێت و هەموویان ببنە شەهیدی پیرۆز، بەڵکە ئەمان کار بۆ ئەوە دەکەن کە مەسیحییەکان، دان بە پاپا دا بنێن وەکو

سەرۆکی گەورەی کڵێسای مەسیحی. هەربۆیە پیاوە رۆحانیی و قەشەکانی تایەفە مەسیحییەکانی تر، بەهیچ شێوەیەک لەم کارەی گرووپی کریملینەکان ڕازی نین، گەر بێت و ناڕەزایی دەرببڕن و شکاتیان لێ بکەن لە لای حکومەتی تورکی، ئەوا مسیۆنێرەکان دەچن بەرتیل دەدەن بە مەسئولەکان و پارەیەکی زۆریان دەدەنێ بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارە تورکەکان لە کارەکانیان بێ دەنگ بن.

جێگای گووتنە کریملینەکان توانییان لەبەغدا ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات بهێننە سەر مەزهەبەکەیان، تەنانەت توانیویشیانە بەشێکی زۆری نەستوورەیەکان و مەسیحیە ئەسڵییەکانی ئەم وڵاتە، بهێننە سەر مەزهەبی خۆیان و واز لەکڵێساکەی خۆیان بهێنن.

دیارە لە بەغدا ژمارەییەکی زۆر جوولەکە هەن، لێ هیچ کەسێکی سەر بە ئایینی بانیان[٢٥] و ئاگرپەرستیی تێدا نییە.

هەروەک پێشتر باسم کرد، زانینی زانستی داودەرمان و دەرزی لێدان، بەهێزترین پشتگیری"واسیتە" یە، کە ئەو قەشانە بۆ پارێزگاریی کردن لە خۆیان لە وڵاتی تورکیا بەکاری دەهێنن.

بەڵام دکتۆرێکی ئەورووپی زیرەک و بەتوانا، بۆ ئەوەی ژیانێکی باش و خۆشیی دەست بکەوێت ، هەروەک خۆی بەتەمای بووە، لەم وڵاتە دا کێشەی زۆری توشبووە. ئەو دکتۆرە ناوی دکتۆر دي ئێربلD. Erbel ە ، ئەم پیاوە هاتووە بۆ قوستەنتینییە، لەوێش بە فەرمانێکی سوڵتان رێگای پێدراوە کە کاری پزیشکی بکات.

بەنیازی گەڕان و بینینی جیهان ، پاشان سەفەری بۆ ئاسیا کردووە. بەنیازی ئەوە بوو کە لە رێگای زانست و پزیشکییەوە، خەرجی سەفەرەکەی دەست بکەوێت، سەردانی بەغدایشی کردووە.

پاشان ئەم دکتۆرە لە بەغدا ناوی "حەکیم باشی" (واتە دکتۆریی تایبەتی پاشا) لێ نراوە کە لە ناو نەجیبزادەکان و دەوڵەمەندەکانی بەغدا رەواجێکی

---

٢٥ . بانیان، گرووپێکی بتپەرستن کە لە هیندستان نووسەر جاوی پێیان کەوتووە، لەو کاتەی کە سەفەری هیندستانی کردووە و لە وڵاتی هیندی کۆڵیوەتەوە. و.ع.

زۆریی هەبووە. وەلیّ ئەو نەجیبزادە و دەوڵەمەندانە، پارەییەکی زۆر کەمیان پێداوە. بەڵام پاشا (والی بەغدا. و.ک) هیچ پارەی پیّ نەداوە، هەرچەندە زۆرجاریش ئیلحاحی لێکردووە کە هەقدەستی خۆی بداتیّ، بەڵام ئەو هەر نەیداوە.

لەکۆتایی دا بەختیی خۆی لەلای ئەو ئینگلیزانە تاقی کردەوە، کە لە هیندی رۆژهەڵات دەژیان، هەر بۆیە بەغدای بەجیّ هێشتووە. بەڵام کاتێک بەغدای جیّ هێشتوو بەرەو حلە چوو، پەیامێکی لەلایەن کوێخاوە پێگەیشت و داوای لێکرد کە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، چونکە پاشا بە نیازە بچێت شەڕ لە دژی کۆمەڵێک خێڵی عەرەبی بکات و رەنگە لەم شەڕەشدا بریندار بێت، هەر بۆیە پێویستیان بە دکتۆرێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی چارەسەریان بکات.

بەڵام ئەو توانی لەژێر ئەم پاڵەپەستۆ و بارە ئاڵۆزە دا، شمەکەکانی خۆی بە یارمەتی ئینگلیزەکان بگەیەنێتە شاری بەسرە. بەڵام جارێکیان بەنیازی ئەوەی سەردانی مەشهد عەلی بکات، رێگایان پێدا بەغدا جێبهێڵێت، بەم شێوەیەش بەغدای جیّ هێشت و لە رێگاش دا ئەم شارەشی دیوە (واتە مەبەستی نەجەفە.و.ک).

کاتێک لە بەسرە بووم، بەرێکەوت چاوم بە دکتۆر دي ئێربل کەوت. ئەو دەیویست سەفەری بۆمبای و بەنگال بکات، لە رێگای کەشتییەکی ئینگلیزیەوە، بەڵام پاشان گەڕایەوە بۆ ئەوروپا و پێدەچێت بتوانین سەفەرنامەکەیمان دەست بکەوێت.

هەر وەک پێشتر بۆم باسکردن، کە سوڵتان موراد، بەغدای داگیرکرد و لەدەستی فارسەکانی دەرهێنا، ئەمەش لە ساڵی ١٠٤٨ کۆچی واتە ١٦٣٨ زایینی لەوکاتەوە هەتا وەکو ئەمڕۆ، بەغدا لەلایەن پاشاواتەوە حوکم دەکرێت ( لێرەدا مەبەستی پاشا تورکەکانە.و.ک). کە خوێنەری بەرێز، دەتوانێت ناوەکانیان لەم لاپەرانەدا بخوێنێتەوە.[٢٦]

---

٢٦ . بەپێچەوانەی ئەوروپاوە، وڵاتانی رۆژهەڵات ناوی بنەماڵەکانیان وەرناگرن، هەروەها بەشی زۆری کوڕە پاشاکان لە باوکێکی مەسیحی بوون. پێشتر لە بنەماڵەکەیان دزراون و بروان بۆ تورکیا کە لە سەربازگە زۆرەملێکان دا کروان بە موسڵمان. بە منداڵی بۆ تورکیا

**لیستی ناوی والییە عوسمانییەکانی بەغدا بەپێی لیستەکەی (نیبوور):**

پێمان باش بوو لیستی والییەکانی بەغدا دابنێین بەو شێوەیەی کە (نیبوور) نووسیویەتی، هەرچەندە هەڵە لەناوەکان و پێش کەوتن و پاشکەوتن لە ماوەی حوکمڕانییان هەیە. بەپێویستمان زانی لە لاپەڕەکەی بەرامبەر دا، ئەو لیستەی مامۆستا عەزاویی دابنێین و لەگەڵ ئەوانەی (نیبوور) دا هەڵیانبسەنگێنن.

**ئەمەش ناوەکانە:**

**ناوی والییەکان مێژووی دەستبەکاربوونییان ماوەی ویلایەتەکانیان**

١. کوجک "بچوک" حەسەن پاشا ساڵی ١٠٤٩ ه یەک ساڵ
٢. دەروێش موحەمەد پاشا ساڵی ١٠٥٠ه دوو ساڵ
٣. کوجک حەسەن پاشا ساڵی ١٠٥٢ه دووساڵ
٤. دلي "شێت" حەسەن پاشا ساڵی ١٠٥٤ه ساڵێک
٥. موسا پاشا ساڵی ١٠٥٥ه ساڵێک
٦. موحەمەد پاشا ساڵی ١٠٥٦ ساڵێک
٧. مەقتول ئیبراهیم پاشا ساڵی ١٠٥٧ ساڵێک
٨. ئەرسەلان پاشا ساڵی ١٠٥٨ ساڵێک
٩. حسێن پاشا ساڵی ١٠٥٩ ساڵێک
١٠. مەلیک ئەحمەد پاشا ساڵی ١٠٦٠ه ساڵێک
١١. قەرە مستەفا پاشا ساڵی ١٠٦١ ه چوار ساڵ
١٢. مورتەزا پاشا ساڵی ١٠٦٥ سێ ساڵ
١٣. کەرام پاشا ساڵی ١٠٦٨ه ساڵێک
١٤. خاسکی موحمەد پاشا(ئەم پاشایە پێشتر نازناویی خاسکیی وەرگرتبوو، چونکە

---

نێراون، هەربۆیە بەشێکی زۆریی ئەو ناوانەی کە لێیان نراوە زۆر لە یەکتری دەچن. بۆ ئەوەی ناوەکانی پاشاکانمان لێ تێکنەچێت، من ژمارەم بۆ داناون. و.ع

پێشتر له قوستەنتینییە لە تیپی پشکنینی
چەتەی ڕێگا، کاری کردبوو ) ساڵی ١٠٦٩ه سێ ساڵ
١٥. قەنبور"مانای کووڕە" ساڵی ١٠٧٢ه دووساڵ
مستەفا پا

**ناوی والییەکان مێژووی دەستبەکاربوونییان ساڵی ویلایەتەکانیان**

١٦. بومبوق[٢٧] (مانای ژیر) مستەفا پاشا ساڵی ١٠٧٤ه ساڵێک
١٧. قەرە(مانای رەش) مستەفا پاشا ساڵی١٠٧٥ه ساڵێک
١٨. ئیبراهیم پاشا ساڵی ١٠٧٦ه دوو ساڵ
١٩. قەرە مستەفا پاشا ساڵی ١٠٧٨ه چوار ساڵ
٢٠. سلحدار(مانای هەڵگری شمشێر
کەلە خزمەتی سوڵتان بووە) حسێن پاشا ساڵی ١٠٧٨ه چوار ساڵ

لەپاش ئەمە لیستی ناوی والییەکان و ماوەی حوکمرانییان لە بەغدا دەنووسین، کەپشتمان بە کتێبی " دلیل خارطة بغداد" کەلە کتێبی " عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين. " وەرگیراوە. جێگای گووتنە لەم کتێبەدا باسی ئەو ماوەیە دەکات کە سوڵتان مورادی چوارەم، شاری بەغدای لە دەستی سەفەوییەکان سەندەوە واتە ساڵی ١٠٤٨ک، ١٦٣٨ ز. وە بە گەشتەکەی (نیبوور)یش کۆتایی دێت.

**ناوی والییەکان مێژووی دەستبەکاربوونییان ساڵی ویلایەتەکانیان**

١. کوچک حەسەن پاسا ١٠٤٨ ـ ١٠٤٩ ه
٢. دەروێش موحەمەد پاشا ١٠٤٩ ـ ١٠٥٢ه

---

٢٧ .لێرە دا (نیبوور) دەکەوێتە هەڵەوە کاتێک وشەی (بومبوق)ی تورکی وەردەگێڕێت، کەپێیوایە مانای "ژیر" دەگەیەنێت. بەڵام لە ڕاستی دا خۆی مانای (زۆر خراپ ) دەگەیەنێت. ڕاستییەکەی نازناوی مستەفا پاشا لە ساڵنامەی تورکی دا بۆ والییەکانی بەغدا، نازناوی "بموق" پاشا یان بۆ داناوە، کە مانای (لۆکە) دەگەیەنێت، چونکە سپیکەلانە بووە. (سەیری کتێبی : هادي العمري رحلة (نیبوور) الى بغداد في القرن الثامن عشر. بغداد.١٩٥٤ ص ٣٤.) و.ع

٣. كوچک حەسەن پاشا ١٠٥٢ ـ ١٠٥٤ ه

٤. دلي حەسەن پاشا ١٠٥٤ه

٥. موحەمەد پاشا آل حەیدەر ئاغا ١٠٥٤ ـ ١٠٥٥ ه

٦. كوجک موسا پاشا ١٠٥٥ ـ ١٠٥٦

٧. ئیبراهیم پاشا ١٠٥٦ ـ ١٠٥٧ه

٨. سمین موسا پاشا*[٢٨] ١٠٥٧ ـ ١٠٥٨ه

٩. مەلیک ئەحمەد پاشا ١٠٥٨ ـ ١٠٥٩ ه

١٠. ئەرسەلان پاشا بن نوغای پاشا ١٠٥٩ ـ ١٠٦٠ه

١١.حسێن پاشا ١٠٦٠ ـ ١٠٦١ه

١٢.سلحدار قەرە مستەفا پاشا ١٠٦١ ـ ١٠٦٣ه

١٣. سلحدار مورتەزا پاشا ١٠٦٣ ـ ١٠٦٥ه

١٤. آق موحمەد پاشا

(واتە موحەمەد پاشای سپی) ١٠٦٥ ـ ١٠٦٧ه

١٥.موحمەد پاشا خالسکی ١٠٦٧ ـ ١٠٦٩ه

١٦.سلحدار مورتەزا پاشای دووەم ١٠٦٩ ـ ١٠٧٢

**ناوی والییەکان مێژووی دەستبەکاربوونییان ساڵی ویلایەتەکانیان**

١٧. مستەفا پاشای قەنبور(واتە کوورِە) ١٠٧٢ ـ ١٠٧٤

١٨. مستەفا پاشا الینبوع (واتە لۆکەیی) ١٠٧٤ه

١٩. سلحدار قەرە مستەفا پاشا (دووەم) ١٠٧٥ه

٢٠. ئوزون ئیبراهیم پاسا

(واتە ئیبراهیم پاشای درێژ) ١٠٧٥ ـ ١٠٧٧ه

٢١. سلحدار قەرە مستەفا پاشا

(سێهەم) ١٠٧٧ ـ ١٠٨١ه

٢٢. سلحدار حسێن پاشا ١٠٨٢ ـ ١٠٨٥ه

٢٣. عەبدول رەحمان پاشا ١٠٨٥ ـ ١٠٨٧ه

---

٢٨. واتە موسا پاشای قەڵەو و نازناوی "قبوجی" یشیان لێناوە. و.ع

**بەردەوامی لیستی ناوەکانی (نیبوور)**

ناوی والییەکان مێژووی دەستبەکاربوونییان ساڵی ویلایەتەکانیان

٢١. عەبدول رەحمان پاشا ساڵی ١٠٨٦ه ساڵێک

٢٢. قەبلان پاشا ساڵی ١٠٨٧ ه دوو ساڵ

٢٣. عومەر پاشا ساڵی ١٠٨٩ه چوار ساڵ

٢٤. ئیبراهیم پاسا ساڵی ١٠٩٣ه دوو ساڵ

٢٥. عومەر پاشا ساڵی ١٠٩٥ه دوو ساڵ

٢٦. سەرحوش ئەحمەد پاشا ساڵی ١٠٩٧ه دوو ساڵ

٢٧. عومەر پاشا ساڵی ١٠٩٩ه ساڵێک

٢٨. حەسەن پاشا (بۆ یەکەمجار) ساڵی ١١٠٠ ه دوو ساڵ

٢٩. بازرگان ئەحمەد پاشا ساڵی ١١٠٢ه ساڵێک

٣٠. کەتخدا ئەحمەد پاشا ساڵی ١١٠٣ه دوو ساڵ

٣١. کەلایلي[٢٩] ئەحمەد پاشا ساڵی ١١٠٥ ساڵێک

٣٢. عەلی پاشا ساڵی ١١٠٦ه دوو ساڵ

٣٣. ئیسماعیل پاشا ساڵی ١١٠٨ه دوو ساڵ

**ناوی والییەکان مێژووی دەستبەکاربوونییان ساڵی ویلایەتەکانیان**

٣٤. ندلدبان (هەمووکات شەرواڵێکی
سووری لەبەر دەکرد) مستەفا پاشا ساڵی ١١١٠ ه دوو ساڵ

٣٥. یوسف پاسا ساڵی ١١١٢ ه ساڵێک

٣٦. عەلی پاشا ساڵی ١١١٣ ه ساڵێک

٣٧. حەسەن پاشا (بۆ دووەم جار
دەبێتە والی بەغدا) ساڵی ١١١٤ ه بیست و دووساڵ

---

٢٩ .بە تورکی مانای ماستاوچی دەگەیەنێ، لە ئەستەنبوڵ خەڵکی وەکو (جنێو و قسەی ناشرین بەکاریدەهێنن). و. ع.

٣٨. ئەحمەد پاشا ( یەکەمجاریەتی ن کە دەبێتە والی بەغدا) ساڵی ١١٣٦ه یانزە ساڵ

٣٩. ئیسماعیل پاشا ساڵی ١١٤٧ه ساڵێک

٤٠. توبال موحمەد پاشا ساڵی ١١٤٨ه ساڵێک

٤١. ئەحمەد پاشا (دووەم جار) ساڵی ١١٤٩ه دوانزە ساڵ

٤٢. حاجی ئەحمەد پاشا ساڵی ساڵی ١١٦١ دوو ساڵ

٤٣. رەشید پاشا ساڵی ١١٦٣ دوو ساڵ

٤٤. ئولچی پاشا ساڵی ١١٦٥ ه دوو ساڵ

٤٥. موحەمەد پاشا تریاکی[٣٠] ساڵی ١١٦٧ه دوو ساڵ

٤٦. سلێمان پاشا ساڵی ١١٦٩ه سیانزە ساڵ

٤٧. عەلی پاشا العجمی ساڵی ١١٧٦ه دوو ساڵ

٤٨. عومەر پاسا ساڵی ١١٧٨ه یانزە ساڵ

**لیستی ناوەکانی العزاوي**

**ناوی والییەکان مێژووی دەستبەکاربوونییان ساڵی ویلایەتەکانیان**

٢٤. قەبلان مستەفا پاشا ١٠٨٧ ـ ١٠٨٨ه ١

٢٥. سیلاحدار عومەر پاشا ١٠٨٨ ـ ١٠٩٢ه ٤

٢٦. ئیبراهیم پاشا ١٠٩٢ ـ ١٠٩٥ ٣

٢٧. سیلاحدار عومەر پاشا(دووەم جار) ١٠٩٥ ـ ١٠٩٨ه ٣

٢٨. ئەحمەد پاشا بوشناق ١٠٩٨ ـ ١٠٩٩ه ١

٢٩. سیلاحدار عومەر پاشا(سێهەم جار) ١٠٩٩ ـ ١١٠١ه ٢

٣٠. حەسەن پاشا ١١٠١ ـ ١١٠٢ه ١

٣١. ئەحمەد پاشا بازرگان ١١٠٢ ـ ١١٠٣ه ١

٣٢. ئەحمەد پاشا کتخدا ١١٠٣ ـ ١١٠٥ه ٢

٣٣. ئەحمەد پاشا ١١٠٥ ـ ١١٠٧ه ٢

٣٤. عەلی پاشا ١١٠٧ ـ ١١١٠ه ٣

---

٣٠. واتە کەسێک کە ئالوودەی تلیاک و ماددەی هۆشبەر بێت، وەکو حەشیشە و تلیاک. و.ع

٣٥. ئیسماعیل پاشا ١١١٠ ـ ١١١١ه ١
٣٦. مستەفا پاشا ١١١١ ـ ١١١٤ه ٣
٣٧. یوسف پاشا ١١١٤ ـ ١١١٥ه ١
٣٨. عەلی پاشا (دووەم جار) ١١١٥ ـ ١١١٦ه ١
٣٩. حەسەن پاشای تازە
(سیستەمی مەمالیکی پێڕەکرد) ١١١٦ ـ ١١٣٦ه ٢٠

**ناوی والییەکان مێژووی دەست بەکاربوونییان ساڵی ویلایەتەکانیان**

٤٠. حەسەن پاشا زادە ئەحمەد پاشا ١١٣٦ ـ ١١٤٧ه ١١
٤١. حاجی ئیسماعیل پاشا ١١٤٧ ـ ١١٤٨ه ١
٤٢. صەدر ئەسبەق موحەمەد پاشا ١١٤٨ ـ ١١٤٩ه ١
٤٣. ئەحمەدپاشا (دووەم جار) ١١٤٩ ـ ١١٦٠ه ١١
٤٤. صەدر ئەسبەق حاجی
ئەحمەد پاشا ١١٦١ه ١
٤٥. کسریة لي حاج ئەحمەد پاشا
(سەرەتای حوکمڕانی مەمالیک ) ١١٦١ه ١
٤٦. سلێمان پاشا (ابو لیلة) ١١٦٢ ـ ١١٧٥ه ١٣
٤٧. عەلی پاشا ١١٧٦ ـ ١١٧٧ه ١
٤٨. عومەر پاشا ١١٧٧ ـ ١١٨٩ه ١٢



**شێوەیەک لە خەتی کوفی کە (نیبوور) نووسیویەتییەوە**

ب[31] أ[32]

## بسم الله الرحمن الرحيم بسم الله الرحمن الرحيم

ج -

اللهم صلى على هذا قبر جعفر بن محمد و آله معمر رحمه الله و غفر له صلى الله على محمد و على آل محمد

الله لا اله الا هو الحي القيوم لا تاخذه سنة ولا نوم له مافي السموات ومافي الارض من ذا الذي يشفع عنده الا باذنه يعلم ما بين أيديهم و ماخلفهم ولا يحيطون بشيء من عمله الا بماشاء وسع كرسيه السموات و الأرض و لا يؤوده حفظهما و هو د العلي العظيم. الله

قل هو الله أحد الله الصمد لم يلد و لم يولد ولم يكن له كفوا أحد

ولي توفيق

---

٣١ . آية الكرسي، سورة البقرة /٢٥٥. و.ع

بەڵام بە داخەوە (نیبوور) پیتی (و. ز) نەنووسیوە، وەرگێڕی عەرەبیش هیچی نەنووسیوە کە ئەم رستەیە چییە. هەربۆیە وەکو خۆیمان هێشتەوە. و.ک

٣٢. نووسین بە خەتی کوفی هەر وەک (نیبوور) نووسیویەتییەوە، لێرە دا قەبری کەسێکە لە ناو مزگەوتی کوفە بەناوی (جعفر بن معمر) نووسینەکەش بە سورەتی الاخلاص/١١٢ دەست پێدەکات. و.ع

جێگای گوتنە بەغدا هەتا وەکو ویلایەتی حەسەن پاشا بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١١١٤کۆچی (کە دەکاتە ساڵی ١٧٠٢ز)[٣٣]، لە حالەتێکی زۆر خراپ دا بوو. ئەو والییانەی کە پێش ئەو بوون، هەموویان بۆ ماوەییەکی کەم حوکمرانیان دەکرد، لەبەر ئەوە هیچ چاکسازییەکیان نەکرد، هەروەها هیچ دەسەڵاتێکیشیان نەبوو، تەنها بەناو والیی بوون. بەڵام لە راستی دا لە ناو بەغدا تەنها یەنیجیرییەکان حاکمی تەواوبوون و کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی دەسەڵاتیان کردبوو.

لە دەرەوەش خێلە عەرەبییەکان دەسەڵاتدار بوون. لەبەر ئەوە بازرگانی لەژێر ترسی پەلاماردان بوو، هەر بۆیە بازرگانە سووری و تورکەکان دەچون بۆ ئەسفەهان بۆ ئەوەی شمەک بکڕن، کە لە هەموو وڵاتانەوە شمەکی بۆ دەهات، بەتایبەتی لە هیندستانەوە.

حەسەن پاشا بۆ ماوەیەکی زۆر لە حوکمرانی بەغدا مایەوە، هەر بۆیە توانی لە هێز و ملهوڕی یەنیجیرییەکان و خێڵە عەرەبییەکان کەم بکاتەوە. لەبەر ئەو توانی ئارامی و ئاسایش بگەڕێنێتەوە بۆ ویلایەتەکەی. ئەو تەنها والی بەغدا و ناوچەکانی دەروبەریی بوو. بەڵام هەرێمی شهر الصول (شارەزوور)، کە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی دەگرتەوە، والییەکی تایبەت بەخۆی هەبوو، کە لە پلەی یەک بوو. هەروەها شاری بەسرە و ناوچەکانی دەرووبەریشی، والییەکی تری هەبوو. هەروەها ویلایەتی ماردینیش، والییەکی هەبوو کە سوڵتان خۆی دیاری دەکرد.

بە رێکەوت، لە سەردەمی ویلایەتی حەسەن پاشا دا، کۆمەڵێک شۆڕش لە وڵاتی فارس دا سەریان هەڵدا، هەربۆیە تورکەکان ئەمەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی چەند هەرێمێکی لێ بدزن بۆ خۆیان، هەربۆیە حەسەن پاشا دەستی کرد بە هەڵمەتی پەلاماردانی وڵاتی فارس، وەلێ لەپێشدا ویستی سنووری قەڵەمرەویی دەسەڵاتی خۆی زیاتر بکات، هەربۆیە ویلایەتی باشلق ماردینیشی خستە ژێر سنووری قەڵەمڕەویی خۆیەوە.

---

٣٣ . لەم ساڵە دا ئەوەی بوو بە والی بەغدا یوسف پاشا بوو، واتە ساڵانی (١١١٤_١١١٥ک) کە لەپاش مستەفا پاشا دال طبان (١١١١_١١١٤ک) والی بەغدا بوو. لەم کاتە دا حەسەن پاشا والی بەغدا نەبوو. (نیبوور)

دیارە حەسەن پاشا زۆر باش دەیزانی چۆن عەرەبەکان بەتایبەتیی خێڵە عەرەبییەکان بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێنێت. ئاشکرایە هەموو کاتێک عەرەبەکان بە بەردەوامیی کێشەی زۆریان بۆ والییە تورکەکانی بەسرە دەنایەوە. لەبەر ئەوە زۆرجار والییەکان نەیاندەتوانی زۆر بمێننەوەو یەکسەر ئەوێیان بەجێ دەهێشت و دەگەڕانەوە بۆ قوستەنتینییە، کاتێک بمایاتەوە، ئەوا زۆر ناڕەحەتیی دەچێشت و لەلایەن دانیشتوانیی ویلایەتەکەوە تووشی چەندین گێرمەوکێشەی جۆراجۆر دەبۆوە.

هەر بۆیە والییەکان پارەییەکی زۆریان لە سەرکوتکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان خەرج دەکرد، هەر لەبەر ئەم هۆیەش، زۆربەی والییەکان حەزییان نەدەکرد پۆستی والی بەسرەیان پێ بدرێت.

ئەم حاڵەتەش یارمەتی حەسەن پاشای دا، تا تکا لە سوڵتان بکات، کە رازی بێت ویلایەتی بەسرە بداتە ئەحمەدی کوڕی. لەپاش هەوڵێکی گەورە، توانی سوڵتان رازی بکات، لە بەرامبەر دا رازی بوو بەوەی سالآنە پارەیەکی زۆر بداتە سوڵتان.

حەسەن پاشا لە کاتی هەڵمەتی پەلاماردانی سەربازی بۆ سەر شاری هەمەدان، لە ئەنجامی نەخۆشییەک لە کرماشان کۆچی دوایی کرد. دیارە حەسەن پاشا بۆ ماوەی بیست و دوو ساڵی (مانگی، قمری) حوکمی کرد.

بە پەلە ئەحمەدی کوری کە والی بەسرە بوو و لەگەڵ باوکی دا بەشداری شەڕەکە بوو، یەکسەر هێرشێکی گەورەی بۆ سەر هەمەدان کرد و توانی بە ماوەییەکی کەم داگیریی بکات. ئەمەش وایکرد کە ناوبانگێکی گەورەی دەست بکەوێت، هەر بۆیە سوڵتان خەلاتی کرد و کردی بە والیی بەغدا و ماردین جگە لەوەش کە خۆی پێشتر والی بەسرەش بوو، ئەمەش بۆ ئەوە بوو سوڵتان دەیویست بەم شێوەیە، هانی بدات و حەماسەتی زیاتر بکات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە پەلاماردانی فارسەکان.

دیارە لە کاتی ئەحمەد پاشا دا بوو،نادر شا ساڵی ١٧٣٢ زایینی بۆ ماوەی هەشت مانگ گەمارۆی شاری بەغدای دا، بەلآم توانی قەناعەت بە دوژمنە سەرسەختەکەی ئیمپراتۆریەتی تورکەکان بکات، بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی

خۆی، ئەویش پاش ئەوەی کە هەموو ئەو تۆپانەی دایەوە کە لە کاتی داگیرکردنی شاری هەمەدان چنگی کەوتبوون.

بەڵام ئەو وەزیرەی کە لە کاتی هەڵمەتە سەربازییەکەی هەمەدان لەگەڵی دا بوو، توانی کێشەی زۆری بۆ بنێتەوە، ئەو زۆر ئیرەیی پێ دەبرد، هەربۆیە توانی قەناعەت بە سوڵتان بکات و پۆستی والیی لێ بستێنێتەوە و سوڵتانیش والییەکی نوێی بۆ بەغدا نارد.

لەو کاتە دا خەڵکی لەو باوەڕە دا بوون کە ئەحمەد پاشا هەروا ئاسان نییە واز لەم ویلایەتە گەورەیە بهێنێت، هەربۆیە وەزیرەکەی لای سوڵتان تاوانباری کرد بەوەی، کە ئەحمەد پاشا دەیەوێت دژی دەوڵەتی تورکی بوەستێتەوە، هەربۆیە داوای سەری کرد. بەڵام ئەحمەد پاشا فەرمانی سوڵتانی جێبەجێکرد و چوو بۆ قوستەنتینییە.

لەماوەی دوو ساڵ دا چەندین والیی هاتنە بەغدا، هەموویان شکستییان هێنا لە ئیدارەکردنی ویلایەتەکە و چارەسەر کردنی ئەو کێشە زۆرانەی کە لە لایەن دانیشتوانی بەغدا و خێڵە عەرەبییەکان تووشیان دەبوو، هەربۆیە سوڵتان ناچار دەبوو، هەرچەند مانگ جارێک والیەکان بگۆڕێت.

هەر بۆیە پشێویی و ئاژاوە هەموو ویلایەتەکەی گرتەوە و لە هەمان کاتیش دا نادرشا زۆری بۆ هێزە تورکەکانی ئەم ویلایەتە هێنابوو و بەم شێوەیەش دەسەڵاتی زیادی کردبوو، ئەمەش وای لە سوڵتان کرد، کەجارێکی تر ئەحمەد پاشا بکاتەوە بە والی بەغدا لە ترسی ئەوەی نەکا بە تەواوەتی ئەم ویلایەتەی لەدەست دەربچێت.

هەر لە سەرەتاوە ئەحمەد پاشا دەستیکرد بە زۆرکردنی سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ویلایەتەکانی تر دا زیاتر کرد، هەر چەندە ئەو باش دەیزانی کە ناتوانێت بەرەنگاری نادرشا بێتەوە و ناشتوانێت وڵاتی فارس بگرێت، بەڵام ئەو باش لە کاری خۆی دەگەیشت، بەو سیفەتەی کە سەرۆکی ئەرکانی هەموو هێزە تورکیەکان بوو لەم ناوچەیە، دەبوایە دژ بە هێرشەکانی نادرشا بوەستێتەوە.

هەر ئەم توانا و چالاکییەکەی وای لێکرد کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی کوردستان و هەموو ناوچەکانی تری ویلایەتی شارەزوور دا بسەپێنێ و هەمووی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەڵام نەیتوانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کەرکووک و گوندەکانی دەوروبەرری دا زاڵ بکات، چونکە والییەکی دوو خەت حوکمی ئەوێی دەکرد کە لەڕووی پلەی ئیدارییەوە لەو نزمتر بوو.

دەڵێن گوایە نادر شا گووتویەتی: "ئەحمەد لە هەر دووکیان زیرەکتر بوو". واتە مەبەستی لەوە بوو کە لە نادرشا و سوڵتان زیرەکتر بووە، چونکە کاتێک سوڵتان ئەحمەد پاشای لە والیی بەغدا دەرکرد ، ریگای بۆ فارسەکان خۆش کرد کە گەمارۆی بەسرە بدەن.[٣٤] لەئەنجامدا سوڵتان نەک والییە نوێکەی بەغدای دەرنەکرد، بەڵکە پارە و تۆپی زیاتر بۆ دەنارد و چی ئیمکاناتی سەربازی داوا بکردایە بۆی دەنارد، ئەمەش بە بیانوی بەرگری کردن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

بەم شێوەیە ئەحمەدپاشا بوو بە ڕێگریەکی گەورە و ببووە ترسێکی گەورە بۆ سەر سوڵتان، بە شێوەیەک کە چەند جارێک سوڵتان هەوڵی تیرۆرکردنی داوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو کاتێک وەفدێکی لە قاپوچی پاشا[٣٥] (واتە سەرۆکی خزمەتکارەکان) دەناردە بەغدا، بۆ ئەوەی ئەحمەدپاشا بکوژن و سەرەکەی بۆ سوڵتان بهێننەوە، بەڵام ئەحمەدپاشا وەکو هەموو پاشاکانی تر، خەڵکی هەبوو کە هەواڵیان بۆ دەهێنا و لە نیاز و کاری خراپی سوڵتان ئاگاداریان دەکردەوە. ئەو هاورێیەکی زۆریی لە رێگای نێوان

---

٣٤. گەڕیدە ئوتەرOtter کە سەردانی بەسرەی کردووە لە سەردەمی ویلایەتی ئەحمەد پاشا و ماوەیەکیش تێیدا ماوەتەوە، زۆر باسی شۆڕشە عەرەبییەکان دەکات و باسی هەڵمەتەکانی نادرشاش دەکات بۆ سەر تورکەکان، باس کردنەکەی ئەو ڕێک وەکو باسکردنەکی (نیبوور) وایە. و.ع

٣٥. قاپوچی باشی، نازناوێکی تورکییە کە مانای سەرۆکی خزمەتکاران لە دەرباری عوسمانی دەگەیەنێت، ئەوانەی کە رێگا پیشانی میوانانی دیوان دەدەن و دەیانبەنە ژووری کۆبوونەوەکانی دیوانی سوڵتان. و.ع

قووستەنتینیە و بەغدا هەبوو، کاریان تەنها ئەوەبوو کە ئەو قاپوچییانە لەرێگا دا بکوژن، بەڵام یەکێک لەو قاپوچییانە توانی بگاتە بەغدا و یەکسەر چوو بۆ لای والی، بەڵام ئەحمەدپاشا نەیهێشت زۆر بمێنێتەوە، پاش چەند سەعاتێک، خۆیی و حاشیەکەیی و خزمەتکارەکانی سواری ئەسپەکانیان بوون، بەنیازی ئەوەی بچن یاری "جەرید" بکەن.

جەرید یارییەکی تورکییە، کە ئەم یارییە لە ئەوروپا ناسراوە، ئەویش ئەوەیە کە سوارچاکێک بەسەر ئەسپەوە جوعبەیەکی پێیە کە جەریدی تێدایە. جەرید گوزارشت لە رمێک دەکات کە درێژاییەکەی دەگاتە نزیکەی چوار مەتر، سوارچاکەکە لەپشتیەوە هەڵیدەگرێت و بەغاردان بەرەو ئامانجەکە دەچێت.

سوارچاکەکان لە مەیدانێک کۆ دەبوونەوە و ریش سپی و پیاوماقووڵانیش لە ژێر دارێک دادەنیشتن، یان لەسەر کەناریی ئاوێک دادەنشتن و قاوەیان دەخواردەوە و جگەرەییان دەکێشا. گەنجەکان بە سواری ئەسپەوە بەرو ڕووی دوژمن دەچوون بۆ ئەوەی بیکوژن، لە فرسەتێک دەگەڕان کە بەرامبەرەکەیان ئاگای لەخۆی نەبێت و خافڵگیربێت، بۆ ئەوەی ڕمەکەی پێدا بکەن.

کاتێک ئەحمەدپاشا بەناوی یاری جەریدەوە دەرچوو، قاپوچی لەبەردەم دەرگای شارەکە بوو. هەروەک هەموو وەفدێکی سوڵتان، زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێکرد. لەبەرئەوەی یاری جەرید، یارییەک بوو کە تەنها چینی نەجیبزادە تورکەکان دەیانکرد، ئەحمەدپاشا میوانەکەی بۆ ئەم یارییە دەعوەت کرد.

کاتێک گەیشتنە مەیدانی یارییەکە، ئەحمەد پاشا داوای لە میوانەکەی کرد، کە دابەزێت لەگەڵی دا یاریی بکات، ئەویش رازیی بوو ئەمەشی وەکو شەرەفێکی گەورە بینی کە لە لایەن والییەوە پێی بەخشراوە، پاشان ئەسپێک و جەریدێکیان پێدا. ئەحمەدپاشاش لە کاتی یارییەکە دا رمەکەی دەرهێنا و سەریی قاپوچی زۆر بریندار کرد.

یەکسەر ئەحمەدپاشا لە ئەسپەکەی دابەزیی و چووە لای کە لەو کاتە دا دوا هەناسەکانی ژیانی دەدا و نزیکی مەرگ بوویەوە و لە ئامێزی خۆیی ناو داوای لێ بووردنی کرد و گووتی کەوا بەهەڵە جەریدی راستەقینەی هەڵگرتووە (جەریدی راستەقینە ئەوەیە، کە سەرێکی نووک تیژی ئاسنینی هەیە)، ئەو هیچ مەبەستی نەبووە کە بیکوژێت و بەڵکە ئەو بە ڕێکەوت داوای لێکردووە کە بەشداری ئەم یارییە بێت و هیچ مەبەستێکی تری نەبووە.

بەم شێوە نوێنەرەکەی سوڵتان مرد و ئەحمەدپاشاش هەرچی ئەوارق هەبوون ناردی بۆ سوڵتان و بەهۆی ئەم ڕووداوەوە داوای لێبووردنی لە سوڵتان کرد.

ئەحمەدپاشا دوو کچی لێ بەجێماوە کە لە عادیلە خاتوون بوونی. بەڵێنی بەیەکێک لە خزمەتکارەکانی دا کە یەکێک لەکچەکانی خۆی بداتێ، ئەویش پاش ڕووداوێکی سەیر کە ڕوویدا ئەم بەڵێنەی داوە بەم خزمەتکارە.

دیارە ئەحمەدپاشا زۆر شەیدای ڕاوە شێر بووە و زۆرجاریش شێری بەدەستی خۆی کوشتووە، هەروەها هیچ کاتێک نەیدەویست کە خزمەتکارەکان و هاوڕێکانی یارمەتی بدەن، ئەوەش زیاتر بۆ ئەوەی ئازایەتی خۆی بسەلمێنێت.

بە ڕێکەوت جارێکیان ڕاوی شێرێکی گەورەی کرد، لەو کاتە دا لەگەڵ چل پیاوی تر بوو، کە لە حاشییە و خزمەتکارەکانی پێکهاتبوون، ئەوان ئەحمەدپاشایان بەجێهێشت، بۆ ئەوەی بەتەنها خۆی ڕاوی شێرەکە بکات، بەڵام یەکێک لە خزمەتکارەکان کە ناوی سلێمان بوو و بەڕەگەز جۆرجی بوو، کاتی خۆی حەسەن پاشای باوکی کڕیبووی و هەرخۆشی گەورە و پەروەردەی کردبوو، نەیویست خودانەکەی بەتەنها بەجێبهێڵێت و چوو لەگەڵی دا.

ئەحمەدپاشا لەپاش شەڕێکی زۆر لەگەڵ شێرەکە، ڕمەکەی شکا و هیچی لەبەر دەست نەمایەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە ڕابکات، بەڵام لەو کاتە دا لەپشتەوە سلێمان هات و بەپەلە رمێکی بۆ شێرەکە هاویشت و کوشتی، بەم شێوەیەش ژیانی خودانەکەی لە مردن رزگار کرد.

لە پاش ئەم ڕووداوە ئەحمەد پاشا بەڵێنی پێدا، وەکو دیاریی و خەڵاتکردنی بەرامبەر بەم کارەی کچەکەی خۆیی بداتێ، چونکە ژیانی پاشای رزگار کردووە. بەم شێوەیە بۆ پلەی خەزنەدار گەورە بوو، لە کاتێک دا

پێشتر تەنها خزمەتکارێکی ئاسایی بوو، بەم شێوەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە پلەکانی بەرزتر بۆوە، هەتا بوو بە کوێخا. دیارە ئەم پۆستەش، پۆستێکی گرنگ بوو لە بەغدا، چونکە ئەمە ڕێک وەکو پۆستی وەزیری سوڵتان وابوو.

ئەحمەدپاشا پاش بیست و سێ ساڵی (مانگی، قمري) لە حوکمڕانی ویلایەتی بەغدا کۆچی دوایی کرد، ئەمەش لەکاتی هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر کوردەکان، چونکە ئامادە نەبوون ئەو باجە بدەن کە دەبوو بیدەن.

هەموو هەرێم و شارەکانی سەر بە باشلقی بەغدا، لەسەردەمی ئەحمەدپاشا و حەسەنی کوری، لە خێر و خۆشییەکی تەواو دا بوون، هەروەها دانیشتوان لە سەردەمی ئەواندا، لەو پەڕی خۆشگوزەرانی و ئارامی دا دەژیان و هەر وەها زۆر وەفادریش بوون بۆ کوێخا سلێمان، چونکە ئەویش بەوەفا بوو بۆ باوکی ژنەکەیی و باپیری، هەروەها لەبەر ئازایەتییەکەشیی خۆشیان دەویست.

دیارە سوڵتان هەواڵی مردنی ئەحمەدپاشای زۆر بە خۆشییەوە وەرگرت، چونکە نەیدەویست حوکم بکەوێتە دەستی بنەماڵەی ئەحمەدپاشاوە. یەکسەر والییەکی نوێی نارد بۆ بەغدا و هەموو ناوچەکانی دەوروبەریشی خستە ژێر ڕکێفی ئەم والییە نوێیەوە، بەڵام سلێمان پاشای کردە والی بەسرە، چونکە دانیشتوانی ویلایەتەکە زۆر خۆشیان دەویست، ئەویش دەیویست دڵی خەڵکەکە بەم شێوەیە ڕازی بکات.

ئەو والییە نوێیانەی کە دەهاتنە بەغدا، ڕووبەڕوی گیروگرفتی زۆر قورس دەبوونەوە لەم باشلقە ترسناکە دا، لەبەر ئەوە خەڵکی گاڵتە و لاقرتێی زۆریان بە لاوازی حوکمی ئەوان دەکرد. بەرێکەوت یەکێک لە والییەکان، لە شەڕێک دا لەگەڵ خێڵە عەرەبییەکان، تووشی نووشستیی و ژێرکەوتنێکی گەورە بۆوە، کاتێک کە گەڕایەوە بۆ بەغدا، بوو بە مایەی گاڵتە و مەسخەرەی خەڵکی. یەکێکی تریان لە ڕێگای هاتنی بۆ بەغدا مرد. بە بەردەوامیش شکات و گلەیی خەڵکی دەگەیشتە دەستی سوڵتان، چونکە والییەکان نەیاندەتوانی بە باشی مومارەسەی حوکم و هەڵسانەوەی ڕەوشی خراپی ئەم ویلایەتە ترسناکە بکەن.

له ماوەی چوار ساڵ دا، چوار والیی هات بۆ بەغدا، هیچ کەسێکیش لەم والییانە ئاسوودە نەبوو، لە کۆتایی دا سلێمان پاشا[٣٦] لە والیی بەغدا ڕاپەڕی و بەسەرۆکایەتی سەربازەکانی (ئایج ئاغاسي) لە بەسرەوە بەرەو سەماوە بەرێکەوت، والی بەغدا داوای لێکرد کە بگەڕێتەوە، بەڵام سلێمان پاشا بەردەوام بوو لە هێرشەکەیی و گەیشتە دیوانییە.

لەو کاتە دا دیوانییە عەلی ئاغا حوکمی دەکرد، پێشتریش عەلی ئاغا لە دژی والی بەغدا وەستابۆوە لە بەرامبەر بڕێک پارە دا، پشتگیری سلێمان پاشای کرد، بە ڕووکەشی وای پیشاندا کە پشتگیری والیی بەغدا دەکات، ڕایکرد بۆ بەغدا و هەواڵی هێرشەکەی سلێمان پاشای بە والیی بەغدا گەیاند. ئەویش یەکسەر لەشکرێکی کۆ کردەوە کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی چواردە هەزار چەکدار، خۆشی سەرکردایەتی ئەم لەشکرەی کرد بۆ ئەوەی دژی سلێمان پاشا بوەستێتەوە، لە نزیکی حلە لەگەڵ لەشکرەکەی سلێمان پاشا ڕووبەڕوویی یەکتر وەستانەوە. ژمارەی لەشکرەکەی سلێمان پاشا نزیکەی هەشت سەد چەکدار دەبوو.

لەو کاتە دا والیی بەغدا سەری سوڕما لە کەمی ژمارەی لەشکرەکەی سلێمان پاشا، هە ربۆیە لەو قەناعەتە دا بوو کە بە ئاسانی سلێمان پاسا تەسلیمی دەبێت، بەڵام عەلی ئاغا لەو ماوە کەمەیدا کە لە بەغدا مایەوە، توانی قەناعەت بەهەموو سەرتیپە عەسکەرییەکان بکات کە بچنە بەرەی سلێمان پاشاوە.

بە پێی ئەو پلانەی کە پێشتر دایانرشتبوو پەلاماری والیی بەغدایان دا و یەکسەر شکاندییان، ئەویش رایکرد بۆ بەغدا، بەڵام سەیری کرد کە هەموو دەرگاکانیان داخستووە. بەوپەڕی خۆشییەوە هەموو دانیشتوانی بەغدا پێشوازیان لە سلێمان پاشا کرد و سەما و گۆرانییەکی زۆریان بۆ سەرکەوتن و پێشوازیی لێکردنی گووت.

لە پاش ئەوە سلێمان پاشا داوای کۆبوونەوەیەکی فراوانیی کرد لە دیوانی خۆی، کە ئەشراف و پیاوماقووڵان و زانایانی ئایینی تێیدا بەشدار بوون، پاشان داوای لێکردن، کە شکایەت نامەیەکی دژ بەو پاشایانە بنووسن کە قوستەنتینییە ناردوونی بۆ ئێرە، ئەم شکاتنامەیەش پێشکەشی سوڵتان بکرێت

---

٣٦ .سلێمان پاشا، مەبەستی (سليمان ابو ليلة)یە، ١١٦٢_١١٧٥ک ١٧٤٨_١٧٦١ز والی بوو. و.ع

و تێیدا باسی ڕەوشی خراپی وڵات بکەن، کە لە پاش مردنی ئەحمەد پاشا تووشی وڵات بووە، هەر وەها تێیدا بنووسن کە هیچ کەسێک نییە بتوانێت چارەسەریی ئەم کێشانە بکات، جگە لە سلێمان پاشا نەبێت.

پاش ماوەییەکی کەم لە مانەوەی سلێمان پاشا لە بەغدا، ڕەزامەندی سوڵتان هات، بۆ ئەوەی ببێتە والیی بەغدا و هەموو ناوچە و هەرێمەکانی دەوروبەریی کە پێشتر لەژێر حوکمی حەسەن پاشا و ئەحمەد پاشا دا بوون.

سلێمان پاشا ماوەی سیانزە ساڵی (مانگی) حوکمی کرد و لە لای خەڵکیش زۆر خۆشەویست بوو، تەنانەت خێڵە عەرەبییەکانیش لەپاش مردنیی زۆر بۆی پەرێشان بوون چەندین لای لایە و گۆرانییان بەسەر دا گووت، کە ئێستا لە قاوەخانەکان و شوێنە گشتییەکان و شەقامەکانی بەغدا دەوترێتەوە.

هیچ وەختێک خێڵە عەرەبییەکان ئاوا ئارام و بێ دەنگ نەبوون، تەنها لە سەردەمی سلێمان پاشا و سەردەمی ئەحمەد پاشا و حەسەن پاشا نەبێت. پێشتر هیچ کاروانێک یان هەر وەسیلەیەکی گواستنەوە نەیدەتوانی لە حلەوە تا بەسرە بڕوات، بەبێ بوونی هێزێکی گەورە لە پیاوان کە لە جیاتی ئەمەش پارەیەکی ئێجگار زۆریان وەردەگرت، بەڵام لەسەردەمی حوکمی ئەم دا و لە کاتی حوکمڕانی ئەحمەد پاشا و حەسەن پاشا دا، ئەوا خەڵکی دەیتوانی بەبێ بوونی هیچ پاسەوانێک بەتەنها سەفەر بکات، جا ئەوە لەڕێگای دیجلە یان فوراتەوە بووایە یان لەرێگای وشکانییەوە، کەسێ نەیدەتوانی پەلامارت بدات و شمەک و پارەکەت بدزێت.

لەم سەردەمە دا کاتێک بازرگانەکانی وڵاتی فارس لە رۆح و پارە و سامانیان دڵنیا نەبوون، ڕێچکەی بازرگانی بۆ ئەم وڵاتە گۆڕا، ئەویش لە ڕێگای بەسرە و پاشان بەغدا، کە پێشتر لە ڕێگای گەمبرون Gambron[37] و

---

٣٧ . نووسەرە ئەوروپییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست دا بە چەندین ناو وەسفی ئەم شوێنەیان کردووە. Guambrown,Gombrow,Gamrow,Gomroom, Gummeroon,Gomberoon. ئەمەش شارێکی بچووکە لەسەر کەناری کەنداویی عەرەبی، شارێکە عەباس دروستی

ئەسفەهانەوە دەهات، بەم شێوەیە بەهۆی بوونی ئارامیی و ئاشتیی، بازرگانیی ئەم وڵاتە زیادیی کرد.

سلێمان پاشا بەوە ناسراوە کە زۆر بە توندیی هەڵسووکەوتی لەگەڵ خێڵە عەرەبییەکان دەکرد، گەر تاوانێکیان بکردایە، هیچ وەختێک لێیان خۆش نەدەبوو، بە پەلە هێریشی بۆ دەبردن و پەلاماریی دەدان، بەشێوەیەک کە هیچ کاتیان نەبوو بۆ ناو سەحرا ڕابکەن، هەر بۆییە ناوی "ابو اللیل" یان لێنا، چونکە لە شەو دا پەلاماریی دەدان و نەیدەهێشت هیچ هەست بە ئیسراحەت بکەن.

خەڵکی بەغدایش ناویان لێ ناوبوو " سلیمان السبع". کابراییەک بۆی گێرامەوە کە سلێمان پاشا پەلاماریی دیمەشقی دا و تاڵانی کرد و پاشان لەماوەی نۆ ڕۆژ دا گەڕایەوە بۆ بەغدا، چونکە لەو کاتەدا بەدوەکان (خێڵە کۆچەرییە عەرەبییەکان) پەلاماریی کاروانێکی گەورەییان دابوو کە دەیوویست لە بەغداوە بۆ دیمەشق بڕوات، بەڵام والیی بەغدا نەیتوانی فریایان بکەوێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو سزای والییەکانی دروایسێشیی دەدا، گەر بیزانیبایە نەیانتوانییوە سزای "بدو" ەکانی سەر بە ویلایەتەکەی خۆیان بدەن، کاتێک پەلاماری کاروانێک دەدەن و تاڵانی دەکەن.

دیارە ئەم حاڵەتەش بۆ کەسێکی ئەورووپی جێگای تێڕامانە و سەرسوڕمانە، چونکە ویلایەتی دیمەشق و ویلایەتی بەغدا لە ژێر دەسەڵاتیی سوڵتان دان، نابێت کارێکی ئاوا ڕووبدات، چۆن دەبێت والییەک پەلاماریی والییەکی تر بدات، بەڵام ئەم جۆرە شەڕ و پەلاماردانانە لە نێوان پاشاکان لە تورکیا ڕووی دەدا.

جێگای ئاماژەیە سلێمان پاشا لەڕووی کەسایەتیی و ئەخلاقەوە زۆر لە والییەکانی تر جیاواز بوو، بەتایبەت لە باوکی ژنەکەی "ئەحمەد پاشا"، ئەو ڕێزی لە کەسانی ئازا و دلێر دەگرت تەنات ئەو کەسە دوژمنیشی بوایە. بەڵام سلێمان پاشا زۆر قەڵس دەبوو بەوەی کە باس و ستایشیی کەسێکی

---

کردووە و پاشان ناویی (بەندەر عەباس)یان لێنا. بۆچوونێک هەیە دەلێت، وشەی : (جمرگ، گومرگ) لەم ناوەوە هاتووە. و.ع

ئازایان بۆ بکردایە، ئەمەی وەکو ئیهانەیەک بۆ خۆی دەبینی، ڕێک وەکو ئەوەی بڵێیت لە شەرەفی خۆی کەم بێتەوە، تەنانەت گەر ئەو کەسەش خاوەنی چەندین کاری ئازایەتی و جوامێریش بوایە.

لەبەر ئەوە گەر دوژمنەکانی بەردەست بکەوتایە، ئەوا بەهیچ شێوەیەک رەحمی بە دوژمنەکانی نەدەکرد، بەتایبەت گەر ئەو کەسە لە ڕاستی دا خاوەنی سیفاتێکی ئازاییەتی بوایە. خەڵکی سلێمان پاشایان بەوە تۆمەبتار دەکرد کە زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری ژنەکەیەوە و ریگای بە ژنەکەی داوە دەسوەر بداتە کاروباری حوکمڕانی.

عادیلە خاتوون کچی پاشایەکی پلە یەک بوو، هیچ وەختێک نەیدەتوانی ئەوە ژبیر بکات کە مێردەکەی کۆیلەیەک بووە و باوکی کڕیویەتی و بەخێوی کردووە، هەرچەندە ئەو ئێستا پاشایەکە کە سێ خەتی هەیە.

لەبەر ئەوە زۆر لوتبەرز و ملهوڕ بوو، بە شێوەیەک کە چەند رۆژێکی تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی خەڵکی ببینێت و گوێ بۆ سکاڵا و ناڕەزایەتییەکانیان بگرێت لە دژی حاکمەکان، چونکە ئەو خاوەنی دەسەڵات بوو و حوکمی دەکرد.

دیارە عادیلە خاتوون بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆی دەرنەدەخست، ئەویش بەپێی نەریتی سەپێنراو بەسەر هەر ژنێکی موسڵماندا، لەبەر ئەوە ئەو لەپشت پەردەوە لەگەڵ خەڵکی دەدوا و لەڕێگا یەکێک لە مەمالیکەکانییەوە کە نامە و سکاڵای خەڵکیی بۆ دەهێنا و پاشان ئەو وەڵامیی دەدانەوە. بەم شێوەیە ئاگادارییی هەموو کەینوبەینێکی ناو وڵاتەکە بوو و دەیزانیی چی ڕوو دەدات، هەروەها فەرمانی دژی ئەو فەرمانانە دەردەکرد کە پاشا و کوێخاکەی پێشتر دەریانکردبوو.

هەروەها دەیزانی چۆن ئاغا و سەرۆک خێڵە عەرەبییەکان ڕاکێشێت بۆ لای خۆی، ئەویش لە ڕێگای پێدانی دیاریی لە " قەروو" و عەبای تایبەت بە ئاغا و شێخەکان. هەروەها بە ئاغا گەورەکان ئەوانەی کە پێشتر خزمەتکاریی باوک و باپیریی بوون، عەگالی حەریری پێدەدان، دیارە ئەو

عەگالانەش زۆر بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دەچنران، بۆ ئەوەی لە کاتی بۆنە و جەژنە فەرمییەکاندا لە خەڵکی تر خۆیان جیا بکەنەوە.

ئەمەش هانی زۆر کەسی دەدا، کە ئەو کارانە بکات کە دەبێتە هۆی ڕەزامەندی عادیلە خاتوون و سلێمان پاشای مێری، بۆ ئەوەی خۆیان بهێننە پێشەوە، هەتا وەکو ئەو خەڵات و دیاریانە وەربگرن، کە وایان لێدەکات ببنە خاوەنی پایە و مەقامێکی گەورە و لەناو خەڵکیش دا پلە و پایەیان بەرز دەکاتەوە.

زۆرجار ئەوانەی کە ئەو دیارییە ڤەرو و عەبا و عەگالە حەریرانەیان وەردەگرت، بۆ ئەوەی عادیلە خاتوون لە خۆیان رازیی بکەن، پارەیەکی زۆریان لە خەڵکی دەسەند و دەسەڵاتی خۆیان زۆر بە توندی بەسەر ئەندامانی خێڵەکانیان و خێڵە درواسێکانیان دا دەسەپاند.

جێگای ئاماژەیە عادیلە خاتوون هەموو کاتێک لەگەڵ خوشکە بچووکەکەی دا لە شەڕ دا بوو، ئەوەی کە شووی بە ئەحمەد ئاغا کردبوو. ئەحمەد پاشا کوڕی بنەماڵەیەی ناودار بوو کە لە ناو خەڵکی دا جێگای ڕێزبوون، هەروەها سلێمان پاشاش زۆری ڕێزی لێ دەگرت.

جارێکیان ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا، کاتێک یەکێک لە وەزیرەکان ویستی هانی ئەحمەد ئاغا بدات کە سلێمان پاشا بکوژێت و پاشان جێگای ئەو بگرێتەوە و خۆی بکاتە والیی باشلقی بەغدا، لێ ئەو ئەم کارەی رەت کردەوە و بە کارێکی پڕ شەرمەزاریی وەسف کرد، لە هەمان کاتیش دا زۆر لە کابرای وەزیر تووڕە بوو و ئیهانەی کرد.

بەڵام عادیلە خاتوون توانی سوود لەم ڕووداوە وەربگرێت و هانی مێردەکەی دا کە دەبێت بیکوژێت چونکە ئەحمەد ئاغا دەیەوێت ئەو بکوژێت و خۆی بکاتە والیی بەغدا. لە ئەنجام دا سلێمان پاشا، ئەحمەد ئاغای بە تۆمەتی خیانەت و پلاندانان لە دژی والیی، لە سێدارە دا. دیارە ئەم ڕووداوەش هێندەی تر ئاگری ڕق و شەڕی ئەم دوو خوشکەی خۆش کرد، هەتا لە کۆتایی دا سلێمان پاشا توانی قەناعەت بە خوشکە بچووکەکەی ژنەکەی بکات، کە شوو بکات بە کوێخاکەی، کەناوی عومەر بوو.

دیاره سلێمان پاشا هەر وەکو باوکی ژنەکەی، زۆر وریا بوو لە پارێزگاریی کردنی ژیانی خۆی لە هەوڵەکانی کوشتنی لەلایەن قاپوچی باشییەوە، بەتایبەتی کاتێک سوڵتان هەستیی کرد کە خەریکە نفوز و دەسەڵاتی لەسەر باشلقی بەغدا کەم دەبێتەوە، بە تایبەتیی پاش ئەوەی ئەم بنەماڵەیە بۆ ماوەیەک حوکمی بەغدا دەکەن و لە ناوچەکە دا بەهێزن، لەبەر ئەوە چەندین جار هەوڵی کوشتنی سلێمان پاشای دا، ئەویش لە رێگای گروپەکانی قاپوچی باشییەوە، ئەوانەی کە هەر بەینا وبەینێک لە قوستەنتینییەوە دەیناردن بۆ ئەوەی سلێمان پاشا بکوژن.

زۆر جار تەقەیان بە فیشەک لێکرد، هیچ کەسیش گومانی لەوە نەبوو کە ئەم پلانانە هەمووی لە ژێر سەریی وەزیر دان. بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵات دا، لە کاتێک دا کە پلانێکی کوشتنی لەم جۆرە ڕوو دەدات، کە زۆر ڕوو دەدات، کاتێک تاوانباکارەکە دەستگیر دەکەن، هیچ ناچن لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بکەن، بەڵکە تەنها ئەو کەسە لە سێدارە دەدەن کە لە کاتی تاوانەکە دا دەستگیر کراوە.

هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد کە ئەحمەد پاشا لە کاتی هەڵمەتێکی عەسکەریی دا بۆسەر پاشاکانی کوردستان مردووە، هەرچەندە مردنەکەی بەسروشتیی بووە (واتە لەشەردا نەکوژراوە. و.ک) بەڵام عادیلە خاتوون دڵی بەمەندە ئاوی نەدەخواردەوە، عادیلە خاتوون رازیی نەدەبوو بەوەی کە مردنی باوکی قەزا و قەدەر بووە، بەڵکە لەو باوەڕە دابوو کە هۆی مردنی باوکی، ڕاپەرینی پاشاییەکی ئەم ناوچەیە بووە، هەر بۆیە زۆر جەختی دەکردەوە کە دەبێت ئەو پاشایە کە بۆتە هۆی مردنی باوکی تەمبێ بکرێت و سزا بدرێت.[٣٨] هەر بۆیە چەندین جار سلێمان پاشا سووپای کۆ دەکردەوە و هەڵمەتی سەربازیی بۆ سەر کوردستان دەست پێ دەکرد بۆ ئەوەی تۆڵە لەو

٣٨.ئەو ڕاپەرینەی کە ئاماژەی پێ کردووە، ئەوەیە کە ساڵی ١١٦٠ کۆچی موتەسەرفی بابان (سەلیم پاشای بابان ) ئامادە نەبوو باج بداتە والی بەغدا، ئەمەش وایکرد کە ئەحمەد پاشا هەڵمەتێکی گەورە بۆ تەمبێ کردنی بکات، بەڵام لەرێگا دا بە نەخۆشی مرد و تەرمەکەیان گەڕاندەوە بۆ بەغدا و لە ژێر قوبەی ئەبی حەنیفە دا بە خاک سپێردرا. و.ع

پاشایە بکاتەوە، بەڵام هەموو کاتێک ئەو پاشایە لە دەستیی رایدەکرد و خۆی لەناو شاخەکاندا قایم دەکرد و نەیدەهێشت بەردەستیی بکەوێت. لە کۆتایی دا سلێمان پاشا کۆمەڵێک بەڵێنی باشی پێدا، ئەوی وەکو هاوڕێ و دۆستێکی نزیکی خۆی دانا و عادیلە خاتوونیش جامانەیەکی حەریریی بۆ نارد، بۆ ئەوەی ئیسپاتی دۆستایەتی خۆیانی بۆ بکات و ئەمەش وەکو بەڵگەیەک وابوو کە پاشا بە ڕاستی لێی خۆشبووە.

ئەم کوردەش باوەڕیی بەم قسەو وبەڵێنە درۆیانە کرد و سەفەریی بۆ بەغدا کرد، بەڵام هەر کە پێی نایە ناو شارەوە، یەکسەر گیراو خرایە زیندانەوە و بۆ رۆژیی دواییش لە سێدارە درا. دیارە عادیلە خاتوون نموونەی ژنی تورکی بوو. ئەو ژنێکی زۆر ملهووڕ و دەسەڵاتدار بوو، بەهیچ شێوەیەک رەحم و سۆزی نەبوو، تەنانەت لەگەڵ مێردەکەشیدا. ئەو نەیهێشت مێردەکەی ژنی تر بهێنێت و تەنانەت نەشیهێشت کە لە کۆشک دا کەنیزە رابگرێت.

جێگای ئاماژەییە (ئایفز) زۆر بە وردی چیرۆکی ئەم کوردە دەگێرێتەوە، ئەویش لەم کتێبەی دا:Ives, Reisen mach Indien und Persien II4.99

ئەم بێوەژنە هێشتا لە ژیان دا ماوە و لە بەغدا دەژیی و خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆرە. عادیلە خاتوون مزگەوتێک و کاروان سەرا (خان)ێکی دروستکردووە و ناوی خۆیی لێناوە.[٣٩] هەروەها چەندین تەلاری تریشی دروستکردووە، کە هەموویان بۆ خزمەتیی هەژاران و خێرکردن وەقف کردووە.

کاتێک سلێمان پاشا مرد عەلی ئاغا بوو بە جێگیری والی لە بەسرە و هەروەک هەموو والییەک، هەموو دەسەڵاتێکی گرنگی لە دەست دا بوو بۆ ئەوەی ئیدارەی ویلایەتەکە بکات، لە لایەکی ترەوە خەڵکی ناوچەکە زۆر خۆشیان دەویست و فەرمانەکانیان جێبەجێ دەکرد. لەبەر ئەوە تەماعی

---

٣٩. ئەو مزگەوتە ناوی( جامع العدلیة الکبیر) کە دەکەوێتە شەقامی موستەنسەرییە، بەرامبەر تەلاری داد، خانەکەش (کاروان سەرا)، ئەوە (خان العادلیة) یە. و.ع.

پاشایەتی کەوتە سەریی و توانی دیوانی والی لە بەغدا قەناعەت پێبکات، کە داوا لە سوڵتان بکەن بیکاتە پاشا.

هەر بۆیە کەوتە ناردنی دیاری گەورە بۆ قوستەنتینییە و هەتا وەکو فەرمانی سوڵتانیی بۆ هات. بەڵام تەنها بیست و چوار مانگ توانی حوکم بکات، وەکو دەڵێن عادیلە خاتوون دەستێکی باڵای هەبوو، لە کۆتایی هێنان بە حوکمی عەلی ئاغا بەم ماوە کورتە.[٤٠]

کاتێک کەریم خانساڵی ١٧٧٥ زایینی گەمارۆی شاری بەسرەی دا، قوستەنتینییە لەو باوەڕە دا بوو، کە عومەر پاشا لە ژێرەوە لەگەڵ فارسەکان بووە و هەلی پێداون کە پەلاماری شارەکە بدەن و گەمارۆی بەسەر دا بسەپێنن. هەندێکیش لە ئەندامانی حاشیەی سوڵتان گووتیان کە فارسەکان نایانەوێت لەگەڵ سوڵتان بچنە شەڕەوە، بەڵام بۆیە ئەم کارەیان کردووە، چونکە زۆر ڕقیان لەوە هەستاوە کە ئەم کەسە کراوەتە والی بەغدا. هەندێکی تر گووتیان گوایە عومەر پاشا، هانی کەریم خانی داوە کە هێز بنێرێت بۆ پەلاماردانی بەسرە بۆ ئەوەی سوڵتان ئیحراج بکات، لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی وا خۆی دەربخات کە سوڵتان پێویستی بە یارمەتی ئەمە. ئەوەی جێگای سەرسووڕمانە ئەوەیە، کە کاتی خۆی ئەحمەد پاشاش بەم جۆرە کارانە تۆمەتبار کرا. گووتییان گوایە ئەحمەد پاشا هانی نادرشای داوە کە پەلاماری بەسرە بدات و گەمارۆی بەسەر دا بسەپێنێت، بۆ ئەوەی بۆ

---

٤٠ .ئەم عەلی ئاغایە خۆی زیارەتی گەڕیدە ئایفزی کردووە، لەو کاتەی کە ویستوویەتی لە بەسرەوە بچێت بۆ حلە، بە دیوانییە دا تێپەڕیوە، عەلی ئاغا رێز و حورمەتێکی زۆری گرتووە و زۆر بە جوانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دا کردووە. سەیری: Ives, Reisen mach Indien und Persien II5.55

دیارە عەلی ئاغا یان "عەلی پاشا" مەمالیک نەبووە کاتێک هاتۆتە بەغدا، بەڵکە لە کەسێکی موسڵمان و لە دایک و باوکێکی هەژار و لە وڵاتی فارس لە دایکبووە. لە سەردەمی لاوێتی دا وەکو خزمەتکارێک لە دەرباری ئەحمەد پاشا کاری کردووە، کە سەرپەرشتی خواردن و رێکخستنی ماڵەکەیانی دەکرد، کەسێکی دەستپاک بووە لە کارەکە یدا، هەربۆیە پاشا خۆشی دەویست و ببوە جێگای متمانەی ئەو، لەبەر ئەوە کۆمەڵێک پۆستی پێ بەخشی هەتا گەیشتە پلەیەکی بەرز.

سوڵتانی بسەلمێنێت کە پێویستی بەوە، ناچار بێت کە لە پۆستی والیی بەغدا بیهێڵێتەوە، نەوەکا بەسرەی لەدەست دەربچێت. لەبەرئەوە سوڵتان کۆمەڵێک پاشای لەگەڵ هێزێکی گەورە نارده بەغدا، هەتا وەکو لە کۆتاییی دا لە ساڵی ١٧٧٦ یەکێکیان توانی قەناعەت بە عومەر پاشا بکات کە بچێت بۆ ئورفە و سوڵتان کردوویەتی بە والی ئەوێ. بەڵام تورکەکان وەکو عادەتیانە، هیچ وەختێک وەفایان بۆ قسەکانی خۆیان نییە، پاشان سەری عومەر پاشایان لێکردەوە و ناردیان بۆ قوستەنتینییە. بەم شێوەیە جارێکی تر بەغدا لەلایەن سوڵتانەوە حوکم دەکرا و لەدەستی فارسەکان رزگاریی کرد. بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٧٧٧ زایینی دا، لە حەلەب هاورێیەکم نامەیەکی بۆ ناردم و تێیدا دەڵێت، کە والییەکی نوێیان بۆ بەغدا داناوە و ناوی عەبدوڵایە، کە پێشتر لەسەردەمی عومەر پاشا دا کوێخا بووە. وەکو دەردەکەوێت کە دانیشتوانی بەغدا خۆیان هەڵیانبژاردووە و سوڵتانیش ناچار بووە کە بیکاتە والی و دان بە حوکمرانیی ئەودا بنێت.

دیارە عادیلە خاتوون، عەلی پاشای هەر لەمنداڵییەوە دەناسی و دەیزانی ئەو پلەیەی کە ئەمڕۆ بەدەستی هێناوە، هەمووی بە فەزلی باوکی بووە، لەبەر ئەوە لەپاش مردنی مێردەکەی، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە بەشداری پێبکات لە حوکمڕانی وڵات دا. بەڵام هەموو هیواکانی پووچ بوونەوە، چونکە عەلی پاشا دەیویست خۆی بە تەنها حوکمێکی توند و تۆڵی وڵات بکات، لەو کاتە دا سوپای یەنیجیری لە بەغدا بەهێز بوون بە تایبەت لە رۆژگاریی ئەو دا.

لەگەڵ مردنی پاشا و درەنگ گەیشتنی پاشاییەکی تر، ئەو یەنیجیرییانە دەسەڵاتێکی رەهایان لە وڵات بەدەستەوە دەگرت. لە بەغدا و لەبەسرەش بەهەمان شێوە بوو، هەر بۆیە عەلی ئاغا دەیویست لە لوتبەرزیان بدات و دەسەڵاتیان کەم بکاتەوە. دیارە لەناو سووپای یەنیجرییەکان خەڵکی ناو شاریشیان لەگەڵ بوو، لەبەر ئەوە لەگەڵ عەسکەرەکانی سوڵتان توانیان شۆڕشێک لە دژی عەلی پاشا بکەن، کە ئەمەش وای لە عەلی پاشا کرد، کە بەغدا جێبهێڵێت و ڕابکات.

بەڵام بە زوویی توانی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، پاش ئەوەی کە خێڵە عەرەبییەکان و ئەشرافی بەغدا یارمەتیان دا، چونکە هەموویان هاوڕێی بوون، لەپاش ئەوە فەرمانی سەربڕینی کۆمەڵێک لە سەرکردەکانی سووپای یەنیجیری دەرکرد. لەئەنجامی ئەم ڕووداوە دا، کۆمەڵێک پاشاواتی کوردستان و خێڵی خەزاعیل لە دژی ڕاپەڕین. هەربۆیە سووپایەکی گەورەی ئامادە کرد و پەلاماری کوردەکانی دا بۆ ئەوەی تەمبێیان بکات و بیانگەڕێنێتەوە ژێر تاعەتیی خۆیی، بەڵام لە بەرامبەر خێڵی خەزاعیل دا سەرکەوتوو نەبوو، لەبەر ئەوە شاعیرە عەرەبەکان کەوتنە هۆنینەوە شیعر و ستایشی مەعدانییەکانیان دەکرد و جنێویان بە پاشا دەدا و قسەی ناشرینیان پێ دەگووت، کە خەڵکیش لە بەغدا ئەو شیعرانەیان دەگووتەوە.

بەڵام عادیلە خاتوون کە وای لێهات بە هیچ شێوەیەک تەحەمولی ئەو پەیوەندییە سارد و سڕەی نەدەگرت کە عەلی پاشا بەرامبەری دەیکرد و هیچ وجودێکی بۆ دانانێت و پشتگوێ خستووە، لەبەر ئەوە زۆر رقی لێهەستا، بەتایبەتی پاش ئەوەی هیج پرس و رای لە بەرامبەر کاروبارییی دەوڵەتەوە پێ نەدەکرا، لەبەر ئەوە کەوتە داڕشتنی پلان بۆ ئەوەی لە پۆستەکەی دووری بخاتەوە و لە پاشایەتی بخات، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە گوێی لێ بوو، گوایە پاشا دەیەوێت بۆ دەرەوەی بەغدا دووری بخاتەوە.

عەلی پاش لە ژێرەوە شیعە بوو، سەر بە مەزهەبی فارسەکان بوو، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، کە زۆر بێ رەحمانە هەڵسووکەوتی لەگەڵ کوردەکان و سەربازە یەنیجیرییەکان دەکرد، چونکە ئەوان سونە مەزهەب بوون، ئەو خۆی تووشی نەهامەتیی لەگەڵ خێڵی خزاعیل کرد، چونکە ئەو شیعە بوو.

لەبەر ئەوە کۆمەڵێک دەستیان کرد بە نانەوەی ئاژاوەو پشێوی، بۆ هەرکارێک کە دەیکرد دەیانگووت بۆیە ئەم کارە دەکات، چونکە عەلی پاشا بەم کارەی دەیەوێت تایەفەگەریی و توندرەویی خۆی بۆ مەزهەبی شیعە بسەلمێنێت و تۆڵەی خۆی لە سونەکان بکاتەوە. لەبەر ئەوە لە ناو خەڵکی دا

جۆرە بۆچوونێک بڵاوبوویەوە، کە عەلی پاشا سەر بە (رافیزە)یە و بە دوای هەلێک دا دەگەرێت، کەئەم باشلقە تەسلیمی فارسەکان بکات.

لە ناو پیاوە بەهێزەکانی بەغدا پێنچ پیاو هەبوون، کە هەمووشیان گەنج بوون، کە پاشاکەی پێشوو ئەم مەمالیکانەی کڕیبوو و بەخێویی کردبون و فێری تەعالیمی ئایینی ئیسلامی کردبوون. ئەمانە لە ناو خۆیان دا کۆمەڵێک پۆستی گرنگیان دابەش کردبوو، جارێک لە سەرای پاشا و جارێکیش لە ناوچەکان دا. ئەمانە هەموویان پێکەوە دەژیان و رێک وەکو برا وابوون و قسەیان یەک بوو، ئەوان عەلی پاشایان باش دەناسی، هەر ئەوانیش یارمەتییان دا و گەیاندیانە پلەی پاشایەتی و کردیان بە والی بەغدا.

دەبوایە ئەمانیش گرنگی بەو پڕوپاگەندانە بدەن کە لەناو خەڵکی دا هەبوون و دەبوایە سەرکووتیان بکەن، لە هەمان کاتیش دا ڕێزێکی زۆریان لە نەوەکانی پاشاکان دەگرت و تەنانەت یەکێک لە نەوەکانی ئەو پاشایانە ژنی یەکێکیان بوو.

چونکە ئەو پاشایانە رۆڵێکی گەورەییان هەبوو لە پێگەیاندنی ئەمان و گەیشتن بەو پلە بەرزەی کە ئەمڕۆ پێیگەیشتوون. مەبەستمان لەم نەوانە عادیلە خاتوونە، هەرچەندە زۆر جار رقیان لە ملهووڕی و فەرزکردنی ئیرادەی خۆی دەبۆوە.

بە رێکەوت یەکێک لەو پێنچ پیاوە بە شێوەیەکی کتوپڕ مرد، عادیلە خاتوونیش دەیزانی چۆن ئەم هەلە بقۆزێتەوە و هەر چوارییان بکات بە گژی عەلی پاشا دا. ئەو گووتی کە عەلی پاشا چووە ژەهری بۆ هاورێکەیان تێکردووە و لەپاشانیش بەم رێگایە ئەوانی تریش دەکوژێت، چونکە زۆر بە ڕوونی نیازە خراپەکانی بەرامبەر ئەمان دیارە.

ئەو ئێستا دەیەوێت رەزامەندی سوڵتان وەربگرێت بۆ ئەوەی هەموویان بکوژێت. لەبەر ئەوە سەیریان کرد، کەوا پێویستە گرنگی بەم مەسەلەیە بدەن، بەتایبەت چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە مەرگ و ژیانی ئەمانەوە هەیە. پێشتر ئەمان بوون توانیان کاتێک یەنیجیرییەکان لەدژی ڕاپەرین، بیگەڕێننەوە بۆ سەر حوکم و سوپای یەنیجیرییەکان لە بەغدا دەر بکەن،

بەڵام ئیستا ئەمان بوونەتە سەرکردەی شۆڕش لە دژی، ئەو شۆڕشەش هەر زوو دەرکەوت و پاشا سەیری کرد هەموو خەڵک بە چەکەوە لە دژی ڕاپەڕیون.

عەلی سەیری کرد کە وا بە تەنها ماوەتەوە و بە دوژمن دەورییان داوە، هەر بۆیە بریاری دا کە ڕابکات و شارەکە جێ بهێڵێت. چوو جلی ژنانەی لەبەر کرد و ماوەیەک لەپشت شووری شارەوە مایەوە، لە هەوڵی ئەوە دا بوو، کە خێڵە عەرەبییەکان یارمەتیی بدەن و فریای بکەون، بەڵام لەم هەولانەی دا سەرکەوتوو نەبوو، هەربۆیە دەستگیریان کرد، پاشان هێنایان بۆ سەرای و هەرلەویش لە سێدارەیان دا.

لە پاش ئەوە لە دیوان کۆبوونەوەیەک چێکراو هەموو سەرۆکی شارۆچکەکان بانگران بۆئەوەی یەکێک لەو چوار پیاو هەڵبژێرن بۆ پۆستی والیی. دووانیان نەیانویست خۆیان هەڵبژێرن و چونکە لەو باوەڕە دا بوون کە عومەر کە کوێخای والیی بوو، ئەو لەمان باشترە بۆ ئەوەی ببێتە پاشای بەغدا و هەر وەها چونکە ئەو مێردی کچە بچووکەکەی پاشای گەورە "ئەحمەد پاشا "یە. یەکێک لەم چوارە کە ناوی مەحمود بوو، لە بەسرە بوو بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە نەبوو، بەڵام عومەر بەشداربوو.

هەر چەندە خەڵکی پێیان وابوو کە عومەر ئەو کەسە نییە کە خاوەنی پاییەکی قورس بێت یان خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزبێت و ئەفسەرێکی عەسکەریی ئازاش نەبوو، بەڵام لەبەر خاتری ژنەکەی کە جەماوەرێکی زۆریی هەبوو، لە ناو خەڵکی دا خۆشەویست بوو، بەتایبەت هەموو کەس دەیزانی کە ئەم ژنە، زوڵمێکی زۆریی لێکراو بە ناڕەوا مێردەکەیان کوشت، چونکە خوشکەکەی زۆر هەڵسووکەوتی خراپی لەگەڵ دا دەکرد (مەبەستییان عادیلە خاتوونە. و.ک). لەبەرئەم هۆیانە کوێخا عومەریان هەڵبژارد و کردیان بە والی بەغدا و ڕاپۆرتێکی درێژیان بۆ سوڵتان نووسی و تێیدا هۆکاری کوشتنی والییە کۆنەکە و هەڵبژاردنی کوێخا عومەرییان بۆ باس کرد. ئەوان نووسیبوییان: بۆیە عەلی پاشا کوژرا، چونکە خائین بوو دەیویست بەغدا

تەسلیمی فارسەکان بکات و هەندێک کاری کرد کە بووە هۆی تووڕەیی جەماوەر لێی و راپەڕین و پەلاماریان دا و کوشتیان.

عەرەب و کوردەکان هەر دووکیان لە دژی ڕاپەرین ، لە ئەنجامی ئەمەش دا وڵات تووشی ئاژاوە و پشێوییەکی ترسناک بۆوە، کە ئەنجامەکانی زۆر ترسناک بوو بۆ هەموو لایەک. لەبەر ئەوە ئەوان پێیانوایە کە کوێخا[٤١] عومەر باشترین پیاوە، بۆ ئەوەی لەم بارە ئاڵۆزە دا، حوکمی وڵات بکات. دیوانیش ئەمیان هەڵبژاردووە و تکایان لێکردووە کە حوکمی وڵات بکات. ئەوانیش تکاخوازن کە سوڵتان داواکارییەکەیان جێبەجێ بکات و ڕەزامەندیی بۆ دامەزراندنی بفەرموێت....هتد. لە هاوینی ١٧٦٤ زایینی عومەر پاشا فەرمانی پاشایەتیی و دامەزراندنی بە والی باشلقی بەغدا بەدەست گەیشت.

لەو ساڵەی کە بوو بە والی بەغدا، عومەر پاشا هێزێکی گەورەی کۆ کردەوە بۆ تەمبێ کردنی خێڵی " الخزاعل" و شارۆچکەی " لملوم" یش کە مەڵبەندی سەرۆکایەتی شێخ بوو، بەسەر یەکدا سووتاندی.[٤٢] فەرمانیشی دەرکرد بە سەربڕینی شەش تا حەوت سەرۆک خێڵ. ئەم سەرانەشی لەگەڵ راپۆرتێکدا نارد بۆ قوستەنتینییە و تێیدا باسی ئەوەی کردووە کە چۆن راپەڕینی ئەم خێڵەی سەرکووت کردووە و چۆنیش ئەم پەلامارە سەربازییە ترسێکی گەورەی خستۆتە ناو دڵی خێڵە عەرەبییەکانەوە.

لە پاش ئەمە لە هەموو لایەکەوە پیرۆزبایی و دەستخۆشیی بەسەر پاشا دا باری، لێ شێخی خێڵی الخزاعل کە پێشتر توانی لە دەستی پاشا ڕابکات،

---

٤١ .کویخا، هەروەها کهیاشی پێدەڵێن، ئەمەش گەورەترین کارمەندی ویلایەت بوو لە پاش والی، ئەسڵی وشەکەش لە فارسییەوە هاتووە" کتخدا". دائیرەی کوێخاش لە سەرای پاشا جیاواز بوو، هەموو بەیانییەک تیپێکی سەربازی دەچوون بۆ دائیرەکەی و بە شیوازێکی فەرمی دەیانهێنا بۆ سەرای پاشا. کاتێک دەگاتە سەرا، دەرگاوان دەستی دەگرت و هەتا وەکو سەر پلیکانەکان دەیبرد و پاشان تەسلیمی "خەزنەدار"ی دەکرد و ئەویش دەیبرد بۆ لای پاشا. لەوێندەر کوێخا باسی کارەکانی رۆژیی پێشووی بۆ دەکرد و فەرمانی نوێی بۆ ئەو رۆژە لێوەردەگرت. پاشان بەهەمان مەراسیم دەگەڕایەوە شوێنەکەی خۆی. و.ع

٤٢ .سەرۆکی خێڵی (الخزاعل) ناوی شێخ مەحمود بوو. و.ع

توانی بگەڕێتەوە بۆ ناو خێڵەکەیی و ئەو سەرۆکەش لا بەرێت کە پاشا لە جێگای دانابوو، پاشاش ناچاربوو دان بە ئەمریی واقیعدا بنێت. دیارە ئەوەش پاش ئەوەی کە سەرۆکی خێڵی الخزاعل، گرەنتی و بەڵێنی زۆریی بە پاشا دا، کە چیتر دژی ناوەستێت و ملکەچی فەرمانەکانی دەبێت.

دیارە تەنها خێڵی الخزاعل نەبوو کە سەرئێشەی بۆ پاشا دروست دەکرد، بەڵکە خێڵی (کعب) [43] یش ناوبەناو ببوە هۆی تێکدانی ئاسوودەیی پاشا. هیچ ساڵێک تێنەدەپەڕی بەبێ شەڕکردن لە دژی خێڵە کوردیی و عەرەبییەکان، کە پاشا ناچار دەبوو، هەڵمەتێکی سەربازیی دژیان ئەنجام بدات. لە ئەنجامی ئەمەش دا پاشاکان خەرجییەکی زۆریان لەم شەڕانە دا دەکرد، دیارە باشیش دەیانزانی چۆن موبالەغە لە خەرجیی ئەم شەڕانە دا بکەن، بەتایبەتیی کاتێک راپۆرتیان بۆ سوڵتان دەنووسی. یەکێک لە هاورێکانم لە بەغدا پێی گووتم، کە سوڵتان لەم چەند ساڵەی دوایی دا هیچ خەراجێکی لەم ویلایەتە گەورەیە دەست نەکەوتووە.

ژنەکەی عومەر پاشاش، لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ مێردەکەی دا، هیچ جیاوازی لەگەڵ عادیلە خاتوونی خوشکی دا نەبوو. ئەو رێگای بە مێردەکەی نەدا ژن بهێنێت، هەر چەندە ئەم ژنە نەزۆکیش بوو، هەر وەها رێگاشیی پێ نەدەدا کە کەنیزە لەماڵەکەی دا رابگرێت، هەر بۆیە عومەر پاشا هیچ میراتگرێکی نەبوو. لەبەر ئەم هۆیەش تورکەکان هیچ ترسیان لە بنەماڵەی ئەحمەد پاشا نەبوو، چونکە گەر عومەر پاشاش بمردایە، کەس نەبوو ببێتە میراتگری.

دیارە لەم چەند ساڵەی دوایی دا، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە فێریی ئەوە ببون کە خۆیان والی هەڵبژێرن، لەسەر سوڵتانیش پێویست بوو کە رازیی بێت بەو کەسەی کە خەڵکی هەڵیدەبژێریت، چونکە دەترسا ئەم باشلقە جوانە دەوڵەمەندەی لە دەست دەربچێت و بکەوێتە ژێر دەستیی فارسەکانەوە.

---

٤٣ . خێڵی (بنی کعب) یەکێکن لە خێڵە عەرەبییەکان، کە هەتا وەکو ئێستاش لە ناوچەی عەرەبستان دا دەژین. جێگای گووتنە بنو کەعب نەوەی (عامر بن صعصع)، هەر وەک کتێبەکانی نەسەب باسیان دەکەن. و.ع

شێوازی حوکمڕانی له بەغدا لەسەر هەمان شێوەی حوکمرانی قوستەنتینییه بوو. پاشا هەموو دەسەڵات و یاسادانانی له دەست بوو، ئەو حاکمی سەرەکی ئەم ویلایەته مەزنه بوو، بەو شێوەیەی که خۆی حەز دەکات دەیبات بەڕێوه. بەڵام مەسەله گەوره و گرنگەکان، ئەوا دەیخسته بەر دەستی دیوان، بۆ ئەوەی سەیری بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن.

دیاره لەم دیوانه دا تەنها خەڵکه بەناوبانگ و دیارەکان بۆیان هەبوو دەنگی خۆیان بدەن و پرس و ڕایان لەم ئەنجومەنه راوێژکارییه دا پێ دەکرا، ئەوانیش بریتیی بوون له: شێخەکان و خەڵکه به ئەزموونەکانی وەکو کوێخای پاشا و حاکمی بەسره و حاکمی ماردین و هەموو حاکمه کۆنەکانی شار و ناوچەکان که ئێستا له بەغدا نیشتەجێ بوونه، جا گرنگ نییه گەر ئێستا له وەزیفه دا بن یان وازیان هێنابێت.

باش ئاغا: سەرۆکی تیپی سوارەیه، "سەرۆکی لاوند".

ئاغا یان سەرۆکی گشتیی هێزه یەنیجیرییەکان.

سەرۆکی زانایان. دیاره ئەم پۆستەش پێویستی به فەرمانی سوڵتان نییه، بەڵکه زاناکان خۆیان هەڵیاندەبژارد، به مەرجێک که خاوەنی شۆرەتێکی زۆر بێت له ناو وڵات دا، لەبەر ئەوه ئەم نازناوه له تورکیا دا ناسراو نییه.

قازی (حاکمی شار)، ئەویش له کۆمەڵی مەلاکان پێکهاتووه، که ساڵانه موفتی قوستەنتینییه دەیگۆرێت.

موفتی مەزهەبی حەنەفی.

موفتی مەزهەبی شافعی.

نەقیبی ئەشراف، واته سەرۆکی مەزنی ساداتەکان که له نەوەی پێغەمبەرن، که لەم باشلقه دا دەژین. له هەمان کاتیش دا نەقیبی ئەشراف، ئیدارەی ئەوقافی مزگەوتی شێخ عەبدولقادریی گەیلانیش دەکات و سەرۆکی تەکییه و بەرێوبەریشیەتی.

خەتیب سەر مەزهەب " Zermashab"[٤٤] یان واعیز لە مزگەوتیی ئیمام ئەبی حەنیفە. پاشان سەرۆکی گشتی لە لای پاشا، کە ئەویش کوێخایە. ئەو لەهەمان کات دا پۆستی وەزیری دەوڵەت و سەرۆکی لە بەردەست دایە، شوێنی ئەو لای پاشا هیچ جیاواز نییە لە شوێنی وەزیر لای سوڵتان. دیارە لە کاتی سەردانم بۆ بەغدا کەسێک هەبوو ناوی عەبدوڵڵا بەگ[٤٥] بوو کە برا بچووکی سەرۆکی خێڵی " العبید" بوو. لە ڕاستی دا ئەو تەنها "بلوک باشی" بوو، ئەمە وەکو سەرۆکی لەشکر وایە، ئەم لە سووپای سوارە دا بوو. جێگای ئاماژەیە پاشا تەنها لە ڕووی کاروباری خێڵە عەرەبییەکان و چۆنێتی هێرشبردن بۆ سەریان و تەمبێکردنیان ڕاوێژی پێ نەدەکرد، بەڵکە ئەو زیاتر وەکو راوێژکارێکی گشتیی وابوو لە لای پاشا و بۆ هەموو شتێک پرس و ڕای پێ دەکرد.

جگە لە مانەش پاشا چەندین ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی هەبوون، کە ناوی "مصاحب" یان لێ دەنا، دیارە دەسەڵات و ئەرکی ئەم ئەنجومەنانە جیاواز بوون و هەر جارەی بۆ شتێک دروست دەکران.

لە ژمارەی کارمەندە بەرزەکان لە بەغدا، دەفتەردار[٤٦] یان بەرێوبەری خەزێنە، هەر وەها دیوان ئەفەندی یان سکرتێری دەوڵەت، هەر وەها قاپوچی کەهییەسی، ئەویش کارمەندێک بوو، لە کاتێک دا کە کوێخا لەوێ نەبوو، ئەو جێگای کوێخای دەگرتەوە.

---

٤٤ . لەوانەیە سەرۆکی زانایان مامۆستایەک بووبێت لە مەدرەسەیەک، ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین "ئەکادیمیا".(نیبوور).

پێدەچێت (نیبوور) مەبەستی لە مەدرەسە "ئەکادیمیا"، مەدرەسەی ئایینی بێت کە لە مزگەوتی (امام الاعظم) هەیە. و.ع

٤٥ .عەبدوڵا بەگ ئەلشاوی، شێخێک بوو لە شێخەکانی خێڵی "العبید"، کە والی بەغدا عومەر پاشا، پاشتر لە سێدارەی دا، لە کاتی هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر باشووری عێراق، کەوتە دژایەتی لەگەڵ والی، هەر بۆیە لەسیدارەی دا. و.ع

٤٦ .سەر مذهب، مانای مەزهەبی سەرەکی دەگرێتەوە، کە مەبەستیان مەزهەبی حەنەفیی بوو، کە مەزهەبی فەرمی دەوڵەتی عوسمانی بوو. و.ع

پاشان حەرەم کەهییەسی واتە سەرۆکی دەرباری حەرەمی پاشا[47]. پاشان سەلام ئاغاسی یان سەرۆکی تەشریفات. میرئاخور واتە سەرۆکی سیاسیی، کە وەکو موشریفی ناو دیوان وایە. پاشان جاوشلەر کهیەسی، واتە سەرۆکی کارمەندانی دادگا، دیارە ئەم کەسە هەموو کاتێک لەگەڵ پاشا دا بوو. پاشان جاوشلەر ئامینی، کە ئەمیش وەکو کوێخا وایە، کە فەرمانەکانی لێ وەردەگرێت.

پاشای بەغدا کارمەندێکی تایبەتیی هەبوو کە پێیان دەگووت قوبتان پاشا[48] کە پێشتر لە باسی بەسرە دا باسم لێکرد. هەر وەها پاشا کارمەندانی باج و خەراج کۆ کردنەوە دادەنێت (هەروەها لە جوولەکە و مەسیحیش خەراجیان دەسەند).

هەموو پاشاکان بەتایبەت پاشاکانی بەغدا، ژمارەیەکی زۆری ئیج ئاغاسییان هەیە، کە ئەویش بریتییە لە پاسەوانی تایبەت کە لە خزمەتی پاشا دان. کاتێک پاشا دەچێت بۆ دیوانی حکومەت (سەرا)، ئەوان بە دواوەین و بە جلی تایبەت و ئەسپی جوان کە کورتانی باشییان هەیە ، بە دوای پاشا دا دەڕۆن، بۆ هەر ئەسپێکیش "سائس"ێک هەیە، بۆ ئەوەی ئاگاداریی ئەسپەکە بێت و پەتی ملی بگرێت. ئەمانە هەموویان لە ژێر فەرمانی خەزنەدار

---

٤٧ . زۆر جار ئەمانە دەخەسێنران. و.ک

٤٨ . قوبتان پاشا خاوەنی پلەیەکی تایبەت و بەرزە، کە سوڵتان دایدەمەزرێنێت هەر وەک چۆن پاشا یان والی دادەمەزرێنێت. دیارە ئەم کەسانە تەنها لە چینە بەرزەکان هەڵدەبژێرێن و دەبنە خاوەنی ئەم پۆستە. کاتێک (نیبوور) سەردانی بەسرەی کرد، نزیکەی ٥٠ تا ٦٠ تکنی (واتە کەشتی جەنگی) لە ژێر فەرمانی دا بوون. کاری ئەمیش بریتیی بوو لەوەی ڕاوی چەتە دەریاییەکان "القراصنة" بکات، لە هەر دوو ڕووباری دیجلە و فورات و ناوچەی کەنداو بەگشتی.

دیارە ئەم کەسەش لەژێر فەرمانی سوڵتاندا بوو، بەڵام زۆر جار والی دەیویست بیهێنێتە ژێر فەرمانی خۆی. مەڵبەندی سەرەکی لە شاری "مناوی" بوو، لە کاتێک دا (المتسلم)ی والی لە بەسرە دادەنیشت.

بەڵام خەڵکی بەغدا ناویان لێنابوو (القبطان) کە ئەمیش لە وشەی "کاپتان"ی فەرەنسییەوە هاتووە. و.ع

"محاسب" یان سلحدار " شمشێر بەدەست" دان. ئەمانە تەنها لە شار دا لە ژێر فەرمانی ئەوان دان، دەنا لەکاتی جەنگ دا لەژێر فەرمانی سلحدار دان.

بەڵام ئەفسەری سێهەم ناوی جوخدار ئاغا بوو.

دیارە بیست و چوار کەس لە گرووپی ئیچ ئاغاسیی هەبوون، کە تەرتیبات و ڕێکخراویی تایبەتی خۆیان هەبوو و هەموو کاتێکیش لەژێر فەرمانی پاشا دا بوون.

لێرە دا پێمخۆشە هەندێک لەو ناوانە بنووسم:

قەفتانچی، کەسێکە کە تایبەتە بە جلوبەرگی پاشا.

ئەبریقدار، ئەویش کەسێکە ئاو دەکات بەدەست و قاچی پاشا دا و هەر وەها جەستەشی دەشوات.

سوجی باشی، ئەو کەسەیە کە ئاو بۆ پاشا دەهێنێت (ساقی).

قەهوەجی باشی، ئەو کەسەیە کە قاوە ئامادە دەکات.

ئیچ کیلرجی، ئەو کەسەیە کە کێک و شیرینی دروست دەکات.

ڕەختوان، ئەو کەسەیە کە ئاگاداری ئەسپەکان دەبێت.

ئیچ مەحزەر باشی، ئەو کەسەیە کە فەرشەکان پاک دەکاتەوە و ئاگاداری پاک و خاوێنی کۆشکی پاشا دەبێت.

لە ناو ئەم ئیچ ئاغاسییانە دا "لا لا" هەبوو، کە سەرۆکی غولامەکان بوو و چاودێری ژمارەیەکی زۆری غولامەکانی دەکرد، لە نێویان دا منداڵی مەسیحی و کەرەج یان ئەوانەی کە لە ناوچەکانی ترەوە هێنرابووین دەبینرا. هەروەها منداڵی موسڵمانیش هەبوون.

ئەمانە هەموویان لە ژێر فەرمانی لالا دا بوون و چاودێری دەکردن و فێری زانستی ئایینی و ئەرکانەکانی ئیسلام و خوێندن و نووسین و سوارچاکی و هونەری جەنگی دەکردن.

لە ناو ئەم غولامانە دا کامییان لە ڕووی زیرەکی و ئازایەتییەوە دەربکەوێت، پێشدەکەوێت و پلەی وردە وردە بەرز دەکەنەوە هەتا دەگاتە ئیچ ئاغاسی یان پۆستی بەرزتریش، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەسڵ و شوێنی لەدایک بوونی. بەڵام ئەوانەی کە خاوەنی ئەم توانایانە نین، ئەوا هەر وەک

مەمالیک دەمێننەوە و هیچ هیوایان نییە کە پۆستی شەرەفمەندانەیان دەست بکەوێت.

گرووپی ئیچ ئاغاسی مافی ئەوەیان هەبوو کە سمێڵیان بهێڵنەوە، بەڵام کاتێک پلەکانیان بەرزتر دەبێتەوە پێیان دەڵێن سقالی ئاغاسی یان سکاملی ئاغاسی ، لێرە دا بۆیان هەیە ریشیان بهێڵنەوە. جێگای ئاماژەیە، پاشا لەم جۆرانە نزیکەی سەد و پەنچا کەسی هەبوو.

جوخدار و مەحزەرباشیش، دەچنە ناو چینی ئیچ ئاغاسییەوە، جوخداریە فەرمان لە جوخدار ئاغا وەردەگرێت و ئەرکەکانیان لەوانی تر شەرەفمەندارترە، کە بریتییە لەوەی فەرمانەکانی پاشا بگەیەننە ناوچەکان. بەڵام مەحزەری ئەرکی بریتییە لەوەی لەکاتی جەنگەکاندا، چاودێری دروستکردنی خەیمە و کارەکانی تر بکات کە پەیوەندییان بە دانان و بەزرکردنەوە و پاککردنەوەییانەوە هەیە.

کاتێک پاشا دەچێت بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی نوێژ بکات، لە ڕێورەسمێکی سەرسوڕهێنەر دا دەچێتە دەرەوە، تفەنکچی باشی لە پەنا ئەسپەکەی دا ڕادەوەستن و متارجی باشی لە لاکەی تریەوە دەوەستن و پاشان کۆمەڵێکی زۆر لە موسیقا ژەن و ئیچ ئاغاسیەکان، کەهەموویان سوارەن دەبینرێن. لە پەنا ئەمانەش دا کۆمەڵێکی زۆر لە کارمەند و خزمەتکاری لەگەڵە، لە نێویان دا ئالای جاوش و سراج باشی و کەوانچی[٤٩]....هتد و ژمارەیەکی تریش کە نازانم کارەکانیان چییە.

جێگای ئاماژەیە ئیچ ئاغاسییەکان باشترین سەربازی پاشان لە بەغدا، جا سوارە بن یان پیادە، کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی هەش سەد پیاو. بەڵام کوێخا و کەسایەتییە بەرزەکانی بەغدا، ئەوانیش ئوج ئاغاسییان هەیە، کەژمارەیان دەگاتە نزیکەی دوو سەد پیاو.

---

٤٩ .سراج باشی ئەو کەسەیە کە بەرپرسی کورتانی ئەسپەکەی پاشایە.

سوارەکانی پاشا کە لەم ویلایەتە دا "لاوەند" یان پێ دەڵێن و زۆربەیان لە "الحسکە و حلە"[٥٠] دانراون، ئەویش بۆ ئەوەی خێڵە عەرەبییەکانیان پێ تەمێ بکەن. کە لە سەد بەیرق پێکهاتوون و هەر بەیرقێکیش نزیکەی بیست و پێنچ پیاوە، لە کۆی گشتیی دا ژمارەیان دەگاتە نزیکەی هەزار و پێنچ سەد سوارە.

بەڵام تیپەکانی پیادە کە بە تیپی براتلی[٥١] ناسراون، نزیکەی سی فەسیلن، هەر فەسیلێکیش نزیکەی چل پیاوە، ژمارەی ئەم تیپانەش دەگاتە نزیکەی هەش سەد پیاو.

مەزندە دەکرێت ژمارەی تفەنکچی و سەربازەکانی ژێر دەستی پاشا ، نزیکەی دوو سەد پیاو بن، بەڵام سوپای پاشا بەنزیکەی سێ هەزار و پێنچ سەد سەرباز مەزندە دەکرێت.

براتلی لە ئیمتیازێک دەست دەکەوێت. دیارە ئەو سەربازانە کە پێشتر پێیان دەگووتن "جبەلی"، ئەوانەی کە خاوەن برائەتەکان دەیانهێنان، هەروەها "تیمار لی سباهسی" یش کە تەنها بۆ تیمارەکان و زەعامەکان بوو. دیارە تیمار دەدرایە کەسێک هەتا لەژیاندا ماوە، لە کاتی مردنیشی دا، پاشا پسوولەیەکی دەدایە کوڕی کابرای مردوو بۆ ئەوەی بچێتە ئەستەنبول، ئەویش دەچوو بۆ دیوانی هومایونی، بۆ ئەوەی "البرات، البراءة"ی دەست بکەوێت.

کاتێک عوسمانییەکان وڵاتێکیان داگیر بکردایە، زەوەییەکان بۆ "خاس، سەرۆکایەتی، تیمار" دابەش دەکرا.

خاص: ئەم بەشە زەوییانە بوو کە ڕووبەریان دەگەیشتە ١٠٠ هەزار ئاقچە، کە دەدرا بە سوڵتان و بنەماڵەکەی، هەر وەها لەم بەشەش دەدرایە وەزیر و والییەکان، بەڵام بۆ ئەمان پەیوەست بوو بە مانەوەیان لە پۆستی

---

٥٠ . الحسکە، شاری دیوانییەی ئێستایە و لە شیعر و گۆرانییە میللییەکاندا بە: "الحسجة" ناوی دەهێنن. و.ع

٥١ . براطلی واتە "البراءة، ئازادبوون یان بێ تاوان"، بەڵام لێرە دا زیاتر بە مانی کەسی ئازاد دێت. و.ک".

حکومی، گەر نەمانایە لێیان دەسەندرایەوە. دەبوایە لەکاتی جەنگ دا هەر کەسێک کە دەبێتە خاوەنی ئیمتیازی سەربازێک "جبەلییەک" بۆ هەر پێنج هەزار ئاقجە، ئامادە بکات.

سەرۆکایەتی (الزعامة): ئەم بەشە زەویانە کە ڕووبەریان لە نێوان ٢٠ هەزار تا ١٠٠ هەزار ئاقجە بوو، ئەمەش بە کارمەندە گەورەکانی ویلایەتەکان دەدرا، هەروەها بە پارێزەرانی قەڵاکان، هەتا لە ژیان دا مابوون ئەم ئیمتیازیان هەبوو. بەهەمان شێوەش دەبوایە هەموو خاوەن "الزعامة-سەرۆکایەتیی" یەک، لەکاتی شەڕ دا، بۆ هەر پێنج هەزار ئاقجە ، سەربازێک ئامادە بکات.

لە پەنا ئەمەش دا لە بەغدا هێزێکی گەورەی یەنیجیری و تۆپخانەی لێ بوو، بەڵام ئەم هێزانە راستەوخۆ فەرمانیان لە سوڵتان وەردەگرن و هیچ پەیوەندیان بە پاشاوە نییە، پاشا بۆی نییە فەرمانیان بەسەر دا بکات بۆ ئەوەی لەکاتی شەڕکردن لەگەڵ خێڵە عەرەبی یان کوردییەکان لەکاتی ڕاپەرین و ئاژاوە دا بجووڵێن و بەشداری شەڕ بکەن.

ئەوان لەو باوەڕە دان کە کاری ئەمان تەنها بریتییە لە پارێزگاریی کردن لە شار و قەڵاکەی، ڕووبەڕووی هەر هێرشێک دەوەستنەوە کە دژ بە سوڵتان بکرێت. ئەمانە لە ژێر فەرمانی کۆمەڵێک ئاغاواتی تیپە سەربازییەکانن لە قوستەنتینییە، ئەمانە ئەفسەریان بۆ دەنێرن. بەڵام زۆربەی سەربازەکان خەڵکی بەغدان و پاشایان خۆش دەوێت، بەتایبەتی کاتێک زوو سەردانیان بکات.

بە تەواوی نازانم ژمارەی سەربازانی یەنیجیری لە بەغدا چەندە، هەر وەها نەشمتوانی زانیاریی تەواوم لەم بارەیەوە دەست بکەوێت، بەڵام هەندێک کەس پێیان گووتم کە ژمارەیان دەگاتە دە هەزار سەرباز، بەڵام هەندێکی تر گووتیان ژمارەیان دەگاتە بیست هەزار سەرباز. هەر لە بارەی ئەم باسەشەوە، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان "لە ئاغاکانەوە بیگرە تا حەماڵەکان"، ناوی خۆیان بۆ سەربازی لە سوپای یەنیجیری نووسیوە،

چونکە هەموو حەزیان بەو ئازادیە زۆریە کە سەربازەکانی سوپای یەنیجیرییەکان هەیانە، هەروەها بۆ پاراستنی خۆشیان لە کاتی مەترسی دا.

تیمار: ئەم بەشەش ڕووبەری لە نێوان ٣ هەزار تا ٢٠ هەزار ئاقچە بووە، ناوی "تیمار" یان لێ دەنا. ئەم ئیمتیازەش بۆ هەتاهەتایی بە کەسەکە دەدرێت، بەڵام خاوەنی "تیمار" دەبێت لە کاتی شەر دا، بۆ هەر ٣ هەزار ئاقچە سەربازێک ئامادە بکات، بەڵام لە ٣ هەزار ئاقچەی یەکەمی لێی خۆش دەبوون.

دیارە ئەم زەویانە و باخەکان "خاس، زعامة، تیمار"، لە ژێر خزمەتی خاوەنەکانی دا بوون، کە ئەمەش بەپێی بەڵگە و سەنەداتی ڕەسمی دەکران و باجەکانیشی وەکو "دە یەکی شەرع یان باجی بەتاڵ، یان گواستنە " هەموو ئەم باجانە، خاوەن زەویەکان "خاص، زعامة، تیمار"، دەیان دا بەپێی جۆری زەویەکان.[٥٢]

هەموو تیپەکانی یەنیجیری جلوبەرگی تایبەتیی خۆیان هەیە، بەتایبەتی کڵاوەکانیان کە لە هێزەکانی تر جیاوازە بەتایبەتی لە سووپای پاشا و سووپای سوڵتان. بە هەر حاڵ هەر چەندە من سەربازم بینیووە لە سووپاکەی سوڵتان یان سوپای پاشا، چ جۆرە جلوبەرگێکیان بوێت ئەوانیش لە بەریان کردووە.

لە هەموو ناوچە عوسمانییەکانی تر بەهیچ جۆرێک هێزی "براتلی و لاوەندیی" بوونی نییە و کەس ئاگاداری ئەم ناوانە نییە، بەڵکە خەڵکی بەم جۆرە هێزانە دەڵێن سوارەی پاشا، یان هێزی "دیلی" و تفەنکچی و سکمانی.

کاتێک پاشا پێویستی بە ئامادەکردنی هێز بێت بۆ ئەوەی پەلاماری عەرەب و کوردەکان بدات، ئەفسەری تیپەکان (ئەوانەی پێشتر باسمان کردن) کۆ دەکاتەوە و داوای ژمارەی پێویستی سەربازیان لێ دەکات بۆ ئەم

---

٥٢ . بەم شێوەیە ئەو کەسانە "واتە ئەوانەی کە خاوەنی زەوی خاص، زعامة، تیمارن" بوون، هەموو کاتێک لە سەفەری بەردەوام دا بوون، هەموو کاتێکیش سوارەیان لەگەڵ بوو کە هەموویان چەکدار بوون، کە بەم سوارەییان دەگووت "تیمار سباهیسی"و ژمارەیان لە سووپای "ئەنکشاری" زۆرتر بوو. و.ع

هەڵمەتە عەسکەرییە، جێگای ئاماژەیە بەم هێزانەش دەگووترێت "سردن کجدی"[٥٣].

پاشا لە ناو خەڵکی دا سەربازی خۆبەخش کۆ دەکاتەوە و دەیانرێت بۆ مەیدانی شەڕکردن لەگەڵ دوژمن، بە بێ ئەوەی هیچ فێری بەکارهێنانی چەک و راهێنانی سەربازیان بکەن. لە پاش دوو مانگ دوای ئەم هەڵمەتە عەسکەرییانە، کە زۆر جار لەم ماوەیە کەمتریشی پێدەچێت، پاشا خۆبەخشەکان دەنێرێتەوە ماڵەوە و لە سوپا دەریان دەکات.

لەو کاتەی کە لە بەغدا بووم پاشا دە بەیرقی کۆ کردەوە، هەر بەیرقێک لە چل سەرباز پێک دێت، هەموویانی بۆ شەڕ دژی خێڵی "بنی کعب" لە بەسرە کۆ کردەوە. یەکێک لە خزمەتکارەکانم، کە لە حەلەبەوە لەگەڵم هاتبوو، وازی لە من هێنا و وەکو خۆبەخش بەشداری ئەم شەڕە بوو، بۆ ئەوەی چەکێکی دەستبکەوێت، بەم جۆرە ئەمیش بوو بە "سردن کجدی".

داوای لە من کرد کە ئەو پارەیەی بۆ هەڵبگرم کە بەڵێنم پێدابوو، بۆ ئەوەی پێی بگەڕێتەوە بۆ شاری حەلەب. جارێکیان لێم پرسی، ئاخۆ ئەو کاتەی پەیوەندی بەهێزی بەیرەقدارەوە کرد، سەربازەکان هیچ فێری بەکارهێنانی چەکییان کردوون؟ وەڵامی دامەوە و گووتی: ئەفسەرەکە داوای لێکردین کە نوێژ بکەین و فاتیحە بخوێنین، پاشان پێی گووتین کە سەربازەکان چ پێویستیی و ئامادەکارییەکیان پێویستە بۆ ئەم سەفەرە و پارەی پێویستیی پێداین بۆ ئەوەی ئەم پێویستیانە بکڕین، ئەو زۆر باوەڕی بە وەفاداریی و ئەمانەتی ئێمە هەبوو.

دیارە گەر پاشا پێویستی بە هێزی زیاتر بێت لەوەی کە کۆی کردۆتەوە، ئەوا دەتوانێت پیاوی چەکداری لە ناوچەکانی تر دەستبکەوێت، وەک (بەسرە، حەسەکە، ماردین، کوردستان) دەتوانێت لە خێڵە کۆچەرییە عەرەبییەکان،

---

٥٣ . سردن كجدی: مانای ئەسڵی ئەم ناوە لەو خەڵکە خۆبەخش یان فیدائیەوە هاتووە کە لە دژی دوژمن شەڕ دەکەن. بەڵام بەتایبەتی لە ویلایەتی بەغدا بە هەموو ئەو کەسانەی دەگووت، کە لە کاتی شەڕ دا بەشدار دەبوون بۆ ئەوەی پارەیان دەست بکەوێت، یان ئەو کەسانەی کە بە کرێ ئەم شەڕانەیان دەکرد. و.ع

ئەوانەی کە لەو ناوچانە دەگەڕێن کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دان. دەتوانێت زیاتر لە سی و شەش هەزار چەکدار کۆ بکاتەوە و لەمانەش دە هەزار پیاوی چەکدار هەڵدەبژێرێت، کە بە کەڵکی ئەم شەڕە دێن.

نەخشەی ژمارە ٤

أ.مەرقەدی ئیمام عەلی لە نەجەف.

ب. نەخشەی مزگەوتی کوفە، ژمارەکانیش ئاماژەی ئەمە دەگەیەنن:

١. باب لافيل. ٢.السفينة

٣.سەقاخانە ٤. ئەو میحرابەی کە موسا کازم نوێژی تێداکردووە

٥.شوێنی حەزرەتی عیسا ٦. شوێنی حەزرەتی موسا

٧.شوێنی حەزرەتی ئیبراهیم ٨. شوێنی حەزرەتی زین العابدين

٩.شوێنی نوحی پێغەمبەر ١٠. ماڵی نوحی پێغەمبەر

١١. قەبری جعفر بن معمر.

١٢ . قەبری مسلم بن عقيل (کە لە سەری نووسراوە "محمد بن محمود الرازي" و "أبو المحاسن بن أحمد التبريزي"). ئەمەش لە ساڵی ٦٨١ کۆچی نووسراوە.

ج/ مەرقەدی ئیمام حسێن لە کەربەلا.

د/ نەخشەی شاری نەجەف "مەرقەدی ئیمام عەلی".


ە/

و/ توربتان"ئەمەش لە وشەی (تربة) وە هاتووە، مانای خشتی لە قوور دروستکراو دەگەیەنێت"، ئەمە بۆ نوێژکردن بەکاردێت.

ز/ شمشێری ذو الفقار.

ح/ مزگەوتی پێغەمبەر

ط/ مەرقەدی الكاظمي.



نەخشە

**گرنگترین شارەکانی ئەم باشلقە:**

گرنگترین شار کە دەکەونە ئەم باشلقەوە ئەمانەن: بەسرە، ئەرویل(ئێربل)، ماردین، دیوانییە (بەرەسمی پێیدەڵێن الحسكة)، قازانی Kasani ، رماحیة (Romahie)مشهد علی (مەبەستی نەجەفە. و.ک)، کەربەلا، تاووق، ئاڵتون کوپری، قەرەتاغ(قەرەداغ، Karadagh)، مەندەلی، بەدرە، خوراسان، مەهروت (Mahrud)، بهروز ((Bohrus، Kisrobad)) قزلربات (مەبەستی قزراباتە. و.ک)، خانەقین (Chanaken)، قەسر شیرین (لەسەر سنووریی ئێرانە)، شارەبان (Schar Aban)، حرانییە (Harranie)، وینکجە (Jenksji)، بەرادان (Baradan)، دوجێل (Dedsjal)، تکریت، سامەرا، دور(Dur)، زنکاباد (Zenkabad)، بلد روز (Bellad–Drusin)، خرنابات(Charnabat)، عانە (ئەم شارەو ئەوانی دوای ئەمیش دەکەونە سەر ڕووباری فورات)، وجبە (Dsjubbe)، هیت (Het)، حدید (Hadid)، روس (Erus)[٥٤]، کوبەیسە (Kabase).[٥٥]

دیارە من ژمارەیکی کەم لەم شارانەم لە کاتی سەفەرەکەم دا بینیوە، بەڵام ئەوانی تر بە تەواوەتی نازانم لەکوێن، بەڵام من پێم باش بوو ناوەکانیان بنووسم، لەوانەیە لە داهاتوو دا زانایان و لێکۆلەرانی بواری جوگرافیا سوودی لێ وەربگرن.

لێرە دا پێم خۆشە لەبارەی ناوی گوندی "دروزین"، هۆشداری بدەمە گەڕیدەکان. من نازانم ئاخۆ هەتا وەکو ئێستا دورزییەکان لەم شوێنە دا دەژین یان پێشتر لێرەدا ژیاون؟ بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ناوە عەرەبییەکانەوە هەیە، بۆ ئەم شارانە و شێوازی نووسینیان، ناتوانم بە

---

٥٤ . پێدەچێت (نیبوور) کاتێک باسی (حدید) دەکات مەبەستی (الحديثة) بێت، (الروس)یش مەبەستی ئالوسییە. و.ع.

٥٥ . دیارە بەحوکمی ئەوەی نووسەر بێگانەیە و زۆر باش تەلەفوزی ناوەکانی بۆ نەهاتووە، هەر بۆیە بەباشی ناوی شارەکانی نەنووسیەوە، لی خوێنەر لە کاتی خویندنەوە دا، هەست دەکات مەبەستی لە کام شارە. ئێمە وەکو ئەمانەتێکی ئەدەبی، ناچاربووین هەموو ناوەکان وەکو خۆیان بنووسینەوە. و.ک

دڵنیایەوە بڵێم کە ئەم ناوانە تەواو راستن، چونکە ئەو کەسەی کە ناوەکانی بۆ دەنووسیم، زۆر باش نەیدەزانی بنووسێت و خوێندەواریەکی تەواویی نەبوو، هەر بۆیە من ناوەکانم بە ئەڵمانی نووسییەوە، بەو شێوەیەی کە خۆم گوێم لێ بوون.

کوردەکان و خێڵە بەدوەکان، ڕازیی نابن پاشا حاکمێکی تورکییان بۆ دابنێت. ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە دەبێت کەسێک سەرۆکایەتیان بکات کە خۆی سەرۆکی خێلەکانیان بێت، هەر بۆیە خۆیان یەکێک هەڵدەبژێرن و پاشان دەینێرن بۆ پاشا، بۆ ئەوە رەزامەندی بفەرموێت بۆ دامەزراندنی ئەو سەرۆکەی کە ئەوان هەڵیان بژاردووە.

جێگای ئاماژەیە من لە باسەکانی پێشوو دا، لە کاتی باسکردنی دوورگەی عەرەبی، ناوی زۆر لە خێڵە عەرەبییەکانم هێنا، لێرە دا پێمخۆشە ئاماژەش بەوە بکەم، کە ئەو گوندانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی پاشاوە، دەبێت سالانە (جزیە)[٥٦] بدەن بە پاشا.

## کوردستان

دیارە من نەمتوانی سەردانی کوردستان بکەم، من لێرە دا ئەوە دەگێرمەوە کە لە ویلایەتی بەغدا لەبارەی ئەم ناوچەیەوە گوێم لێ بووە، چونکە بەشێکی زۆری ئەم ناوچەیە لەژێر فەرمانڕەوایی پاشا دایە.

کوردستان وڵاتێکی شاخاویی سەختە، هەروەها ناوچەیەکی زۆر بەپیت و بەرەکەتە و خەیرات و بەرهەمێکی زۆریی هەیە، بەتایبەت زۆر دەوڵەمەندە بە داری سنەوبەر و دار بەڕوو، کە سالانە رێژەیەکی زۆری لێ دەنێرێتە حەلەب و لەوێوە دەنێردرێت بۆ ئەوروپا ، هەروەها زۆر بەداری کشمیش ناوبانگی دەرکردووە، کە لێرە لەجیاتی شەکر بەکاری دەهێنن.

---

٥٦ . جزیە جۆرە باجێکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیسلام دا بەسەر مەسیحی و جوولەکان دا دەسەپێنرا. بەڵام وادیارە لە سەردەمی حوکمی خوێناوی عوسمانی دا ئەم باجە بەسەر گوندە موسڵمانەکانیش سەپێنرابێت. و.ک

هەروەها لۆکە و تووتن و ترێ و هەنجیری لێ دەچێنرێت. جگە لەمەش بەرهەمی "قز"ی هەیە، کە وەکو ئاوریشمێکی زبر وایە، هەروەها ماستیک یان (بنێشت)، بەڵام ئەو کوالیتەی بنێشتی دوورگەی (خیۆ) ی نییە.

هەر چەندە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە ژێر فەرمانرەوایی پاشا دان، بەڵام ئەمان لەلایەن سەرۆکەکانیانەوە حوکم دەکرێن، هەر بۆیە توانیوویانە پارێزگاریی لە زمانی خۆیان بکەن، کە بۆ سێ دیالێکتی زمانی دابەش بووە. ئەو دیالێکتەی کە لە ناوچەی کۆیسنجەق قسەی پێ دەکرێت، دەستەواژە و وشەی زۆری عەرەبی و کلدانی تێدایە، بەڵام ئەو دیالێکتەی کە لە باکووری کوردستان دا قسەی پێدەکرێت، زیاتر دەستەواژە و وشەی تورکی تێکەڵاو بووە.

قەرەچولان یان قەڵاچۆلان (Kolla Dsjolan) ئەمەش فراوانترین ناوچەیە لە وڵاتی کوردستان دا و دەکەوێتە ژێر فەرمانرەوایی سوڵتانەوە، ئەم ناوچەیە لەلایەن بنەماڵەی سۆران (Suran)، کە ئەمانەش دەچنەوە سەر خێڵی بوبە(Bobbe)[٥٧].

سەرۆکەکەیان نازناوی "پاشا"ی هەیە، ئەمەش هیچ جیاوازی لەگەڵ پاشا کوردییەکانی تر نییە، چونکە ئەم نازناوی پاشایەتییە لەلایەن پاشای بەغداوە دەردەچێت کە یەک "خەتی" هەیە، ئەمەش پلەکەی لە پلەی بکاوی"بەگایەتیی" کەمترە، کە سوڵتان دەیبەخشێت و ئەویش تەنها یەک "خەتی" هەیە.

جێگای ئاماژەییە ژمارەییەکی زۆر لە ناو ئەم بنەماڵەیە دا کێبرکێیانە بۆ ئەوەی پلەی پاشایەتییان دەست بکەوێت، دیارە پاشای بەغدایش هەمووکاتێک، پلەی پاشایەتیی بەوانە دەدات کە پارەی زیاتری پێ دەدەن. مرۆڤ دەتوانێت هەست بە ناخۆشیی و ژیانی پڕ جەرمەسەری خەڵکی ئەم ناوچەیە بکات کە لە دوو لاوە دەچەوسێنرێنەوە: لەلایەن حوکمی زاڵمانەی تورکەکان و لەلایەن حوکمی تۆقێنەر و چەوسێنەری ئەم بنەماڵەیە کە حوکمی کوردەکانی قەڵاجۆڵان

---

٥٧ . لێرە دا (نیبوور) مەبەستی لە خێڵی ناسراوی بابانە، گەڕیدەی بەریتانیی "ریچ" کە نوێنەری بەریتانیا بوو لە بەغدا، کاتی خۆی سەردانی سلێمانی کردووە، ئەو دەڵێت کە بابانییەکان ئەسڵییان بۆ کرمانجەکانی ناوچەی پشدەر دەگەڕێتەوە و "بابان" نازناوی بنەماڵەکەیانە. و.ع

و ناوچەکانی تر دەکەن. لەبەر ئەوە لەم ناوچەیە دا هیچ شارۆچکە یان گوندێک نابینیت. قەڵاچۆلانیش بۆ خۆی گوندێکی بچووکە، دیارە گەر بمانەوێت ئەخلاقی نەتەوەیەک دەست نیشان بکەین کە تێیدا سیفەتێکی بەربڵاویی هەبێت، ئەمە بەسەر کوردەکاندا دەسەپێنرێت:

ئەمانە گەلێکن کە زۆر حەزیان بە تۆڵەسەندنەوەیە. کاتێک گەیشتمە موسڵ ڕووداوێک ڕووی دا کە بەم جۆرەیە: مەلایەک لە قەڵاچۆڵان دەمێنێتەوە، شەو دەچێت پاشا سەردەبرێت، چونکە براکەی لەسێدارە داوە.

لەبەشی باشووری ناوچەی کوردستان، کە لەژێر فەرمانڕەوایی پاشای قەڵاچۆلانە، ناوچەی شارەزوور (شهر الصول) (Schahhressul ) دێت. کە پێشتر ئەم ناوچەیە باشلقێکی گەورە بووە. پاشان گوندی گوڵ عەنبەر (Gulumbar)[٥٨]، کە دەکەوێتە نێوان کۆیسنجەق و کەرکووک، دیارە تاماوەیەکی زۆر ئێرە مەڵبەندی پاشا بووە.

بەڵام سەرداو (Serdaua) و بازیان Basean، مێرگە Margi، زەنگەنە Sangana، ئاخجەلەر، Agsjaller، لەبارەی ئەمانەوە هیچ شتێکی وام نەبیستووە، هیچ هەواڵێکی وا گرنگم لەبارەی ئەمانەوە نەبیستووە، ئەمانە هەموویان ناوی ئەو گوندانەن کە لە کوردستان هەن، هەروەها قەڵایەکی بچووکیش هەیە پێی دەڵێن سەردەشت Sardast.

بەڵام دووەمین پاشای کوردی، کە لەژێر فەرمانڕەوایی پاشای بەغدایە و جزییە یان باشتر بڵێم، ساڵانە نرخی پاشایەتی خۆی دەنێرێت بۆ پاشای بەغدا و لە کۆیسنجاغ Koi Sandsjak ئەوەش مەڵبەندیەکی ناسراوە کە ماوەی سێ ڕۆژ لە ئاربیلەوە دوورە و دوو ڕۆژ لە ئاڵتون کوبری دوورە. ئەو گوندانەی نزیکی ئێرەن، گوندی ڕوش Rosch و گوندی موران Mauran،

---

٥٨. ئەمە مەبەستی خورماڵە، کە ناحیەیەکە دەکەوێتە باکووری قەزای هەڵەبجە. بە پێچەوانەی ئەوەی کە (نیبوور) باسیی لێوە دەکات و پێیوایە دەکەوێتە نێوان کۆیسنجەق و کەرکووک. و.ع

دیارە ئێمە نازانین (نیبوور) مەبەستی لە کام گوڵ عەنبەرە، بەڵام لەو باوەڕە دا نیم کە مەبەستی (نیبوور) خورماڵ بووبێت، هەر وەک وەرگێڕی عەرەب بۆی چووە. و.ک

گوندی دووینDowin، پێدەچێت ئەمە شوێنی لەدایک بوونی ئەیوب باوکی پاڵەوانی بەناوبانگ سەلاحەددین ئەیوبی بێت.

پاشان بلباس Belbos: ئەمە گوندێکی گەورەیە و لەسەر لووتکەی چیا هەڵکەوتووە و ماوەی چوار رۆژ یان پێنچ رۆژ لە موسڵەوە دوورە. بلباس ناوی خێڵێکی کۆچەریی و فراوانە کە چەندین لقیان لە وڵاتی فارس و سوریا هەیە.

ڕەواندوز: هەر وەک یەکێک لە خەڵکی ناوچەکە بۆی وەسف کردم، دەکەوێتە ناو دۆڵێکی بچووکەوە لەناو شاخێکی پێچاوپێچ، کە رێگایەکی زۆر تەنگی هەیە. پێیان گووتم کە خەڵکی ئەم ناوچەیە، پارەییەکی زۆر کەم بە پاشای کۆیسنجەق دەدەن. دەسەڵاتیش لەدەستی تەنها بنەماڵەیەک نابێت و دانیشتوانی ئەم ناوچەیە ڕازیش نابن پاشا کەسێکییان لە خێڵە بەهێزەکانەوە بۆ بنێرێت بۆ ئەوەی حوکمییان بکات. کاتێک حاکمی شار مرد، خەریک بوو ببێتە شەڕی ناوخۆیی لە نێوان دوو گرووپ دا، هەر وەک کە لە ناو موسڵمانان دا باوە و ئەم شەڕەش بەردەوام بێت، هەتا وەکو لایەک لاکەی تر دەبەزێنێت و دەسەڵات بۆ خۆی قۆرخ بکات.

سێهەمین پاشای کوردیش، کە لە ژێر فەرمانڕەوایی پاشای بەغدایە، ناوی پاشا دڕنەیە. ئەمە حاکمی "زەهاو"ەSehau، و ناوچەیەکە دەکەوێتە سەر سنووری فارسەکانەوە.

ئەمەش ناوی ئەو گوند و ناوچە کوردیانەن کەلە ژێر هەژموونی پاشای بەغدا نین، ئەمانە یان ئەوەتا بەتەواوەتی سەربەخۆن، یان ئەوەتا جزیە و دیاریی دەدەنە پاشاکانی دراوسێیان، ئەم شوێنەش ناوی عمیدیەیە (ئامێدیی. و. ک). قەڵایەکی بەهێزە لەسەر شاخێکی سەرخت، کە زۆر زەحمەتە پێیدا سەربکەویت و داگیری بکەیت.

لە موسڵەوە نزیکەی هەژدە سەعات بەپێ دوورە، یان دەتوانیین بەپێی پێوانەی ئەڵمانی نزیکەی دە میل یان چواردە میلی ئەڵمانی[٥٩] دوور بێت. ئەو کەسەی حاکمی ئێرەیە ناوی بەهرامە Bahram، ئەمیش سەر بە بنەماڵەی

٥٩ . میلی ئەڵمانی یەکسانە بە ١٦٥٠ مەتر.

بلديناوه (Baldinau)[٦٠] که لەسەردەمی خەلیفەکانی عەباسییەوە حوکمی ئەم ناوچەیە دەکەن. هەرچەندە دەبوایە ئەم حاکمە لە ناوچەکەی دا سەربەخۆ بوایە، بەڵام جزیە و دیاریی دەداتە پاشاکانی دراوسێی، ئەویش بۆ ئەوەی پارێزگاری لە گوندەکانی بکات کە دەکەونە ناو دەشتاییەکانەوە بۆ ئەوەی وێران و خاپوور نەکرێن. جێگای ئاماژەیە ئەم ناوچەیە بەرهەمێکی زۆر دەنێرێتە دەرەوە، هەروەها چەندین کانە رەساس و ئاسنی هەیە کە ئەم ماددانە دەردەهێنێت و کەڵکیان لێوەردەگرێت.

ئەو شارۆچکانەی کە سەر بە پاشای ئامێدین ئەمانەن:

ئاکرێ (**العقرة**): ئەمیش شارۆچکەیەکی بچووکە کە نزیکەی حەوت تا هەشت میلی ئەڵمانی لە موسڵەوە دوورە. جێگای گووتنە ئەم شارۆچکەیە لە سەردەمی خولەفاکان دا زۆر ناوبانگی هەبوو، ئیستا کشتوکاڵی برنج دەکەن کە لە ناوچەکانی دەورووبەری دەچێنرێت.

زاخۆ: ئەمیش گوندێکی بچووکە کە دەکەوێتە سەر رێگای موسڵ ـ جزیرە. هەروەها کۆمەڵێک گوندیش لەو دەڤەرەن وەکو نافکرNafker، شێخان "شێخ خان" Schech Chan و دهۆک و زێبار و سمێڵ[٦١]، ئەمەی دوایان دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە، لەسەر رێگای یەزیدییە لە سنجار، هەتا دەگاتە مەزارگەی پیاوە پیرۆزەکەیان واتە "شێخ عادی".

هەکاری: ناوچەیەکی کوردستانە کە دەکەوێتە بەری رۆژهەڵاتی فەرمانڕەوای ئامێدیی و دراوسێی ویلایەتی وانی تورکیە. ئەمەش ناوچەیەکی بچووکی شاخاویی و سەختە، خەڵکی نەستووری تێدا دەژی و بەتریارکێکیان هەیە کەهەموو کاتێک پێیدەڵێن شەمعون Simeon. جێگای ئاماژەییە، ئەمان سەربەخۆیی تەواوییان لە قوش هەیە....هتد.

---

٦٠. راستییەکەی بەهدینان یان بەحدینانە، ئەمەش لە وشەیەکی عەرەبییەوە داتاشراوە، واتە لە "بهاء الدین"، کە ئەمیش ناوی بنەماڵەیەکی دێرینە کە ماوەیەکی زۆر حوکمی ئامێدی و دەورووبەریان کردووە. و.ع

٦١ . سمێڵ ناکەوێتە سەر رووباری دیجلە، بەڵکە دەکەوێتە سەر رێگای دهۆک _ زاخۆ، جاران ئەمە گوند بووە، بەڵام ئێستا بۆتە ناحییە. و.ع

دەڵێن گوایە پاشای وان بەگێکیان بۆ دەنێرێت کە لە گوندی کومیریKomeri دادەنیشێت، بەڵام خەڵکی ناوچەکە هیچ گوێی پێ نادەن و ملکەچ فەرمانەکانیشی نابن، لەترسی ئەوەی نەکا بچنە ژێر حوکمی موسڵمانەکانەوە، لەبەر ئەوە ئەوان نایانەوێت هیچ پەیوەنییان پێوەی هەبێت.

بایەزید: ئەمیش ناوچەیەکی ترە کە دەکەوێتە بەرامبەری دەریاچەی وان، پاشایەکی کورد حوکمی دەکات کە حوکمێکی پشتاوپشتیی بۆماوەییە (واتە لە باوکەوە بۆ کوڕ .وک) و لە دەستی بنەماڵەیەکە کە ماوەی چەندین ساڵە حوکمی ئەم ناوچەیە دەکەن. جگە لەمەش دوو ناوچەی تر سەر بەم هەرێمەن، لەوانە جولەمێرگ و بدلیس (بەدلیس). موش Musch دەکەوێتە ئەم ناوچەیەی دوایی، ئەمیش شارۆچکەیەکە کە خاوەنی شۆرەتێکی گەورەیە، کە تێیدا گوندێکی بچووکیش هەیە ناوی "زازون" ە.

ئەو ماوەیەی کە لە موسڵ بووم، بەهەلم زانی بۆئەوەی بەدوای دراویی رۆمانی و یۆنانی و فارسیی کۆندا بگەڕێم، بەڵام خەڵکی پێیان گووتم کە من دەتوانم ئەو دراوانەم لە ناوچەی کوردستان دەست بکەوێت، چونکە هەتاوەکو ئێستاش لەو ناوچەیدا ئەو دراوانە بەکار دەهێنرێن چونکە دراوی تورکی کەمە. بەشێکی ئەم دراوانەش خەڵکی لەرێگای پشکنین و گەڕان دەستیان دەکەوێت. بەڵام ئەو بەشەی کە دەمێنێتەوە بازرگانەکانی موسڵ لە کوردستانەوە دەیهێنن و دەیبەن بۆ نسیبین و ماردین و دیاربەکر و شارەکانی تر، لەوێ دار بەڕوو و سنوەبەری پێ دەکڕن.

بەڵام ئەم کارە، کارێکی ترسناکی گەورەیە، چونکە گەر پاشای تورکی یان قازی بزانێت کەسێک بازرگانی بەم دراوە کۆنانەوە دەکات، ئەوا دەنێرێت بە دوایدا و هەموو دراوەکە دەگرێت، پاشانیش دەیخاتە زیندانەوە و فەلاقەکارییەکی زۆری دەکەن، هەتا وەکو ئەو خەزێنەیان پێدەڵێت کە ئەم دراوانەی لێ دەستکەوتووە و داوای لێدەکات ئەو شوێنەیان پی پیشان بدات، تەنانەت گەر خەزینەی لەم جۆرەشی دەست نەکەوتبێت، ئەوان هەر لێی دەدەن و زیندانی دەکەن.

دراوای کۆنی عەرەبی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات دا زۆرە، چونکە لەم وڵاتانە دا نەریتێکی باویان هەیە کە باوکان ئەم پارە کۆنەیە دەکەن بە سەری کوڕەکانیانەوە یان وەکو ملوانکە بە ملیانەوە هەڵیدەواسن. موسڵمانەکان حەزیان بەم دراوە کۆنانەیە، جونکە ئایاتی قورئانی لەسەرە، لە کاتێک دا دراوی نوێ، هیچ شتێکی لەسەر نەنووسراوە، جگە لەناو سوڵتان و نازناوەکەی.

جێگای ئاماژەیە خەڵکی ئەم ناوچەیە، پارەکانیان ناخەنە سەرمایەگوزارییەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئاژاوە و نائارمی زۆریی تێدایە، هەر بۆیە پارەکانیان ناخەنە ناو پرۆژەی وەبەرهێنان، یان بازرگانی کردنی هەروەکو لە ئەوروپا دا باوە، بەڵکو پارەکانیان لە ژێر زەویدا دەشارنەوە، چونکەماڵەکانیان زۆر خراپە و خەزێنەی باشیشیان نییە.

زۆرجار ڕوودەدات، کە ئەو کەسەی دەمرێت هیچ زانیاری لەبارەی شوێنی ئەم پارانەوە نادات بە ئەندامانی خێزانەکەی یان بە خزم و کەسوکاری، کەسیش نازانێت لە کوێ گەنجینە و پارەکانی شاردۆتەوە، بۆئەوەی لەپاش مەرگی کابرا بچن دەریبهێنن. چونکە زۆریان لەو باوەڕەدان کە هێشتا وەختی زۆر لەبەر دەستدایە و مردن دوورە، بۆئەوەی ئەو شوێنەیان پێ پیشان بدات.

کابرایەک سەربوردەیەکی بۆ گێڕامەوە کە چەند ساڵێک لەمەو پێش ڕوویداوە. کاتێک کوردێکی سەر بە خێڵی کیکی(Kiki)[٦٢] لەسەر ئەسپەکەی دەکەوێتە خوارەوە و حاڵی زۆر خراپ دەبێت و نزیکە بمرێت، ئەویش هیچ زانیاری بە کوڕەکەی نادات لەبارەی ئەو شوێنەوی کە سامانەکەی خۆی تێدا شاردۆتەوە، ئەو لە مەرگ نزیک بۆتەوە زمانی لە گۆکردن کەوتووە و ناتوانێت هیچ قسەیەک بکات و بەهیچ شێوەیەکیش ناتوانێت بە کوڕەکەی بڵێت لە چ گردێک پارەکانی خۆی شاردۆتەوە. بەڵام کوڕەکە لە پاش مەرگی باوکی، دەچێت لە کۆمەڵێک گرد دا دەستدەکات بە زەوی هەڵکەندن، بەڵام هیچ نادۆزێتەوە.

---

٦٢ . هیچ خێڵێک بەم ناوەوە نییە، پێدەچێت مەبەستی خێڵەکانی کاکەیی بێت. کاکائی ڕێچکەیەکی سۆفیانەی ئاینییە کە أسحاق کوری شێخ عیسای بەرزنجی ساڵی ٧١٦ ک واتە ١٣١٦ ز دایمەزراند و مەزارگەکەشی دەکەوێتە شاخەکانی هۆرامانەوە. جێگای گووتنە "کاکائی" مانای (برایان، الاخوان ) دەگەیەنێت. و.ع

# بەشی دووەم

# وەسفی موسڵ و باکووری عێراق

# موسڵ و باکووری عێراق

## ئازاری ساڵی ١٧٦٦ زایینی

لە کاتی مانەوەم لە بەغدا، هیچ کاروانێکی وا گەورەم دەست نەدەکەوت کە لەگەڵیدا بچم بۆ حەلەب، بەتایبەت بەناو "بادیە"دا، چونکە سەفەرکردن بە تەنها بەم ڕێگایە دا زۆر مەترسیدارە. لەو کاتە دا کاروانێک خەریکی خۆکۆکردنەوە بوون بۆئەوەی سەفەر بۆ دیمەشق بکەن، ئەمەش وایکرد کە کۆمەڵێک بازرگان لەگەڵیدا بێن و سەفەر بکەن بۆ حەلەب، منیش خۆم گورج کردەوە و دوا بڕیاری خۆم دا.

بەڵام پێش ئەوەی سەفەر بکەم، بیستم کە خێڵە عەرەبییەکان لە سوریا، لەگەڵ پاشا تورکەکە بۆتە ناخۆشیی و ناکۆکییان، هەروەها بیستم کە کەسێکی ناسراو لەم سەفەرە پەشیمان بۆتەوە هەرچەندە پێشتر لەگەڵ ئەم کاروانە دا ویستبووی سەفەر بکات، لەبەر ئەوە منیش لەم سەفەرە پەشیمان بوومەوە، هەرچەندە پێشتر بڕیارم دابوو لەگەڵ ئەم کاروانە دا سەفەر بکەم.

بەڵام پاشتر زانیم کە پەشیمان بوونەوەم لەم سەفەرە لەگەڵ ئەم کاروانە دا، بەخت باشیم بووە، چونکە ئەم کاروانە لە نزیکی دیمەشق بەتەواوەتی تاڵان کراوە، هەروەها ئەو سندوقەش کە من لەگەڵ ئەم کاروانە دا ناردبووم بۆ حەلەب، ئەویش بەر تاڵانی کەوتووە.

سەفەرکردن بۆ موسڵ لە ڕێگای کەرکووک ـ ئاربیل (هەولێر. و.ک)، زۆر ئەمینە، بەشێوەیەک کە پیاو پێویستی بەوە نییە کە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی کاروانێکی گەورە بکات تا لەگەڵی بڕوات، هەروەها موسافیر و ڕێبوار هێندە مەرج نییە ئاژەڵی بارگری دەستبکەوێت، دەتوانێت بەم ڕێگایە دا بڕۆیت، هەرچەندە دووریشە، بەڵام کۆمەڵێک شار دەکەوێتە سەر ڕێگاکە، کە پیاو دەتوانێت سەردانیان بکات. هەروەها ئەم ڕێگایە زۆر لە ڕێگای بەغدا

ـ حەلەب باشترە، چونکە لەم ڕێگایە دا هیچ ئاوەدانی تێدا نییە، تەنها دوو یان سێ گوند نەبێت.

بەم شێوەیە دەستم کرد بە پرسیارکردن لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ هیچ کاروانێک هەیەبۆ موسڵ سەفەر بکات، زانیم کەوا گرووپێکی جوولەکە هەن کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی بیست وپێنچ تا سی کەس، ئەمانە هەموو خۆیان کۆکردۆتەوە بۆئەوەی سەفەر بکەن و تەواو ئامادەی سەفەرن و "کەر" یش بۆ گواستنەوەی شتەکانیان بەکار دەهێنن، چونکە هیچ شتێکی تریان جگە لەمە دەست نەکەتبوو، بۆئەوەی شتەکانیان پێ بگوازنەوە، هەمووشیان جلوبەرگی شڕوپڕییان لەبەر کردبوو و چەکیشیان پێ نەبوو.

جوولەکەکان لە وڵاتی ڕۆژهەڵات دا خۆشەویست نین، هەروەک چۆن لەئەوروپاش ئەمە حاڵیانە. نەمدەتوانی کاروانێکی لەمە خراپترم دەست بکەوێت بۆئەوەی لەگەڵی دا سەفەر بکەم. تاکە کەسێک کە لەم کاروانە دا بوومە هاوڕێی، بارزگانێکی پیر بوو خەڵکی شاری موسڵ بوو، ئەویش پیاوێکی زۆر سەیروسەمەرە بوو، خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر سەیریش بوو، ئەو هەموو ئەم ناوچانە گەڕابوو، بەتایبەتی ناوچەی کوردستان، هەربۆیە دەمویست ببمە هاوڕێی و بیدوێنم، بەو هیوایەی هەندێک زانیارم دەست بکەوێت.

ئەویش زۆر حەزی دەکرد کە من لەگەڵی سەفەر بکەم، هەروەک بۆی دووپات دەکردمەوە کە ئەم ڕێگایە زۆر ئەمین و هیچ جۆرە ترسێکیشی تێدا نییە. لەبەرئەوەی منیش خۆم حەزم نەدەکرد هێندە بمێنمەوە و لەم ناوچەیەشدا ببمە جێگای سەرنجی خەڵکی، ترسیشم هەبوو لەوەی کە ماوەیەکی زۆری پێ بچێت، هەتا وەکو کاروانێکی تر پەیدا دەبێت، هەر بۆیە بڕیارم دا لەگەڵ ئەم جوولەکەیە دا سەفەر بکەم.

من هەتا وەکو ئێستاش ئەو فەرمانە سوڵتانییەم هەڵگرتووە، کەلە قوستەنتینییە لەبارەی ڕێگەپێدانی ئەم سەفەرەمەوە وەرمگرت، هەروەها لە پاشای بەغدایش کاغەزی "بویور أولدي" (پاسپۆرت) م وەرگرت و لای خۆم پاراستوومە، هەرچەندە لەم وڵاتە داوای پاسپۆرت لە موسافیرەکانی ناکرێت و کەسیش نییە بێت لەمبارەیەوە پرسیارت لێ بکات، لێ باشترە بۆ کەسێکی

موسافیر کە ئەم جۆرە بەڵگەی سەفەر کردنەی پێ بێت، چونکە ئەوەی ئەم بەڵگەیەی هەبێت، لەناو ئەو کاروانەی کە سەفەریان لەگەڵ دەکات، زۆر رێز و حورمەتی لێدەگرن، هەروەها دانیشتوانی ئەو گوندانەش کە پێیدا تێدەپەڕیت، ئەوانیش زۆر رێزت دەگرن.

ئەسپێک و دوو ئێسترم بە کرێ گرت، یەکێکیان بۆ خزمەتکارەکەم و ئەویتریشیان بۆ کەلوپەلەکانم، لە ٣( ئازار) دا خواحافیزیم لە بەغدا کرد.

بە رێگایەکی رێک دا لە بەغداوە بۆ ینکچەJankscha سەفەرمان کرد (سەیری نەخشەی ژمارەی ٨ بکە). لە ئێوارەی حەوتەم رۆژ دا گەیشتین. لەماوەی پێنچ رۆژی یەکەمی ئەم سەفەرەمان دا لەم رێگایە هیچ شتێکم نەبینی کە ببێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانم، تەنها شتێک نەبێت ئەویش ئەوەیە، کە لە سێ رۆژی یەکەم دا هیچ جۆرە ئاوەدانییەک یان گوندێکم لەم رێگایەدا نەبینی. لێ موسافیر لەم ماوەیە دا کۆمەڵێک شوێنەواری کۆن دەبینێت، لە نێوانیان دا کۆمەڵێک گرد دەبینیت، بوونی ئەو هەموو خۆڵەی سەری، گوزارشت لە پاشماوەی ئەو تەلارانە دەکات کە پێشتر دروست کراون.

لە شوێنێک کە دەکەوێتە نێوان هێڵی ٣٣.٥٧ شارێک هەیە ناوی کرفەKorfa[٦٣] ئەو شارەی کە یەکێک لە خەلیفەکانی شاری سامەرا دروستی کردووە، هەتا وەکو ئێستاش چوار دیوارە بەرزەکانی ماون و نەڕووخاون. گەر بەرەو لای راستی گوندی دوجەیلە برۆین، پێدەچێت شوێنەواری کۆنی سەیرو سەمەرە بدۆزینەوە.

زانیم لەم ماوەیە دا کەوا خەڵکی لەم ناوچەیەدا "خان مصبح Chan Msabbach " یان دۆزیوەتەوە، هەر وەها لەناو قوبەیەکی گەورە دا، کۆمەڵێک سندوقی بەردینی گەروەیان دۆزیەوەتەوە، کە لە ناوی دا مردوو هەبووە،

---

٦٣ . پێدەچێت (نیبوور) مەبەستی لە شارۆچکەی کفری بێت، چونکە باسی دوجەیل دەکات کە نزیکە لێوەی، هەر وەها لە نزیکی کفریش کۆمەڵێک گرد و شوێنەواری مێژوویی هەیە. بەڵام وەرگێڕە عەرەبەکە پێیوایە مەبەستی (نیبوور) غرفەیە، ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان بەغدا و کەرکووک، هەر چەندە بەرێز سامی ئالوسیش کە بەم کتێبە دا چۆتەوە و بەشێک لە پەراوێزەکانیش ئەو دایناوە، پێیوایە کە مەبەستی (نیبوور) کفرییە. و.ک

هەروەها لەناو ئەم سندوقە بەردینانە دا چەند نووسراوێکیان دۆزیوەتەوە، کە پێدەچێت بگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی ئاشووریی یان فارسیی کۆن.

هەر لە یەکەم رۆژی سەفەرەکەمان دا، هەستم بە ترسنۆکی و ترسیی زۆر لە سەحرا لەسەر سیمای هاورێ جوولەکەکەم کرد. جارێکیان ژمارەیەک لە کەرەوانەکان، کە هەموویان موسڵمان بوون، لەناوخۆیان دا بوو بە شەڕیان و دەنگیان بەرزدەکردەوە "هەروەک بۆتە عادەتیان".

جوولەکەکان زۆر ترسان و ترس هەموو دڵی داگیر کردبوون، لەوە دەترسان کە

کەرەوانەکان جامی غەزەبیان بگاتە جوولەکەکان و هەموو ماڵ وموڵکیان بدزن. یەکێک لە جوولەکەکان هاتە پەنامەوە و تکای لێکردم کە دەمانچەکەمی بدەمێ، منیش لێم پرسی ئاخۆ دەزانێت بەکاری بهێنێت و دەتوانێت تەقەی پێبکات، ئەو وەڵامی دامەوە و گوتی، هیوادارم دەمانچەکە فیشەکی تێدا نەبێت.

گووتی: من دەمەوێت تەنها خۆمی پێ دەرخەم، بۆ ئەوەی کەس نەوێرێت پەلامارم بدات و هەوڵی تالانکردنم بدات. بەڵام کاتێک بەئاسمان دا چەند فیشەکێکم تەقاند بۆ ئەوەی لەیەکتریان جیا بکەمەوە، جوولەکان زۆر شڵەژان و بەپەلە هاتن بۆ لام و دەستیان کرد بە گریان و پاڕانەوە لێم، تکایان لێکردم کە واز لەم کارە بهێنم، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی تووڕەکردنی کەرەوانەکان، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە هەموو پارە و شمەکەکانیان تالان بکەن و چەتەکانمان لێ ئاگادار بکەنەوە و هێرشمان بۆ بکەن.

ئەمەش نموونەیەکی تەواو راستە لەبارەی ترسنۆکی و زەلیلی جوولەکەکان لەژێر حوکمی موسلمانەکان، لەبەر ئەوە ئەوان هیچ وەختێک بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە چەک لە دژی تورکەکان هەڵبگرن بۆ ئەوەی فەلەستین داگیر بکەن، هەروەک چۆن چەندین ساڵە خەونی پێوە دەبینن و خەونی گەورەی هەموو جوولەکەیەکیشە. لەم ڕووداوە بچووکە دا، کەهیچ پێویست بەوە ناکات جوولەکەکان بەو شێوە زۆرە بترسن، کەچی ئەوان لەو باوەڕە دابوون کە کەوتوونەتە ترسێکی گەورەوە و ژیان و ماڵ و موڵک و رۆحیان لەناو دەچێت. دیارە پاش ئەوەی کەرەوانەکان شەڕێکی خەستیان

لەنێوان خۆیان کرد، لەگەڵ یەکتری ئاشت بوونەوە و بەردەوام بووین لە ڕێگا کردن و سەفەرەکەمان.

گوندی ینکچە[٦٤] کە دەکەوێتە سەر هێڵی ٣٤ پلە و ٥٢، لەم وەرزە دا ئەم ناوچەیە چۆڵ بوو، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئاوایی چووبون بۆ گەڕان بەدوای لەوەڕگا بۆ مەڕ و وڵاخەکانیان.

لە دوزخورماتوو[٦٥] کە نزیکە لە ینکجە، خوێ و قیر و سەرچاوەی نەوت هەیە . بەڵام خەڵکی ئەم ناوچەیە هیچ گرنگی بە قیر نادەن، چونکە لە هیت کە دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات، خەڵکی لەوێ بۆ باشکردنی کەشتییەکانیان بەکاری دەهێنن. بەڵام نەوتی ڕەش لێرە زۆر ڕەواجی هەیە، چونکە لەجیاتی زەیت، بۆ چراکانیان بەکاری دەهێنن. دەچن لقی خورما پارچەی گەورەی لی دەبڕن و دەیچەقێنن بەناو نەوت دا و پاشان دایدەگیرسێنن.

دیارە کاتێک دایدەگیرسێنن لەم دارەشەوە بۆنێکی زۆر ناخۆش دێت کە لەکاتی ئاسایی دا ناتوانیت تەحەمولی بکەیت و هەروەها لە ڕووی تەندروستیشەوە باش نییە، بەتایبەتی جووتیارەکان لە وەرزی زستان دا بۆ گەرم کردنەوەیماڵەکانیان بەکاری دەهێنن. لەم وەرزە دا جووتیارەکان لە پەنا سەرچاوەکانی نەوتەکە دا کارەکانیان دەکەن. بەڵام ئەو چرایانەی کە پاشا و نەجیبزادە و دەوڵەمەندەکانی بەغدا بەکاری دەهێنن، بریتییە لە بەکارهێنانی پڵێتەیەک کە لە ناو نەوتدا نوقم دەکرێت و پاشان وشک دەکرێتەوە ئینجا لەجیاتی چرا بەکار دەهێنرێت.

جێگای گووتنە بەم نەوتە بەدوەکان و جووتیارەکان، لە سەرەتای بەهار دا ئەو حوشتارانەی پێ ڕەنگ دەکەن کە تازە لەدایک دەبن. هەروەها بیستم

---

٦٤ . پێدەچێت (نیبوور) مەبەستی لەم ناوە، گوندی "ئینجانە"بێت، کە دەکەوێتە نزیکی چیای حەمرین. و. ع

٦٥ . وەرگێڕە عەرەبەکە دەڵێت بەکارهێنانی دوزخورماتوو هەڵەیە، ڕاستەکەی "توزخورماتوو" وە، هەرچەندە (نیبوور) لە گۆکردنی خەڵکی ناوچەکەوە بە ڕاستی وشەکەی گواستۆتەوە.

گوایە لەم ناوچەیە دا نەوتی سپیش هەیە کە خەڵکی بۆ چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆشی بەکاری دەهێنن.

خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆیان دووپات کردمەوە کە ئەم نەوتە سپییە گەر بخرێتە ناو سەری کەسێک، ئەوا لە جەستەیەوە دەردەچێتە دەرێ و لە پەنچەی دەست و قاچیەوە دێتە دەرەوە ڕێک وەکو ئارەقە وایە. کەسێکی ژیر باش لەوە تێدەگات کە من نامەوێت ئەم ئەزمونە بە چاوی خۆم ببینم.

لە رۆژی نۆیەم دا لە مانگی ئازار، پاش ئەوەی جوولەکەکانمان جێهێشت بەبێ ئەوەی هیچ دەستییان لێ بدەم، لە سەفەرەکەمان بەردەوام بووین و لەینکجە وە بەروە تاووق بەرێ کەوتین. تاووق نزیکەی چوار میل و نیو لە ینکجەوە دوورە.

ئەم ئاوەدانییە دەکەوێتە سەر ڕووبارێک کە خوورەیەکی بەهێزی هەیە. لە رێگا دا لەوەڕگای زۆر و کێڵگەی سەوزمان بینی، بەڵام هیچ گوندێکمان نەبینی. پێدەچێت پێشتر ناوی تاووق بە جۆرێکی تر بووبێت و زیاتر "داقووق" بووە، ئەمیش شارێکی مەزن بووە، کە تێیدا شوێنەواری دەرگای شار و مزگەوتێکی گەورەی هەیە کە لە خشتی قورین دروست کراوە، زۆربەی ماڵەکانی یان لە گەج یان لە قووڕ بنیات نراون.

لە نزیکی ئەم گوندەوە مەزاری یەکێک لە ئەولیاکانی موسڵمانان هەیە، کە ناوی "زین العابدین" ە، خەڵکی ئەم ناوچەیە لەو باوەڕە دان، کە ئەم مەزارە دەتوانێت، ساڵی یەکجار کوێرێک چاک بکاتەوە. لەبەر ئەوە ئاساییە کە ساڵانە موسڵمانەکان بە لێشاو سەردانی ئەم مەزارە بکەن. مەحمودی کوڕیشی کە لە نزیکی ئەم قەبرەوە نێژراوە، موسڵمانەکان لەو باوەڕە دان، کە گڵەکەی بۆ چاکبوونەوەی زۆر لە نەخۆشییەکان بەسوودە.

لە ڕۆژی دەیەم دا بەردەوام بووین لە سەفەرەکەمان، لە داقووقەوە بەرەو کەرکووک رۆیشتین، دیارە پاش ئەوەی کە پێنج میلی ئەڵمانیمان بڕی. کاتێک ڕێبوارەکان بەم ڕێگایە دا تێدەپەڕن، ڕێگایەکی شاخاویی نزم دێتە ڕێگایان، کە خەڵکی ناوچەکە ناویان ناوە "ئەسکەندەر"، ئەوان لەو باوەڕە دان کە لەم ناوچەیە دا نێژراوە.

لەکاتی مانەوەمان لە داقووق خەڵکی، چوون بۆ لای جوولەکەکە و زۆر باسی چەتەی سەر ڕێگا و دزینی ترسێنەریان بۆ کرد، تەنانەت گوتیان جارێکیان ڕێگاشیان لە پاشای بەغدا و پاشای کەرکووکیش گرتووە، ئەمەش لە نێوان داقووق و کەرکووک دا ڕوویداوە. ئەمەش وای لە جوولەکەکان کرد کە چوار کەسی خەڵکی داقووق لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ ئەوەی لە ڕێگا دا لەگەڵیان بن و پارێزگاریان لێ بکەن، دیارە ئەمەش پاش ئەوەی پارەیەکی زۆریان لێ سەندن.

پاشان زانیم کە ئەو چوار کەسە خۆیان چەتەی ڕێگا بوون، ئەوان بە ئەنقەست ئەو قسانەی بۆ جوولەکەکان کردبوو، بۆ ئەوەی ترسێکی زۆر بخەنە دڵیانەوە تا داوایان لێبکەن لەگەڵیان بێن، ئەمانیش پارەیەکی باشیان لێ بستێنن. کاتێک شەو لەماڵی یەکێکیان مامەوە لێم پرسی، ئاخۆ ئەم دەمانچە جوانە و ئەم شمشێرە نایابەی لە کوێ بووە؟ وەڵامی دامەوە و گوتی: جارێکیان یاوەری موسافیرێکی کردووە، پاشان ئەو ئەم دوو چەکەی پێداوە، چونکە ئەو خۆی نەیدەزانی بەکاریان بێنێت. پاشان پێی گوتم کە موسافیرەکە سکمان(سەرباز) بووە ، زۆرجاریش یاوەری موسافیرەکان دەکات و بارزگانیان لەگەڵ دا دەکات.

**کەرکووک**

کەرکووک دەکەوێتە سەر گردێکی جوان، ئەم شارە خەیراتێکی زۆریی تێدایە بەڵام کەمتر ئاوەدانی پێوە دیارە، شوێنی لەسەر نەخشە هێڵی پانایی ٣٥ پلە ٣٩ یە. هیچ شوێنەوارێکی کۆنی شارە ئەسڵییەکە نەماوە کە دەکەوێتە سەر گردێک کە زۆر سەختە. بەڵام گردەکە خۆی، پڕیەتی لە دانیشتوان و شواریەکی بەرزیی لە قووڕ دروستکراو دەورەی داوە و سەربازگە (حامییە)یەکی سوپای یەنیجیریی تێدایە و پێی دەڵێن قەڵا.[٦٦]

---

٦٦ . لە دەقە ئەڵمانیەکە دا، دەڵێت: کەرکووک دەکەوێتە ناوچەیەکی جوان و بەپیتەوە، لەسەر گردێکی لێژ قەڵایەکی لێیە. هەروەها لە دەقە ئەڵمانییەکە دا هیچ باسی هێڵی پانیی و پیسوپۆخڵی قەڵاکە ناکات، نازانم وەرگێڕە عەرەبەکە لەکوێوە ئەم زانیاریانەی هێناوە! .و.ک

ئەو شوێنەی کە پێی دەڵێن قەلا، پیسترین شوێن بووە کە تا ئێستا بینیبێتم، ماڵەکانیشیان لەو پەڕی پیس و پۆخڵی و خراپی دا بوون. لە قەڵاکە دا سی مزگەوت هەن کە منارەیان تێدایە. لە یەکێک لەمزگەوتەکان دا قەبری " دانیال و میخائیل و حنانیا و عزائیل "ی پێغەمبەری تێدایە، بێگومان جوولەکەکان دەزانن کە پیغەمبەرەکانیان لەم مزگەوتە دا نێژراون، بەڵام موسڵمانەکان ناهێڵن ئەوان بچنە ناو ئەم مزگەوتەوە بۆ ئەوەی سەردانی قەبری پێغەمبەرەکانیان بکەن.

هەروەها لە کەرکووک نزیکەی چل کلدانی و نەستووری هەن کە سەر بە کلێسای رۆمان، کاتێک کە بیستیان گەڕیدەیەکی ئەوروپی هاتووە، یەکسەر ڕایانکرد بۆلام و سەردانیان کردم. بەهاتنم زۆرخۆشحاڵ بوون و زۆر حەزیان کرد کە پیاوێکیان لە وڵاتی قەدیس بترۆس بینییوە و زۆر تکایان لێکردم کە چەند رۆژێکی تر لەلایان بمێنمەوە. لەکاتی قسەکردن لەگەڵیان دا، زۆر ڕقم لە مەسیحییەکانی رۆژهەڵات بۆوە، چونکە هێشتا خۆیان بە خورافاتی کۆنەوە بەستۆتەوە و باوەڕیش بە پاپا ناکەن وەکو خەلیفەی مەسیح لەسەر زەوی.

من ئامۆژگاریی ئەو خەڵکە باشانەم کرد و داوام لێکردن کە زۆر سەبر و تەحەمولیان هەبێت و دڵیان بەرامبەر مەسیحییەکانی تر فراوان بێت، بەبێ ئەوەی شتێکی وابکەم، کە ئەوان هەست بکەن کە من سەر بە مەزهەبەکەی ئەوان نیم.

جێگای ئاماژەیە من هەستم کرد کە هەموو مەسیحییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات، زۆر لە یەکتری تێدەگەن و هاودەمن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک حەزییان بەو مەسیحییانە نییە کەسەر بەکلێسای رۆمیی کاتۆلیکین. هەروەها هەستم کرد کە هەندێک لەو مەسیحییانەی کە لە رێگای قەشە ئەوروپییەکان و شاندە مسیۆنێرەکانەوە چوونەتە سەر بەزهەبی کاتۆلیکی رۆمانی، دوژمنی سەرسەختی براکانیانن ئەوانەی کە هێشتا لەسەر مەزهەبە کۆنەکانیان ماون و عەقیدەی خۆیان نەگۆڕیوە.

کەرکووک مەڵبەندی پاشایەتییە لە پلەی دوو خەت، بەڵام پاشا لەناو شار ناژی، بەڵکە لە لاکەی تری ڕووبارەکە دەژی و ناوچەیەکی کەمیش دەچێتە ژێر فەرمارڕەوایی ئەوەوە. بەڵام بەشەکانی تری ویلایەتی شارەزوور Schahr Essul کە دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان داقووق و ئەربیل "هەولێر"، ئەوا هەمووی دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی پاشای بەغداوە، هەروەک پێشتریش باسم کرد.

کاتێک نادرشا پەلاماری شاری کەرکووکی دا، زۆر تووشی بەرەنگاریی نەبۆوە، بەڵام کاتێک لە بەرامبەر موسڵ تووشی فەشەل بۆوە و هێزەکەی لە وێ لەناوچوو و شکستی هێنا، بە پەلە لە شاری کەرکووک کشایەوە، پاش ئەوەی زەرەرێکی زۆری لێکەوت.[٦٧]

لە ڕێگا دا کۆمەڵێکی زۆر چەکو تەقەمەنیم بینی، کەپێش بیست ساڵ فارسەکان لێرە لێیان بەجێماوە. لەم ناوچەیە دا کۆمەڵێک ئاشێ ئاو هەیە، هەربۆیە گەنمێکی زۆر لەم ناوچەیە دێتە بەرهەمهێنان و دەنێرێت بۆ بەغدا و لە بەسرەشەوە خورما و شتی تر دێت، کە لەگەڵ گەنمدا دەیگۆڕنەوە.

لە نزیک کەرکووکەوە سەرچاوەی قیر و نەوت هەیە، لەوێ جێگایەکی لێیە پێی دەڵێن بابا گرگڕ (بابە گووڕ گووڕ. و.ک). ئەم شوێنە زۆر سەرسوڕهێنەرە بەتایبەتی زەویەکەی زۆر گەرمە بە شێوەیەک کە دەتوانرێت گۆشت و هێلکەی تێدا ببرژێت، پیاو پێویستیی بەهیچ نییە تەنها چاڵێکی بچووک هەڵبکەنە و ئەو شتەی تێکە و بۆ خۆی دەبرژێت. خەڵکی بۆیان گێڕامەوە کە لەم شوێنەوە ئاگرێکی گەورە بەرز دەبێتەوە، کە زۆر جار خەڵکی بۆ خۆشی دەچن سەیری ئاگرەکە دەکەن.

پێشتر گووتم ماوەیەکی زۆرم لەبەر دەست دایە، هەربۆیە پەلەم نەکرد بۆ سەردانی ئەم شوێنە، بەتایبەت ئەو موسڵمانانەی کە لە کاروانەکە لەگەڵمان بوون و کەرەوان بوون، دەیانویست بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەکەرکووک

---

٦٧ . ئەمە لە ساڵی ١١٥٦ کۆچی واتە ساڵی ١٧٤٣ زایینی روویدا. لەمبارەیە (فتح الله القادري الموصلی) یادداشتێکی نووسیوەتەوە کە مامۆستا سعید الدیوجي ساڵی ١٩٥٥ لە چاپخانەی موسڵ، پێیداچۆتەوەو چاپی کردووە. و.ع

بمێننەوە، بۆئەوەی پشووی جەژن "بیرم" بگێڕن. بەڵام لە ناکاو لە ڕۆژی یانزەمین دا[٦٨]، کاروانێکی گەورە لە بەرەبەیان دا خۆی کرد بە کەرکووک دا و دەیویست بچێت بۆ ئەربیل، ئێمەش بڕیارمان دا لەگەڵیان بچین.

لەم ڕێگایە دا هیچ گوندێکم نەبینی هەتا ئاڵتون کوپری کە شەوی دوانزەهەم گەیشتینە ئەوێ، بەڵام لە ڕێگا دا زۆر بنەماڵەی کوردیمان بینی، کە لەم لەوەڕگا جوانانە دا، خەریکی لەوەڕاندنی ڕەشەولاخ و بەرخەکانیان بوون.

**ئاڵتون کۆپری:**

ئاڵتون کۆپری مانای "پردی ئالتونی" دەگەیەنێت، ئەویش شارۆچکەیەکە کە ژمارەی ماڵەکانی دەگاتە نزیکەی چوار سەد تا پێنچ سەد ماڵ. دەکەوێتە سەر زێی گەورە و لەناو دوورگەیەکی بچووک دایە، بەناو ئەو پردەشەوە ناویان ناوە، چونکە بەرزایی کەوانیی (قەوس) کانی پردەکە زۆرترە لە چاو پردی ئاسایی، ئەو پردەی کە پێش چەند ساڵێک ڕووخا، بەرزاییەکەی هێندەی ئەمەی ئێستا نەبوو، هەربۆیە ناچاربوون کە بەم شێوە جوانە ئەم پردە دروست بکەن و نەشیانتوانی پردێک دروستبکەن، کە کەوانەی لەمەی ئێستا کەمتر بێت.

شەوی ڕابردوو و ئەمڕۆش، بارانێکی زۆر باری بەسەرمان دا، بارانەکە هێندە زۆربوو، کە هەموو گیانمانی تەڕ کرد و هیلاکی کردین، لێ کاوانەکە توانی بگاتە شارۆچکەکە و بپەڕێتەوە بۆ ئەو بەری ڕووبارەکە. خەڵکەکە ئامۆژگاریان کردم کە لەگەڵیان برۆم، چونکە ئاوی ڕووبارەکە بەهۆی باران بارینی زۆری دوێنێ شەوەوە، ئاستەکەی بەرز دەبێتەوەو خووڕەکەشی بەهێزتر دەبێت، بەشێوەیەک کە پەڕینەوە لێی کارێکی ترسێنەر دەبێت.

من هەموو وەختێک گوهداری ئامۆژگارییەکانی خەڵکیم دەکرد و بەپێی بۆچوونەکانی ئەوان دەرۆیشتم. لێ تەنها ئەمجارەیان بیرم لەکەمێک ئیسراحەت کردەوە و دەمویست بە هێمنی و ئارامی شەو لێرە بخەوم، بەتایبەتی ئێمە چاوەڕوانی باران بارینی زیاترمان دەکرد، لەبەر ئەوە لە ماڵ مامەوە و جلەکانم وشک کردەوە، شمەک و سندوق و هێسترەکانم نارد بۆ

٦٨ . لە دەقە ئەڵمانییەکە دا دەڵێت ڕۆژی ١٦ی مانگ. و.ک

ئەو بەری ڕووبارەکە و خۆم و خزمەتکارەکەم و ئەو پیاوەی ئاگاداریی ئەسپەکەم دەکات ماینەوە.

لەو کاتە دا کە ئێمە لە ئاڵتوون کوپری ماینەوە، جەژن (بیرم) بوو، ئیتر خەڵکی دەستییان کرد بە گێرانی جەژن و خۆشیی بەم بۆنەیەوە، من زۆر دڵم خۆشبوو بەو جەژن و ئاهەنگانەی کە خەڵکی ئەم شارۆچکەیە دەیانکرد، کە هەمان ئەو دیمەنانە بوون کە لە شەقامەکانی قاهیرە بینیمن، بەتایبەت ئەو جۆلانانەی کە لێرە و لەویّ دایاننابوون، کە خەڵکی بەبیّ گوێدانە تەمەنیان لەناویدا بوون تەنانەت شێخەکانیش بە ڕیشە سپیەکانیانانەوە. هەروەها موبارەزەی بە تێلام بینی، کە لە نێوان دوو کەس دەکرێت و هەر یەکەیان تێلایەکی لە دەستدایە.

داوام لە پیاوێک کرد کە ماسولکەکانم بشێلێت، یان بەشێوەیەکی تر بڵێم بە هەر دوو دەست بهێنێت بە لەشمدا. دیارە ئەم کارە یەکەمجار بۆ پیاوێکی ئەوروپی لەوانەیە ببێتە هۆی دروستکردنی حاڵەتێکی ناخۆش، هیچ تام وجێژم لەم کارە وەرنەگرێت، لیّ ئەمە نەریتێکە لە رۆژهەڵاتدا باوە، بەش بە حاڵی خۆم، زۆر مورتاح بووم بەم کارە، بەتایبەتی پاش ئەو دوو رۆژەی کە بە ریگایەوە بووم و زۆر هیلاک کەوتم.

دیارە بۆ کاری شێلان پیاو پێویستی بە چالاکییەکی ئەوتۆ نییە، تەنها ئەوەندە نەبێت بەشێوەیەکی ڕێک لەسەر زەوی پاڵ دەکەویت و کەسێکی تر دێت هەموو جەستەت دەشێلێت و بە هەر دوو دەستیی بە هێواشیی فشار دەخاتە سەر لەشت، بەشێوەیەک وا دەکات خوێن بە شێوەیەکی ئاسایی سووری تایبەتی خۆی بکات.

### کۆیسنجەق

ئێرە مەڵبەندی پاشای کوردیە کە سەر بە پاشای بەغدایە و نزیکەی ١٢ سەعات بە پیّ لە باکووری رۆژهەڵاتی ئاڵتون کۆپریەوە دوورە، پێشتر ئەربیل و ئالتون کوپری هەتا چەند ساڵێکیش پێش ئێستا، سەر بەم پاشایە بوون، بەڵام ئێستا والی بەغدا حاکمێک دەنێرێت بۆ ئەربیل، ئەویش لەلای خۆیەوە ئاغایەک دەنێرێت بۆ ئاڵتون کۆپری.

بۆ رۆژی سیانزەهەم سەیرم کرد کە ئاستی ئاوی ڕووبارەکە زۆر بەرزە، بە ناچاریی خۆم لێدا و چەندین جار تووشی هەلاکەت بووم، حەزم دەکرد لە ئاڵتون کۆپری بمێنمەوە و لە کاروانەکە دوا بکەوم، بەڵام ناچاربووم کە دەبێت پێیان بگەمەوە، چونکە شمەک و سندوقەکانم لەگەڵیا ناردبوو. هاورێکانم بە ماوەی سەعاتێک منیان جێهێشتبوو، هەربۆیە بەتەنها رێگام گرتە بەر، دیارە خزمەتکار و مەیتەرەکەمم لەگەڵ بوون، لێ ئەوان زۆر دەترسان ئەم ماوەیە بە تەنها ببڕین، بەڵام ئێمە توانیمان لە گوندی (گوزتپە، قووشتەپە. و.ک) پێیان بگەینەوە، کاتێک ئێمەیان بینییەوە، نیشانەی دڵخۆشیی و کامەرانیم بە دەموچاوییانەوە بینی.

جێگای ئاماژەیە سەفەرکردن بەتەنها سەرکێشییەکی زۆر گەورە و ترسێنەر بوو، چونکە لە رێگا دا کۆمەڵێک سوارەمان بینی، پاشان دوو شێخی کوردمان بینی کە بەسەر ئەسپەکانیانەوە بوون، دیارە هەموویان تەماعیان لێمانکردبوو دەیانویست ڕووتمان بکەنەوە، بەڵام نەیانوێرا ئەو کارە بکەن، چونکە ئەوان تەنها شمشێریان پێ بوو، منیش چەکم پێ بوو، لەلایەکی تریشەوە من بەبێ هیچ ترسێک، وەڵامیانم دەدایەوە، بەتایبەتی کاتێک لەبارەی سەفەرەکەمانەوە دەیانپرسیی، من هیچ جۆرە نیشانەیەکی ترسم پیشانی ئەوان نەدا.

لەبەری رۆژئاوای ئەم رێگایەوە، زنجیرە چیایەک هەیە، کەخەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن (زنجیرە چیای قەرەچوق). زۆرکەس پێیان گووتم، کە لەم ناوچەیە دا کۆمەڵێک شوێنەواری کۆنی شار و گوندیی کۆنی تێدایە، بەڵام بۆ موسافیرێکی بێگانە چوون بۆ ئەم ناوچانە، کارێکی مەترسیدارە، چونکە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەهیچ شێوەیەک گرنگی بە حاکمە تورکەکانی دراوسێیان نادەن و گوێ بۆ ئەوان ڕاناگرن.

**قوشته پە:**

ئەمەیش بە ناوی گردێکی بچووکەوە نراوە. بۆ یەکەم جار لەم گەشتەم دا ژنێکی موسڵمانم بینی خەریکی نوێژکردن بوو، هەموو کردارەکانی رکوع و سجودیشی دەکرد. جێگای ئاماژەیە، زانا ئەوروپییەکان جیاوازیی بۆچوونیان هەیە لەبارەی ئەوەی، ئاخۆ ژنی موسڵمانیش هەمان شەعائیری دینی وەکو پیاو جێبەجێ دەکات، وەکو پیاو دەتوانێت بچێتە بەهەشتەوە یان ناتوانێت و لەدەرەوەی دەمێنێتەوە؟ دیارە زانا موسڵمانەکان ئەم جۆرە بۆچوونەیان زۆر لا سەیر دەبێت، کاتێکیش باسی ئەوەی بۆ بکەیت کە ئاخۆ ژنی موسڵمان مافی چوونە بەهەشتیی هەیە، هێندەی تر سەریان سوڕدەمێنێت.

ئەوان بۆیان دووپات کردمەوە، کە ئەو شەعائیرە دینیانەی کە پێویستە پیاو بیکات، بەهەمان شێوە پیویستە ژنی موسڵمانیش بیکات، ئەویش وەکو پیاوی موسڵمان دەبێت رۆژانە پێنچ جار نوێژ بکات. جێگای گوتنە من زۆریانم لە ماڵەوە دیوە شەعائیری دینی دەکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی ژنان وەکو پیاوان نابینرێن، هەر بۆیە کەمتر دەیانبینیت نوێژ بکەن.

لە گوندی قوشتەپەش (خان عادیلە)ی تێدایە، هەر چەندە زەوی ئەم ناوچەیە زۆر بەپیتە، بەڵام هەتا چەند ساڵێک پێش ئێستاش وشکانی بوو، هیچ خەڵکی تێدا نەدەژیا و چۆڵەوانی بوو، تەنها چەند کوردێک نەبێت کە لە چەند کاتێکی دیاریکراویی ساڵ دا تێیدا دەگەڕێن .

جێگای گووتنە ئەحمەد پاشا والی بەغدا فەرمانی دەرکرد کە بیرێک هەڵبکەنن و ماڵێکیش لەم ناوچەیدا دروست بکەن، بۆئەوەی کارمەندانی پۆست تێیدا بحەسێنەوە رێگاکەیان بۆ خۆش بکات.

هەروەها کچەکەشی فەرمانی دەرکرد بە دروستکردنی خانێک بۆ ئەوەی ببێتە جێگای ئیسراحەتی موسافیر و کاروانچییەکان. هەروەها پاشا فەرمانێکی دەرکرد کە بەو پێیە ئازادیی و مافی کشتوکاڵ کردنی دا بەو جووتیارانەی کە دەیانەوێت لەم ناوچەیە و دەورووبەری کشتووکاڵ بکەن. بەم شێوەیە گوندێکی گەورە دروست کرا.

دیاره ئەم جۆرە کارانە بۆ پاشا تورکەکان شتێکی ئاسانە، کە بێن کارێکی وا بکەن کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆچەرییەکانی رەعیەتیان جێگیر بکەن و زەوییە بەتاڵەکان بەکاربهێنن و سوودیش لە بەرهەمەکانی ببینن و کشتووکاڵیش پێش بخەن و کار بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەیان بکەن.

بەڵام کاتێک ماوەی حوکمڕانی پاشایەک کەم بێت، ئەوا بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات، کە پارەیەکی زۆر کۆ بکاتەوە و تەنها گرنگی بە بەرژەوەندی شەخسی خۆی دەدات و هیچ گرنگی بە چاکسازی و خۆشگوزەرانی خەڵکی نادات، بەڵکە لەسەرو ئەوەشەوە، جووتیاری هەژار بۆ سەرکێشە عەرەب و کوردەکان بەجێ دەهێڵێت، ئەوانەی کە لەم ناوچەیە دا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی لەرێگای دزین و تالانییەوە غەنیمەیەکییان دەست بکەوێت.

لەبەر ئەوە هیچ سەیر نییە کاتێک ئەو ویلایەتانەی کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانین، ڕەوشی ژیانیان لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچێت و هێندەی تریش بە بەردەوامی تووشی ڕوخان و ماڵوێرانی دەبن.

**ئەربیل**

لە رۆژی چواردەهەمدا نزیکەی سێ میل و نیومان بڕی تا گەیشتینە ئەربیل. بەدڵنیایەوە ئەمە (ئەربیلا)یە، کە ناوبانگێکی مێژوویی هەیە، لێرە دا شەڕی یەکلاکەرەوەی نێوان ئەسکەندەری گەورەو دارا ڕوویدا[٦٩]. دیارە ئەمە ئیمارەتێکی ئەمیرێکی ئیسلامی بووە و ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی کردووە، ئەمیرەکان ئەوانەی کە حوکمیان بە ویراسەت کردووە، خاوەنی سیفەتێکی زۆر توند و زۆردار بوون، پاشان توانیان سنووری قەڵەمڕەویان زیاد بکەن و شیان ناوچەیەکی زۆر داگیر بکەن کە گەیشتە ناو وڵاتی فارس و هەتا شاری تەورێز (تەبریز) حوکمیان کردووە.

---

٦٩ . ئەم شەڕە کە (نیبوور) باسی دەکات، بەپێی سەرچاوە مێژووییە گریکییەکان ناوی (کوکامیلا)یە، کە دەکەوێتە گردێک نزیکی ئەربیل (هەولێر. و.ک) و لەساڵی ٣٣١ پ.ز ڕوویداوە. و.ع

دیاره لەو کاتە دا شارەکە زۆر گەورە بووە و قەڵایەکیش لەسەر گردێکی بەرز دروست کراوە. بەڵام ئەمڕۆ هیچی نەماوە جگە لە قەڵاکەی نەبێت، ئەمیش شورای بە دەور دا دروستنەکراوە و بەڵکەماڵیان تێدا دروستکردووە، بەتایبەتی لەپەنا گردەکە دا بەشێوەیەک کە پێوە بەستراوە و هیچ کەسیش ناتوانێت بەئاسانی بچێتە ناو شارەکەوە تەنها لە دەرگای شارەکەوە نەبێت[٧٠].


بەڵام ئەو گردەی کە دەکەوێتە باکووری قەڵاکەوە، کە پێشتر شاری گەورەی ئەربیلی تێدابووە، چەند ماڵێکی هەژارانەی تێدایە. جێگای گووتنە لە ئەربیل هیچ جۆرە پاشماویەکی شوێنەواری تایبەتی تێدا نییە، جگە لە مزگەوتێکی گەورە نەبێت کە لە قەڵاکەوە دوورە و دەکەوێتە ناو کێڵگەکان، ئەمەش یەکێکە لە پاشماوەکانی (سوڵتان موزەفەر)[٧١] ، هەروەها منارەیەکیش لەپەنا مزگەوتەکە هەیە، کە زۆر بەهێز و لە خشتی سوور و کڵس

---

٧٠ .جێگای گووتنە ئەم دەرگایە ساڵی ١٩٥٩ ڕووخا، بە دڵنیایەوە ئەرکی بەڕیوبەرایەتی شوێنەوارناسیی بوو، کە پارێزگاری لەم شوێنەوارە مەزنە بکات، چونکە ئەو بەرپرسە لە پاراستنی شوێنەوارە کۆنەکان و نۆژەنکردنەوەیان. و.ع.

٧١ . مەبەستی لە (سوڵتان مظفر الدين كوكبري بن أبي الحسن علي بن كتكين بن محمد صاحب ئێربل)ە ، کەبە مەلیکی مەزن"المعظم" ناسراوە. لەپاش مردنی براکەی زين الدين يوسف ساڵی ٥٨٦ ک، دەبێتە مەلیکی ئێربل و شارەزوور، لەو کاتە دا لەگەڵ شاندی هەموو ویلایەتە ئیسلامییەکانی تر، دەچن پیرۆزبایی لە سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی بکەن، بە بۆنەی سەرکەوتنی بەسەر خاچپەرستەکان لە شەڕی "حطين". ئەم مەلیکە مێژوویەکی پڕ جوامێریی هەیە لە شەڕی دژ بە خاچ پەرستەکان کە شان بەشانی سەلاحەددین شەڕی کردووە، هەر وەها لە ڕووی پرۆژەی ئاوەدانی و چاکسازیشەوە جێدەستی دیارە، بەتایبەتیی چەندین هەتیوخانە و خەڵەوتگا (شوێنی تایبەت بۆ بەساڵاچوان) و ماڵی بۆ بێوەژن و کوێرەکان دروست کردووە و چەندین کاری خێر و سەدەقات ئەنجام داوە و ڕۆلی هەبووە لە راگرتنی عەدالەت و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکەی. دیارە ئەویش هەر وەکو هەموو مەلیکە موسڵمانە باشەکان، زۆر گرنگی بە دروستکردنی مزگەوت داوە. ئەو مزگەوتەی دروستکردووە کە (نیبوور) باسی لێوە دەکات کە ئەمڕۆ تەنها منارەکەی ماوە. دەتوانیت لەبارەی ئەم بابەتەوە سەیری کتێبی "وفيات الأعيان، أبن خلكان. الجزء الاول. ص ٣٤٥ بکەی. و.ع.

دروستکراوە. دوو دەرگا و قالدرمەی هەیە، کە دوو کەس دەتوانن بەئاسانی بۆ لوتکەکەی سەر بکەون. جێگای ئاماژەیە دوو دەرگاکە ڕووبەڕووی یەکترین و دوو کەس دەتوانن لە یەک کات دا بۆ لوتکەی منارە سەر بکەون بەبێ ئەوەی کەسیان ئەویی تریان ببینێت. ئەربیل دەکەوێتە سەر هێڵی ٣٦، ١١ ئەمیش سەر بە ویلایەتی بەغدایە و سەربازگەیەکی سوپای یەنیجیری قوستەنتینی تێدایە.



ئورمیە: دەکەوێتە وڵاتی فارس و نزیکەی پێنچ ڕۆژ بە پێ لە ئەربیلەوە دوورە. لە ئەربیل خەڵکێکی زۆر بۆی گێڕامەوە کە لەم شوێنە دا، لە شێوەیەکی قەبارە گەورە دا دەستنووسی کۆن هەن، کە لەسەر بەرد نووسراون و لە شاخی بیستون( کێویی بێستوون. و.ک) هەیە، کە دەکەوێتە نێوان کرماشان و هەمەدانەوە.

بەڵام جوولەکەیەکی خەڵکی موسڵ پێی گووتم کە ئەم نووسراوە کۆنانە لە نێوان ئەلوەند (حلوان)(ڕاستییەکەی ئەڵوەندە. و.ک) و هەمەدانن. بەڵام ئەم شوێنانە زۆر لە ڕێگای سەفەرەکەمەوە دوور بون. بەڵام گەر لە داهاتوو دا موسافیرێکی ئەورووپی سەفەری بۆ ئەسفەهان کرد یان ویستی بەو ڕێگایەدا بگەڕێتەوە، ئەوا دەتوانێت ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر و ئەو نووسینانەی کێوی بێستون کۆپی بکات. پێدەچێت ئەم نووسراوانە گوزارشت لە زمانی خەڵکی ئەم وڵاتە بکەن، لەلایەکی ترەوە ئەو پیتانەی کە بەکار هێنراون، ڕێک وەکو هەمان پیتی نەخشی ڕۆستەمە[٧٢]. دیارە بەشێک لەو نووسراوە کۆنانەی دواییم کۆپی کردووە، هەروەک لە نەخشەی ٧ دا هەیە[٧٣].

زەوییەکانی ناوچەی هەولێر بەئاوی ڕووبارەکان ئاو نادرێن هەروەک لە بەغدا و بەسرە باوە. چاندنی گەنم لەم ناوچەیە دا، دە بەرامبەرە و لە ساڵە باشەکانیش دا ئەوپەڕی دەگاتە پانزە بەرامبەر[٧٤]. ئەو گەنمەشی کە پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، بەرەکەتیی زیاترە و ئاردیشی زۆرترە لە چاو ئەو

---

٧٢ . لێرەدا وەرگێڕی عەرەبی کەوتۆتە هەڵەوە، چونکە (نیبوور) دەڵێت من نەمتوانی سەردانی کێوی بێستون بکەم، بەڵام وەرگێڕە عەرەبەکە ئەو نەخشەیەی (واتە ژمارە ٧)ی بە نووسراوەکانی سەر کێوی بێستوون داناوە، بەڵام لە ڕاستی دا ئەمانە کۆپی ئەو نووسراوانەن کە لە سەر تەختی ڕۆستەم نووسراون. و.ک.

٧٣ . مێژوونوسی یۆنانی دیۆدروسDiodorus سقلی لە بەشی دووەمی کتێبەکەی دا بەناوی " کتێبخانەی مێژووBibiliothecaHistorica" دەڵێت. سەمیرامیس فەرمانی دا کە لەم شوێنە نەحتێکی گەورە بکێشرێت و لەسەر بەردەکان نەخش بنووسرێت. جێگای ئاماژەیە گەڕیدە ئۆتر Otter ئەم وێنە و نەخشانەی بینیوە، بەڵام هیچیانی کۆپی نەکردووە. و.ع

٧٤ . واتە بۆ هەر فەردە گەنمێک دە فەردە دەدووریتەوە. و.ک

گەنمەی کە بە ئاوی ڕووبارەکان دەچێنرێت، هەروەها لە ڕووی تامیشەوە لەوان خۆشترە.

دیارە هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خەرمانی گەنم لەم ناوچەیە دا ناگاتە پانزە بەرامبەر لەکاتێکدا خەرمانی گەنم لە بەغدا دەگاتە بیست بەرامبەر، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەریتەوە بۆ تۆوەکەی کە لەم ناوچەیە دا بە شێوەی دێمی(ئاوی باران) دەکرێت، هەمووی پێکەوە لەیەک کاتدا گەورە نابن و زۆربەشی وشک دەبێتەوە و باڵندەکان دەیخۆن.

زۆربەی ئەندامانی کاروانەکەمان ئەوانەی لە کەرکووکەوە سەفەریان لەگەڵمان کردبوو، لە هەولێر زیاتر نەرۆیشتن و لێرە سەفەرەکەیان کۆتایی پێهات. لەو کاتە دا دەنگۆی ئەوەمان بیست، کە کاروانێکی تر لە رۆژێ شانزە دا دەڕوات، هەربۆیە ئێمەش خۆمان وەگەڕ خست و شەبەقی بەیانی بۆی دەرچووین.

پاش بەرێکردنی ماوەی نۆ سەعات، واتە پێنچ میل و نیویی ئەڵمانی، گەیشتینە زێی گەورە، ئەو زێیەش لە شاخەکانی هەکارییەوە دێت، کە ئەمەش ناوچەیەکی وڵاتی کوردستانە. جێگای گووتنە ئاستی ئاوی ڕووبارەکە زۆر نزم بوو، بەشێوەیەک دەتتوانی بە سواری ئەسپ لە ئاوەکە بپەڕییتەوە و بەبێ ئەوەی هیچ تووشی حاڵەتێکی مەترسیدار بیت. دیارە ئەمەش لەو کاتانە دا کە باران بۆ ماوەیەکی زۆر نەبارییێت و بەفریش لەسەر چیاکان لە کاتی خۆی دواتر توابێتەوە. بەڵام ئێستا ئاستی ئاوەکە زۆر بەرزە و خوورەی ئاوەکەش زۆر توندە.

جێگای گووتنە موسافیر لە هەولێرەوە هەتا وەکو زێی گەورە هیچ جۆرە گوندێک نابینیت، بەڵام لە بەری ئەوبەری ئاوەکەوە، گوندێک هەیە ناوی گوندی (عبدالعزیز)ە، ئەمەش خەڵکانێک تێیدا دەژین کەسەر بە ئاینیی یەزیدی یان دەواسنن[٧٥].

---

٧٥ . دەواسـن دەگەڕێـتەوە بـۆ شـاخی داسـن، یـاقوت الحمـوي لە کتێبـی معجـم البلـدان ج.٢ص٤٣٢ طبعة بیروت ١٩٥٦ دا دەڵێت: ئەمە شاخێکی مەزنە دەکەوێتە باکووری موسڵ،

جێگای ئاماژەیە یەزیدییەکان ناتوانن شەعائیرە دینییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی ئاشکرا جێبەجێ بکەن، چونکە تورکەکان ڕێگا بەو ئاینانە نادەن کە ئەهلی کتاب نین وەکو (موسڵمان و مەسیحی و جوولەکە)، لەبەر ئەوە ئەمانە ناچارن بە دزیەوە شەعائیرە دینییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. کاتێکیش لە یەزیدییەک لەبارەی ئاینەکەیەوە دەپرسیت، ئەوا دەڵێن ئاینەکەیان ئینتمای بۆ سێ ئایینە ئاسمانییەکە هەیە و زۆر بە ڕێزیشەوە لەبارەی پیرۆزیی قورئان و ئینجیل و پێنچ کتێبەکەی موسا قسە دەکەن. زۆرجار یەزیدییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەوانیش لەگەڵ سونەکان سەر بە یەک ئایینن.

ئەوەی بۆم دەرکەوت، کە زۆر زەحمەتە کەسێک بتوانێت لەبارەی ئاینی یەزیدییەوە زانیاریی دەست بکەوێت و ئاگاداری عەقیدەکانیان بێت[٧٦]. هەندێک بەوە تاوانبارییان دەکەن کە شەیتانپەرستن و شەیتانیش بە "جلبي یان بەڕێز" ناو دەنێن. هەندێکی تر پێیانوایە کە یەزیدییەکان خۆر و ئاگر پەرستن، لەبەر ئەوە بە کافر و مولحد وەسفیان دەکەن و هەروەها بەوەش تاوانبارییان دەکەن کە کۆمەڵێک نەریتی ناشرین و نزم و چروکیان هەیە، هەروەها بەوەش تاوانبارییان دەکەن کە ئەمانە پێدەچێت سەر بە تایەفەی الاباظية Beiasiten بن کە لە عومان هەن.

جێگای گوتنە بەحوکمی ئەوەی دەواسن (مەبەستی ئێزییدیەکانە. و.ک) لە نێوان زێی گەورە و سوریا و ئەرمینیا دا دەژین، هەربۆیە ئەمانە زۆر لەلایەن خەڵکی ناوچەکانی دراوسێیانەوە ناسراون، من لێرە دا دەمەوێت ئەوە بنووسمەوە کە لە خەڵکانی ژێری سونە و مەسیحییە

لە بەری ڕۆژهەڵاتی دیجلە. لەوێدا بەشێکی زۆری تایفە کوردییەکان لەدایک بوون و پێیان دەڵێن (الداسنية). و.ع

٧٦ . لەبارەی ئاینیی یەزیدییەوە کتێب و نووسین زۆرە جا بە زمانی عەرەبی بێت یان بە زمانی ئیفرەنجی، بۆ نموونە کتێبی "اليزيديون في ماضيهم و حاضرهم" عبد الرزاق الحسيني، ط٣، صيدا ١٩٦١. و.ع

ڕۆژهەڵاتییەکانەوە لەبارەی عەقیدە و ئایینی دەواسنەوە دەیزانن و بۆیان گێرامەوە، کە ئەمانیش لە دەمی دەواسنەکان خۆیانەوە بیستوویانە.

ئەم خەڵکانە پێیانوایە کە دامەزرێنەری دیانەتی ئێزیدی[٧٧] ناوی شێخ عادییە و ڕایان وایە کە ئەسڵیان دەگەڕێتەوە سەر عەرەب و ئەمانیش سەربە گرووپی (شمر بن الجوشن)[٧٨] ئەمانە حسێن نەوەی پێغەمبەریان کوشت و لەسەردەمی خەلیفە یزید کۆتاییان بە تەمەنی ئالی عەلي هێنا. هەر بەپێی بۆچوونی پیاوە ژیرەکانی سونە ومەسیحییە ڕۆژهەڵاتییەکان، ئەمانە خۆرپەرستن و بە یەکێک لە ئەولیاکانی خۆشیانی دادەنێن و شیعەکانیش کە حسێن بە یەکێک لە شەهیدە مەزنەکانی خۆیانی دادەنێن، کوشتنی یەزیدی بە خێرێکی گەورە دادەنێن.

دەواسنەکان کۆمەڵێک پەیکەری شێوەی مار (الافاعي) و مەڕ و کۆمەڵێک ئاژەڵی تریان هەیە. بە باوەڕیی ئەمان مار ئاماژەیە بۆ ئیغراکردنی حەوا بۆ ئادەم و مەڕیش ئاماژەیە بۆ ملکەچی پێغەمبەر ئیبراهیم بۆ فەرمانەکانی خودا کە ویستی کوڕەکەی بکاتە قوربانی بۆ خودا. هەندێکیش پێیان گووتم کە دەواسنەکان شەیتان ناپەرستن، بەڵکە خودا دەپەرستن و لایان پیرۆزە، چونکە دروستکەریی هەموو شتێکە و خێر بۆ مرۆڤایەتی دەهێنێت.

هەروەها ئەوان لەو باوەڕە دان کە ئەوە کاری مرۆڤ نییە کە خۆی بخاتە بەرەیەکە و خۆی تێکەڵی خیلافێک بکات، کە لە نێوان خودا یەکێک لە فریشتەکانی ڕوویداوە، بۆ ئەمەش نموونەیەک دەهێننەوە، کاتێک جووتیارێک پاشایەک لێی تووڕە دەبێت، خەڵکی دێن سەرکۆنە و قسەی ناشرین و

---

٧٧ . جێگای گوتنە (نیبوور) ئەو زانیارییانەی کە باسیان لێوە دەکات، لە سەرچاوە عەرەبییەکانەوە وەرگرتووە، کە ئەمانە دەیانەوێت ئێزیدیەکان بگەڕێننەوە سەر عەرەب. زۆرجاریش ناوەکانی بە عەربی وەرگرتووە "دەواسن و یەزیدی". بەڵام لە ڕاستی دا ئەم زانیاریانە هەڵەن و ئێزییدیەکان کوردن، نووسەر زانیاری هەڵەی لەبارەی ئێزیدیەکانەوە نووسیوە. بەڵام ئێمە لەبەر ئەمانەتی ئەدەبی ناچارین دەقەکە وەکو خۆی وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی. و.ک

٧٨ . مەبەستی الشمر بن دي الجوشن. و.ع

جنێوی پێ دەدەن و گاڵتەی پێدەکەن. خودا پێویستی بە یارمەتیی ئێمە نییە بۆ ئەوەی سزای شەیتان بدەین چونکە لە فەرمانی ئەو دەرچووە. ئەوان دەپرسن باشە گەر هاتوو خودا لێی خۆشبوو و رەحمی پێکرد، ئەو کاتە هەڵوێستی ئێمە چۆن دەبێت؟ ئەو کاتە ئێمە تووشی خەجالەتباری دەبینەوە و لە رۆژی قیامەت دا لە بەردەم عەرشی خودا لۆمەمان دەکەن، چونکە ئێمە لەعنەتمان لە یەکێک لە فریشتە ناپیرۆزەکان کردووە. هەر بۆیە باشترە ئێمە خۆمان لە قەزاو قەدەری خودا هەڵنەقورتێنین و هیچ وەختێک باسی شەیتان نەکەین، بەڵکە پێویستە ئێمە زیاتر ملکەچی خودا بین و کاری چاکە بکەین، بۆئەوەی نەکەوینە بەر سزای خودا و لە رەحمی خۆیی بێ بەشمان نەکات. کاتێک یەزیدییەک بێتە موسڵ، والییەکان هیچ رێگرییان لێ ناکەن و دژیان ناوەستن، تەنانەت کاتێکیش بزانن کە ئەو کەسە یەزیدییە، بەڵام خەڵکی عەوام پەلاماریان دەدەن و ئازاریان پێدەگەیەنن. کاتێک یەزیدییەک دەیەوێت ئەو شتەی کە هەیەتی بیفرۆشێت، بۆ نموونە هێلکە بێت یان رۆن، ئەوا کڕیارەکە هەوڵ دەدات بەهەموو شێوەیەک هەرچی جنێوی ناشرین هەیە بە شەیتانی بدات.

زۆرجار دەواسنییەکان کەسانی بەرێز و هێمنن، هەر بۆیە یەکسەر شمەکەکانی بەجێ دەهێڵێت و وازیان لێ دەهێنێت و دەڕوات، نایەوێت گوێی لەو جنێوانە بێت کەبە شەیتانی دەدەن، بەڵام لە زۆر شوێن دا کە یەزیدییەکانی تێدا دەژین و زۆرینەن، ئەوا کەس ناوێرێت جنێو بە شەیتان بدات و یان بە خراپە ناوی بهێنێت.

جێگای گووتنە یەزیدییەکان وەکو موسڵمانەکان نەریتی خەتەنە کردنیان هەیە، بەڵام ئەوان شەراب و خواردنەوە کحولییەکانی تر دەخۆنەوە، لێ بە رێژەیەکی دیاریکراو، هەروەها بە هەر دوو دەستیشیان جامی شەراب دەگرن، کاتێکیش گەر دڵۆپێک شەراب بکەوێتە سەر ئەزەکە، ئەوا خاکەکەی هەڵدەگرن و دەیبەن لە شوێنێکی تر دایدەنێن بۆ ئەوەی کەس بەسەری دا تێنەپەرێت.

دەواسنەکان بەجۆرێک ناخۆنەوە کە سەرخۆش بن و ئاگایان لە خۆیان نەمێنێت، لەبەرئەوە هیچ وەختێک چاوەڕوانی ئەوە ناکەیت کە دەواسنییەک سەرخۆش بێت، جێگای گوتنە پێغەمبەری عەرەب موحمەد، لەبەر ئەم سەرخۆش بوونە خواردنەوەی کحولی حەرام کرد.

زانا ئاینییەکانی یەزیدییەکان، جلی رەش لەبەر دەکەن، بە پێچەوانەی موسڵمانەکانەوە، کە ئەم حاڵەتە نابینین. یەزیدییەکان ساڵی سێ رۆژ بە رۆژوو دەبن، هەروەها وەرزێکی تایبەتی بە حەجییان هەیە و کە تێیدا زیارەتی قەبری شێخ عادي دەکەن، کە دەکەوێتە نێوان ئاکرێ و موسڵەوە. لەم شوێنەش دا حەوزێکی گەورەی ئاو هەیە، کە تێیدا یەزیدییەکان هەرچی پارچە ئاڵتون و زیوی خۆیان هەیە فڕێی دەدەنە ناوی، ئەمەیش وەکو رێزێک بۆ وەلی و کەسە پیرۆزەکەیان (شێخ عادي).

ئەم پارە زۆرەش کەسێکی نەستووری ئیغراکرد کە لەو ناوچەیە دا دەژیی و شەوێک بە دزیەوە خۆی خستۆتە ناو حەوزەکەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆر لەو ئاڵتون و زیوانە بدزێت. بەڵام لەو کاتەدا بە رێکەوت کچێکی یەزیدی دێت ئاو لە حەوزەکە بەرێت، کەسێک لە ناوەڕاستی ئاوەکە دا دەبینێت. لەبەر ئەوەی بە خەیاڵی هیچ کەسێک دا نایەت، کە کەسێک بێت و بیەوێت لەم شوێنە پیرۆزە دا دزی بکات، کچەکە وا هەست دەکات، کە ئەو کەسەی کە لەناو حەوزە پیرۆزەکە دا بینیویەتی، ئەوا پێدەچێت حەزرەتی شێخ خۆی بێت.

هەربۆیە یەکسەر ڕادەکاتەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی ئەم هەواڵە مەزنە بە باوکی بدات و پێی بڵێت کە حەزرەتی پیرۆزی لە ناوەڕاستی ئاوەکە دا بینیووە. ئەم هەواڵەش بە خێرایی لەناو دەواسنەکان دا بڵاوبۆوە، ئەوانیش بەم هەواڵە زۆر زۆر دڵشاد و خۆشحاڵ بوون. بەڵام نەستووریەکە توانی لەو کاتە دا ڕابکات و بەو شتانە دڵشاد بێت کە لە حەوزەکە دزیویەتی.

بەشێکی زۆریی موسڵمانەکان لەو باوەڕە دان کە لە چیای سنجار، کە زۆربەیان یەزیدیین، کەنزێکی تێدایە کە هەموو ساڵێک ئەو پارانەی کە بۆ شێخ عادي دادەنرێت، کۆی دەکەنەوە و دەیخەنە ناو بیرێک یان ژێر ئاوەوە.

جێگای گووتەن جارێکیان بە رێکەوت هەندێک لە خێڵەکانی ئەم ناوچەیە دەستیان کردبوو بە تالآنکردنی کۆمەڵێک مووسافیری بەغدایی، سلێمان پاشاش دەستیکرد بە سزادانیان، بەڵام ئەو تەنها سزای خێڵە یەزیدییەکانی نەدا، بەڵکە هەتا وەکو چیای سنجاریش بەرێکەوت و سزای کۆمەڵێک ئەولییاکانی یەزیدییەکانیشی دا و هەندێکیان فەلاقە کرد و هەندێکیشانی لە سێدارە دان، وەلێ هیچ کەس نهێنی ئەو کەنزەی بۆ نەدرکاند.

جێگای گووتنە سونەکانیش رقیان لە یەزیدییەکانە، تەنانەت شافعی کە یەکێکە لە زانا مەزنەکانی سونە دەڵێت: گەر موسڵمانێک یەزیدییەک بکوژێت، ئەوا هەڵەی نەکردووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا کە کۆمەڵێک نەجیبزادەی عوسمانی و بەشی زۆری موسڵمانەکان و مەسیحی و جوولەکەکانی کاروانەکەمان، ناچار بووین پشت بە یەزیدییەکان ببەستین و رۆحی خۆمانیان تەسلیم بکەین بۆ ئەوەی لە زێیەکە بپەرینەوە. چونکە ئێستا ئاوی ڕووبارەکە زۆر زۆر بووە و زەحمەتە بە سواری ئەسپ بپەرێینەوە، هەروەها هیج وەسیلەیەکی ترمان نییە، جگە لەوەی کە دەبێ پشت بە کەڵەکی یەزیدییەکانی گوندی عبدالعزیز ببەستین، کە دەکەوتنە بەری دووەمی زێیەکە.

هەر چەندە ئەم کەڵەکانەش زۆر بەهێزن نین و ناتوانن بەرەنگاری شەپۆلی ئاوەکە بکەن کە زۆر تیژە، موسافیریش هیچ لە ژیانی خۆی ئەمین نییە، دەتوانم بڵێم ئەمە خراپترین جۆری وەسیلەی گواستنەوەیە کە لە ژیانمدا بینیبێتم.

لە رێگادا ئەندامانی کاروانەکە ئامۆژگاریی یەکتریان دەکرد، کە کەس جنێو یان لەعنەت لە شەیتان نەکات و کەسیش بە خراپە ناوی نەهێنێت لە بەرامبەر یەزیدییەکان، چونکە ئەمە کارێکە گێچەڵی زۆری بە دواوەیە و دەرئەنجامی خراپی دەبێت. چونکە جارێکیان کەڵەکەکەیان تێکدا و هەموو ئەوانەشی بەسەریەوە بوون غەرقی ئاوەکە بوون و یەزیدییەکەش بە مەلەوانی رزگاری بوو.

کاتێک هەموو ئەم شتانەم بینیی، پانی ڕووبارەکە و تیژی گووڕی ئاوەکە و پاشانیش دەواسنەکان، کە باش دەزانن کە هەموو گەلەکان ڕقییان لێیانە و خۆشەویست نین، هەروەها بینیم لەم ساتە دا ئەوان گاڵتەیان بە موسافیرەکان دەهات، چونکە هەموویان دڵیان پربوو لە ترس و لە دەموچاویشیانەوە نیشانەی ترسەکە بە زەقیی دیاربوو، وەکو بڵێیت لەم ساتە دا یەزیدییەکان دەیانوسیت ئەوە دەربخەن، کە چەندە ڕۆڵی ئەوان گرنگە بۆ ژیانی ئەندامانی کاروانەکە، کاتێک هەموو ئەمانەم بینی، زۆر تووشی ناڕەحەتی بووم و منیش لە موسافیرەکانی تر کەمتر نەدەترسام.

دیارە چەند کەڵەکێکی کەم هەبوون کە لەکاتی گواستنەوەی مووسافیرەکان و شمەکە زۆرەکانیان دەهات و دەچوو. هەرکەسەو دەیویست یەکەم کەس بێت کە سواری کەڵەکەکە بێت، هەمووشیان نەیاندەویست ئەو کرێیە بدەن کە دەواسنەکان داوایان دەکرد، لەبەر ئەوە دەمەقرەیەکی زۆر ناخۆش ڕوویدا.

من هیچ زێدەڕۆی ناکەم گەر ئەم راستییە بڵێم: من هیچ وەختێک بە درێژیی ڕێگاکەمان هەر لەبەغداوە هەتا ئێرە نەمبینیوە موسافیرەکان هێندەی ئێرە جنێو یان قسەی ناشرین بە شەیتان بڵێن. هەرچەندە پێشتر بەڵێنیان دا کە کاتێک گەیشتنە لای دەواسنەکان، کەسیان جنێو یان قسەی ناشرین بە شەیتان نەڵێت .

ئەو برە پارەیەی کە یەزیدییەکە داوای لێکردم بۆ ئەوەی بمانپەڕێنێتەوە پێمدا و تەنانەت لەوەش زیاتر کە خۆی داوایکردبوو، چونکە دەمویست کە کەڵەکێکی باشمان بداتێ و کەڵەکەکەی ئێمە لە هی خەڵکی تر باشتر بێت. کاتێک لەگەڵ ئاغایەکی تورکی ڕێکنەکەوتن، هەموویان هاتن بۆ لای من و لەدەورم کۆبوونەوە، بەم کارەش ئاغاکە هەستی بە ئیهانەیەکی گەورە کرد و زۆر تووڕە بوو چونکە یەزیدییەکە منی فەزل کرد بەسەر ئەودا، هەربۆیە دەستی کرد بە جێنودان بە من و بە یەزیدییەکان.

شمەکەکانم و کۆپانی ئەسپەکەم و باری ڕەشەوڵاخەکانم لەناو کەڵەکەکە جێگیرکران و منیش لەسەریان دانیشتم. جێگای گوتنە خووڕی ئاوەکە زۆر

بەهێز و تیژ بوو، یاری بە کەڵەکە دەکرد و دەیهێنا و دەیبرد، حاڵەتێکی زۆر ترسێنەرە بوو. بەشێوەیەک کە من و هاورێکەم زۆر ترساین و خەریک بوو هانا بۆ شەیتان بەرین!!! خەریک بوو شەپۆلەکە قووتمان بدات، بەڵام بە یارمەتی خودا توانیمان بە سەلامەتی بگەیەنە ئەو بەری ئاوەکە.

ئاژەڵەکان بە مەلە پەڕینەوە، هەر دووکیان (ئەسپەکە و هێسترەکە) مەلە باش دەزانن، یەکێک لە دەواسنەکانیش لەسەر کەڵەکێک پەتی هەرسێکییانی بەدەستەوە گرتبووە و نەیدەهێشت برۆن. بەڵام کەرەکە دەبوایە کەسێک بیگرتایە، هیچ کەسێکیش ناتوانێت لە دوو کەر زیاتر بپەرێنێتەوە.

هەر بۆیە یەکێک لە کەرەکان غەرق بوو، خاوەنی کەرەکەش موسڵمان بوو، لەبەر ئەوە هیچ درێخی نەکرد بە جنێودان و لەعنەتکردن لە شەیتان و ئەو یەزیدییەی کە کەرەکەی لەئاوەکە دەپەڕاندەوە، تەنانەت کاتێکیش گەیشتینە گوندی یەزیدییەکانیش، کابرا هیچ ترسی نەبوو، هەر لە جنێودان و لەعنەتکردن لە شەیتان بەردەوام بوو. بەڵام ئەم جنێودان و لەعنەتانەی هیچ سوودی نەبوو، چونکە لە شەو دا یەزیدییەکان کەرەکەی ترشیان دزیی و کابراشیان بەجێ هێشت هەتا دەتوانێت و چەندە حەز دەکات با جنێو بدات و بگریت و هاوار بکات.

لە ڕۆژی حەڤدەهەمدا پاش چوار سەعات بە پێ رۆیشتن، توانیمان بگەینە کراملیس و لە ڕێگاش بەناو ڕووبارێکی بچووک دا تێپەڕین کە پێی دەڵێن (خازر). دیارە ئاستی ئاوی ئەم ڕووبارەش بەرز ببۆوە، ئەویش بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر کە لەم چەند رۆژەی دوایی دا بارییبوو، بەڵام ئێمە توانیمان پێیدا بپەڕینەوە.

لە ریگای چوونمان لە خازەرەوە بۆ موسڵ، لە هەموو شوێنێک دا گێڵکە و باخی سەوزمان بینی و گوندی زۆریشی لەملا و لەولا هەبوون، لێرە دا جگە لە ناوی ئەو گوندانەی کە لە نەخشەی ژمارە ٨ دا هەن، ناوی ئەمانەشی بۆ زیاد دەکەم: گوندی شێخ ئەمیر Amir، گوندی ئەمیدانAmeidan، باز

گرتانBas Girtan ، باس سخرا Bas Sachra [79]، ئەم دوو گوندەی دوایی، دەکەونە سەر لووتکەی چیای (عين الصفرة)، ئەمەش بەناوی ئەو سەرچاوە ئاوەوە نراوە، ئاوەکەی زەردە و بۆ کاری پزیشکی و نەخۆشی بەکار دەهێنرێت.

**کراملیس:**

دیارە کراملیس پێشتر شارێکی گەورە بووە[80]، لێ ئەمڕۆ ژمارەی ماڵەکانی لە نێوان شەست تا حەفتا ماڵ دەبێت، بەڵام وەکو ماڵەکانی نزیکی ناوچەی بەغدا لاواز و خراپ دروست نەکراون، بەڵکە هەموویان لە گەچ و بەرد دروست کراون و میچەکەشیان زۆر باشە، هەروەها مەخزەنی زەخیرەشیان لەژێر زەوی دروستکراوە، ڕێک وەکو وڵاتی فارس. دانیشتوانی کراملیس هەتا چەند ساڵێک پێش ئێستا، هەموویان نەستووری بوون.

کاتێک گەیشتمە گوندەکە، دەوڵەمەندترین پیاوی گوندەکە پێشوازی لێکردم کە هەر خۆشی موختاری گوندەکە بوو و تکای لێکردم کە میوان ئەو بم. لەوێ سەرنجی ئەوەم دا کە لە ناو دانیشتوانی گوندەکە دا ١٢تا ١٦ پیاو جلوبەرگی کەشخەیان لەبەربوو.

پاش ئەوەی بە کۆمەڵێک دەستەواژەی درێژ بەخێرهاتنییان کردم و لەبارەی سەفەرەکەی بەغداوە کۆمەڵێک پرسیاریان لێکردم، یەکێکیان لێی پرسیم، ئاخۆ پاپا سەرۆکی گشتی کڵێسای ڕۆمیی کاتۆلیکییە یان سەرۆکی هەموو کڵێساکانی تریشە.

---

٧٩ . ناوە ڕاستییەکەی "باصخرا"یە، ئەمەش ناوی گوندێکە کە دەکەوێتە سەر چیایەک کەناوی (جبل عين صفرا)یە، ئەویش لەبەر ئەوەی لەم شوێنە دا کبریتی تێدایە. و.ع

٨٠ . لە زۆربەی سەفەرنامەکانی تری گەڕیدەکان دا، ناوی ئەم شارە بە(کاور قوي) هاتووە، چونکە زۆربەی دانیشتوانی مەسیحی بوون یەک موسڵمانی تێدا ناژی. و.ع
بەڵام لە دەقە ئەڵمانییەکە دا (نیبوور) بەم شێوەیەی نووسیوە(Karmelis) واتە کارمەلیس نەک کراملیس. و.ک

منیش بێ گومان وەڵامم دایەوەو گووتم، هەر وەکو دیارە کە ئەرمەنیی و یۆنانی و قبتی، ڕێگای تایبەتی بە خۆیان هەیە، هەر وەک چۆن نەستووریەکانیش ریگای تایبەتی خۆیان هەیە، هەمووشیان باوەڕیان بە سەرۆکایەتی پاپا و دەسەڵاتەکەی نییە. بەڵام نەیارەکەم پرسیارێکی لێکردم و گووتی: ئاخۆ پاپا خەلیفەی بترۆسی پیرۆز نییە؟ ئایا مەسیح بە بترۆسی نەگوت لەسەر ئەم بەردە دەمەوێت کڵێساکەم دابمەزرێنم؟

بەم قسەی دا بۆم دەرکەوت کە ئەو نەستووریی نییە، بەڵکە کلدانییەکی (مهتدیی)یە (واتە چۆتە سەر کڵێسای رۆمی کاتۆلیکی. و.ک). منیش وەڵامم دایە و گوتم: بێ گومان بترۆس ڕێنماییەکانی ئینجیلی لە رۆما دا بڵاو دەکردەوە، کە ئەمڕۆ پاپا سەرۆکی رۆحانی مەزن تێیدا دەژیی و باوەڕەکانی مەسیح بە جیهان دا بڵاو دەکاتەوە، بەڵام ئینجیل نەیگووتوە کە سەرۆکی رۆحانی مەزنی رۆما، سەرۆکی رۆحانی هەموو مەسیحییەکانە، هەرچەندە بەلای منەوە ئاساییە گەر کەسێک باوەڕ بە سەرۆکایەتی پاپا بکات وەکو سەرۆکی رۆحانی لەسەر زەوی، یان باوەڕ نەکات. چونکە هەموو مەسیحییەکان جا سەر بە هەر مەزهەبێک بن، هەموویان باوەڕیان بە ئینجیل هەیە و باوەڕیشییان بە ریگای مەسیح هەیە، ئەو ڕێگایەی کە پترۆس بڵاوی کردەوە. من لەو باوەڕەش دام گەر خەڵکی پێرەوی رینماییەکانی ئینجیل بکات، ئەوا خوداش هیچ جیاوازییەک لە نیوان کلدانی و نەستووری و مەسیحییەکانی تر ناکات.

پاشان نەیارەکەم لێی پرسیم، ئاخۆ من ئەورووپیم یان یۆنانیم ؟ منیش دڵنیام کرد کە من ئەورووپیم، بەڵام لە وڵاتانی ئەورووپیدا، ماوەی دوو سەدساڵە گەلێک وڵات هەن کە باوەڕ بە سەرۆکایەتی پاپا ناکەن. هەتا ئەو کاتە ئەوانی تر هەر گوێیان دەگرت، بەڵام لەناکاو هەندێک لە نەستوورییەکان بەشداریی گفتوگۆکەیان کرد و یەکێکیان پێی گوتم: برای قەشەم، بۆخۆت باشتر بوو کە لەسەر ئایینی باوباپیرانمان بمێنیتەوە و هیچ هەوڵی گۆڕینی دینی برایان و ئەهلی مەزهەبەکەمان نەدەیت. تۆ و خەڵکانی تر هەستان بە بانگەشە دژ بە (پەترىارک) کەمان و بە هەموو شێوەیەک فشارتان خستە

سەری و چەندین تۆمەتتان بۆ دروستکرد و لەجیاتی ئەویش کابرایەکی ئەوروپیتان داناوە و کردووتانە بە سەرۆکی کڵێسا، کەچی تۆ خۆت بە سیفەتی ئەوەی ئەوروپیت، باوەڕ بەو ئەوروپییە ناکەیت وەکو سەرۆکی باڵای کڵێسا.

دیارە زۆرم پێ ناخۆش بوو کە بە هۆی ئەم گفتوگۆیەوە، بوومە هۆی بێ تاقەتکردن وتووڕە کردن و دروستکردنی حاڵەتێکی دژوار لە نێوان ئەم دوو گرووپە دا. بەڵام من بۆم دووپاتکردنەوە، کە ئەمڕۆ نیوەی ئەوروپا باوەڕی بە کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمانی هەیە و نیوەکەی تریش باوەڕیی پێ ناکەن بەڵام خۆیان بە مەسیحی دادەنێن و هیچ جیاوازییەکیش لە نێوانیان دا نییە، هەروەک چۆن هیچ جیاوازییەک لە نێوان تایەفە مەسیحییەکانی وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا نییە. من پێم باشترە کە واز لە خەڵکی بهێنرێت با ئازاد بێت باوەڕ بە چ عەقیدەیەک دەکات و باوەڕیی بە ڕاستیی ڕێگاکەی هەیە، چونکە بەم شێوەیە هەر بە دۆست و خۆشەویستیی یەکتر دەمێننەوە.

بەڵام قەشەکە قسەکانمی بە دڵ نەبوو، ئەو گووتی: تیمە مسیۆنێرە ئەوروپییەکان لە موسڵ پێیان گووتوە هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا باوەڕیان بە سەرۆکایەتی ڕۆحانی پاپا هەیە، لەبەر ئەوە گومان لەوە دەکەم کە تۆ ئەوروپی بیت، دیارە گەر ئەوروپی بوویتایە ئەوەت دەخوێندەوە و دەتزانی کە ئەمە ڕاستە.

پاشان لە گیرفانی عەباکەی دا کتێبێکی بچووکی دەرهێنا، کە بە پیتی لاتینی نووسرابوو، بۆ زمانی سریانی یان کلدانیی وەرگێرابوو، کردییەوە و دەستی خستە سەر ئەو شوێنەی کە دەڵێت: تو ئەی پترۆس....هتد و منیش وەڵامم دایەوە و گووتم، کە پێشتر باسی ئەم بابەتەم بۆ کردیت و ئەم دێرە تەنها لە کتێبەکەی ئەو دا نییە، بەڵکە لەکتێبی هەموو مەسیحییەکانی تریشدا هەیە، هەر وەها زانا گەورەکانیش ساڵانێکی زۆر لەبارەی ئەم ڕستەیەوە مشتومڕ و گفتوگۆی زۆریان کردوە و بەبێ ئەوەی لەسەر ناوەرۆکی

بابەتەکە ڕێک بکەون، لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا ناتوانین بەم موجادەلەیەمان بگەینە ئەنجامێک کە بە دڵی هەر دوو لامان بێت.

لە پاش ئەوە دەستمکرد بە گۆڕینی قسەکان و باسێکی ترم کردەوە، بۆ نموونە: بەپیتی کێڵگە و زەوییەکانیان، ئەو زەویانەی کە لە نێوان دە تا پانزە جار خەرمانیان دەبێت. هەروەها لەبارەی جۆری ئامرازەکانی کشتووکاڵکردن قسەم کرد، کە هیچیان لە ئامڕازە کشتووکاڵییەکانی میسر و تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵات جیاواز نییە.

بەڵام ئەم قەشە ڕۆحانییە زۆر پەرێشان بوو و دۆش داما، چونکە ئەو هیوای ئەوەی دەخواست کە لە ڕێگای ئەوروپییەکی وەکو منەوە، یارمەتی بدەم بۆ ئەوەی مەزهەبەکەی بڵاو بکاتەوە، بەڵام من برادەرێکی باشی هەموویان بووم.

کاتێک وەختی نوێژی ئێوارە هات، هەموویان وەکو هەموو مەسیحییەکان ڕۆژهەڵات، ڕایانکرد بۆ کڵێسا، ناوی ئەو کڵێسایەش (باربارە) بوو، پاشان مەزارگەی ئەم شەهیدە و دراوسێکەشیان پێ پیشان دام، بەڵام ئەمەی دواییان هیچ جێگای ڕێز و پیرۆزیی نەبوو، بەڵام مەزارگەی باربارەی پیرۆز، لەبەر دەمی دا کڕنۆشیان برد و لەبەردەم قەبرەکەی دا لێی دەپارانەوە بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات.

لە نزیکی قەبرستانی گوندەکەوە، گردێکی تێدایە کە پێیانوایە لە سەریەوە کۆشکی باوکی بارابەرای پیرۆزە، کە لە پەنای دا کۆمەڵێک بەرزایی سەوزیی جوان دەوریان داوە. مار مەتا یان (شێخ مەتا -ماتیوس) دەکەوێتە سەر چیایەکی بەرز، کە سێ سەعات لە ڕۆژهەڵاتی کراملیسەوە دوورە، ئەمیش دێرێکی مەسیحییە و لەگەڵ گوندێکە کە تەنها مەسیحییە یعقووبیەکانی تێدا دەژین.

وا دێتە باوەڕکردن کە کۆمەڵێک شوێنەواری کۆنی تێدا بێت بەڵام گرنگیەکی ئەوتۆیان نییە. لە گوندی باسخرن، کە نزیکەی سەعات و نیوێک لە کراملیسەوە دوورە، لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتییەوە قەبریی قەدیسێکی تێدایە کە ناوی قەدیس دانییالە و خەڵکی دەچنە زیارەتی.

له باکووری ئه‌م شوێنه‌وه و به دووری سێ سه‌عات گوندی بحزانی هه‌یه و هه‌ر وه‌ها له‌باکووری رۆژئاوای کراملیسیشه‌وه گوندی "برطلة Baratol" هه‌یه، که نزیکه‌ی سه‌عاتێک لێوه‌ی دووره، هه‌موو دانیشتوانی مه‌سیحی یه‌عقوبین. له‌باکووری رۆژئاواشه‌وه گوندی خزنه تبه‌Chasna Töppe هه‌یه، که هه‌موو دانیشتوانه‌که‌ی موسڵمانن، له رۆژئاواشه‌وه نزیکه‌ی سه‌عات و نیوێک به پێ، گوندی مناره Minare هه‌یه[٨١] ئه‌ویش گوندێکی بچووکه، که تا چه‌ند ساڵێک له‌مه‌و پێش دانیشتوانه‌که‌ی هه‌موویان مه‌سیحی بوون، به‌ڵام ئه‌مڕۆ هه‌موو دانیشتوانی گونده‌که موسڵمانن. به دووری میلێک به‌ره‌و باشووری رۆژئاوا، شارۆچکه‌ی قه‌ره‌قووش هه‌یه، که هه‌موو دانیشتوانی یه‌عقووبیین.

ئه‌و زمانه‌ی که ئه‌مڕۆ له‌ناو ئه‌م گوندانه دا بڵاوه، زمانی سریانییه، به‌ڵام ئه‌و زمانی سریانی یان کلدانییه‌ی که ئه‌مڕۆ خه‌ڵکی ئه‌م گوندانه قسه‌ی پێده‌که‌ن، جیاوازه له زمانه ئه‌سڵییه‌که. ئه‌و زمانه‌ی که له‌سه‌ر کڵێساکان نووسراوه، هه‌مان حاڵه‌تی زمانی عه‌ره‌بی کۆن و نوێی هه‌یه[٨٢].

به‌ڵام ئه‌و مه‌سیحییانه‌ی که تێکه‌ڵاوی بێگانه‌کان ده‌بن، زمانی کوردیی و تورکی ده‌زانن و هه‌روه‌ها زمانی عه‌ره‌بیش، که زمانی باوه‌ڕپێکراویی ئه‌م وڵاته‌یه و زمانی شارستانیی و رۆشنبیرییه له لایان. جێگای ئاماژه‌یه چه‌ندین وشه‌ی بێگانه تێکه‌ڵی زمانی سریانی بووه.

---

٨١ . دیاره سێ گوندی مناره هه‌یه، مناره‌ی سه‌روو، مناره‌ی خواروو، مناره‌ی سێهه‌م، ئه‌وه‌ی (نیبوور) باسی ده‌کات مناره‌ی خواروویه که نزیکی توبراقه له ناحییه‌ی حه‌مدانییه. ده‌توانیت سه‌یری کتێبی: یاسین العمري. منية الادباء في تاريخ الموصل الحدباء، ص١٦٥. و.ع


٨٢ . به‌شی زۆری ئه‌م گوندانه به‌زمانی "السورث" قسه ده‌که‌ن، که ئه‌مش دیالێکتێکی زمانی سریانییه که زیاتر جووتیاره‌کان قسه‌ی پێده‌که‌ن و زیاتر له ناوچه‌کانی باکووری موسڵ و گونده مه‌سیحییه‌کانی موسڵ و هه‌ولێر و سلێمانی و تور عه‌بدین و ورمێ و سنه‌ی وڵاتی فارس دا هه‌یه، هه‌ر وه‌ها کۆمه‌ڵێک گوندی ئیسلامیش له نزیکی دیمه‌شق که گه‌وره‌ترینیان (معلولة)یه، به‌م شێوه‌زاره قسه ده‌که‌ن، هه‌رچه‌نده که‌مێک جیاوازیان له نێوان دا هه‌یه.
ده‌توانیت سه‌یری کتێبی: الخوري أفرام، الؤلؤ النضيد في تاريخ دير مار بنهام الشهيد، الموصل، ١٩٥٠،ص٢١٤. و.ع

لێرەدا پێم خۆشە هەندێک باسی ئەو نەستووریانە بکەم کە پاترياركێكی تايبەت بە خۆيانيان هەيە و لە (قوش) دادەنيشێت، ئەويش گوندێكە كە لە موسڵەوە زۆر دوور نييە. ئەو پاتريكەش پێی دەڵێن ئەلياس.

نزيكەی ۳۰۰ گوند كە پێدەچێت بەشێكی زۆرييشيان مەسيحی تێدا نەبێت، لەژێر دەسەڵاتيی ئايينی ئەم بەترياركە دان. بەترياكی نەستووريەكانی هەكاری ملكەچی فەرمانەكانی بەترياركی قوش نابێت، بەشێوەيەک كە هيچ كاميان ملكەچی ئەويتريان نين، هەروەک پێشتريش لەمبارەيەوە قسەم كردووە.

بەترياركی يەعقووبييەكان لە دياربەكر (ئامەد) دەژی، پاشتر دێمە سەرباسيی ئەويش. خاڵێكی تايبەتيی شارۆچكەی قوش ئەوەيە، كە لەم شارۆچكەيە دا پێغەمبەر (ناحوم) لەدايک بووە و پاشانيش هەر لەوێ نێژراوە، هەربۆيە ساڵانە جوولەكەكان دێنە زيارەتی مەزارگەكەی.

جێگای ئاماژەيە قوش لە كتێبی مێژووی گشتيی جيهاندا (AllgemeineWelthistorie) ناوی بە الكواشی، Al-Cawaschi هاتووە. جێگای گووتنە لە سەرەتای سەدەی حەڤدی كۆچی دا، قوش قەڵايەكی بەهێز بووە.



وێنەی موسڵ

**موسڵ:**

له ڕۆژی هەژدەمین دا کراملیسمان بەجێهێشت و بەرەو موسڵ بەڕێکەوتین. نزیکەی سێ میلی ئەڵمانیمان بڕی، پاش ئەوە بەناو کێڵگە و بێستانی جیاواز دا تێپەڕین. له بەری باکوریی ڕێگاکەمانەوە گوندی باشبیتا Baschbita و بازاوەBasaua و کوکجلی Godsjeli هەیە. له نزیکی ئەوەی دواییان دا ڕووبارێکی بچووک هەیە کە پردێکیان لەسەر دروستکردووە. بەڵام له بەری باشووری ڕێگاکەوە، گوندی منارەMinare و کوجک Kodsjak دەبینرێت.

پێش ئەوەی موسافیرێک بگاتە موسڵ لەم بەرەیەوە (مەبەستی بەری باشووری شاری موسڵە.و.ک)، بە نەینەوا دا تێدەپەڕێت. بە ڕای مەسیحییەکانی موسڵ بێت، سنووری ئەم شارە، لە قازی کند" القاضية" وە دەست پێدەکات و له گوندی یارمجە کۆتایی دێت، دووریی نێوانیان دەگاتە نزیکەی دوو میلی ئەڵمانی.

بەڵام جوولەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شارەکە زۆر لەم سنوورە گەورەتر بووە، بەشێوەیەک کە موسافیر پێویستی بە سێ ڕۆژ هەبووە هەتا وەکو پێیدا تێپەڕێت و ببیبنێت. من هیچ باوەڕم نەدەکرد کە خۆم لەشوێنێکی گرنگدا ببینمەوە، هەتا گەیشتمە سەر ڕووباری دیجلە، لەوێ خەڵکی ئەو گوندەی کە دەکەوێتە سەر گردێک، منیان بینی. ئەم گوندە پێیدەڵێن (نەینەوا) کە له ناوی دا مزگەوتێک هەیە و لەناو ئەویش دا قەبری حەزرەتی (پێغەمبەر یونس) هەیە. جوولەکە هەتا ئەمڕۆ، ئەم مەزارگەیە لایان پیرۆزە، بەڵام لەوەتی کەوتۆتە دەستی موسڵمانەکان، جوولەکەکان زاتی ئەوەیان نەبووە کە نزیکی بکەونەوە.

بەڵام جوولەکەکان ئەمڕۆ دێن لە دەرەوەی مزگەوتەکە زیارەی مەزارگەکە دەکەن، ئەوان دەڵێن گوایە موسڵمانەکان ناهێڵن جوولەکەکان بچنە ناو مزگەوتەکەوە، بەڵام ئەمەش قسەیەکی درۆیە، چونکە موسڵمانەکان بەهیچ شێوەیەک ڕێگا لە مەسیحییەکان ناگرن، بۆ ئەوەی زیارەتی ئەو ئەولییا و قەشانەیان بکەن کە له سەردەمێک دا کڵێسا بوون و ئێستاش

کراونەتە مزگەوت، بەڵکە بە پێچەوانەوە ئازادی تەواویان پێداون بۆ ئەوەی کەی ویستیان بچن سەردنی ئەم مەزارگانە بکەن.

بەڵام پێدەچێت هۆکاری سەرەکی ئەوە بێت کە جوولەکەکان نایانەوێت بچنە ناو پەرستگاکەوە کە بۆ دینەکەی ئەوان ناگەڕێتەوە یان بەهۆی رەزیلی لەڕادە بەدەریان بێت کە رێگایان پێ نادات بچنە ناو ماڵە پیرۆزەکانی موسڵمانەکانەوە نەوەکو لەوێ برێک پارە ببەخشن بۆ کاری خێر و چاکە یان یارمەتی سواڵکەر و ئەو کەسانە بدەن کە لەوێ دەژین چونکە ئەوانەی کە لەم مزگەوتانە دا دەژین پێشوازی لە هەموو بڕە پارەیەک دەکەن کە زیارەتکەرێک پێیان دەدات، هەر وەکو چۆن لە ئەورووپاش هەمان حاڵەت هەیە.

بەڵام ئەو گردەی تر کە لەم شوێنە دا هەیە پێی دەڵێن قەڵای نونیا Kalla Nunia یان قەڵای نەینەوا، هەر لەوێش گوندی قوینجق هەیە. لەکاتی مانەوەم لە ماڵێک لە موسڵ کە دەکەوتە سەر ڕووباری دیجلە، کەسێک کە لە ماڵەکە دەژیا، شوراکانی نەینەوای پێشان دام و پێشتر کاتێک من بەوێدا تێپەڕیم ئاگادارییی نەبووم و وامدەزانی ئەمانە زنجیرەیەک گردن.

پاشان وێنەی نەخشەی شاری نەینەوام کێشاوە کە خوێنەر دەتوانێت لە نەخشی ژمارە ٦ دا سەیری بکات. ژمارەکانیش ئاماژەی ئەم شوێنانەن:

١ . ئاماژەیە بۆ ئەو مزگەوتەی کە قەبری پێغەمبەر یونسیی تێدایە.

٢ . ئاماژەیە بۆ گوندی نونیا.

٣ . ئاماژەیە بۆ شوراکانی نەینەوا.

٤ . ئاماژەیە بۆ چیای عین الصفرا.

پردێک نەینەوا بە موسڵەوە دەبەستێتەوە، ئەو پردە وەکو ئەو پردەیە کە لە بەغدا و حلە هەیە، بەڵام پانی ڕووبارەکە لە موسڵ لە پانای ئەوەی بەغدا جیاوازە، بەشێوەیەک کە پانایییەکەی دەگاتە نزیکەی شەست و شەش هانگاوی دووانە، واتە نزیکەی سێ سەد پێ. بیست ستوون کە چرایان لەسەرە، پردەکە ڕووناک دەکەنەوە.

گەر بێتو بارانێکی زۆر بباریێت یان بەفری سەر چیاکانی دەورووبەری موسڵ بتوێتەوە، ئەوا ئاستی ئاوی ڕووبارەکە بەرز دەبێتەوە و خووڕی

ئاوەکەش تیژتر دەبێت، بەشێوەیەک کە پردەکە پەیوەندی بە بەرەکەی تری ڕووبارەکەوە نامێنێت و ئەمەش وا دەکات پردەکە ئاو ببیات، دیارە ئەمەش لە ڕۆژی بیست و سێی ئازار ڕووی دا. ئەمساڵ دوو جار پردەکە ئاو بردوویەتی و پێدەچێت سێهەمین جاریش ئاو ببیات. (لەم کاتانە دا خەڵکی ناچارن بچن لە شوێنێکی دووری موسڵ بیدۆزنەوە).

ئێستا ئاستی ڕووبارەکە چەند پێیەک بەرزبۆتەوە. لە یەکەم ڕۆژی مانگی ئەپریل دا، پردە تەختەکە بە بەرەکەی تریی ڕووبارەکەوە بەسترایەوە. دووڕیانی ڕۆژهەلاتی ئاوەکە زۆر نزمە و زەویەکەشی زۆر فشۆڵە، لەبەر ئەوە ئەم ڕێگایە لە وەرزی زستان و وەرزی باران بارین دا زۆر ناخۆش و خراپە.

پێش چەند ساڵێک پاشا دەستیکرد بە دروستکردنی بەنداوێک یان پردێک لەسەر ئەم ڕێگایە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کەوانەی پردەکە خراپ و تەسک بوو، لەگەڵ یەکەمین وەرزی لافاوی ڕووبار، تەوژمی ئاوەکە بردی و ڕووخاندی، ئێستاش ڕێگاکە زۆر لەجاران خراپتر بووە.

موسافیریش لەم ڕێگایە هەرزانتر نادۆزێتەوە کە کەمتر خەرجی تێبچێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە گومرگ و باجی ڕێگاوە هەیە (باجی ڕێگا و تێپەڕین). لە یەنکجە و کەرکووک و ئاڵتون کۆپری و ئەربیل و لەسەر ڕووباری زێ، تەنها پارەیەکی زۆر کەمم دا ئەمەش پێی دەڵێن (باج).[٨٣]

کاتێک گەیشتیینە موسڵ، هەموو جانتا و سندوقەکانیان بردم بۆ گومرگ، بەڵام هیچ نەیانپشکنین و هیچ پارەشم نەدا، جگە لە برێک لە درهەم نەبێت، کەئەمەش پێی دەڵێن (پارەی دەرچوونیی گومرگیی). من ئەم درهەمانەم بە کارمەندێک دا، بۆ ئەوەی بە خێرایی شتەکانم لە گومرگ دەربکات.

بازرگانەکان بۆ هەر بارێکی حوشتر کە قوماش بێت، جا گەر قوماشی کەتان بێت یان حەریر لە جۆری زبر بێت یان ناسک، دەبێت دە قروش بدەن. بۆ باری قاوەش، دەبێت حەوت قروش و نیو بدات. ئەو بارەی کە بیبەر و شتیی تری بار کردووە، دەبێت شەش قروش و چارەکێک بدات. بەڵام ئەو

٨٣ .باج، جۆرێک بوو لە ( **ضريبة**) کە لە سەر سامانی ئاژەڵی لە خاوەنەکانیان وەردەگیرا. و.ع
ئێمە لە کوردی دا هەر وشەی "باج" بەکاردەهێنین کە لە جیاتی: "ضريبة" ی عەرەبی دێت. و.ک

بارانەی کە بە کەر یان هێستر دێن، ئەوا دەیکێشن و پاشان بەهەمان شێوەی باری حوشتر، باجەکەی لێ دەستێنن.

دیارە سەفەرکردن لە موسڵەوە بۆ بەغدا لەرێگای ڕووباری دیجلەوە زۆر ئاسانە، تاکە ئامرازیش بۆ سەفەرکردن بە ڕووبار دا کەڵەکە، جگە لەمە هیچ ئامرازێکی تر نییە، دیارە کەڵەک زۆر پانە و هەربۆیە بازرگانەکان شتەکانیانی پێ بار دەکەن. گەر بازرگانێک بیەوێت لەگەڵ بارەکەی دا سەفەر بکات، ئەوا لەسەر کەڵەکەکە ژوورێکی بچووک دروست دەکات، بۆ ئەوەی لە باران بارین و گەرمای خۆر بیپارێزێت.

جێگای ئاماژەیە گەشتی ڕووباریی بۆ بەغدا لە رۆژانی بەهار دا، کاتێک خوڕی ئاوەکە بەهێزە، سێ تا چوار رۆژی پێدەچێت، بەڵام لە رۆژانی ئاسایی دا (وەرزەکانی تر) ، ئەوا گەشتەکە نزیکەی چواردە رۆژی پێدەچێت، هەربۆیە موسافیرەکان و بازرگانەکان رێگای وشکانیان پێ باشترە. دیارە ئەو موسافیرانەی کە بە رێگای ڕووبار دا دەچن بۆ بەغدا، دەتوانن لە تکریت و سامەڕا بوەستن.

**سامەڕا و تکریت:**

دیارە تکریت لەسەردەمانی پێشوو دا، شارێکی بەناوبانگ بووە و هەتا وەکو ئەمڕۆش شوێنەوارە کۆنەکانی ماون کە گەورەیی و گرنگی ئەم شارە لە سەردەمانی کۆن دا دەردەخەن. بەهەمان شێوە سامەڕاش شارێکی گرنگ بووە، چونکە مەڵبەندی کۆمەڵێک خەلیفە بوو، هەروەها سێ لە ئیمامە گەورەکانی شیعەشی تێدا ژیاون و هەر لێرەش نێژراون. ساڵانە فارسێکی زۆر دێن زیارەتی قەبرەکانیان دەکەن.[٨٤] لە سامەڕا بورجێکی مەزنیش هەیە کە زۆر بەرزە، رێک دەڵێیت بورجی (روانگەی- رصد)[٨٥]ی کۆپنهاگنە، هیچ پلیکانەی نییە، بەڵکە رێگایەکی پێچاوپێچی بازنەیی هەیە.

٨٤ . ئەو سێ ئیمامەش بریتین لە: (الهادي، حسن العسكري، ئیمامی دوانزە محەمەد المهدي). و.ع

٨٥ . واتە ئەو بورجانەی کە بۆ ڕێنماییکردنی کەشتییە دەریاییەکان دادەنرێن، رێگا پێشانی کەشتییەکان دەدات. و.ک

جێگای ئاماژەیە تەنها سامەڕا ناوبانگی بە دروستکردنی تەلاری کۆن دەرنەکردووە، بەڵکە کۆمەڵێک شوێنەواری کۆن بەدرێژایی دیجلە لە نێوان موسڵ و بەغدا هەیە. بەڵام هەموو ئەم شوێنەوارانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئیسلامی، لەبەر ئەوە موسافیر پێویست ناکات زۆر لە خۆی بکات، بۆ ئەوەی بچێت سەردانیان بکات.[٨٦]

لە نزیکی نەمروودەوە، پاشماوەی قەڵایەک هەیە کە نزیکەی هەشت سەعات بە پێ لە موسڵەوە دوورە، لێرەدا موسافیر تەلارێکی سەیر دەبینێت. لەپەناشی دا بەنداوێک لەسەر دیجلە دروستکراوە، کە هەر دوو بەری ئاوەکە دەگرێت، پێدەچێت هۆکاری دروستکردنی ئەم بەنداوە، کۆکردنەوە ئاوی پێویست بێت بۆ ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی نزیک نەمروود. لەوانەیە دروستکردنی ئەم بەنداوە موسڵمانەکان نەبێت، چونکە بەلایەنی کەمەوە زیاتر لە هەزار ساڵە، بەرگەی خووڕی تیژی ئاوی دیجلەی گرتووە.[٨٧]

---

٨٦ . جێگای گوتنە کۆمەڵێک شوێنەواری کۆن هەیە کە دەکەوێتە سەر هەر دوو بەری دیجلەوە لە نێوان موسڵ و بەغدا، کە مێژوویان بۆ پێش سەردەمی ئیسلام دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە تکریت، ئاشور (الشرقاط )، نمرود. و.ع

٨٧ . ئەو بەنداوەی کە (نیبوور) باسی دەکات لەسەر رووباری دیلجەیە کە دەگاتەوە نزیکی شاریی نەمروود، پێدەچێت پاشماوەی پردێکی بەردین بێت کە لە سەردەمی سەدەی ناڤینی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری دروستکراوە. پێدەچێت لە سەردەمی مەلیک ئاشور باڵی دووەمدا دروستکرابێت، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆیی پ.ز حوکمی نەمرودی پێتەختی دەکرد. پاشماوەی ئەو پردە بەردینە یان بەنداوە هەر وەک (نیبوور) باسی دەکات، لە وەرزی هاوین و پایزیش دا کاتێک ئاوی دیجلە کەم دەکات بە جوانی دەردەکەوێت، خەڵکی ئەو ناوچەیەش بەم شوێنەوارە دەڵین (سکر النمرود، العواية)، چونکە لێرە دا ئاوەکە جۆرە شەپۆلێک دروست دەکات، کاتێک بەر پاشماوەی ئەو بەردانە دەکەوێت. ئەمەش گەڕیدە لایارد لە ١٥ ئەپریلی ١٨٣٩ بینیویەتی کاتێک سواری کەڵەکەکە بووە و ویستوویەتی بێت بۆ بەغدا، ئەو بەردانەی بینیووە کە وەکو گردێکی گەورە لە بەردی چوار گۆشە دەرکەوتوون و بە ئاسنێک پێکەوە بەستراون. (سەیری کتێبی لایارد نینوی، ص٣٠) بکە. من خۆشم ئەم پاشماوانەی پردەکەم بینی کە دەکەوێتە بەری رۆژئاوای دیجلەوە، نزیک گوندی نەمرود، کاتێک لە کۆتایی مانگی ئەپریلی ١٩٤٩ دا یاوەری شاندێکی تەکنیکی

هەر وەک چۆن لە دەروازەی چیای حەمرین دا، ڕووباریی دیجلە زۆر تەسک دەبێتەوە و جۆرە تاڤگەیەک دروست دەکات، کە وا دەکات خاوەنی کەڵەکەکان زۆر بە زەحمەت پێیدا تێپەڕن، بەتایبەتی لەکاتی کەم بوونەوەی ئاستیی ڕووبارەکە، بەهەمان شێوەش لە کاتی تێپەڕین بە بەنداوی نەمروو دا ئەم زەحمەتە دەکێشن، کاتێکیش کە ئاستیی ئاوەکە بەرز بێت، زۆر زەحمەتە ئەو بەردانە ببینن، هەربۆیە زۆرجار خۆیان لەم بەردانە دەدەن و نوقم دەبن.

بەڵام گەر بێتو خاوەن کەڵەکەکەکان شارەزا بن، ئەوا دەزانن لەم دوو شوێنە دا چۆن کەڵەکەکەیان تێدەپەڕێنن و نوقم نابن. جێگای گوتنە کەڵەک لە ڕووباری دیجلەدا، لەنێوان دیاربەکر و موسڵیش بەکار دەهێنرێت، ئەم ڕێگا ئاوییە سێ یان چوار تاڤگەی تێدایە.

دیارە لە نێوان بەغدا و موسڵ دا کەڵەک نییە، چونکە کەڵەکەکان ناتوانن بەرگەی خووڕی ڕووبارەکە بگرن، لەبەر ئەوە خاوەن کەڵەکەکان (ئەوانەی لە موسڵەوە دەچن بۆ بەغدا)، لەوێ ئەو شتەی کە بەکەڵک دێت بە سواری کەر دەیهێننەوە بۆ موسڵ، بەڵام شتەکانی تر کە بەڵکی گواستنەوە نایەن، ئەوا لە بەغدا دەیفرۆشن، هەموو تەختە و بەشەکانی تری کەڵەکەکە دەفرۆشن.

جێگای گووتنە ڕێگایەکی تری کاروانیش لە نێوان بەغدا و موسڵ هەیە، کە بە بیابان دا تێدەپەڕێت کە زۆر کورترە لە ڕێگای بەغدا، کەرکووک، ئەربیل. بەڵام ئەوروپییەکان حەز ناکەن بەم ڕێگایەدا بڕۆن بۆ موسڵ، چونکە لەم ڕێگایە دا هیچ ئاوەدانییەکی تێدا نییە جگە لە تکریت نەبێت.

لەبەر ئەوەی نامەیەکم پێ بوو بۆ شاندی مسیۆنێری ئەورووپی لە موسڵ، هەر بۆیە لەپاش ئەوەی لە بەرێوبەرایەتی گومرگ رزگارم بوو، ڕاست چووم بۆ بنکەی مسیۆنێرەکان بەو هیوایەی کەماڵێکم لە گەرەکێکدا دەست بکەوێت کە زیاتر مەسیحییەکانی تێیدا دەژین.

جێگای گوتنە ئەم شاندە لە دوو کەسی دومینیکانی پێکدەهات، یەکێکیان حەکیم باشی بوو، واتە دکتۆری تایبەتیی پاشا. بەڵام کاتێک ئەو باوکانە

---

مۆزەخانەی بەریتانیم دەکرد، کە بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر ملوان بوو، ئەمەش بەهۆی یادی سەد ساڵەی هاتنی گەڕیدە لایارد بوو بۆ ئەم ناوچەیە. و.ع

زانیان من دەنیمارکی و پرۆتستانتم، هەربۆیە ئامادە نەبوون یارمەتیم بدەن، لەبەر ئەوە ناچاربووم بچم لە خانەکە ژووریێک بە کرێ بگرم. جێگای ئاماژەیە من هەموو کاتێک لەگەڵ ئەو قەشانەی کە بینوومن، زۆر دلۆڤان و ڕووخۆش بووم، هەروەها زۆر باشیش لەگەڵیان دەگونجام، لەبەرئەوە زۆر ڕێزییان لێدەگرتم و زۆر بەباشیش هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکردم، هەرچەندە هەندێکیان دەیانوویست بمهێننە سەر مەزهەبەکەی خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەروەک هاوڕێ ماینەوە، جێگای گووتنە کاتێک ئەوان ئەورووپییەکیان بدیبایە، زۆر دڵخۆش و کامەران دەبوون.

بەڵام دومینیکانیەکان لە موسڵ هیچ خۆشحاڵ نەبوون بە هاتنم. وا ڕێکەوت کە کاتێک گەیشتمە موسڵ، کاتی ڕۆژووگرتنی مەسیحییەکان بوو. نەستوورییەکان و یەعقوبییەکان لەکاتی رۆژوودا، بە هیچ شێوەیەک گۆشت و شیر و کەرە و هێلکە ناخۆن، تەنانەت گەر خراپترین نەخۆشیشیان بێت ئەم شتانە ناخۆن.

جێگای ئاماژەیە، مەسیحییەکان زۆر توندڕەوانە پارێزگاریی لە رۆژووگرتن دەکەن، تەنانەت لە موسڵمانەکانیش خراپترن. ئەوان لە خۆرهەڵاتنەوە تا نیوەڕۆ هیچ ناخۆن و هیچ ناخۆنەوە، تەنانەت جگەرەش ناکێشن.

دومینیکانیەکانیش لە موسڵ رۆژوو دەگرن، یان بەلایەنی کەمەوە خۆیان وا دەردەخن کە بە رۆژوون، چونکە خەڵکی پێیانوایە کە رۆژوو یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکان کە پێویستە مەسیحییەکان پەیوەست بن پێیەو.

گەر ئەو قەشە بەرێزانە هەر لەسەرەتاوە منیان ئاگادار بکردایەتەوە، ئەوا منیش ئامۆژگارییەکەی ئەوانم جێبەجێ دەکرد و بە قسەیانم دەکرد و منیش وەکو ئەوان رۆژووم دەگرت، ئەمەیش بۆ ئەوەی زیاتر پارێزگاری لە سومعەی ئەورووپییەکان بکەم، بەڵام لە هیچ شوێنێکی دونیا دا هێندەی ئێرە، خەڵکی ئاگادارىی نان خواردنی من نەبوون.

لەبەر ئەوە هەواڵی رۆژوو نەگرتم بە خێرایی بەناو خەڵکی دا بڵاوبۆوە. دیارە کۆمەڵێک قەشەی نەستووریی هەبوون کە لەسەر دەستی مسیۆنێرەکان مەزهەبیان گۆڕیبوو، ئەمانیش وەکو قەشەکانی کراملیس لەو

باوەڕە دا بوون، کەهەموو ئەوروپییەکان کاتۆلیکی رۆمانین، لەبەرئەوە زۆر پرسیاریان لە مامۆستا دومینیکانیەکان کردبوو سەبارەت بە ناسنامە و مەزهەبەکەم، بەڵام ئەو مامۆستا دومینیکانیانە، زۆر بە خراپی باسیان کردبووم و قسەیان بە خۆم و مەزهەبی پرۆتستانتیی گوتبوو، تەنانەت بە کەسێکی مولحیدیش تۆمەتباریان کردبووم، کە ئەمەش وایکرد زۆربەی مەسیحییەکان وەکو کافرێکی مولحید سەیرم بکەن، تەنها چەند بازرگانێک نەبێت، ئەوانەی کە پێشتر لە شاری حەلەب، لەگەڵ ئینگلیزەکان دانیشتبوون و هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کردبوون.

لەژێر کارگەری ئەم تەوژمی ئاژاوەگێرییە کە باوکە دومینیکانیەکان لەدژی من بەرپایان کردبوو، موسڵمانەکانیش لەو باوەڕە دا بوون کە من مەسیحی نیم، لەبەرئەوە دەستییان کرد بە پرسیارکردن لیم، دەیانگوت بۆچی لەگەڵ هاورەگەزە ئەوروپییەکانی خۆم تێکەڵاو نابم؟ بۆ ئەوەی ببمە جێگای رێزی ئەم خەڵکەی ئێرە و سنوورێکیش بۆ ئەم گومان و قسە و قسەڵۆکانە دابنێم، ناچاربووم کە هەوڵێکی زۆر بدەم تاوەکو حەکیم باشی رێگام پێبدات و بتوانم رەزامەندی ئەو وەربگرم و بە پارەیەکی زۆر پسولەی غوفرانی[٨٨] لیٚ بکرم.

پاش ئەوە ئینجا دەستی کرد بە قسە گووتن بە مەسیحییەکانی رۆژهەڵات و چەندین جنێوی ناشرینی پێدان. بێگومان ئەم پیاوە توانیبووی کە مەسیحییەکی زۆر لە مەزهەبەکەیان وەرگێرێت و بیانخاتە ناو مەزهەبەکەی خۆی، بەم شێوەیەش خزمەتێکی زۆریی کڵێسای کردبوو، بەڵام بۆچوون و دیدی ئەو بۆ مەسیحییەکانی تر، زۆر خراپ بوو بەشێوەیەک کەمەسیحییەکانی تری بە مەسیحی دانەدەنا.

من وام بە باشدەزانی کە هەر دەبێت شەرەفی بینینی پاشام دەستبکەوێت، هەرچەندە من لەو وڵاتانەی تر کە سەردانم کردبوون، بەدوای ئەم شەرەفەوە

---

٨٨ . ئەو کاغەزەیە کە قەشەکان لە بەرامبەر پارەیەک دا دەیدەن بە مەسیحییەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی لەو دونیا لە ئاگری دۆزەخ بیانپارێزێت و خودا رەحمیان پیٚ بکات و سزایان نەدا. دیارە ئەم چەکی غوفرانە زیاتر لە سەدەکانی ناوەڕاست رەواجی هەبوو، تەنها لە کڵێسای کاتۆلیکی ئەمە باوی هەبوو. و.ک

نەبووم. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی بسەلمێنم کە من کەسێکی خراپ و هیچ و پووچ نیم، هەروەک ئەوان پێیانوابوو، هەرچەندە من لەگەڵ کاروانی جوولەکەکان هاتمە موسڵ، دومینیکانیەکانیش بە ئیلحاد تۆمەتباریان کردم. هاورێیەکم توانی بە ئاسانی ئەو دەفەتەم بۆ بڕەخسێنێت، ناوی ئەلیاس ئیبن ئیسحاق بوو، کە نازناویی پاپایی لە پلەی سوارچاکی هەبوو.

ئەو پێشتر لە مەدرید وەرگێڕی زمانی عەرەبی و کلدانی بووە. قسەی لەگەڵ کوێخا کرد و پێی ڕاگەیاند کە من لە هیندستانەوە هاتووم و بە وڵاتی فارس دا تێپەڕیوم و زمانی عەرەبیش دەزانم. ئەویش چووبو بە پاشای گووتبو، یەکسەر ناردی بە دوامدا بۆ ئەوەی بمبینێت و پاشان کە چووم کۆمەڵێک پرسیاری هەمەجۆرەی لێکردم.

لەپاش ئەوە چووم زیارەتی موفتی و هەموو سەرۆکە رۆحانییەکانی ئاینەکانی(مەسیحیی و کلدانیی و نەستووریی و یەعقوبی)م کرد. بەم شێوەیەش پاش ماوەیەکی کەم لە هاتنم بۆ موسڵ، توانیم ببمە برادەری هەموو تایەفە و مەزهەبەکانی ئەم شارە.

شاری موسڵ دەکەوێتە بەری رۆژئاوای ڕووباری دیجلە، لە نزیک شاری نەینەوای کۆن، دەکەوێتە پلەی ٣٦،٢٠. جوولەکەکان پێیانوایە کە لە سەردەمی کۆن دا بەم شارەییان گووتوە شاری (ئاثور، ئاشور، Atur )[٨٩]و دوو پێغەمبەریان لێرە نێژراوان کە بریتیین لە (عبادیاObadea یفتاح جلعادی)، بەڵام ئەم دوو کەسە لە تەورات دا ناویان نەهاتووە، چونکە یەفتاح جلعادیGilead لە وڵاتی جلعاد نێژراوە، هەر وەک لە (قوزاتی) دوانزە لە بەندی حەوت دا هاتووە.

بەڵام لەبارەی مێژووی ئەم شارە و دامەزراندنیەوە و کێ ناویی لێناوە، من هەتا وەکو ئێستا زانیاریی تەواوم دەست نەکەوتووە. ئەوەشی کە خەڵکی ئەم شارە لەبارەی شارەکەیانەوە دەیزانن ئەوەیە، کە سێ جار بەتەواوەتی


---

٨٩ . شاری ئاشور پێتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشووریی بوو، کە دەکەوتە بەری ڕاستی ڕووباری دیجلە و باشووری موسڵ، کە ١١٠ کیلۆمەتر لێوەی دوورە. ئەمڕۆ پاشماوەکانی بە قەڵای شرقات "الشرقاط" ناسراوە. و.ع

وێران کراوە. بەهەرحاڵ ئەوەندەی دەیزانین کە ئەم شارە زۆر کۆنە. موفتی شارەکە گووتی، پێش هەزار ساڵ کاتێک موسڵمانەکان ئەم شارەیان فەتح کرد، نزیکەی دوو سەد کڵێسا و ژمارەیەک کنیسێتی جوولەکەی تێدابووە. بەڵام مەسیحییەکان لەم بارەیەوە موجادەلەی ئەوە دەکەن لەگەڵیان کە گوایە پێشتر لە موسڵ نزیکەی چوار سەد کڵێسا هەبووە.

نەخشەی شاری موسڵ بەو شێوەیەی کە (نیبوور) کێشاویەتی، ژمارەکانیش گوزارشت لە شوێنە گرنگەکانی شارەکە دەکەن.

نەخشە ی موسل ٥



نەخشە ی موسل ٥

**نەخشەی موسڵ و ژمارەکان بەو شێوەیەی کە (نیبوور) کێشاویەتی**

١.دەرگای العمادی

٢.دەرگای سنجار

٣.دەرگای البیض

٤.دەرگای الجدید

٥.دەرگای لجش

٦. دەرگای الطوب

٧.دەرگای الجسر

٨.أیج قلعة "قەڵای ناوخۆ"

٩.سەرای "کۆشکی پاشا"

١٠.مزگەوتی گەورە

١١.مزگەوتی سوور یان مزگەوتی موجاهیدی

١٢.قەرە سەرای

١٣.قوتابخانەی بەدریە

١٤.مەزارگەی یحی أبو القاسم

١٥.کڵێسای النساطرة

١٦.کڵێسای الیعاقبة.

موسڵ وەکو هەموو شارێکی گەورەی ئەم وڵاتە، پێشتر ئیمارەتێک بووە کە میرێک حوکمی کردووە کە ناوی (ساحیب،صاحب) بووە، وەکو دەریشدەکەوێت کە پێشتر زۆر لە ئیستا فراوانتر بووە. نەخشەی ژمارە ٥، بە ڕوونی شوێنی ئەم شارەمان بۆ دەردەخات وهەروەها فراوانی سنوورەکەشی نیشان دەدات.

جێگای گووتنە نیوەی شارەکە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای وشکانی بە شورایەکی کۆن و پتەو دەورە دراوە کە هەتا وەکو ئێستاش بەشێکی گەورەی ئەم شورا کۆنە کە دەکەوێتە سەر ڕووبارەکە ماوە، بەشی باشووری رۆژهەڵاتی شورای شارەکە وێران بووە، کۆمەڵێک بورجی هەیە بەڵام کۆن نین، لەهەندێک شوێنیشداماڵەکان بەیەکترییەوە نووساون کە بەشێکیان شوراکە پێکدەهێنن. بەشێکی زۆری شارەکە وێران بووە، بەڵام بەشەکەی تری پڕیەتی لە دانیشتوان و قەرەباڵخە. وا مەزندە دەکرێت کە ژمارەی ماڵەکانی موسڵ نزیکەی بیست هەزار تا بیست و چوار هەزار ماڵ بێت، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە ئەم ژمارەیە زۆر بێت.

شەقام و کۆڵانەکانی موسڵ وەکو هەموو شارەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات، زۆر تەسک و نارێکوپێکن، لێ یەک جیاوازی لەگەڵ شارەکانی تر دا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە گەڕەکەکانی لە یەکتری جیا نەکراونەتەوە و دەرگای تایبەتیان نییە وەکو بەغدا و قاهیرە. بەڵکە هەموو شەقامەکان دەرگاکانی لە کۆتایی شەقامەکان دایە. هەموو شەقام و رێگاکانیش بەردڕێژن، ماڵەکانیش لە گەچ و بەرد دروست کراون. لە زستان دا زۆر ساردە بە شێوەیەک کە زۆرجار ئاوی ڕووبارەکە دەیبەستێت. پێش دە ساڵ ئاوی دیجلە بەتەواوەتی بەستی و بۆماوەی چەند رۆژیکیش بەردەوام بوو.

خەڵکی موسڵ زۆر دەژین، پیدەچێت هۆکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کەشوهەوایەکی تەندروستیی هەیە و ئاوێکی کانزایی زۆر باشی هەیە کە سوودمەندە بۆ جەستەی مرۆڤ. لە نزیکی شارەوە سەرچاوەی ئاوی کانزایی زۆر هەیە، کە دەکەوێتە نزیکی ڕووبارەکەوە و زۆر بەهێزە و

تێکەڵی ئاویی ڕووبارەکە دەبێت، ئەمەش وای لێدەکات کە تامی کبریتی پێ ببخەشێت. بەڵام بۆنەکەی لە لای پردەکە دا نامێنێت و مرۆڤ هەست بە تامەکەی ناکات بەتایبەتی گەر هاتوو لە پەنا پردەکەدا ئەوەی کە دەکەوێتە کۆتایی شارەکە، لە ئاوی ڕووبارەکە بخۆیتەوە .

بە دووریی چوار سەعات لە شارەکەوە بەرەو باشوور، سەرچاوەیەکی فراوانی ئاوی گەرمی تێدایە کە پێی دەڵێن (حمام علي)، ئاوەکەی تامی کبریتی زۆری تێدایە.

دەرگاکانی موسڵ و بیناکانی زۆر بەرزن، خوێنەر دەتوانێت سەیری نەخشەی ٥ بکات و ئەم ڕاستیەی بۆ دەردەکەوێت. ژمارە ١ ئاماژەیە بۆ دەرگای "العمادي"، جێگای گووتنە لەکاتی پەلامارەکەی نادرشا دا، ئەم دەرگایە داخرا، لەو کاتەشەوە هەتا وەکو ئەمڕۆ داخراوە. جێگای ئاماژەیە ئەم دەرگایە لە ڕووی مێژووییەوە گرنگییەکی گەورەی هەیە، لە کتێبی مێژووی گشتی دا هاتووە، کەئەم دەرگایە لەکاتی شەڕی خاچ پەرستەکاندا هەبووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم بەشەی شارەکە، لەماوەی ئەم شەش سەد ساڵەی دوایی دا هیچ گۆڕانکاری بەسەر دا نەهاتووە.

ژمارە ٢ دەرگای سنجارە.٣ دەرگای البیض٤ دەرگای الجدید، ٥ دەرگای لجش، ٦ دەرگای الطوب، ٧ دەرگای الجسر، ٨ ایج قلعة Ytsch Kallaیان قەڵای ناوخۆ.

ئەم قەڵایە دەکەوێتە دوورگەیەکی بچووکی خڕەوە کە لە ناو ڕووبارەکە دایە، ئێستا کراوەتە جبەخانەیەکی چەک و تەقەمەنی. کاتێک سەردانیم کرد، هیچ کەسێکم تێدا نەبینی، هەربۆیە پاسەوانەکە لەبەر دەرگاکە دانیشتبوو تووتنی دەکێشا. ڕێگای پێدام بەئارەزووی خۆم بەناو قەڵاکە دا بگەڕێم و هیچ ڕێگریی لێ نەکردم.

دیارە ئەم قەڵایە هیچ شتێکی وای تێدا نییە کە جێگای سەرنج بێت، جگە لە بوونی بۆمبێکی زۆر کە وەختی خۆی نادرشا لەکاتی گەمارۆ دانی شارەکە دا، بەم قەڵایەوە ناوە. سەیرم کرد کۆمەڵێک تۆپ و قازیفە لەسەر

ئەرزەکە کەوتوون و بەشی زۆری بنیاکەش ڕووخاوە، بەڵام ئەو بەشەی کە ماوەتەوە خەڵکی تێدا دەژی و دەرگاکانیشی داخراوە.

هەروەها مەخزەنێکم بینی کە پڕیبوو لە نانی وشکراو (نانەرەقە) کە نزیکەی پانزە یان بیست ساڵە لێرە خەزن کراوە و هەتا وەکو ئێستاش پارێزراوە. ئەو خاڵەی کە لە نەخشەکەدا ژمارە ٩ بۆ دانراوە، سەرایSeroj یان کۆشکی پاشایە، کە لە کۆمەڵێک تەلاری کۆن پێکهاتووە.

لەو تەلارە مێژووییە مەزنانەی کە لە موسڵ هەن، مزگەوتی گەورەیە کە نورالدین خاوەنی دیمەشق دروستی کردووە و ژمارە ١٠ لەنەخشەی شارەکەدا ئاماژە بەوێندەر دەکات.

ئەمڕۆ ئەم مزگەوتە هیچ شوێنەوارێکی وای نەماوە تەنها بەشێک لە شوراکە و منارەکەی نەبێت. خەڵکی زۆر هۆگری ئەم منارەیەن، چونکە بەرزترین منارەی شارەکەیە و لە منارەکانی تری موسڵ بەرزترە کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی نۆ منارە. هەرچەند لە وڵاتە ئیسلامییەکانی تر دا، منارەی زۆر بەرزتر هەیە، گەشتیار و گەڕیدە ئەوروپییەکانیش، بەلایانەوە کارێکی ئاساییە و بە کارێکی داهێنەرانەی گەورەی نابینن.

لەناوەڕاستی گۆڕپانە فراوانەکەی مزگەوتی گەورە دا، تەلارێکی تێدایە پێی دەڵێن (القبلة، قیبلە)[٩٠]یان (المحراب الکبیر)، ئەویش وەکو هەموو میحرابەکانی تر کە لە مزگەوتەکانی تر دا هەیە، یارمەتی موسڵمانەکان دەدات کە لە کاتی نوێژکردن دا ڕووی قیبلەیان پێ نیشان بدات.

ئەم میحرابەش بەتەواوەتی لە مەڕمەڕ دروستکراوە و هونەرێکی دانسقەی ئیسلامیی تێدا بەکار هاتووە و کۆمەڵێک نەخشی تێدایە کە وێنەی گەڵا مێوە[٩١]. جێگای گووتنە بەشێکی مزگەوتەکە نۆژەنکراوەتەوە و کۆمەڵێک

---

٩٠ . ئەگەر کەسێک لە بەرامبەر ئەم قیبلەیە بوەستێت، ئەوا سەیری بەری رۆژئاوای دەکات کە وڵاتی بەربەر (مەغریب) دەبینێت و لە رۆژهەڵاتیشەوە وڵاتی عەرەبی دڵخۆش(یەمەن) دەبینێت و لە باکووریشەوە سووریا. جێگای گووتنە هەموو کاتێک قیبلە ڕووەو باشوور دادەنرێت. (نیبوور)

٩١ . ئەم میحرابە جوانەی کە لە مەڕمەڕی شین دروستکراوە، گوازرایەوە بۆ بەغدا و لە مۆزەخانەی کۆشکی عەباسی (ژووری ٥) دانراوە. لەم دواییەدا ئەم میحرابە گواسترایەوە

پەنجەرەی مەڕمەڕی بۆ دروستکراوە، بەڵام پەنجەرەی شووشەم نەبینی.[٩٢] ئەم پەنجەرە مەڕمەڕانەش درێژیان سێ بست دەبێت و نەحتێکی زۆر ناشرینیشی بۆ کراوە. هەروەها ئەم مزگەوتە کۆمەڵیک کۆڵەکەی تێدایە، کە بە بەرد نەحت کراوە.

دیارە جگە لەم مزگەوتە، مزگەوتێکی گرنگ هەیە پێی دەڵێن مزگەوتی جرجیس.[٩٣] یەکێک لەو شتە سەیرانەش کە لەم مزگەوتە دا هەیە ئەوەیە کە سندوقێکی تێدایە پڕیەتی لە ئاو، ئەمەش لە سەرەوە بۆ ئەوەی باڵندەی سمرمک یان جرجخۆرە ئەم لایە باڵکێش بکات. جێگای گووتنە پێشتر ئەمە کلێسایەکی مەسیحییەکان بوو، کە پێیانوایە حەزرەتی جرجیس (جۆرج George) لێرە نێژراوە. بەڵام من قەبرەکەیم لە میسری کۆن (قاهیرەی کۆن) و راماRama کە شارێکی زەوی پیرۆزە[٩٤] بینوە، هەروەها لە ناوچەی کەسرەوانKesroan لە چیای لوبنانیش ئەم قەبرەم بینیوە. لە دەرەوەی شارەکە، ئەو خاڵەی کە ژمارە ١١ ئاماژەی پێدەکات لە نەخشەی مزگەوتی گەورە، مزگەوتی سوور (الاحمر)[٩٥] هەیە. لە ناوی دا مێژوویەک نووسراوە، ٥٧٦ کۆچی، بەڵام نەمتوانی ناوی دروستکەرەکەی بخوێنمەوە، چونکە زۆر بەخراپی نووسراوە، بەڵام پێیان گووتم ئەو کەسەی کە ئەم مزگەوتەی دروستکردووە ناوی (مجاهدالدین).

---

بۆ بەشی شوێنەوارە ئیسلامییەکان لە تەلاری نوێی مۆزەخانەی عێراقی لە (صالحیة، بەری کەرخ). دەتوانیت سەیری گۆڤاری سومر بکەیت بەرگی ٧،ساڵی ١٩٥١ ص٢١٥. و.ع

٩٢ . لە مۆزەخانەی عەباسی نموونەیەک لەم پەنچەرانە هەن.و.ع

٩٣ . لەبارەی ئەم مزگەوتەوە دەتوانن سەیری گۆڤاری سومر بەرگی ١٧ ساڵی ١٩٦١ ص١٠٠بکەن. و.ع

٩٤ .مەبەستی شاری رامەڵا (رام الله)یە، وڵاتی پیرۆزیش واتە فەلەستین. و.ع

٩٥ .هەر وەها پێشی دەڵێن (مزگەوتی المجاهدی) یان مزگەوتی (الربض) یان (الخضر). کە مجاهدالدین قیماز الرومي مەلیکی ئەتابکیین ساڵی ٥٧٢ک ،١١٧٦زاییینی دروستی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر سەیری کتێبی؛ جوامع الموصل، سعید الديوجي،١٩٦٣،ص٥٥_٧٢) بکە. و.ع

پێدەچێت ئەم موجاهیدینە، مەبەستیان لە (مجاهدالدین قیماز) بێت ئەوەی کە لە مێژووی گشتی دا ناوی هاتووە، لەوانەشە بە فەرمانی (سیف الدین گازي بن مودود) ئەم مزگەوتە دروستکرابێت کە لە هەمان ساڵ دا مردووە.

ئەم مزگەوتە کۆمەڵێک نووسراوی تێدایە کە لەناویاندا بە خەتی کوفی نووسراوە، خوێنەر دەتوانێت لە نەخشەی (٣،ح،د) سەیری بکات. هەروەها کۆمەڵێک نووسراوی تری تێدایە کەبە خەتی عەرەبی تازە نووسراوە، ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەنووسن، هەموو نووسراوەکانیش ئایەتی قورئانن.

لە ناو نووسراوەکاندا، چەندین نەخشی ڕووەکی کێشراون، کە وێنەی گەڵا مێو و گەڵاکانی تر کێشراوە و دیوارەکانی مزگەوتەکەیان داپۆشیوە و هەموویان بە گەچێکی زۆر جوان دروستکراون کە زۆر بەکەمی لەم جۆرە نەخشە لەم وڵاتە دا دەدۆزیتەوە.

هەندێک لە مەسیحییەکان پێیانوایە کە لە سەردەمانی پێشوو، لەم شوێنە دا کڵێسایەکی گەورە هەبووە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی موسڵەوە. خەڵکی شارەکەش دەڵێن پێشتر لەم شوێنە دا پردێکی لەتەختە دروستکراو لەسەر ڕووباریی دیجلە هەبووە.

هیچ میرێکی موسڵ هێندەی میر لؤلؤ ناوبانگی پەیدا نەکردووە کە گرنگییەکی ئێجگار زۆری بە لایەنی بیناسازی و زانست داوە. ئەم میرە لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتی کۆچی دا ژیاوە. ئەو قەرەسەرای دروستکرد، کە تەلارێکی مەزنی فراوانە، لە نەخشەی شاری موسڵ ژمارە ١٢ ئاماژە بەم شوێنە دەدات. بەڵام ئەمڕۆ ئەم کۆشکە چۆڵ و خاپوور و وێرانە.

لەسەر دیواری ژوورەکانی کۆشکەکە دا کۆمەڵێک پەیکەری بچووکم بینی کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی نەوەد تا سەد پەیکەر و زۆر جێگای سەرنج و تێرامانم بوون بەڵام سەیرم کرد کە بەشێکی زۆریی سەرەکانی شکێنراون، هەروەها جگە لەمانەش کۆمەڵێک شوێنەواری تری کۆنم بینی، بەڵام ئەمان زۆر جوان دروست نەکراون، هەروەک چاوەڕوان بووم. هەموویان لەپەنا یەکدا ڕاوەستاون و بەیەکەوە بەستراون و دەستەکانیان بەیەکترییەوە

گرێدراون، بەشێوەیەک کە هەست دەکەیت، هەموو پەیکەرەکان بە یەک شێوە دروستکراون و گەچیان بەسەردا کراوە.

لەو تەلارانەی کە لؤلؤ دروستی کردون، قوتابخانە یان کۆلیژێکە کە لە نەخشەکە دا ژمارە ١٣ ئاماژەی پێدەدات. هەروەها مزگەوتێکی جوانیشی دروستکردووە کە پێی دەڵێن یحی بن القاسم یان وەکو خەڵکی پێی دەڵێن (أبو القاسم) لە نەخشەکە دا ژمارە ١٤ ئاماژە بەم شوێنە دەدات.

مەسیحییەکان پێیانوایە کە (یەحیا) یەکێک بووە لە ئەولیا و قەدیسە مەزنەکانیان، ناوی ڕاستەقینەشی (یوحنا الازرقي Johannes el Asarki)یە مەزارگەکەی دەکەوێتە بەری باشوور و باشووری رۆژئاوا و باکوور و باکووری رۆژهەڵاتەوە، وەک دیارە موسڵمانەکان بەری قەبرەکەیان بەرەو قیبلە گۆڕیوە، هەرچەندە مەسیحیشە بەڵام نابێت هیچ مردوویەک جگە لەم ڕووە بەرەو ڕووی تر بنێژرێت.

لؤلؤ ئەم قەبرەشی لە مەسیحییەکان بردووە و خستویەتە سەر تەلارە ئیسلامییە مەزن و جوانەکانی تر، ئەوانەی کە لە نێوان قوتابخانەکە و شوراکە دروستی کردوون. لەبەر ئەوە مەسیحییەکان دەتوانن هەروەختێک بیانەوێت زیارەتی بکەن و بچنە ئەو مزگەوتەوە کە لەسەریەوە دروستکراوە.

هەروەها سەرنجی ئەوەشم دا کە دیوارەکانی دەوریی قەبرەکە بە بەردی مەڕمەڕ دروستکراوە، کە کۆمەڵێک نەخشی جوانی تێدایە و وێنەی گەڵا مێویان لەسەر کێشاوە کە بەو پەڕی جدییەت و جوانییەوە ئەم نەخشانە کێشراون (جێگای ئاماژەیە موسڵمانەکان زۆر گرنگی بەم جۆرە نەخش و نووسرانە دەدەن).

هەروەها لەم شوێنەدا بینیم کە لەسەر خشت کۆمەڵێک نووسین و نەخشی جوان کێشراوە، ئەمەش بووە جێگای تێرامان و سەرنجی من، چونکە ئەم جۆرە نەخشانەم لە بابل و بەغدا دیوە، لەم دوو شارە دا بەرد و مەڕمەڕ زۆرکەم و دەگمەنە، تەنانەت بە پارەش دەست ناکەوێت، لەبەر ئەوە نەخشکردن و نووسین لەسەر خشت لە موسڵ، شتێکی سەیر بوو بەلامەوە،

چونکە لەم شارە دا مەڕمەڕ زۆرە. هەروەها ئەم خشتە نەخشکراوانەشم لە ناو ماڵەکان دا بینی، کە زیاتر بۆ ڕازاندنەوەی ماڵ بەکاری دەهێنن.

مەسیحییەکان لە موسڵ نزکەی بیست کڵێسایان هەیە، بەڵام زۆربەیان کڵێسای بچووکن، پاشا ڕێگای پێداون کە ژمارەیەکی نوێ دروستبکەن و ئەوانەی تریش نۆژەن بکەنەوە، چونکە مەسیحییەکان لەکاتی گەمارۆکەی دوایی لە ساڵی ١٧٤٣ زایینی دا، زۆر مەردانە بەرگریان لە شارەکە کردبوو.[٩٦] مەسیحییەکان کڵێسایەکی نوێیان دروستکردووە کە لە نەخشەکە دا ژمارە ١٥ ئاماژە بە شوێنەکەی دەکات. هەروەها یەعقووبیەکانیش بەهەمان شێوە کڵێسایەکی نوێیان دروستکردووە، کە لە نەخشەکە دا ژمارە ١٦ ئاماژە بە شوێنەکەی دەدات. ئەم دوو کڵێسایەش زۆر جوانن و لەهیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵات دا وێنەیان نییە.

مەسیحییەک یارمەتی دام بۆ ئەوەی بتوانم ئەو نووسینە بخوێنمەوە کە لەسەر دیواری کڵێساکە نووسرابوو کە تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم کڵێسایە ساڵی ١٧٤٤ زایینی و ساڵی ٢٠٥٥ پاش حوکمی ئەسکەندەر دروستکراوە. کەسێک پێی گووتم کە مەسیحییەکانی ئێرە، ئەم دوو ساڵژمێرە تەنها لە دروستکردنی کڵێساکانیان بەکار ناهێنن، بەڵکە لە کاتی نووسینی بەڵگە مێژوویەکانیشیان دا، هەردوو ساڵژمێرەکە لەپەنا یەکتریدا دەنووسن.

جیاوازی نێوان ئەم دوو ساڵژمێرە ٣١١ ساڵە. ئەم ساڵژمێرە کە بەکاریدەهێنن، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی حوکمی ئەسکەندەری گەورە، لەگەڵ ساڵژمێرەکەی تر کە بە حوکمی سلوقس دەست پێدەکات، بەپێی ئەم ساڵژمێرە، سەرەتای ساڵ بە مانگی ئۆکتۆبەر دەست پێدەکات.

موسڵ پانزە خان یان ماڵی گشتی تێدایە کە وەکو جێگایەکە بۆ ڕێبوار و خەڵکی بێگانە بەکاردێن کە دێنە ئەم شارەوە، پێنچ لەم خانانە زۆر خراپ و بچووکن بەڵام ئەوانی تریان زۆر بە باشی دروستکراون و گەورە و فراوانن، بەتایبەت بۆ ئیسراحەتی موسافیرەکان چێ کراون. بەڵام قاوەخانە و حەمام و بازاڕەکان، بەشی زۆریان زۆر جوان و کەشخە دروستکراون، باشترین و

---

٩٦ . مەبەستی گەمارۆدانی موسڵە لەلایەن نادرشاوە. و.ع

جوانترین ئەم شوێنە گشتییانە دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی عبدالجلیل، واتە بۆ خزمانی نزیکی والي موسڵ کە ناوی ئەمین پاشایە.

عبدالجلیل باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە بووە، کە جێگایەکی ئێجگار تایبەتیان لە لای مەسیحییەکان هەیە و کۆمەڵێک نەوەی لەپاش خۆی بەجێ هێشتووە، کە پاشان زۆر بەهێزبوون بەشێوەیەک کە وایانکردووە کە سوڵتان دەبێت یەکێک لە بنەماڵەکەی ئەمان بکاتە پاشای ئەم شارە.

پێش چەند ساڵێک لە قوستەنتینییە والییەکیان نارد بۆ موسل، کە بێگانە بوو بە خەڵکی موسڵ، بنەماڵەی عبدالجیل دەستیانکرد بە نانەوەی ئاژاوە بۆیی و خەڵکی شارەکەیان لە دژیی هان دا و تەنانەت گوندە عەرەبی و یەزیدییەکانی دەوروبەریشیان هاندا کە دژی پاشا بوەستنەوە و فەرمانەکانی جێبەجێ نەکەن، ئەمەش وایکرد کە پاشا هەموو کاتێک هێزێکی گەورەی سەربازیی کۆ بکاتەوە و ئەمەش خەزێنەی ویلایەتی تووشی خەرجییەکی ئێجگار زۆر کردبووە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوشێکی زۆر ناخۆش بێت.

لەبەر ئەوە تەنها دوو ڕێگای لەبەردەستدا بوو: یان دەبێت ئەو پارانەی کە دەبوایە بینێرێت بۆ سوڵتان نەینێرێت، یان ئەوەتا واز لە موچەی خۆیی و ئەو پارانە بێنیت کە بۆ بژێوی خۆی داناوە. لەبەر ئەوە کارێکی ئاسان بوو بۆ بنەماڵەی عبدالجلیل کە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بکەنە پاشای موسڵ، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئەمڕۆ ئەم بنەماڵەیە بوونەتە یەکێک لە بنەماڵە مەزنەکانی ئەم شارە و خەڵکی موسڵمان و مەسیحیش، ڕێزیان لێدەگرن و گوێ بۆ قسەیان دەگرن.

هەروەها ئەو پاشایەشی کە لە بنەماڵەکەی ئەمان بێت، ئەوا پێویستیی بە سوپا و لەشکرێکی زۆر نییە و دەشتوانێت ئەو بڕە پارەیەی کە دەبێت بۆ سوڵتانی بنێرێت، ئامادەی بکات بەڵکە دەتوانێت لەو بڕە پارەیە زیاتریش بدات، بەم شێوەیەش لە توانای دایە ئەو بڕە پارەیە بۆ سوڵتان دابین بکات و هیچ والییەکی تریش ناتوانێت ئەم بڕە پارەیە دەستەبەر بکات.

لەبەر ئەوەی کە قووستەنتینییە هیچی تری بەلاوە گرنگ نییە تەنها پارەی زۆری نەبێت، لەبەرئەوە کێ زۆرتریی بداتێ، ئەو دەکرێت بە والی. لەپەنا

ئەمەشدا، باشترە بۆ خەڵکی موسڵ، کە کەسێک بکرێتە والی کە خەڵکی شارەکە بێت چونکە ئەم پاشایە هەموو کاتێک هەوڵ دەدات کە دڵی خەڵکی لەخۆی ڕازی بکات و جێگا باوەڕی ئەوان بێت، بەپێچەوانەی پاشایەکی بێگانەوە، کە نازانێت ماوەی حوکمەکەی چەندە، هەر بۆیە هەموو کاتێک هەوڵ دەدات کە تەنها گرنگی بە کۆکردنەوەی پارە بدات و خەرجی سەفەرەکانی خۆی دەست بکەوێت. لەبەرئەوە دەبێت هەموو کاتێک پارە بنێرێت بۆ سوڵتان و دیاریی بۆ قوستەنتینییە رەوانە بکات بۆ ئەوەی گەر ئەم ویلایەتەیان لێ سەندەوە، ئەوا (باشلق)ێکی تری دەستبکەوێت.

هەموو خەڵکی موسڵمانی موسڵ سونە مەزهەبن و بەشی زۆریشیان سەر بە مەزهەبی حەنەفین و ئەوەشی کە دەمێنێتەوە شافعیین. هەردوو مەزهەبەکەش موفتی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ملکەچی موفتی قوستەنتینییەن. مەزندە دەکرێت کە ژمارەی مەسیحییەکان نزیکەی هەزار و دوو سەد ماڵ بن. چارەکی ئەم ژمارەیە نەستووری و کلدانین، ئەوانی تر یەعقوبین. زۆر کەم ئەو مەسیحییانەی کە لە موسڵ لەدایک بوون، زمانی سریانی دەزانن، ئەو زمانەی کە لە گوندەکانی دەورووبەری موسڵ قسەی پێدەکەن، چونکە زمانی عەرەبی بۆتە زمانی باوک و باپیریان. هەموویان جا بازرگان بن یان فرۆشیار یان قەشە، بە خەتی کەرشونی دەنووسن، ئەویش جۆرە خەتێکە کە تێکەڵاوە لە نێوان پیتی هیجائی عەرەبی و سریانی، یان ئەوەی کە پێی دەڵێن پیتی (الاسطرنجيلينة). بەڵام لە کڵێساکان هەموویان بە زمانی کۆن دەنووسن.[٩٧]

ڕەوشی ژیانی مەسحییەکانی موسڵ زۆر باشترە لە ڕەوشی ژیانی مەسیحییەکانی تری ژێر دەسەڵاتی ئیمراتۆریەتی عوسمانی. ئەوان لێرە ژیانی خۆش دەژین و زۆر لەگەڵ موسڵمانەکان ڕێکن و کێشەیان نییە، هەروەها مافی ئەوەیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان جل لەبەر بکەن وەکو موسڵمانەکان ئازادن، هەروەها زۆریان خزمەتکاریی پاشان تەنانەت لە (حرم

٩٧ .کەرشـونی واتە نووسـین بە زمـانی عەرەبـی بە پیتـی سـریانی. بەڵام الاسـطرنجيلية، واتە خەتێکی تێکدراوی سریانی، کە ئەویش وەکو نووسین بە خەتی کوفی زمانی عەرەبی وایە. و.ع

کهیاسی ) واته سەرۆکی تەباخەکانی (ژنی پاشا) مەسیحییە، باوکیشی بۆ ماوەیەکی زۆر هەر ئەم کارەی دەکرد و لەلای باوکی پاشا بوو.

له موسڵ نزیکەی سەد وپەنچا ماڵی جوولەکە هەن، ئەم گرووپە ئازادییەکی تەواویان هەیە لە وڵاتی تورکیا دا بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان دابین بکەن، لە کاتێک دا کە لە ئەوروپا دا هەموو بوارێکی کارکردن و بژێویی پەیداکردن بە ڕوویان دا داخراوە. بەڵام خەڵکی زۆر ڕقیان لە جوولەکەکانە و خۆشەویست نین، بەجۆرێک کە لە ئێمە زیاتر رقیان لێیانە، لە هەندێک ناوچە دا کە مەسیحییەکان تێیدا زۆرینەن، ناوێرن لەرۆژانی شەممە و جەژنەکانیاندا بچنە ناو شوێنە گشتییەکان و بچنە ناو شەقامەکان، هەربۆیە پێیان باشترە لە ماڵی خۆیان بمێننەوە، نەوەکو لە دەرەوە منداڵان بەدوایان بکەون و بەردبارانیان بکەن، بەم شێوەیەش خۆیان لە شکات لێکردنیان لە لای سەرۆکی باڵای موسڵمانەکان دەپارێزن.

پێش سێ ساڵ ڕووداوێکی ناخۆش بەسەر جوولەکەکان هاتووە. کاتێک ویستبوویان بچن بۆ (قوش) بۆئەوەی زیارەتی پێغەمبەر ناحوم بکەن، لەو کاتە دا کە جوولەکەکان دەگەڕێنەوە بۆ موسڵ منداڵێکی گوندەکە دیار نامێنێت، خەڵکی ئەو گوندەش هەموویان مەسیحی بوون. پاش ئەوەی خەڵکی ئاوایی ماوەیەکی زۆر بەدوایدا دەگەڕێن، منداڵەکە لەناو بیرێک دا دەدۆزنەوە کە بە چەقۆ بریندار کراوە و زمانیان بڕیوە و ئەوانیش یەکسەر جوولەکەکانیان تاوانبارکرد و گووتیان ئەمان ئەم کارە دزێوەیان کردووە.

دەستیانکرد بە پەلاماردانی جوولەکەکان و زۆریان لێدان، پاشان مەسیحییەکانی گوندەکە چوون لە لای پاشا شکاتیان لێکردن. پاش ئەوەی هیچ بەڵگە و شاهیدێکیان نەبوو کە جوولەکەکانی پێ تاوانبار بکەن، پاشا غەرامەیەکی زۆریی لێ سەندن کە دەگەیشتە بڕی هەزار دۆقە (ئەوەش پارەیەکی ئاڵتوونی بوو).

خەڵکە مەسیحییەکانی وڵاتی رۆژهەڵات سەربوردەی زۆر لە کارە تاوانکارییەکانی جوولەکە دەگێرنەوە و باسی ڕفاندنی منداڵی مەسیحییەکان دەکەن. کاتێک سەردانی شاری حەلەبم کرد، یەکێکیان پێی گووتم کە پێش

چەند ساڵێک منداڵێکی مەسیحییان دۆزیەوە لەناو سەردابێکی جوولەکەیەک دا بوو کە خاوەنی ئەم ماڵە جوولەکەیەک بوو، منداڵەکەی ڕفاندبوو خستبوویە ناو سەردابی ماڵەکەیەوە و سزای دابوو، بەڵام باش بوو منداڵەکە مابوو. کاتێک بەم کارەیان زانی، پاشا غەرامەیەکی زۆری دارایی بەسەر تایەفەی جوولەکەکان دا سەپاند.

ویلایەتی موسڵ بچووکە، ڕووبەری لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە دەست پێدەکات هەتا دەگاتە باشوری زێی گەورە کە هەشت سەعاتە بە پێ، هەروەها بە دووری هەشت سەعاتیش هەتا دەگاتە باکوور. ئەم ناوچەیە پڕیەتی لە خەڵکی و قەرەباڵخە بەڵام بەشی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە، ئەوا چۆڵە و خەڵکی تێدا نییە، ئەم بەشەی ویلایەتی موسڵ درێژکراوەی سەحرای دەورووبەری موسڵە.

ژمارەی گوندەکانی دەورووبەری موسڵ دەگاتە نزیکەی سێ سەد گوند. ئەم گوندانەش لە ساڵێکدا کە زەوی بەپیت بێت، ئەوا ڕێژەیەکی زۆر لە گەنم و نیسک و لیمۆ و سمسم (ئەوە جۆرە گەنمە شامییەکە کە ڕۆنی لێ دروست دەکرێت) بەرهەم دێنن، هەروەها لەم ناوچەیە دا لۆکە زۆر دەچێنرێت.

پێش چەند ساڵێک لەم ناوچەیە دا بەتایبەتی لە ناوچەی دیاربەکر، برسێتییەکی ئێجگار زۆر بڵاو بۆوە، ئەمەش لەئەنجامی باران نەبارین و خراپی ئیدارەی پاشای تورک، بەتایبەتی لەباری کۆکردنەوەی ئازوقەوە بەشێوەیەک کە زۆربەی هەژاران، بەتایبەتی مەسیحییەکان، ناچاربوون منداڵەکانییان بفرۆشن.[٩٨]

---

٩٨ . گەریدە ئایفز لە کۆتایی ئەم برسێتییەدا بەم ناوچەیە دا گەڕاوە و وەسفێکی پوختی ئەم کارەساتە گەورەیەی کردووە کە بەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیە دا هاتووە، ئەو ئازارە ناخۆش و بارە گرانەی کە تووشی ئەم خەڵکە هاتووە بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ بەر ئەم کارەساتە کەوتوون. یەکێک لە قەشەکانی دیاربەکر پێی گووتوە کە زستانی ساڵی ١٧٥٦ زۆر سارد بووە، هەروەها جرجیش ساڵی ١٧٥٧ پەلاماری کشتووکاڵی داوە، ئەمانەش هۆکاری سەرەکی ئەم کارەساتە گەورەیە بوون، بەڵام دەتوانرا ئەم کارەساتە

بەڵام پاش نەمانی ئەم کارەساتە، بەشێکیان توانیان منداڵەکانیان بگەڕێننەوە بۆ لای خۆیان، ئەویش پاش ئەوەی بڕێک پارەیان بەو کەسانە دا کە منداڵەکانی خۆیان پێدابوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆریش لەو منداڵانەی کە لای موسڵمانەکان دایاننابوون، نەیانوویست بگەڕێنەوە بۆ لای دایک و باوک و خانەوادەکانی خۆیان، هەروەها بەشێکی زۆری موسڵمانەکانیش ئامادە نەبوون ئەو منداڵانە بگەڕێننەوە کە پێشتر لە مەسیحییەکانیان کڕیبوو، بەم شێوەیەش ژمارەی مەسیحییەکان کەم بۆوە.

لە موسڵ کارگەی زۆری ڕستن و چنین و بۆیە کردن و پیتچنین و نەخشکردن لەسەر جل و بەرگ هەیە. ئەو دوو پیشەیەی کۆتایی لە ژێر دەستی مەسیحییەکان دایە. لە موسڵ جوڵانەوەیەکی بازرگانی گەورەی لە ئارا دایە، لە کوردستانەوە ساڵانە دوو هەزار قنتار بندق و گوێز و بادەمی بۆ دێت و لەوێشەوە دەینێرن بۆ حەلەب.

ئەو پاشایەی کە دەکرێتە والی موسڵ، لە ڕووی پلەوە پاشایەکی سێ توغەیە (توغە بریتییە لە وێنەی موی کلکی ئەسپ). ئەو کاتەی من هاتمە موسڵ، ئەمین پاشا والی موسڵ بوو و پلەی پاشایەتی دوو توغە بوو، هەر بۆیە هیواداری ئەوە بوو کە پلەکەی بۆ پلە یەک بەرز بکرێتەوەو ببێتە خاوەنی سێ توغە. خەڵکی پێیان گووتم کە ساڵانە پارەیەکی زۆر دەداتە (باب العالی) کە وا مەزندەکرێت لە نێوان سی و پێنچ تا چل کیسە بێت.[٩٩]

هەموو کیسێکیش بریتییە لە پێنچ سەد قروش. واتە ساڵانە والی موسڵ نزیکەی حەڤدە هەزار و پێنچ سەد قروش هەتا بیست هەزار قروش دەداتە

---

گەورەیە ڕوو نەدات ئەگەر حکومەتی عوسمانی مەخزەنی گەورەی دروست بکردایە و مادده خۆراکییەکانی تێدا خەزن کردبایە. (نیبوور)

٩٩ . بڕی هەر کیسێک نزیکەی پێنچ سەد قروشە، ئەمەش بۆتە پێوانەیەک بۆ هەموو ویلایەتەکانی عوسمانی. لە بەغدایش بڕی هەر کیسێک هەر پێنج سەد قروشە. قروشیش دراوێکە لە ویلایەتە عوسمانییەکان کاری پێدەکرێت، ئەویش قروشی تورکیە، کە بەرامبەر دراوی ئەڵمانی دەکاتە نزیکەی چارەکە تالەرێک.(نیبوور).

سوڵتان. ئەم بڕە پارەیەش بە دراویی ئەڵمانی دەکاتە یانزە هەزار و حەوت سەد تالەر.[100]

جگە لەم بڕە پارە زۆرەش، سوڵتان ساڵانە سی کیسی تر لە ویلایەتی موسڵ دەستێنێت کە پێی دەڵێن باجی سەرانە یان (خەراج) کە لە مەسیحی و جوولەکەکان وەردەگیرێت. دەوڵەمەندەکان دەبێت چوار دۆقە بدەن، مام ناوەندەکانیش دەبێت دوو دۆقە، لێ هەژارەکان دەبێت یەک دۆقە بدەن یان ئەوەی کە پێی دەڵێن زرمەحبوب (Zermahbub)، بەرامبەر بەوە پارچە وەرقەیەک وەردەگرێت، بۆ ئەوەی هەتا ساڵێک هیچ پارەی تر نەدات.

نازانم ئاخۆ گوندنشینە یەزیدییەکانیش خەراج دەدەن یان نا، بەڵام لەو باوەڕە دام کە ئەوانیش دەبێت بیدەن، چونکە زۆربەیان ئەسڵیان دەگەڕێتەوە سەر مەسیحییەکان و ئەوانیش پێشتر ئەم جزیەیان داوە. بەڵام ئەوانەی کە دەبن بە ئیسلام ئەوا لە جزیەدان دەبوورێن و نایدەن.

لەژێر فەرماندەیی پاشای موسڵ دا نزیکەی بیست ئەفسەری گەورە هەن کە پێیان دەڵێن (سەقلی ئاغاسی Saklli Agasi) ئەمانە ئەرکی ترسناک و گرنگییان لەسەر شانە، بۆ نموونە ئەوان هەڵمەتە سەربازییەکان دەکەنە سەر یەزیدیی و دوژمنەکان. هەروەها ئیج ئاغاسی (Ytz Agasi) یش هەن، کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی سەد کەس و هەروەها پێشیان دەڵێن تفەنگچی (سەرباز). ئەمانە لە هەشت (بیارق) پێکدێن، کە هەر یەکەیان لە پانزە سەرباز پێکدێت، یان سەد وبیست سوارچاک.

جگە لەم هێزانەش، لە موسڵ سەد و پەنچا ئیسباهی هەیە، کە هەموویان ئیمتیازاتی تایبەتیان لەلایەن سوڵتانەوە هەیە و منداڵەکانیشیان دواتر دەبنە ئیسباهی.

بەحوکمی ئەوەی کە لەم شارەدا کێشە و ئاژاوەی زۆر نییە، هەربۆیە سەربازگە (قشلاق) بوونی نییە، واتە لە موسڵ بنکەی تیپی یەنیجیریی نییە.

---

١٠٠ .تالەر دراوێکی کۆنی ئەڵمانییە کە بریتیی بوو لە پارچەیەکی زیبو، کە دەکاتە نزیکەی سێ مارکی ئەڵمانی ئێستا، جێگای گووتنە یەک دیناری عێراقی دەکاتە دوانزە مارکی ئەڵمانی. و.ع

بەڵام لە موسڵ دا ژمارەیەکی باش لە ئەفسەری یەنیجیریی هەیە کە کارییان ئەوەیە لەکاتی پێویست دا سەربازی خۆبەخش لە خەڵکی شارەکە کۆبکەنەوە و ڕێکیان بخەن، هەروەها ئەمانە هەموو ئەو مافانەیان هەیە کە یەنجیرییەکانی تر هەیانە. جێگای ئاماژەیە بۆ مەسیحییەکان نییە کە بچنە ناو هێزەکانی یەنیجیرییەوە.

بەڵام بەشێکیان دەچن وەکو خزمەتکار لە تیپەکانی یەنیجیریی کاردەکان، کە لە بەرامبەر دا بڕێک پارە وەردەگرن و هەروەها لەترسی ژیانی خۆشیان، بەم ڕێگایە دەتوانن لە کاتی ئاژاوە و کێشەکان دا کە زۆرجار لە موسڵ ڕوو دەدەن، خۆیان و ماڵ و منداڵیان بپارێزن. هەروەها خۆشیان لە شەرەنگێزی هێزە یەنیجیرییەکانیش دەپارێزن کە هەموو کاتێک پەلاماری خەڵکی دەدەن و بەئارەزووی خۆشیان دەتوانن سامان و موڵکی خەڵکی تالان بکەن.

کاتێک پاشا پێویستی بە هێزی سەربازی نیزامی زیاتر هەبوو، ئەوانەی کە مووچەکانیان دیاریکراوە، ئەوا نەفیری عام دەردەکات و بۆ ئەوەی هێزێکی نوێ دروستبکات کە پێی دەڵێن (سەردنکستی Serdengesti)، لەم کاتانە دا مەسیحییەکانیش دەتوانن ببنە سەرباز. جێگای گووتنە لەناو تفەنگچییەکانی موسڵ دا، ژمارەیەک مەسیحی هەن.

لەساڵی ١١٥٦ کۆچی (١٧٤٣ زایینی) دا نادرشاە بۆ ماوەی چل و یەک ڕۆژ بۆمبارانی موسڵی کرد، خەریکیش بوو شارەکە داگیر بکات، بەڵام کاتێک هەواڵی ئەوەی بیست کە لە ئێران شۆڕش لە دژی هەڵگیرساوە، ناچاربوو واز لە گەمارۆدانی موسڵ بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆ ئێران.[١٠١]

هەروەک لە مێژوو دا باسی ژیانی ئەم پاڵەوانە فارسیە دەکرێ، کە دوژمنەکانی لە مەیدانی شەڕدا زۆر لێی ترساون، لێ ئەم پاڵەوانە لە هونەری گەمارۆدانی قەڵاکان دا شارەزایی نەبووە. جگە لەمەش فارسەکان شارەزایی باشیان لە هونەری تۆپ دا نییە.

---

١٠١ .بۆ ئەمە مەبەستە دەتوانیت سەیری کتێبی: محمد مهدي خان، تاريخ نادر شاه، ص ٣٦٥ بکەن. و.ع

نادرشا لەبەری باکووری رۆژئاوای شارەکەوە کە دەرگای (عەمادی)یە، پەلاماری شارەکەی داوە. ئەم شوورایەش لەهەموو شوراکانی تری شارەکە بەهێزتربوو، هەروەها ئەم بەشەی شارەکەش چۆڵ بوو خەڵکی تێدا نەبوو. لەم شوێنەوە بۆمبارانی بنکەی پاشای کرد، ئەو بنکەیە کە لە ژێر زەوی دا بوو. بەڵام حسێن پاشا الجليلي باوکی ئەم والیەی ئیستای موسڵ، هیچ جۆرە ئامادەکارییەکی بۆ ئەم شەڕە نەبوو، هەروەها شوێنی خۆحەشاردان و زەخیرەی جەنگی پێویستی نەبوو، لەبەر ئەوە نەیدەتوانی بۆمبارانی هێرشبەرەکان بکات و بۆشایی بخاتە ناو ریزەکانیان و زەرەریی زۆریان لێ بدات، لەبەرئەوە بنکەکەی خۆی جێهێشت و چوو بۆ کۆشکەکەی، وازیشی هێنا کە دوژمن بە ئارەزووی خۆی بۆمبارانی بنکە چۆڵەکەی بکات.

هەر وەک خەڵکی موسڵ دەڵێن، نادرشا نزیکەی چل هەزار بۆمبی بە موسڵ دا کێشاوە. لەمەش دا هیچ جۆرە زیادەڕۆییەک نییە، چونکە شارەکە زۆر بە سەختی بۆمباران کراوە، بەڵام زۆر وێران نەبووە، چونکە ماڵەکانی قووبەدارن و لە گەچ و بەرد دروستکراون.

زۆربەی بۆمبەکانیش لە ئاسمان دا دەتەقینەوە یان دەکەوتە ناوماڵەکان و نەدەتەقینەوە، هەربۆیە موسڵییەکان ئەم بۆمبانەیان کۆ دەکردەوە و جارێکی تر لە دژی دوژمن بەکاریان دەهێنایەوە. جێگای گووتنە نادرشا بۆ ڕووخانی شورای شارەکە، لوغمی بەکاردەهێنا، بەڵام ئەم لوغمانە هێندەی زیانی بە سوپاکەی دەگەیاند، هێندە زەرەری لە موسڵییەکان نەدەدا.

بەڵام تۆپەکانی زۆر بەهێزبوون و دەیتوانی لە شوێنی مەبەست بدات. تۆپەکانی نادرشا توانیان لە زۆر شوێن دا شوراکە تێکبدەن و وێرانی بکەن، بەڵام خەڵکی بەرەنگاری موسڵ هەموو کاتێک ئامادەبوون لەکاتی دروستبوونی بۆشایی لە شوراکە، کەبەهۆی تۆپەکانی دوژمنەوە دەڕووخا، یەکسەر دیوارێکی گەورەتر لە پشتی ئەم بۆشایە دا دروست بکەن.

جێگای ئاماژەییە مەسیحییەکان رۆڵێکی جوامێرانەیان بینی لەم شەڕە دا بەتایبەتی لە بواری دروستکردنی دیوارەکاندا، هەر بۆیە موسڵمانەکان

بەئاشکرا دان بەم کارە جوامێرانەی ئەوان دادەنێن و ڕۆڵی ئەوان لە بەرنگاربوونەوە بەرامبەر بە دوژمن بەرز دەنرخێنن.

موسڵمانەکان زۆر بە گرنگی باسی یەکێک لە پاڵەوانیتیەکانی خۆیان دەکەن، بەتایبەتی کاتێک هەندێک موسڵاوی شەوێکیان چوون بنکەی سەرکردایەتی هێزە فارسییەکانیان تالآن کردووە، پاشان ئەو شتانەی کە تالآنیان کردووە، هێناویانە لە ناو ئەو خەندەقەی کە ئاوی تێدانییە دایانناوە و پاشان بە گوریس خۆیان و شتەکانیان بەسەر شووراکە دا هەڵواسیوە و شتەکانیان هێناوەتە ناو قەڵاکەی خۆیانەوە.

ئەو ماوەیەی کە لە موسڵ مامەوە، هەلێکی باشم لەبەر دەست دا بوو، بۆ ئەوەی ناوی ئەو گوندانەم دەستبکەوێت کە سەر بەم باشلقەن. وا لێرە دا من هەوڵ دەدەم ئەو ناوانە بنووسم. دیارە بەشێکی زۆری ناوی ئەو گوندانە هیچ گرنگییەکی وایان نییە و هەروەها ناوەکانیشیان تازەیە. لێ زاناکان دەتوانن ناوەکانیان فێربن، چونکە هەندێکیان خاوەنی شۆرەتێکی تایبەتین و پێشتر مێژوونوسان و نووسەران لە باسی ئەو ناوچەیەی کە دەورووبەری نەینەوای داوە، ناوی ئەوانیشیان هێناوە، هەر بۆیە بە لای گەشتیارانەوە جێگای بایەخن.

لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە کە دەکاتە باشووری شاری موسڵ، نەینەوای لێیە، هەروەها نەبی یونسیش کە ئەویش گوندێکی گەورەیە بە دەورووبەری مەرقەدی نەبی یونس دایە ئەویش هەر لێرەیە، هەر وەک پێشتریش باسی ئەم گوندەم کرد. پاشان گوندی یارمجە و شمس الدین[١٠٢] و قس فخراKos Facha و قەرە قوینلی سەروو Kara Koinni Siflaو سەلامی Sullami و نەمرود. هەر وەک باسی شوراکەم کرد، کە مرۆڤ دەتوانێت لە دیجلەوە نزیک بەم گوندە ئەو شوارەیە ببینێت. هەر وەک خەڵکی شارەکەش دەڵێن کۆمەڵێک ماڵی کۆنیش هەتا وەکو ئێستا لەم گوندە دا ماون کە ئەمەش جێگای بایەخی گەشتیارانە.

---

١٠٢ . ئەمرۆ پێیدەڵێن شمسیات. و.ع

پاشان گوندی تل کوندس Tel Gundis ، بوساتلي Pussadli و خزر ئەلیاس، کە موسڵمانەکان تێیدا دەژین و دێرێکی یەعقووبیەکانیشی[١٠٣] تێدایە. پاشان تل یەعقوب[١٠٤] و کاني حەرامي و قەرە یەتاغ Karoi jattag و عبدالعزین، ئەویش گوندێکە کە دەکەوێتە سەر ڕووباری زێ و خەڵکی یەزیدی تێدا دەژی. پاشان جدیدە Dsjodlida، قەرقشە Karkascha، تل ئەللبن، چام کرام محەمەد Tscham karram Mohammed، داغر یارمجە D agger Jaremdsja، سخرە خاتون، بدنە، ترجلا، کراملیس، قەرەقوش کە یەعقووبیەکان تێیدا دەژین، بەلاوت Balauad[١٠٥] قەرەشور، کەهرین، قەرەبولي Karaboli، قابرلوKabberlu، شاە قولي Schah Kuli [١٠٦]، خراب ئللي Kharabelli، دار مولانا، قوبةKubba، ئایدور دورماس Eidur Durmas، ینکجە سوفلی، ئاق شەهر، یورغانتي Jurganti، عسابەAssaba، قومشینKomeschin، باش توداماس BasTudmas، علي رەش، عومەر خان، منارە، تاخراوە Taschraua، لاق دراسي، LakDeerassi جلوخان Dsjelochan[١٠٧]، تنور تبە Tennur Toppe، توبراق زیارت Topraq Siaret، قوي جاغ Koi Jaq، کوجلي Ghoidsjeli [١٠٨]، خزنە تیە، برتلە Bartalla، ئەوەی دوایین مەسیحییەکان تێدا دەژین، باشیبسا، باسخرا، ئەمەش دەکەوێتە سەر چیای عین الصفرة، کانونا Kanuna، قسر سەعیدKasr Soed، قوبان، ئەجي

---

١٠٣ . ئەوەش دیر مار بنهام. و.ع

١٠٤ . خەڵکە گوندییەکان پێی دەڵێن تل عاگوب.و.ع

١٠٥ . ئەمڕۆ پێی دەڵێن لاوات، ڕاستر بڵێم پێی دەڵێن بلاوات کە نزیکترە لە ناوە ئاشوورییە کۆنەکەی، بلاتو مانای (ژیان) دەگەیەنێت و چەند کیلۆمەترێک لە نەمرودەوە دوورە کە تێیدا هورمز رسام موسڵي لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوو دا، بەشێک لە دەرگا برۆنزییەکەی دۆزییەوە، هەروەها شوێنەوارناسی بەریتانیش ملوان لە ساڵی ١٩٥١ دا بەشەکەی تری دۆزییەوە. جێگای گووتنە ئەم دەرگاییە دەرگای کۆشکی هاوینی مەلیک شلمانسری سێهەمی ئاشووری ٨٢٤/٨٥٨ پ.ز دەڕازاندەوە. و.ع

١٠٦ . ئەمڕۆ پێی دەڵێن شاقڵی. و.ع

١٠٧ . ئەمڕۆ پێی دەڵێن جریوخان. و.ع

١٠٨ . ئەمڕۆ پێی دەڵێن کوجکی. و.ع

جوق Adsiji Sjuk، پیر بن نوق Pir Bennok. هەروەها بیر حلار PirHellar، بحزاني Bach Hossan [١٠٩]، بەعشیقة، ئەم دوو گوندەی دوایی یەزیدیی و مەسیحییەکانی تێدا دەژین. پاشان گوندی تۆبزاوە Topusaua، تاس خرابTes Gharab، قەرە تەپە، قولان تەپە، ئورتە خراپ، تلیارە Tilara، وادي سماق Wadi Semmaqk، عمر قابجي Omar Kapidsji [١١٠]، ئیمام فەزیلە[١١١]، عەباسیە، ئولامش Aulamisch، هاشمیە، قبقلي Kapakali، ئەریجیە، بلبل تەپە، باعویزە، قوینجق، یان قەڵای نەینەوا (سەیری نەخشەی ژمارە ٥) بکە.

بەڵام لە بەری رۆژهەڵاتی دیجلە و باکووری موسڵەوە ئەم گوندانەی تێدایە:

قازی کەند Kadi kent، [١١٢] رەشیدي، شریخان، قەرە قوینلي عوليا (القبة)، جمالیە، شێخ محەمەد، در نجوغ Durnadsjik، خواجە خەلیل، مەلاMella، عوینە Auana، کفریک Ka ffrik، میسر کند Miser kend، باعویزە، بیسان، کە بەشێک لە ئەرمەنییەکانی تێدا دەژین، بەڵام ئەوانی تر موسڵمانن، دواسة Dauasa، جانق Dsjanik، علملوAlemlu، موشەرفMscherraf، دارباپوسفDar ba Jusof، ئوم توتەOm Tuta کە ژمارەیەکی زۆریی سەیدی تێدا دەژی، کرنوسGernus، تل عمتە Tel Amta [١١٣]، تل میعان Tel Mian، باتت Bated، باب نیتBadNied، خرابکKHarabik، قەسرک Kasrik، موشرەفەMischriffa، ئەوەی دوایی یەزیدییەکانی تێدا دەژی. دار هال D´´arHal، تل فسنە، کە بەشی زۆری خەڵکی ئەم گوندە یەزیدین، پاشان گوندی سوتيSuti، مە جیدM`´ched، دار جندي DarDsjindi، آغاجة قەڵا AgadsjaKalla، قەرە بولوک Karabolog، کانی شیرین، قبق Kabak، کەرا Kerra، (موسڵاوییەکان دەڵێن کە گوایە پێغەمبەر یونس لەم شوێنە دا

---

١٠٩ . زیاتر بە باخ حسان دێت. و.ع

١١٠ . عمر قابجي: عمر لابجي. و.ع

١١١ . ئەمڕۆ پێی دەڵێن الفاضلية. و.ع

١١٢ . ئەمڕۆ پێی دەڵێن، قاضية. و.ع

١١٣ . ئەمڕۆ بەم گوندە دەگووترێت تل عبطة. و.ع

فرێدراوە، پاشان نەهەنگێک خستوویەتیە سەرپشتیی و لە کەنداوی بەسرەوە بەڕووباریی دیجلە دا هێناویەتی بۆ ئەم شوێنە).

پاشان گوندی خانک Khanek دێت، عەلاک Allak، زینیە Zeinie، کسک Kissik، نمر Nimr، کورامسک Koramesk، جان برکران Jan Burkan، بقاق Bakak، دانیشتوانی ئەم گوندە لە یەزیدیی و موسڵمان پێکدێن. پاشان گوندی دیر سیتون Dar Setrun، بایبوس Bebos، قسرون Kasron، باهنداوا Bahendaua، ئەم گوندە زۆر کۆنە و هەموو دانیشتوانی لە یەزیدی پێکدێن و نزیکی قوشە، کە بنکەی بەتریارک ئیلیایە.

پاشان گوندی بدریە Baddrie، کرنجق Kerendsiq، Hatara حەتارە[١١٤]، کە دانیشتوانی تێکەڵەیەکە لە مسوڵمان و یەزیدی، قرخ حاتورەKereck Hatora، کرک Kerrik، رانک Ranik، باپیر Bapir، حەتارە، تل عەدس Tel Addes، خان نیشرین Khan Nisscherin، تل زین Tel Zin، تل موس، کولات Muskollad، فلفین Filfen[١١٥]، کیر ئیسقاق Kir Iskak، تل ئەسقف، لەم گوندە دا نەستووری دەژین.

پاشان گوندی باقوف[١١٦]، دوغات Dogad، سرج خان Seridsch Khan، خوشابان Chuschaban، کە موسڵمان و یەزیدی لەم چوار گوندەی دوایی دا پێکەوە دەژین. پاشان گوندی نەسیریە Nusserie، پاشان گوندی باتنایا Batne ئەمەش گوندێکی گەورەیە کە زۆربەی دانیشتوانی مەسیحین و لەناویان دا ژمارەیەکی زۆری تێدایە کە پێیانوایە پاپا سەرۆکی مەزنی کڵێسایە.

لە نزیکی ئەم گوندەشەوە، گوندی دێر قەدیم دێت، کە هەموویان نەستوورین کە زیاتر بە ناوی دیر مار ئوراها Maruraha دێت. پاشان گوندی تلکێف دێت، کە ژمارەیماڵەکانی دەگاتە نزیکەی سێ سەد تا چوار سەد ماڵ، نیوەیان پاڵیان داوەتە پاڵ پاپاوە، بەڵام نیوەکەی تریان هەر بە نەستووری ماونەتەوە. پاشان گوندی بیت قرا Beit karra دێت، حسن

---

١١٤ .ئەمڕۆ پێی دەڵێن حتارە. و.ع

١١٥ . ئەمڕۆ پێی دەڵێن فلفیل. و.ع

١١٦ . ئەمڕۆ پێی دەڵێن باقوفا. و.ع

جبلان[117]، قەرە خراب، شێخ حەی Schech Hey شێخ علي خراب بيت Charab Beit.

کول قاياKulkaja، قوجە عنبر ChodsjeAmber، نجيمە Nidjemu، بايبوخت Beibucht، بوزغارا Gara Bos، قايم Kaim، رازيانا Rasiana، سماقيە Summaki، جوق علو Tschockalu، غوريان Ghorian، قلتە نوفيری N``offeri، سندانک Sindanek، کتک Kittk، قزقەلعە Kis kalla، عنزاوە Ansaua[118]، داس قتان Das Kuttan، عين بەقەرە Ain Backara، رەکزە Racksa، کرماوە Ghermaua، حوسنيە، بيراوزاوە، خرابوک Charabok، ئەلمامان Elmamman، شيف شيرين Schifscherin، کير خالس Kir Chales، کنداله Kendal، محمودان Mahhmudan، کە موسڵمانەکان و یەزیدییەکانی تێدا دەژین. پاشان گوندی کير موبارەک Kir Mubarek، خرسبات، ئەم گوندە موسڵمان و یەزیدییەکان پێکەوە دەژین. ئینجا گوندی عين سەفنا AinEssefina[119] گوندی باعذرا Ba addrie، خوراسان Chorasan،. دانیشتوانی ئەم دوو گوندە یەزیدین.

پاشان گوندی بحزان Basan [120]، جراحيە Dsiarrahi، ئەم دوو گوندە یەزیدیی تێدا دەژی. پاشان گوندی کيمونە Kemmuna، عين زالە Alin Zal، ئەمە دەکەوێتە کەرتی رۆژئاوای دیجلەوە، بەڵام ئەمڕۆ وێران بووە. پاشان گوندی سيد کندSeud Kend، کە هەموو دانیشتوانی سەیدن. گوندی کير کوران Kir Koran، جيانقجي tschienkschi، ديرک D``areck.

لە بەشی رۆژئاوای ڕووباری دیجلەشەوە ئەم گوندانەی تێدایە:

جندار Dsjindar، کواسير Kauasir، جيکارە Tschakara، جوتا Tschota، بادوش Badusch، ئيسماعيلان Ismailan، ئەم گوندەش دەکەوێتە سەر رێگای حەلەب کە سێ سەعات لە موسڵەوە دوورە. (لە کتێبی مێژووی

---

١١٧ . یان پێدەچێت ناوی حسن جلاد بێت. و.ع.

١١٨ . پێدەچێت عين زاوە بێت. و.ع

**١١٩** . (نیبوور) بە عين السفينة نووسیویەتی. و.ع

١٢٠. لەوانەیە بوزان بێت (گەر گوندێک بەم ناوە هەبێت. و.ع)

جیهان، سەردەمی نوێ لە بەرگی سێهەم، بەرەگرافی ٢٧، ناوی ئەم گوندە هاتووە )[١٢١]

Allgemeine Welthistorie der neuern Zeiten.3ter.teil.27

پاشان گوندی دامرچی Damirschi دێت، حلیلە Helela، دیر میخائیل D``arMichael، ئەمەش دێرێکی وێران کراوە. ئینجا گوندی ئەغ کند Ag Kend، کنیترە Gonatra، کافور Kafur، قبغ جوللي Kabag Tschulli، محرجان Mohhirdsjan، حجار سفینەHadsjar Sefine، خرارCharar، مەلیک ئەحمەد Mellek Ahmed، حەمام علي کە ئەمەش کانێکی قیرە. جێگای ئاماژەیە، لەم جۆرە سەرچاوانە لە کەنارەکانی دیجلە دا زۆرن.

نەخشەی ٨ أ

نەخشەی گەشت لە بەغداوە بۆ باکووری عێراق (هەروەک (نیبوور) کێشاویەتی )


پاشان گوندی جوهینە، دکرمان ئاداسيAdassi D``agerman، ممبارەMembara، وەسف توتSaf ttud، سن دیکSennedik، کازان، کوسکيKasan Koski، قیارە Keiara، لێرەش سەرچاوەیەکی زۆریی قیری تێدایە.

ئینجا گوندی کشافKschaf، کە قەڵایەکی کۆنی تێدایە و دەکەوێتە کۆتای ڕووباری زێ و ڕۆژهەڵاتی دیجلە. ئینجا هەزارhasar، کە دەکەوێتە سەر ڕووباری خازر، ئینجا گوندی حەسەن بیرکانHassan Pirkan ، جو کوردجيTschogurdschi، ئورردل Ordak [١٢٢].


---

١٢١ . بەم شێوەیە (نیبوور) نووسیویەتی. و.ع

١٢٢ . خەڵکانێک هەن پێی دەڵێن (حمام العلیل). و.ع


MOSUL
Arbil
Koi Sandschak
Altün Kupri
Kerkük
el Kâka
Tekrit
Samara
Albuhamdân
Ålbusolman
Ålbobéd
Hadidiu
Observirte Polhöhen
Maasstab von 10 deutschen Meilen

# شكلى ٨ أ




**شكلى ٨ ب**

# بەشی سێهەم

## سەفەر لە موسڵەوە بۆ ماردین

## سەفەر لە ماردینەوە بۆ حەلەب لە ڕێگای دیاربەکرەوە

## ئەپریلی ١٧٦٦

**سەفەر لە موسڵەوە بۆ ماردین**

پیاو دەتوانێت چەند ڕێگایەک بۆ سەفەرکردن لە موسڵەوە بەرەو ماردین بگرێتەبەر. لەبەرئەوەی ڕێگای نێوان جەزیرە و نەسیبین زۆر دڵنیا نییە و زۆرجار ئەو کاروانانەی بەرەو حەلەب دەچن تووشی ڕاوڕووت دەبنەوە، هەربۆیە بڕیارم دا لە ڕێگای سەحراوە بۆ ماردین بڕۆم.

لەم ڕێگایەدا زۆر بە دەگمەن گوندێک دێتە ڕێگات، لەم ناوچەیە دا پیاو جگە لە سەحرا نابێت چاوەڕاونی شتێکی تر بکات، هەموو شوێنێک بە لم داپۆشراوە. زەوییەکە زۆر وشک و برینگە، لەهەموو شوێنێک دڕکی سەحرایی دەبینیت، هەروەها شوێنەواری گوند، تەنانەت شاری کۆنیش دەبینیت کە پێشتر لەژێر فەرمانڕەوایی موحەمەدییەکان بووە، کە بەشێکیان لەلایەن عەرەب و کوردە کۆچەرییەکان و هەندێکیشیان لە ژێر حوکمی ملهوور و دڕندانەی تورکەکان دا کاول و خاپوور کراون.

لەم ناوچەیە دا چەندین ڕووبار دێنە ڕێگات کە دەوروبەرەکەیان زۆر جوانە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک سوود لەم ئاوانە وەرنەگیراوە. هەموو سەرچاوە ئاویەکانی ئەم ناوچەیەش، ئاوی پاکە و بۆ خواردنەوە دەشێت.

پێشتر Quintus Curtius [١٢٣] لە کتێبەکەی دا باسی لە مەترسی گژوگیای ئەم ناوچەیە کردبوو. لە سەرەتای پێنجەمین بەرگی کتێبەکەی دا دەڵێت: ئەو وڵاتەی کە دەکەوێتە نێوان ڕووباری دیجلە و فوراتەوە، ناوچەیەکی زۆر بەپیتە، بە شێوەیەک کە پیاو دەتوانێت وڵاخەکەی لەم ناوچەی دا ڕابگرێت،

---

١٢٣ . Quintus Curtius مێژوونوسێکی رۆمییە کە لە سەدەی یەکەمی زاینی دا ژیاوە. بە یەکێک لە مێژوونوسە گرنگەکانی قۆناغی ئەسکەندەری گەورە دێتە ژماردن. و.ک

بۆ ئەوەی زۆر بخوات. لەسەرەتای سەفەرەکەماندا، چەند حوشترێکمان لە ڕێگا دا نەخۆش کەوتن و پەکیان کەوت و پاشان مردار بوونەوە.

سەرەتا ئێمە لەو باوەڕە دا نەبووین، کە حوشترەکان بۆیە نەخۆش کەوتن و مردار بوونەوە، چونکە گژوگیای زۆریان خواردبوو. (واتە لەبەر زۆرخۆریی). خاوەن حوشترەکان هەر لەسەرەتای بەیانییەوە خوێیان پێدان، ئەمەش بۆ ئەوەی باش بخۆن و بخۆنەوە.

زۆرێک پێیانوابوو کە ئەو گژوگیایەی کە حوشتر و ئەسپ و کەرەکان خواردوویانە، ژەهراویی بووە، لەبەرئەوە هەموویان تۆپیوون. من خۆم لە ناوچەی (تل الحورا)، لەم وەرزەی ساڵ دا لە سەروگردەکەوە بینیم، کە هەموو ناوچەکە بە دووپشک داپۆشراوە. پێدەچێت لەکاتی خواردنی گژوگیاکە دا، ئاژەڵەکان ژەهراوی بووبێتن.

بەلایەنی کەمەوە کاروانەکەی ئێمە لە نزیکەی ٢٠٠٠ سەر ئاژەڵ پێکدەهات. ١٣٠٠ حوشتر باری (کرمی ئاوریشمی ) لە کوردستانەوە هەڵگرتبوو، ١٢٠ حوشتریش کە شمەکی لە هیدنستانەوە بەناو وڵاتی فارس و بەغدا و موسڵدا هێنابوو، لەگەڵمان بوون. ٤٥ حوشتریش باری قاوەیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو. ٥00 تا ٦٠٠ باری ترمان لەگەڵ بوو، کە هەموویان یان ئەسپ یان کەر یان ئێستر هەڵیدەگرتن.

جێگای گووتنە هەموو ئەم بارانەش بۆ شاری حەلەب نەدەچوون، بەڵکە بەشێکی زۆریی دەچوو بۆ ماردین، دیاربەکر، ئورفە و لەوێشەوە دەچوو بۆ ئەرمینیا. لە شارەکانی تردا، بازرگانەکان شمەک و کاڵاکانی خۆیان دەدایە ئەو عەرەبانە بۆیان بهێنێت، کە خزمایەتیان لەگەڵ ئەو خێڵە عەرەبییانەی سەحرا هەیە، ئەم عەرەبانە بە حوشترەکانی خۆیان، بارەکانیان بۆ بازرگانەکان دەگواستەوە.

ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵمان بوون و هەندێکیان بەسەر حوشتر و ئەسپەکانەوە بوون، کۆی گشتیان دەگەیشتە نزیکەی ٤٠٠ پیاو. ئێمە نزیکەی ١٥٠ پاسەوان Segmanie مان لەگەڵ بوو.

بەشێکی زۆریی ئەو پیاوانەی کە بازرگانەکان لەگەڵ خۆیان هێنابوویانن، نەیاندەزانی کەی چەتە دێنە ڕێگایان و هەموو شمەک و کاڵای بازرگانەکان دەدزن. بەڵام ئێمە لەو کاتەدا زۆر بەهێز و باوەڕبەخۆ بووین، بۆ هەموو شتێک خۆمان ئامادە کرد، بۆ ئەوەی دژی دوژمن بوەستینەوە، هەر چەتەیەک یان ڕێگرێک ڕێگای پێ بگرتینایە، ئەوا ئێمە تەواو ئامادەبووین بەرەنگاریان بینەوە.

کاروان باشیەکەمان[١٢٤] بازرگانێکی گەورە و سەر بە کۆمپانیایەکی گواستنەوە بوو، بۆ ئەوەی کاروانەکەمان بەسەلامەتی بڕوات پارەی ڕێگا (باج)ی دابوو، هەروەها چەند دیارییەکی دابوو بەو کوردانەی کە یاوەری کاروانەکەیان دەکردین، لە زۆربەی شوێنەکاندا کە لامان دەدا، ئەم دیاریانەی دەبەخشیەوە. خاوەنی رەشەوڵاخەکان، سەرۆکێکیان لەگەڵ دا بوو. سەفەرەکەمان هیچ جۆرە ڕێکوپێکییەکی پێوە دیار نەبوو.

لەکاتی خۆرئاوابوون دا هەندێکیان لایان دەدا، هەندێکیان سەفەرەکەی لەم شوێنە دا تەواو دەبوو، خەڵکانێکی تریش هەبوون دەهاتنە ناو کاروانەکە و لەگەڵماندا سەفەریان دەکرد. گەر ئێمە لە شوێنێک لامان بدایە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە خۆمان حەزمان پێی بوو، کاروان باشییەکەمان ئاگادار نەدەکردەوە و ئەویش هیچ ئێمەی بەلاوە گرنگ نەبوو. لە شەو دا بەهیچ شێوەیەک کەس خەفەر (ئێشکگر) نەبوو.

ئەو کەسانەی کە بۆ پاسەوانی ئێمە لەگەڵمان بوون، لە شەو دا ئیسراحەتیان دەکرد، بێجگە لە پاسەوانی Segmanie، لە هەمانکاتیش دا خزمەتی بازرگانەکانیان دەکرد، کە لەگەڵ خۆیان هێنابوویانن، هەروەها پاسەوانی شمەک و کاڵاکانی ئەوانیان دەکرد. لەبەر ئەوە خەڵکی زانیبوویان کە کاروانێکی گەورە بەڕێگاوەیە. ئێمە بە بەردەوامی کوردمان دەبینی، کە دەهاتن بزن و شیر، بەتایبەتی شیری چەوریان پێ دەفرۆشتین. ئەمانە بە شەوان وەکو دز دەهاتن بۆمان. جارێکیان لە نزیک منەوە، هاتن ئێسترێکیان لێ دزین.

---

١٢٤ . کاروان باشی واتە سەرۆک قافلە.

خاوەنی ئێسترەکە کە نەخەوتبوو، کاتێک بە مەیزانی کردیە هەرایەکی گەورە، پاسەوانەکان و عەرەبەکانی یاوەرمان، هیچ خۆیان لەم باسە نەگەیاند و گوێیان بە کابرا نەدا، ئەو خۆیی و چەند هاورێیەکی دوای دزەکە کەوتن و پاش چارەکە سەعاتێک چوون ئێسترەکەیان هێنایەوە.

کاتێک ئێمە گەیشتینە ناوچەی (Ridsjel el abbas ) و لەوێندەر لامان دا، هەستم کرد ئێمە زۆر پێویستیمان بە یارمەتی پاسەوانەکان و عەرەبەکان و تەنانەت چەکدارەکانی ماردین هەیە، کە لە وێندەر بینیمانن. ئێمە لەپشت گردێکەوە بینیمان لە دوورەوە تەپوتۆزێکی گەورە هەیە، هەمووومان لەو باوڕە دابووین، کە ئەمە دوژمنەوە دەیەوێت پەلاماریی کاروانەکەمان بدات.

یەکسەر خاوەنی ئاژەڵەکان چوون (ئێستر و ئەسپ و کەر و حوشترەکانیان) کۆکردەوە، کە لەو کاتە دا خەریکی لەوەڕین بوون لە ناو گژوگیاکە دا. پاشتر گوێمان لە هەواڵێک بوو، گووتیان ٢٠٠٠ پیاوی کوردن، یەکێکی تری گووتی لەپشت گردەکەوە چاوم لە ٤٠٠٠ سوارە بوو. ئەو تورک و عەرەبانەی کەلەگەڵمان بوون، یەکسەر کشانە دواوە و زیڕەیان کردبوو، زۆر لە بەردەم ئەم دوژمنە ترسان.

بەڵام پاش نیو سەعات گوێمان لە هەواڵێکی تر بوو، کە هۆی ئەم تەپووتۆزە ئەوەیە، کە چوار پیاو بەسەر ئەسپەوە پێکەوە یاری دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە تەپوتۆزێکی زۆر دروست بکەن، ئەم یارییەی ئەوان ئێمەشیان تووشی ترس و دڵەراوکێیەکی زۆر کرد.

لە ڕاستی دا گەر بتەوێت لە موسڵەوە بچیت بۆ نسێبین، ئەوا بە ئیسراحەت بە ٦ ڕۆژ دەگەیت. بەڵام کاروانەکەی ئێمە زۆر لەسەرخۆ دەڕۆیشت ئەمەش لە لایەکەوە خەتای خاوەن ئاژەڵەکان بوو، چونکە گژوگیایەکی زۆر هاتە ڕێگامان، ئەوانیش دەیانویست ئاژەڵەکەنیان لەم گژوگیایە دا باش بلەوەڕێن، لەلایەکی تریشەوە خەتای ئەو عەرەب و تورکانە بوو، کە لەگەڵمان بوون، ئەوان دەیانوویست هەتا ماوەیەکی زۆر لەسەر حسابی بازرگانەکان بخۆن و بژین.

**نسێبین:**

شارە دێرین و کۆن و بەناوبانگەکەی نسێبین، ئەمڕۆ تەنها ١٥٠ماڵی تێدایە، کە زۆربەیان زۆر بە خراپی دروستکراون. بەڵام لە ناوەوەی شارەکە دا، چەند خانویەکم بینی کە لە بەرد دروستکرابوون. ئەم خانوانە دەکەونە لای چەپی ڕووبارەکەوە، کە ئاوەکەی زۆر بە خووڕ بوو، هەروەها پاناییشی زۆر بوو. دەوروپشتی نسێبین دۆڵ و نشێوە، کە برنجێکی زۆری لێ چێندرابوو. ئەوەی کە لەم شارە دا جێگای تێڕامان و سەرنج بوو، بوونی پردێک بوو بەسەر ڕووبارەکەوە،

هەروەها کڵێسایەکیش هەیە کە حەزرەتی یاعقوب کاتی خۆی دروستی کردووە. قەشەی کڵێساکە سەر بە کڵێسەی مەسیحی قوستەنتیتۆپڵە. پردەکە ١٢ قەوسیی هەیە و لە بەردێکی زۆر پتەو دروستکراوە. بورجێک هەیە، کە دەکەوێتە لایەکی شارەکەوە و نزیکی پردەکەیە کە بۆ مەبەستی پاسەوانی کردنی ئەم ڕێگایە دانراوە، پیاو کاتێک سەیریی دەکات، تەنها دیوارێکی بەردین دەبینێت.

کڵێساکەی حەزرەتی یاعقوب لە بەردی پتەو دروستکراوە، بەڵام ئێستا بەتەواوی ئەم بەردانە چوونەتە ناو عەردەوە. لە پەنا ئەم کڵێسەیە دا ماڵێکی بچووک ماوەتەوە، کە فەرمانڕەوا موحەمەدییەکە، پێشتر ویستبووی بیکاتە شوێنی عەمبارکردنی گەنم و جۆ، بەڵام حەزرەتی یاعقوب دەچێتە خەویی و لێی دەپرسێت: بۆچی دەیەوێت کڵێساکەی تێکبدات، ئەمەش وا لە فەرمانڕەوا موحەمەدییەکە دەکات کە نەک کڵێساکە چۆڵ بکات، بەڵکو فەرمان دەردەکات کە نۆژەنیش بکرێتەوە و مینبەرێکی وەعزدانیشی لێ دروستبکەن. (ئەم حکایەتە مەسیحییەکانی ناوچەکە بۆیان گێڕامەوە).

ئێستا یاعقوبییەکان دەیانەوێت ئەم کڵێسا بچووکە بکەنە کڵێسایەکی گەورە، ئەم کڵێسایەش زۆر گەورەیە، بەڵام کێشەکە لەوە دایە کە ئەمان کەمینەیەکی زۆر بچووکن، بەشێوەیەک کە هێشتا قەشەیەکیان بە بەردەوامی نییە کە لە شارەکەدا بمێنێتەوە، بەڵکە لە کاتی ناشتنی مردوویەک یان لەدایک

بوونی منداڵێک، قەشەیەک لە ماردینەوە دێت بۆ ئەم کارانە. قەشەی ماردین سەر بە کڵێسای رۆمی و ئەرمەنییە، لەوێندەر کڵێسایەکی گەورەیان هەیە.

ئەو پیاوەی کە منی بۆ کڵێساکەی یاعقوب برد، کاتێک نزیکی قەبری پیرۆزی یاعقوب بووینەوە، زۆر منی ترساند. لێرە دا قەبرێکی گەورەی بەردینم بینی کە بەردێکی قورس سەرەکەی داپۆشیبوو. لە تەنیشت قەبرە گەورەکەوە، کونێکی گەورەم بینی، کە پیاو دەتوانێت دەست بۆ ناوەوەی درێژ بکات. من بە وردی بە دەوری قەبرەکە دا دەستمکرد بە پشکنین، دەمویست بزانم ئاخۆ لاشەی حەزرەتی یاعقووبی تێدایە. تەنها یاوەرەکەم کە لە پەنامدا وەستابوو، دڵنیای کردمەوە، کە لاشەی حەزرەتی یاعقووب لێرە دا لە ژێر ئەم قەبرە بەردینە گەورەیە دا نێژراوە، بۆ ئەوەی کافرەکان پەلاماریی نەدەن و قەبرەکەی تێک نەدەن.

پاشتر بیستم کە کڵێسای رۆمی، پێش ماوەیەک دەستی کردووە بە هێنانی هەموو پێغەمبەر و کەسە پیرۆزەکانی ئاینی مەسیحی کە لە رۆژهەڵات نێژراون و هەموویانی گواستۆتەوە بۆ ئەوروپا. پاشتر یاوەرەکەم پێی گووتم بۆیە ئەو کونە گەورەیەی لە تەنیشت قەبرەکەدا دروستکراوە، هەتاوەکو مەسیحییەکان بێن، کەمێک لە گڵ و خاکی قەبرەکە، وەکو شتێکی مفەرک و پیرۆز بۆ خۆیان بەرن. چونکە گەر بێت ئەو خاکەی کە لێرەدا هەیە، ببەیت و لەگەڵ ئاو دا بیخۆیتەوە، ئەوا نەخۆشی (تای گەرم) ناهێڵێت.

چارەکە سەعاتێک لە دەرەوەی شارەکە، بینایەکی ڕووخاو و کۆن هەیە، کە بە بەردەوامی جوولەکەکان زیارەتی دەکەن. خەڵکی ناوچەکە پێیان گووتم، کە لەم شوێنە دا قەبری پیاوێکی پیرۆزی لێیە، کە ناوی (Amma ئەما)یە. رابییەک کە خەڵکی پراگ بوو، لە کاروانەکە لەگەڵمان بوو، پێی گووتم کە لێرەدا (یودا بن پاترا) نێژراوە. بەپێی بۆچوونی ئەو ناوی شاری نسێبین، لەناوی رابی (Menziven مەنزیڤین)وە هاتووە.

فەرمانڕەوایی نسێبین کەسێکە نازناوی (بەگ) ی هەیە، کە لە لایەن فەرمانڕەوای ماردینەوە دادەنرێت. پێشتر ئەم سنجەقە، سەر بە باشلقی دیاربەکر بوو. دەبوایە ڕێبوارەکان کە دێنە ئێرە باجی ڕێگا بدەنە بەگ و

هەروەها گومرگیش بدەنە باشلقی دیاربەکر. ئەم کارەش زۆری پێ نەچوو، چونکە حسابی ئەوەیان لەگەڵ کاروانەکە کرد، کە زۆر لە شارەکە نامێنێتەوە و دەڕوات، هەر بۆیە پارەی کەمییان لێ سەندین. بەڵام بە نیسبەت گومرگەوە، کارەکان زۆر بە ڕێکوپێکی دەبران بەڕێوە.

خزمەتکارە هەژارەکەم، کابرایەکی ماڕۆنی خەڵکی شاری حەلەب بوو، کە زۆر کەم خۆی لەناو کاروانەکە دا پیشانی خەڵک دەدا، من وەکو پیاوێکی دەوڵەمەند کە لە هیندستانەوە هاتووم، دەبوایە پارەی ئەویش بدەم. سەرەتا کارمەندەکانی گومرگ، پێیانوابوو کە من بەردی گران بەها و ئەڵماس و مرواری زۆرم پێیە، لەبەر ئەوە هەرچی شوێنێکم هەیە و هەموو سندوقەکانیان پشکنی. بەڵام کاتێک سەیریان کرد تەنها کتێبم پێیە، وایانزانی کە من کەسێکی دەروێشم و بازرگانێکی دەوڵەمەند نیم.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا خزمەتکارەکەم هیچ زانیارییەکی لەبارەی منەوە نەدەزانی، تەنانەت نەیدەزانی کە ناویی ڕاستەقینەم چییە. من لە بەغدا لەجیاتی خزمەتکارێکی محمەدیی گۆڕیمەوە، کە ئەو خۆی گەڕایەوە بۆ بەسرە. ئەویش لەبەرئەوەی کە عەرەب و تورکەکان زۆر لە بارەی ناوی خۆمەوە پرسیاریان لێدەکرد، ئەوان هەر کەسێکی بێگانە بێت، ناوی بەربەری لێدەنێن. منیش نەمدەویست خۆم بخەمە ناو ئەم پرسیار و وەڵامەوە، چونکە نەمدەزانی ناوی (نیبوور) بە عەرەبی مانای چی دەگەیەنێت، لەبەرئەوە ناوی خۆم نا عەبدوڵڵا (واتە بەندەی خودا).

ئەم ناوە زۆر لەناوموحمەدییەکان و تەنانەت مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتدا باوە، بەم شێوەیەش خۆم لە پرسیار و وەڵامێکی زۆر بێ مانا پاراست، کە هیچ پێویست نەبون. خزمەتکارە تازەکەم هەر بە عەبدوڵا ئاغا (مانای بەڕێز عەبدوڵڵا) بانگی دەکردم، ئەو هەر بەم شێوەیە بانگی دەکردم و هەتا وەکو نەگەیشتینە شاری حەلەب، ناوی ڕاستەقینەی خۆمم پێ نەگووت.

خزمەتکارەکەم پیاوێک بوو حەزی دەکرد لەگەڵ هەموو ئەندامانی کاروانەکە قسەبکات و پەیوەندییان لەگەڵ ببەستێت. بە چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی بگەینە (نسێبین)، کابرایەکی ئیسرائیلی کە خەڵکی پراگ بوو،

خزمەتکارەکەمی بە من ناساند، ئەو کاتێک بیستبووی کە من ئەوروپیم، هات بۆ لام. ئەو پێشتر چووبوو سەردانی مەرقەدی پێغەمبەران (جۆناس، حسقیل) و چەند پێغەمبەرێکی تری کردبوو، هەروەها لە نزیکی (تالمود Talmud) زیارەتی قەبری چەند پیاوێکی گەورەی تری جوولەکەی کردبوو. ئەوەشم زانی، بۆ ئەوەی پارەی سەفەرەکەی پەیدا بکات، کۆمەڵێک کتێبی عبریی لەو ناوچەیە دا فرۆشتۆوە، هەرچەندە زۆر دڵنیاش نیم کە پارەی زۆری دەستکەوتبێت، چونکە جوولەکەکانی رۆژهەڵات لە بەرامبەر جوولەکە هاوەڵە ئەوروپییەکاندا پیسکەترن.

ئەم رابییە ناڕەزایی لە بەرامبەر بازرگانێکی هاونەتەوەکەی خۆی دەربڕی کە لە موسڵ دیویەتی.[١٢٥] ئەم رابییە داوای لەو بازرگانە کردووە، کە پارەی بداتێ بە قەرز، هەتا وەکو دەگاتەوە شاری حەلەب، بەڵام ئەو ئەم داواکاریەی ئەویی ڕەت کردۆتەوە. بەڵام کێشەکە لەوە دایە، ئێستا تەنها بازرگانەکە مامەڵەی خراپی لەگەڵ دا ناکات، بەڵکو هەموو ئەو جوولەکانەش کە لەوێندەربوون مامەڵەی خراپی لەگەڵ دەکەن. کاتێک کابراییەکی موحەمەدیی کە خاوەنی کەرەکە بوو، داوای پارەی لێکرد ئەمیش نەیبوو بیداتێ، زۆریی لێدا و تێڵاکارییەکی باشی کرد، کەچی جوولەکەکانیش هیچ قسەیان نەکرد و زۆر بەهێمنییەوە سەیریان دەکرد.

بەڵام هۆکاریی سەرەکی کە وای لە جوولەکەکانی رۆژهەڵات کرد، کە پشت لە جوولەکە پراگییەکە بکەن ئەوە بوو، کە ئەم دەیوست خۆی وا پیشان بدات کە لە ئەوان خوێندەوارتر و باشترە و هەروەها لەوانیش رەزیلترە، هەر چەندە ئەو پارەی باشیشیی پێبوو. ئەو داوای لە من کرد کە لەم حاڵەتە خراپە ڕزگاری بکەم، کە هاونەتەوەکەی یارمەتییان نەدەدا، منیش ناچاربووم یارمەتیی بدەم.

من داوام لە کابرایەکی مەسیحی کرد کە بارەکەی ئەویش بخاتە سەر ئێسترەکەی خۆی، هەرچەندە مەسیحییەکانی رۆژهەڵات، لەموحەمەدییەکان

---

١٢٥ .مەبەستی ئەوەیە ئەم بازرگانەش وەکو ئەو جوولەکە بووە. دیارە زۆرێک لە ئەوروپییەکان جوولەکەکانیان بە نەتەوە دادەنا نەک ئایین. و.ک

زیاتر ڕقیان لە جوولەکە دەبێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ڕابییە لەژێر چاودێریی من دا بوو، ئەوان هیچ قسەیەکی خراپیان پێ نەگووت، ئەویش لە بەرامبەر ئەم کارەی من، زۆر سووپاسی کردم.

هەموو مەسیحییەکان ئەوە دەزانن کە جوولەکەکان لە ڕۆژی شابات[١٢٦] حەز ناکەن سەفەر بکەن، ئەو بە خاوەن ئێسترەکەی گووت، کە دەیەوێت ماوەیەک لە ماردین لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا بمێنێتەوە. خزمەتکارەکەی کوڕێکی گەنجی خەڵکی پراگ بوو.

ئەمەش وای لە خاوەن ئێسترەکە کرد کە داوای پارەی زیاتری لێ بکات. ئەو گووتی گەر ئەمڕۆ سەفەربکەن، ئەوا دەبێت ٢ قروش زیاتری بداتێ، ئەویش ناچاربوو چەند قروشێکی بداتێ. بەم شێوەیە من لە خۆرئاوابوونی رۆژی هەینی دا، ئەوم گەیاندە شاری ماردین، ئەمەش زۆر دڵخۆشی کرد.

پاشتر ئەم کابرایەم لە حەلەب بینییەوە. بۆی گێڕامەوە کە لە کاتی سەفەرکردن لە دیاربەکرەوە بۆ ئەم شارە، لەڕێگادا ڕووتیانکردۆتەوە. ئەو بە ئەزموونی خۆی گەیشتبووە ئەو ڕاستییەی، کە ئێستا مەسیحییەکان و موحەمەدییەکانیش خۆیان بەوەوە خەریک دەکەن، ئاخۆ ئەم جوولەکەیە کە باری لەم کاروانە دایە، لە شەوی یەک شەممە دا لەگەڵیان سەفەر دەکات یان دەمێنێتەوە. ئەو خۆشی باش ئەوەی زانییوە، کە سەفەرکردن بە تەنها لەم ڕێگایە دا کارێکی ئاسان نییە و ئەمنییەتیی نییە. بەم شێوەیە ئەو لە شەوی یەک شەممە دا، بە کاروانەکەی گووتوە بڕۆن من نایەم.

بەڵام پاش چەند سەعاتێک دوای ئەوان، کابرایەکی تورکمان هاتووە، کە جلوبەرگی جوانی لەبەر دابووە. بەم شێوەیە ئەو دەبوایە بڕیار بدات، ئاخۆ شاباتەکەی بەبێ خواردن و وشک و برینگی دەباتە سەر و بۆ رۆژیی یەک شەم سەفەرەکەی دەکات، یان ئەوەتا ئێستا لەگەڵ ئەم کابرایە دا بڕوات. ئەویش ئەوەی گرنگ بووە لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە و شەو سەفەرەکەی کردووە، بەو نیازەی بگاتەوە بە کاروانەکە. بەڵام کابرای رابیی هیچ مێشکی نەبووە، ئەو دەیتوانی شەو لەگەڵ جوولەکەکانی تری ئەوێ (لە لای جوولەکەکان لە شابات

١٢٦ .شابات، واتە هەینی جوولەکەکان کە دەکاتە رۆژی شەممە. و.ک

دا نابێت سەفەر بکرێت) یان خزمەتکارەکەی شاباتەکەی بکات و لەوێندەر بمێنێتەوە. بەم شێوەیە ئەو شەوە ڕووتیان کردبۆوە، تەنها جلەکانیان لەبەردا هێشتبوویەوە، دەنا هەموو شتێکییان لێ دزیبوو.

رابییەکە لەلای من زۆر بە توندی گلەیی لە هەموو خەڵکی رۆژهەڵات کرد، من نەمتوانی هیچ ئامۆژگارییەکی وای بکەم، جگە لەوەی کە پێم گووت، کە ئەو پێویستە زمانی ئەم وڵاتە فێربێت و کاتێکیش بە ناو وڵاتێکی بێگانە دا تێدەپەڕێت، تۆزێک خۆی باش پیشانی خەڵکی بدات و لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە بەڕێزەوە مامەڵە بکات.

دیارە من خۆشم لە سەفەری موسڵ بۆ نسێبین لەم جۆرە کێشانەم بۆ دروستبوو. کاتێک عەرەبەکانی (Kassikupri کاسی کوپری) لەکاتی داگرتنی بارەکاندا، بۆ ئەوەی گومرگی ڕێگا بدەین، سەیرم کرد خزمەتکارەکانی شێخ چاویان بڕیوەتە جێگا نووستنی من و خزمەتکارەکەم. لە ئێوارە دا هاتن ئەم جێگا نووستنەیان برد بۆ شێخەکەیان، منیش زۆر نەمدەتوانی دژیان بوەستمەوە، چونکە باش دەمزانی چەندە ئەم کەسانە خراپ و هیچ وپووچن، تەنانەت بازرگانە گەورە موحەمەدیەکانیش لەمان خراپتر بوون.

هەربۆیە من یەکسەر چووم بۆ لای کاروان باشیەکە و گلەیی خۆمم پێگەیاند. ئەویش هەر ئەو شەوە چووبوە لای شێخەکە، بەڵام نەیتوانیبوو هیچ شتێکی وام بۆ بهێنێتەوە، تەنها سەرین و بەڕەیەکی ژێر دۆشەکەم نەبێت. بۆ بەیانی خۆم چووم بۆ لای شێخەکە، شێخە گەنجەکە کاتێک گوێی لە قسەکانم بوو، گاڵتەی پێکردم و ئەم کارەی منی بە بێ ڕێزیی دانا، چونکە من نەمویستووە بۆ شەوێکیش بێت، جێگا نووستنەکەم لەگەڵ ئەو دا دابەش بکەم، لە کاتێک دا ئەو شێخی خێڵی (تایTai)یە و منیش تەنها کابرایەکی مەجوس(بێ باوەڕ)م و ئێستاش لە ژێر سایەی ئەودام.

منیش یەکسەر فەرمانی سوڵتان و نامەی پاشای بەغدام بۆ دەرهێنا، کەتێیدا نووسراوە، پێویستە لە هەموو شوێنێکدا یارمەتیم بدرێت و رێزم لێبگیرێت. ئەمەش هێندەی تر شێخی تووڕە کرد و گووتی ئێرە سەحرایە و

من سوڵتان و پاشای ئێرەم، ئەو کاغەزانەی تۆ ناتوانێت هیچ شتێک بەسەر من دا بسەپێنێت. منیش دەبوایە یەکسەر ئەم وەزعە خراپە چارەسەر بکەم.

لە ناو کاروانەکە دا دەستمکرد بە قسەکردن لەگەڵ بازرگانە بەڕێزەکان، لەبارەی هەموو شتێکەوە پرسیارم لێیان کرد، بەتایبەتی چۆن کابرایەکی ئەوروپی لەم ناوچەیەدا مامەڵە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی و بەرپرسەکان بکات. ئەوانیش زۆر یارمەتیان دام.

کاتێک گەیشتنیە نزیکی خاڵی گومرگی ماردین، دەبوایە بەهەمان شێوەی شێخی (تای)، پارەیان پێ بدەین. لەو کاتە دا خۆم لە ئەفسەرێک نزیک کردەوە کە کەسێکی بەڕێزبوو، چووم لێم پرسیی ئاخۆ جەنابی سەرۆکەکەیان کە وەکو بیستوومە ئێستا لە نزیکی شاری نسێبینە، دەتوانێت هەندێک لەو شتانەم بۆ بگەڕێنێتەوە کە شێخ لێی داگیر کردووم، بەتایبەتی ئەو بەتانیەی کە لە هیندستانەوە لەگەڵ خۆم هێنابووم، شێخیش بەتایبەتیی زۆر حەزی بەم بەتانییە بوو، بەڵام هیچیان بۆ نەکردم.

پاش ئەوەی کاروبارەکانی دائیرەی گومرگی نسێبین تەواو بوو، کە هەتاوەکو رۆژی ٢٤ ئەپریلی خایاند، بۆ بەیانییەکی هەمان ڕۆژ کاروانەکە دەستی بەجوڵەکرد، دوو سەعات لە دوای خۆرهەڵاتنەوە، کاروانەکە و بازرگانەکان دەستیان بە جووڵەکرد و لە خۆرئاوابوون توانیمان بگەیەنە ماردین.

**شاری ماردین:**

شاری ماردین بە بەرزاییەکەوەیە، کە دەکەوێتە سەر چییایەک لەسەر هێڵی ٣٧،١٩. لەسەردەمانی پێشوو دا، ماردین قەڵایەکی پتەو بەهێزبوو، بەڵام ئەمڕۆ دیوارەکانی ئەو قەڵایە هەمووی ڕووخاوە و لەسەر عەرزە، قەڵاکەش هەمووی ڕووخاوە. ئێستا ئاسەواریی قەڵاکە، وەکو گردێکی لێهاتووە بە دەوریی شارەکە دا ماوەتەوە، ڕاستە درێژە بەڵام زۆر باریکە.

سووچی سەرووی قەڵاکە لەهەموویان بەرزترە و زۆر پتەو دروستکراوە، ئەو ڕێگایانەی کە بۆ چوونە ژوورەوەی ئەم قەڵایە کراوە، زۆر تەسکە، هەروەها لە هەر دوو بەری ڕێگاکە دا، ئاسەواریی دوو بورج دەبینرێت. لە

سەرەتای قەڵاکە دا هەموو بەشەکانی قەڵاکە بە بەرد دروستکراوە، هەروەها لەپەنا ئەم دیوارە بەردینانەش دا، دەرگایەکی ئاسنین هەیە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەسیحی، کە هێشتا وێنەی چەند فیگورێک لەسەر دەرگاکە ماوە.

کاتێک خەڵکی ماردین بیانەوێت باسی مەزنی ئەم قەڵایەیان بۆ یەکێک بگێڕنەوە، ئەوا باسی پەلاماریی تەیموری لەنگ بۆ سەر شارەکەیان دەکەن، لەو کاتە دا تەیموری لەنگ بۆ ماوەیەکی زۆر گەمارۆی شارەکەی داوە، لەشکرەکەی هێندە لە دەوروبەری شارەکە ماونەتەوە، کە نانیان پێ نەماوە، چوون هەرچی ترێ و هەنجیری دەوروپشتی شارەکە هەبووە هەموویان خواردووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا، تەیموری لەنگ ناچاربووە بکشێتە دواوە.

دیارە لەم جۆرە قسانە لە وڵاتانی رۆژهەڵات دا زۆرە، ئەمەش هەموو مەبەستیان ئەوەیە کە بڵێن قەڵاکە بەرگەی هێرشێکی گەورەی گرتووە.

بەڵام راستی مەسەلەکە ئەوەیە، کە تەتەرەکان زۆر حەزیان بە ترێ و هەنجیر بووە، بەتایبەتی ئەوەی کە لەم ناوچەیە دا هەبووە کە تامیان زۆر خۆشە، بەڵام پاشان تەیموری لەنگ شارەکە داگیر دەکات و دەیڕووخێنێت.

ئەو چیایەی کە ماردینی لەسەرە، لەجۆرە بەردێک دروستبووە، کە زۆر بە ئاسانی دەتوانیت کاریی لەسەر بکەیت، لەبەر ئەوە بەشی هەرە زۆریی خانوی شارەکە، لە بەرد دروستکراون. خانوەکان زۆر لەیەکترییەوە نزیکن و بەجۆرێک هەموویان سەربانەکانیان لە یەکەوە نزیکن و هەندێکیشیان سەربانەکانیان دەکەوێتە سەر شەقامەکان.

پێشتر لەناو قەڵاکە دا نزیکەی ٢٠٠ ماڵی تێدابوو، بەڵام ئێستا تەنها ٨٠ ماڵی تێدا دەژی. دەتوانم ژمارەی خانووەکانی ئەم شارە بە نزیکەی ٣٠٠٠ خانوو مەزندە بکەم. لەوانە نزیکەی ٢٠٠٠ ماڵیان موحەمەدی سونی مەزهەب بن، ئەوی تریشیان مەسیحین. جگە لەمانیش نزیکەی ١٠ بنەماڵەی جوولەکەشی تێدایە.

شاری ماردین دەکەوێتە سەر چیایەکی بەرزەوە، منیش بۆ ئەوەی بە جوانی نەخشەی ئەم شارە بۆ خوێنەرانی دیاری بکەم بە ژمارە ناوی شوێنەکانم نووسیوە. ژمارە ١ ئاماژەیە بۆ قەڵاکە، ژمارە ٢ ئاماژەیە بۆ دەوروو‌بەری شارەکە، کە ماوەیەکی زۆر لەم شوێنەدا لەشکرەکەی تەیموری لەنگ گەمارۆی شارەکەیان دابوو، ژمارە ٣ ئاماژەیە بۆ کۆشکی (تەرشان کالاسیTärchan Kallasi، ژمارە ٤ ئاماژەیە بۆ قەڵا ئەلمارە، ژمارە ٥ ئاسەواری کڵێسا کۆنە گەورەکەی مار جوهانە، ژمارە ٦ ئاماژەیە بۆ بنکەی سەرەکی قەشەی گەورەی کڵێسای یەعقووبی، کە نزیکەی سەعاتێک لە ماردینەوە دوورە و دەکەوێتە شوێنێکی زۆر خۆشەوە.

ماردین کەشوهەوایەکی زۆر پاک و تەندروستیی هەیە، دیارە ئەوەش لەبەر ئەوەی کە شارەکە دەکەوێتە سەرچیایەک و لە بەرزایی دایە، لەبەر ئەوە لە هاوین دا ئێرە زۆر گەرم نییە لە زستانیش دا زۆر ساردە. گەر خەڵکی بە فەرو خۆیان دانەپۆشن، ئەوا لە سەرمان ڕەق دەبنەوە.

هەر دوو نەخشەی شاری ماردین وەکو (نیبوور) کێشاویەتی:

وەکو هەموو شوێنێکی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، خەڵکی خەڵوزی دار بۆ گەرمکردنەوە و خواردن بەکاردەهێنن، هەروەها لەژێر قۆریە چاییەکانیش دا، سووتوی خەڵوز دادەنێن. ژنانی ئێرەش وەکو هەموو ژنانی تورکیا، لەسەر مێزێکی نزم دادەنیشن، کە فەرشێکیان بەسەردا ڕاخستووە، کاتێک ژنان دادەنیشن، ئەم فەرشە بچووکە دەدەن بە قاچەکانیان دا.

سۆپاکانیان زۆر باش و ڕێکوپێکە، لە هەمانکاتیش دا پێویستی بە ئاگرێکی زۆر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا زۆر ترسناکیشە. چونکە لە خانووەکاندا هەموویان مێزەکان بە پەردەی پەڕۆ و عەزرەکانیش بە فەڕش داپۆشراوە، کاتێک ئاگر بکەوێتەوە، هەموو ماڵەکە دەسووتێت، هەربۆیە ماڵ سووتان لەم ناوچەیە دا زۆرە.

لە ماردین هەر کاتێک لە بەهار دا بارانی زۆر ببارێت، خەڵکی چاوەڕوانی زیادبوونی بەروبومی کشتوکاڵی دەکەن. لە ناوەڕاستی مانگی (مای، ئایار)

هەتا وەکو مانگی (ئۆکتۆبەر) هیچ باران ناباریت. لەبەر ئەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە لەم کاتانە دا بە شەوان لەسەر سەربانی خانوەکانیان لەژێر سایەی ئاسمانێکی پاک دا دەخەون. لێرە لە ڕووی سەرچاوەی ئاوەوە زۆر دەوڵەمەندن. لە ناو شارەکە و لە قەدپاڵی چیاکانیش دا، ڕەزێکی زۆری تێدایە کە هەنجیر و ترێ و سێو و فستق و بادەم و گوێز لەخۆدەگرێ.

هەڵوژەی ماردین زۆر بەناوبانگە، لەبەر ئەوە ساڵانە وەکو دیاری بڕێکی زۆر بۆ سوڵتان دەنێرن. هەروەها گێلاس لەم ناوچەیە دا زۆرە، لەبەر ئەوە بازرگانییەکی زۆر بەم میوەیەوە دەکرێت، ساڵانە بەرهەمێکی زۆری گێلاس بۆ شارەکانی حەلەب و تەنانەت بۆ بەسرەش دەنێرن. لەبەرئەوەی بەرهەمی ترێ لەم ناوچەیە دا زۆرە، مێوژێکی زۆریش بەرهەم دەهێنرێت و دەبرێت بۆ شارەکانی تر، هەروەها مەسیحییەکانی ئێرەش لە ترێ، شەرابێکی زۆر و باش دروست دەکەن. لێرە بنێشتێکی زۆریش هەیە.

لە ماردین جووتیاران گەنم و جۆ دەچێنن. هەر لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە یەکێکە لە شوێنە خۆشەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا، هەربۆیە گۆشتی ئاژەڵی ئەم ناوچەیەش، تامێکی زۆر خۆشیی هەیە.

شارەکە کۆمەڵێک کارگەی باشی تێدایە، بەتایبەتی بواری جلوبەرگ و بەرهەمهێنانی لۆکە، هەروەها کارگەیەکی شووشەش هەیە، کە بەرهەمەکانی بە شارەکانی دەورووبەریی دەفرۆشێت و بازرگانییەکی باش و بەهێزی لەگەڵ شارەکانی تر دا هەیە.

ئەرمەنییەکان کە خۆیان سەر بە کڵێسای یەکگرتووی ڕۆمین و گروپی مەسیحی (چاڵدێرChaläer کە بریتین لە یەعقوبییەکان و نەستووریەکانی سەر بە کڵێسای ڕۆمی)، هەردوو لا کڵێسای تایبەتی خۆیانیان هەیە لە ماردین. یەکەم کڵێسا، زۆر جوان و قەشەنگە. گروپی یەعقوبییە دێرینەکانیش، خاوەنی سێ کڵێسان، یەکێکیان لە ناوەڕاستی شار دایە، دووانەکەی تریان لە دەرەوەی شارەکە دان. قەشەکەیان لە شوێنی تایبەتی خۆی دەژی کە نزیکەی سەعاتێک لە شارەوە دوورە، بەڵام زۆربەی کات هەر لەناو شارەکە دایە.

ئێستا گرووپی شەمزی (Schemsie) هەن، کە ئەمانیش سەر بە گرووپی یەعقوبییەکانن. ئەمانە خاوەنی ئاینێکی تایبەتین، کە لەم وڵاتە دا نەک تەنها موحەمەدییەکان، بەڵکە مەسیحیەکانیش ڕقیان لێ دەبنەوە. کابرایەکی پیر پێی گووتم، کە لە تەمەنی لاویی ئەو دا، لەماردین و گوندەکانی دەوروو‌بەری، خەڵکانێکی زۆر هەبوون کە سەر بەم ئایینە بوون، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەیان زۆر کەم بۆتەوە و مەزەندە دەکرێت بگاتە نزیکەی ١٠٠ ماڵ.

جێگای گووتنە کاتێک سوڵتان مەستەفا فەرمانی دەیویست فشار بخاتە سەر مەسیحی و جوولەکەکان، کاتێک فەرمانی ئەوەی دەرکرد، هاووڵاتیانی ناوچەکەی، یان دەبێت سەر بە ئایینی موحەمەدیی بن یان دەبێت وڵات بەجێ بهێڵن، بەڵام کاتێک زۆربەی خەڵکی دژیی وەستانەوە و تەنانەت موفتی ناوچەکەش دژی بوو، چونکە گووتی لەسەردەمی پێغەمبەر موحەمە دا، مەسیحی و جوولکە هەبوون، بەڵام ساڵانە دەهاتن باج (جزیە) یان بە فەرمانڕەوای موسڵمانان دەدا. هەربۆیە بڕیارەکە هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام دواتر فەرمانێکی تری دەرکرد کە تەنها ڕێگا بە ئایینەکانی موحەمەدیی و مەسیحی و جوولەکە دەدرێت، هەربۆیە خەڵکی دەبێت سەر بەو سێ ئایینە بن.

یەزیدی، دروز، نەستووریەکان و ئایینە بێگانەکانی تری ئەم ناوچەیە، خۆیان خستە ژێر ڕکێفی شێخ و ئەمیرەکانیان و خۆیان کۆکردەوە و چوونە ناوچەکانی دەوربەر و دژی ئەم فەرمانە وەستانەوە. بەڵام شەمزیەکان زۆر لاوازبوون و نەیاندەتوانی بەرەنگاریی ئەم فەرمانە ببنەوە، چونکە هەموویان لە ناو شارەکە دا دەژیان و لەژێر کۆنترۆڵی موحەمەدییەکان دا بوون. لەبەر ئەوە ناچاربوون خۆیان بخەنە ژێر ڕکێفی کڵێسای یاعقوبییەکان کە پاتریارکەکەیان لە دیاربەکرە، بەم شێوەیە ناوی ئەمانیشیان نا مەسیحی و جلوبەرگی مەسیحیش لەبەر دەکەن و لەبەر ئەوەی منداڵەکانیان لە کڵێسا دەشۆن[١٢٧]، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمانە مەسیحین. زۆر بە

١٢٧ . بەپێی ئایینی مەسیحی کاتێک منداڵێک لە دایک دەبێت، پێویستە باوک و دایکی منداڵەکە، بیبەن بۆ کڵێسا و لەوێ قەشەیەک یان پاتریارکێک ئاوی بەرەکەتی پێدا بکات (تعمید). ئەمەش مەرجێک و بنەمایەکی سەرەکی ئایینی مەسیحییە. و.ک

دەگمەن ژمارەیەکی زۆریی شەمزینان لەناو کڵێسا دەبینیت، ئەوان چەند کەسێک دەنێرن بۆ کڵێسا، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەی کەس گلەیی یان گومانیان لێ نەکات کە ئەمانە مەسیحی نین و ناچن بۆ کڵێسا. کاتێکیش یەکێکیان لێ دەمرێت، داوای قەشەیەکی یەعقوبی دەکەن بۆ ئەوەی مردووەکەیان بە خاک بسپێرێت، بەڵام قەشەکە بانگ ناکەنەماڵەوە، بەڵکە تەنها کاتێک دەیبەن بۆ سەرقەبران، ئینجا قەشەکە بانگ دەکەن.

لە لایەکی ترەوە ئەمانە تەنها لە ناو خۆیاندا دەژین و تێکەڵی گرووپە ئایینیەکانی تر نابن، بۆ نموونە هیچ کاتێک ژن و ژنخوازی لە نێوان ئەمان و یەعقووبیەکان دا نییە، تەنها لە ناو خۆیان دا ئەم پرۆسەیە دەکرێت. من هیچ زانیارییەکی وا گرنگم لەبارەی ئایینەکەیانەوە نەزانی. مەسیحییەکی خەڵکی ماردین پێی گووتم، شەمزییەکان، کاتێک خانوو دروستدەکەن، دەبێت دەرگای خانووەکە ڕووی لە ڕۆژهەڵات بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی لە کاتی نوێژکردن دا، دەموچاویان ڕووی لە خۆر بێت، هەروەها کاتێکیش کە یەکێکیان دەمرێت، ئەوا دەیشۆن و سەری دەتاشن و پاشانیش چەند دانەیەک لیرەی ئاڵتوونی دەخەنە ناو دەمیەوە. لەکاتی ژنهێنان دا، زاوا و بووک دەبرێنە لای قەشەیەکی یەعقوبی و لەوێندەر مارە دەبڕێن و دەبنە ژن و مێردی یەکتر.

**مای ١٧٦٦**

**سەفەر لە ماردینەوە بۆ حەلەب لە ڕێگای دیاربەکرەوە:**

لە ڕۆژە سوورەکانی مانگی مای دا سەرلەبەیانی زوو لەگەڵ چەند بازرگانێکی شاری ماردین بۆ دیاربەکر بەڕێ کەوتین. ئەم دوو شارە هەر دووکیان دەکەونە سەر یەک هێڵی بەیانییەوە، دووری نێوانیان لە باکوری رۆژهەڵاتە نزیکەی ١١ میلی ئەڵمانی دەبێت. خەڵکی دەتوانێت زۆر بەئاسانی بە دوو رۆژ بگات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە سەوزایەکی زۆری تێدایە، ئەمەش وا لە خاوەن وڵاخەکان دەکات، کە واز لە وڵاخەکانیان بهێنن لەم ناوچەیە دا باش بلەوڕن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر لەسەرخۆ ڕێگا بکەن، ئێمە دووەم رۆژ لە کاتی نیوەڕۆ دا گەیشتینە دیاربەکر.

ناوی دیاربەکر زۆر کۆن نییە. پێشتر ئەم شارە ناویی (ئامەدAmad ) بووە. ئەم ناوەی تر ئێستا لە بەڵگە رەسمییەکانی تورکەکان دا بەکاردێت. دیاربەکر دەکەوێتە کەناری رۆژئاوای ڕووباری دیجلەوە، زەوییەکەی لە نزیک ڕووبارەکەوە زۆر نزمە. شارەکە بە دیوارێکی زۆر پتە و بەرز دەورە دراوە، ئەم دیوارە لە بەردی پتەو دروستکراوە، تورکەکان بەم دیوارە دەڵێن قەرە ئامید (ئامیدی ڕەش). لەسەر دیوارەکە کۆمەڵێک سەنگەر یان بورجی پتەو دروستکراون کە بۆ پاسەوانی کردن بەکاردێن.

ئەمیش شارێکی رۆژهەڵاتییە، کە زۆر زەحمەتە زانیاریی تەواوت دەستبکەوێت لەبارەی دانیشتوانییەوە. هەم مەسیحیەکان و هەم موحەمەدییەکان زۆر کەم بایەخ بەوە دەدەن کە زانیاریی تەواو لەبارەی شارەکەیانەوە بە گەڕیدەیەکی ئەوروپی بدەن، کاتێک لێیان بپرسیت ئاخۆ ژمارەی دانیشتوانی شارەکە چەند هەزارکەسە؟ ئەوا زۆر بە گشتگیریانە وەڵام دەدەنەوە کە شارەکەیان زۆر گەورەیە و شارەکەیان جیهانێکە بۆ خۆی.

کاتێکیش بیانەوێت بە باشی وەڵامت بدەنەوە، ئەوا دەڵێن ژمارەی دانیشتوان چەند سەد هەزار کەسێک دەبێت، هەندێکیشیان زیاتر دەڵێن و دەیگەیننە ملیۆنێک کەس، بەڵام من وا مەزندە دەکەم کە ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە نزیکەی سەد هەزار کەس دەبێت.

من شانسێکی باشم هەبوو، کە کاروانێکی بچووکم دەستکەوت کە بەرەو شاری حەلەب دەڕۆیشت. ئەم کاروانە لە ١٩ مای دەستی بەجوڵە کرد و شاری دیاربەکری بەجێهێشت، لەم ڕۆژانە دا، موحەمەدییەکان خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ جەژنی قوربان.

من لە ٦ یونی گەیشتمە شاری حەلەب. ئێمە گەیشتینە گوندی (هایلەن Heilan)، کە بە پێی بۆچوونی مەسیحییەکانی ئەم ناوچەیە، بەناوی ژنی قەیسەر(Helena) ناو نراوە، چونکە لەم گوندەوە ئاوی بۆ شاری حەلەب ڕاکێشاوە، کە هەتا وەکو ئەمڕۆش ئاوی شاری حەلەب لێرەوە دێت. پاشتر چووینە شوێنێکی ئێجگار دڵڕفێنەوە کە پڕ بوو لە باخی ڕازاوە و لە نزیکی ئەم باخانەوە ڕووبارێکی بچووک هەبوو، خەڵکی شاری حەلەب لە وەرزی هاویندا، بۆ سەیران و گەڕان دێنە ئەم ناوچەیەوە.

ئەم ناوچەیە کۆمەڵێک خێڵی عەرەبی کۆچەریی لێدەژی، کە خۆیان و مەڕەکانیان لە گوند و شارەکانی عەرەبستان و ناوچەکانی ترەوە هاتوونەتە ئێرە. من لە سەفەرەکەم دا هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخسا لەگەڵ تورکمان و کوردەکان دا دۆستایەتی بکەم و یەکتر بناسین. من تەنها توانیم لەگەڵ پیاوێک پەیوەندیی ببەستم کە ناوی پاتریارک روسڵ (Russel) بوو، کە پاتریارکی شاری حەلەب بوو و بە بەردەوامی خەڵکی سەردانیان دەکرد.

کوردەکان و تورکمانەکان موحەمەدیین، بنەچەی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەماڵانەی کە لە کوردستانەوە هاتوون، تورکمانەکانیش لە وڵاتی تورکستانەوە هاتوون. بنەچەی بەشێکی زۆریی تورکمانەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاتی خۆی لەگەڵ لەشکرەکەی تەیموری لەنگ هاتوونەتە ئەم ناوچەیەوە، بەڵام بنەچەی ڕێژەی زۆری تورکمان و کوردەکانی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەر مەسیحییەکان.

بەشێکی زۆری ئەم گوندانە کە خەڵکی هەژاری تێدا ژیاوە، کەوتۆتە ژێر دەستی فەرمانڕەوا تورکەکان، ئەوانیش بەشێکی زۆریی ئەم گوندانەیان لەناو بردووە، لەبەر ئەوە ئەم هەژارانە هیچ چارەسەرێکی تریان لەبەردەم دا نەبووە، جگە لەوەی خۆیان بخەنە ژێر ڕکێفی کورد و تورکمان و عەرەبەکانەوە، هەتاوەکو لە زوڵمی تورکەکان بیانپارێزن. لەبەر ئەوەی لەم ناوچەیە دا نە کڵێسا و نە پیاویی ئاینیشی لێ نەبووە، هەربۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەسیحییەکان ئایین و زمانی خۆیان لەبیر چۆتەوە.

لە لایەکی ترەوە نەبوونی حەماس لە لای پیاوانی ئایینی مەسیحی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە کزبوون و کەمبوونەوەی ژمارەی مەسیحیەکان لە ڕۆژهەڵات دا. بۆ نموونە پیاوێک پێی گووتم، کە زۆربەی خێڵی (بەهلەوانلی Pehliwanli) پێشتر مەسیحی ئەرمەنی بوون. قەشەکەیان پێی گووتبوون کە دەتوانن لەکاتی ڕۆژوگرتن دا شیر و پەنیر و هێلکە بخۆن. ئەم فەتوایەش ئەوانی تووشی کێشە کردووە، بەم شێوەیە هەموویان بڕیارن داوە کە ئاینی خۆیان بگۆڕن و بچنە سەر ئایینی موحەمەدییەکان. ئەمڕۆ ئەم خێڵە بوونەتە تورکمان و حسابی تورکمانیان بۆ دەکەن.

سەرۆکی کورد و تورکمانەکانی ئەم ناوچەیە نازناوی (ئاغای) هەیە. تورکمانەکان هێندە شانازی بە خێڵەکانیانەوە ناکەن، بەڵام کوردەکان زۆر شانازیی پێوە دەکەن، ئەمانیش وەکو خێڵە بەدوە عەربەکان کە چۆن شانازیی بە شێخەکانیان دەکەن، زۆر شانازی بە ئاغاکانیانەوە دەکەن. بەڵام بۆچوون و عەقڵیەتی ئەمان لە چاو عەرەبەکان جیاوازە.

کاتێک کە منداڵێکی کچیان دەبێت زۆر دڵیان خۆش دەبێت، کەچی کاتێک منداڵێکی کوڕیان دەبێت هێندە دڵخۆش نابن. ئەمان وەکو هەموو موحەمەدییەکان دەتوانن زیاتر لە ژنێک بهێنن. پیاوێک گووتی، کوردێک کاتێک کچەکەی دا بە شوو، داوای پەنچا کیسە لیرەی (١٦٥٠٠ تالەری ئەڵمانی) لە خانەوادەیەکی ناودار کرد، ئەمەش بۆ ئەوەی وەکو مارەیی کچەکەی وەریدەگرێت، کە باوکەکان لە زاوا داوای دەکەن، بەڵام عەرەب و

تورکەکان هێندە داوای مارەیی لە زاوا ناکەن، لەبەر ئەوە لای کوردەکان بوونی کچی زۆر، مانای سامان و دەوڵەمەندی دەگەیەنێت.

کوردەکان و تورکمانەکان کە لە گوندەکانی ئەم ناوچەیە دا زۆرن و پێکەوە دەژین، زۆر جار لەسەر کەسێک ڕێکدەکەون و دەیکەن بە سەرۆکی خۆیان. لەو گوندانەی کە لە نێوان دیجلە و کوردستان دا هەن، هەواڵی چەند بنەماڵەی کوردیم بیست بۆ نموونە (بادجەلان، لەک، سارالی ،Badsjelan,Lak,Sarilie)، ئەمانە هەر یەکەیان کوێخای (Kichja) تایبەتی خۆیان هەیە.

دیارە ئەم کەسەش وەکو کەسێکی باڵادەست دەرناکەوێت و هێندە دەسەڵاتی نییە، زۆر جار ئەم کەسانە وەکو جووتیارەکانی تری بنەماڵەکەیان دەژین، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەم کەسە وەکو نێردراوی خێڵەکە دەنێرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ فەرمانڕەوا تورکەکان قسە بکات و کێشەکان چارەسەر بکات، هەربۆیە ئەم کەسە دەبێتە قسەکەری خێڵەکە، لە کاتێک دا ئەم کەسە هیچ قازانجێکی وای لەم کارەی دا دەستناکەوێت.